
مامۆستا

# عومەر ڕێشاوی

## لە نیگای شاگرد و دۆستانیەوە

١٩٣٤ - ٢٠٠١/١٠/١٨



ئامادەکردنی: د.یەحیا عومەر ڕێشاوی

2019


کتێبخانەی (PDF)
گروپێک بۆ خزمەتکردن بە خوێنەران و
خوێندکاران و کتێب دۆستان

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# لە نیگای شاگرد و دۆستانیەوە

## (١٩٣٤-٢٠٠١/١٠/١٨)


ئامادەکردنی:
د.یەحیا عومەر ڕێشاوی

# بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: ماموستا عومەر ڕێشاوی لە نیگای شاگرد و دۆستانیەوە
- ئامادەکردنی: د.یەحیا عومەر ڕێشاوی
- دیزاینی بەرگ: سەعد سالم الحاج
- وێنەی بەرگ: عبدالرحمن میرزا
- دیزاینی ناوەڕۆك: هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٤*٢١ سم
- ژمارەی لاپەڕە:٣٢٩ لاپەڕە
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم/٢٠١٩
- شوێنی چاپ: ناوەندی سارا_ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن(١٨٧٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

# پێرست


سەرەتا — بنەماڵەی مامۆستا عومەر ڕێشاوی

١- مامۆستا (ڕێشاوی) و (١٠) ساڵ لە ژیانی فەقێیەتیدا — حەسەن مەحمود حەمە کەریم

٢- عرفت الأستاذ عمر ريشاوي مربيا هادئا هادفا — أ.د. علي محيى الدين القره داغي

٣- بۆ من ، بەنایەکی دیواری کەسایەتیم بوو — صەلاحەدین محمد بەهادین

٤- پەیڤێک بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی — عەلی باپیر

٥- وتەیەک لە خزمەت مامۆستا عومەر ڕێشاوی — عرفان علي عبدالعزيز

٦- مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە پێودانگی مادییگەری و ئایینگەرایدا — محەمەد فەرەج ئەحمەد

٧- الأستاذ عمر ريشاوي كما عرفته — عابدين رشيد

٨- چۆن مامۆستا (عومەر ڕێشاوی)م ناسی ؟ — جەعفەر مصطفى

٩- پەیڤێک بۆ زانا و دانا عومەر ڕێشاوی — فارووق ڕەسوول یەحیا

١٠- مامۆستا عمر ڕێشاوی ئیماندارو بانگخوازێکی هەمیشەیی — محمد ڕەئوف محمد

١١- ڕێشاوی ... مەلیکی سەوز ... بەسەر باڵی سپی هەورەوە — عەبدولرەحمان سدیق

١٢- مامۆستا عومەر ڕێشاوی کەسایەتیەکی پێشەنگی ڕێگای خوا ناسین — هادی علی

١٣-پەیڤ و یاداوەری بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی — حەسەن شەمێرانی

١٤-پەیڤێک بۆ مامۆستا عمر ڕێشاوی — علي محمد احمد

١٥- مامۆستا عومەر ڕێشاوی نموونەی مامۆستایەکی دانا و زانا — د.محمد احمد

١٦- کێوێکی بەرز لە بروا و متمانە و خۆڕاگریی — بێخاڵ ئەبوبەکر

١٧- و إنما المرء حديث بعده ... فكن حديثاً حسناً لمن وعى — حاجی علی سێوکانی
١٨- لە مامۆستاکەمەوە فێر بووم — تۆفیق کەریم
١٩- ئەزمونێک لەگەڵ یەکێک لە پیاوچاکان — شێخ عومەر بەرزنجی
٢٠- چەند پەیڤێک لەیادی مامۆستا «عومەر فەتاح» ڕێشاوی دا — صادق شێخ عوسمان سازانی
٢١- پەروەرشیارێک ..زانایەک.. دانایەک — اكرام كريم
٢٢- مامۆستا عومەر ڕێشاوی پەروەرشیارو شارەزا و زمان — ناظم عبدالله
٢٣- چەند بیرەوەرییەکم لە خزمەت (مامۆستا عومەر ڕێشاوی) دا — د.عومەر عەبدولعەزیز
٢٤- لە مەلا عەبدولەتیف بامۆکییەوە بۆ مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی — عبداللطيف بامۆکی
٢٥- بەرهەمدارانە ژیاو سەربەرزانە گەڕایەوە بارەگای پڕمیهری خودایی — خالد علی
٢٦- وتەیەک لە خزمەت مامۆستا عومەر ڕێشاوی زانا و فەقیهدا — د. ئەحمەد شافیعی
٢٧- ئەو مامە عومەرەی من هەمە... — تەها سۆڵەیی
٢٨- یاقوتەکانی یەعقوب ون نابن — مهدی محمود
٢٩-هاوڕێیەتیم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاوی — مەلاکەریم مۆردینی
٣٠- پەیڤ و یاداوەری بۆ ( عومەر ڕێشاوی ) — قاسم گلالی
٣١- فرمێسکێکی بە خوڕ، بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی — عومەر چنگیانی
٣٢- یادەوەرییەک سەبارەت بە مامۆستا عمر ڕێشاوی — محمد ملا عمر
٣٣- مامۆستا عمر ڕێشاوی نموونەی دیدی ستراتیژی بوو — بورهان حاجی هادی
٣٤- عومەر ڕێشاوی( مرۆڤ و مامۆستا و بانگخواز) — عومەری حاجی عنایت
٣٥- یادێک بۆ مامۆستای بیر و خامە جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی — صباح بەرزنجی

٣٦- كلمات من القلب الى الاخ و المربي و العالم عمر — د.قيصر الحافظ
٣٧- مامۆستا و پەروەرشیار عومەر ڕێشاوی — صبري غفار
٣٨- مامۆستا ڕێشاوی، هێمای حیکمەت و میانڕەوی — سعيد عبدالرحيم
٣٩- مامۆستا عومەر ڕێشاوی مەلا و مامۆستا و بانگخواز — بكر حمه صديق
٤٠- لە خزمەت پەروەرشیار و زانا مامۆستا ڕێشاویدا — بەیان نوری تۆفیق
٤١- لە خزمەت حەکیمێکی بۆ خوا صوڵحاودا — محمد محمد حەمەمیرزا
٤٢- مامۆستا مەلا عمر ڕێشاوی : خواناس و خۆناس و خەڵک ناس — طاهر بامۆكی
٤٣- مامۆستا و زانا و شەرعزان بوو — محمد صالح بامۆكی
٤٤- مامۆستای کردار سەنگین و بە ویقار — عمر اسماعيل
٤٥- یاداوەرییەک لە خزمەت بانگخوازی گەورە مامۆستا عومەر ڕێشاوی — د.عاليه فرج
٤٦- چەند وێستگەیەک لە بیرو باوەڕ و بوچوونەکانی — سالم سليمان حاجي
٤٧- مامۆستا ڕێشاوی، بانگخواز و زانا و پەروەرشیار — عبدالرحمن عوسمان عبدالعزيز
٤٨- زانا و حەکیم و دڵسۆز مامۆستا عومەر ڕێشاوی — د.ياسين مصطفى هه ورامی
٤٩- نمونەی کەسایەتیەکی هیمن و ڕاستگۆ و خۆنەویست — حەیدەر عوسمان
٥٠- لە یاداوەریی مامۆستای گەورە عومەر ڕێشاویدا — د.سيد أحمد پێنجوێنی
٥١- یادەوەرییەکانم لەگەڵ بەڕێز مەرحومی مامۆستا عومەر ڕێشاویدا — ئەکرەم ئەنوەر عبدالرحمن
٥٢- خۆرێکی درەوشاوەی دونیای پەروەردە و بانگەواز — حمه رۆوف محمد غياث
٥٣- لە خزمەت ڕەفتار و گوفتارەکانی مامۆستا ڕێشاویدا — ئەوزەر علي محمد سعيد
٥٤- پەیڤێک بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی — د. عمر محمد محمد كريم
٥٥- زانا و پەروەرشیار مامۆستا عومەر ڕێشاوی — محمد امين فرج بيارەيی
٥٦- مامۆستا عومەر ڕێشاوی.. پە روەرشیار و فە قیهـ و بانگخواز — حامد محمد علي

| | |
|---|---|
| ٥٧- یادەوەریم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویدا | سید غەفور / خانەقای بیارە |
| ٥٨- بانگخواز و زانا... مامۆستا عومەر ڕێشاوی | عبدالرحمن طه فتح المبین |
| ٥٩- چەند یاداوەریەک لە خزمەت مامۆستا ریشاویدا | برهان محمد امین |
| ٦٠- یاداواریم لەگەڵ هاوری و زانا مامۆستا عومەر ڕێشاوی | نوري فارس |
| ٦١- چەند پەیڤێک بۆ مامۆستا ڕێشاوی | محمد صادق |
| ٦٢- کەنزێکی پر لە گەوهەر و زانست | عوسمان جوتیار |
| ٦٣- مامۆستا عومەر ڕێشاوی بیریارێکی گەورەی بواری | محمد عبدالرحیم |
| ٦٤- یاد و ئەمەکداری بۆ پەروەرشیارەکەم | لطیف جلال حسین |
| ٦٥- الداعیة عمر فتاح الریشاوي | شیخ فائق نامق |
| ٦٦- چەند سەرەقەلەمێک لە کەسایەتی مامۆستا عومەر ڕێشاوی | ناسک توفیق |
| ٦٧- پەیڤێک بۆ ..... مامۆستایەک .....سەرکردەیەک | بارزان أحمد رشید |
| ٦٨- مامۆستا (ڕێشاوی)م چۆن ناسی؟ | علی صالح میران |
| ٦٩- زانا و دانا پەروەرشیار عومەر ڕێشاوی | کوردستان سێوکانی |
| ٧٠- مامۆستای عیلم و عیرفان عومەر ڕێشاوی | غەفور حسەین |
| ٧١- یاداوەریم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاوی | حسن شیخ عبدالله |
| ٧٢- یاداوەریەک لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویدا | هەلالە محمد ئەلماس |
| ٧٣- ورجل قلبه معلق بالمساجد | جهاد عمر ڕێشاوی |

# سەرەتا

بنەماڵەی مامۆستا عومەر ڕێشاوی

زۆرێک لە دۆستان و هاوڕێیانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی، لە دڵسۆزیی و خەمخۆریان، هەمیشە هانیان دەداین کە زەخیرەی زانستیی و بانگەوازیی و ڕۆشنبیریی ئەو زاتە بپارێزین و ژیاننامەی ئاینداریی و پەروەرشیاریی و سیاسیی بنوسینەوە، ئەو بەڕێزانە دەیانوت بگەڕێن بە شوێن نوسین و گوفتار و هەڵوێست و ڕاوبۆچون و تێڕوانینەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاویدا و بە زیندوویی بیهێڵنەوە، پێیان دەوتین ئەو زەخیرەیە بۆ ئەم نەوە و نەوەکانی داهاتوو پێویستە و ئەو گەوهەرانە دەبێت لە ناوچوون و فەوتان بیارێزێن.

ئەو پەرۆشیی و خەمخۆریەی ئەوان هەمیشە هاندەر بووە بۆ ئێمە کەوا هەوڵ بدەین -گەر هەمووشی نەبێت - بەشێک لەو کارە گەورەیە ئەنجام بدەین و خەونی ئەوان و ئێمەش بەدی بهێنین، ئەوەبوو ٢ لە بەرهەمەکانی مامۆستای ڕەحمەتی (تاوانە دەرونیەکان و بەرەو ڕێبازی ئیسلام) لە چاپدرانەوە و کتێبی (پەیڤە رۆحانیەکان) یش -کە کۆکراوەی دید و تێڕوانینە کۆمەڵایەتیەکانی مامۆستایە - چاپکرا و لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکیش پەیجێکمان بە ناوی (مامۆستا عومەر ڕێشاوی) دانا

و لــە هەوڵیشــداین بــۆ کۆکردنــەوەی نوســینەکانی لــە گۆڤــار و ڕۆژنامەکاندا و لەچاپدانی لە شێوەی کتێبێکدا.

بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لەو ئەرکە پیرۆزە بە باشمان زانی ئەو کەسایەتی و دۆستانەی ڕۆژانێک لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویدا ژیـاون، یـاخود ئاگـاداری ژیـان و تێڕوانینـەکانی مامۆسـتا عومـەر ڕێشاوین بیاندوێنین و لە دوو توێی کتێبێکدا ئەو نوسین و هەست و دەربڕینانە بخەینە بەردەست خوێنەران، هەربۆیـە ئـەم داوایەمان ئاراسـتەی ١٠٠ کـەس لـە دۆسـت و هاوڕێیـانی مامۆسـتا عومـەر ڕێشـاوی کـرد و لـەو نوسـینانە ٧٣ وەڵامـمـان بەدەسـت گەشـت و بوویە ئەم بەرهەمەی کە لە بەردەست ئێوەدایە.

ئێمــە لــە دیــاریکردنی ئــەو ناوانــەدا و دوانــدنی کەســەکاندا هەوڵمانداوە زۆربـەی ئـەو کەسانە بەسـەر بکەینـەوە کـە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆیان بـە ژیـان و کەسـایەتی مامۆسـتا عومــەر ڕێشــاویەوە هــەبووە و بــە دڵنیاییــەوە دۆســتان و خۆشەویستان و هاوڕێیـانی مامۆسـتا عومـەر ڕێشـاوی لـەو ژمـارە زیاترن، هەر بۆیە داوای بەخشین و لێبوردن لـەو ئازیزانـە دەکـەین کـە لـە یادمـان چـوون و بـە نوسـینەکانیان شـەرەفمەند نـەبووین و بیگەڕێیننەوە بۆ هەڵەی مرۆڤانە و سەلیقە پێنەشکانمان، ئەمە و ئێمە داوامان لـەو بەڕێزانـە کردبوو کـە نوسـینەکان لـە ٥٠٠ وشـە زیاتر نـەبن، بـەڵام دیارە هەندێک لـەو ئازیزانـە لـە ڕوی خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی لەو ئەندازەیە زیاتریان بۆ ئێمە نووسیبوو، ئێمەش پێمان خۆش نەبوو هیچ دەستکاریەکی ئەو نوسینانە بکەین و وەک خۆی بڵاویان دەکەینەوە.

ئەوەی زۆر دڵی ئێمەی خۆشکرد و جێگەی سەرنجمان بوو، ئەو هەستە جوان و یادەوەریە ناوازانە بوو کە لەو نوسین و پەیڤانەدا بەرچاومان کەوت، کە بۆ ئێمە مانای شانازی و دڵخۆشیەکی گەورە بوو، لەو نوسینانە زۆر گۆشەی شاراوە و لایەنی نهێنی ژیانی مامۆستا عومەر ڕێشاویمان دۆزیەوە و ئەوەندەی تر شانازی بۆ ئێمە بە ئەو زانا و پەروەرشیارە دروستکرد، هەر بۆیە سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی سەرجەم ئەو بەرێزانە دەکەین کە بەدەم داواکەمانەوە هاتن و بە پەرۆشەوە نوسینەکانیان ئاراستە کردین و خامەیان پڕ بەرەکەت بێت.

هیوادراین بەم کارە توانیبێتمان گۆشەیەک لە ژیانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی بە ئێوە ئاشنا بکەین و بەشێک لە ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ کردبێت.

# مامۆستا(ڕێشاوی) و (١٠) ساڵ لە ژیانی فەقێیەتیدا

حەسەن مەحمود حەمە کەریم

**لە جیاتی پێشەکی :**

هەرکات ناوی پارەزانی و ڕێشاوییەکان دەبیستم، وێنەی ئاپارتمانێکی هەوربڕم دەیتەوە خەیاڵ، کە لەسەر سێ پایەی مەزن ڕاگیرابێت ... یان وێنەی سێ کانیاوی شیرین و سازگار، لە بیابانێکی قات و قڕو وشکدا، کە هیچ هیوایەکی ژیانی تیا نەمابێت .. یان دەرکەوتنی مانگی چواردە، لە شەوەزەنگێکی ئەنگوستەچاودا، کە خەڵکەکەی هیوایان بڕی بێ جارێکی تر ڕۆشنایی ببیننەوە!!..

سەردەمێک بوو هەموو خاکی کوردەواری وێرانە، هەست و سۆزی ئیسلامەتی لە دڵی پەیڕەوانیدا مردبوو، مزگەوتەکان تا بڵێی قەرەباڵغ بوون، دەنگی بانگ و سەلاوات تا دوور دەچوو، فەقێ سەرگەرمی دەرس و دەور بوون، بەڵام بە بابەتە وشکە بێگیانەکانی وەک منتق، بەلاغەو عەقائیدو نحو سرف و فەلسەفییەکانەوە خەریک بوون، کادیری بیر وشک و لە هەستی ئیسلامی درووست دەکرد، بانگەواز و هەوڵدان بۆ سۆزی ئیسلامی بە کارێکی لاوەکی و بیدعە دەبینرا، بەڵکو هەر بیریشی لێ نەدەکرایەوە، بەشێک لە پیاوانی ئایینی ئەوکاتە بە سەرفیترە و زەکات و وەقفی مزگەوت و خوانی ئەم و ئەو دەژیان، هەندێک لە فەقێکانیش جگە لە خوێندنی وانە وشکەکان، بە گۆرەوی بازی و

کلاوێـن و دامە و نۆرسـکێن و مەتەڵ هێنـانەوەو سـێباز و کـاری منداڵانەوە خەریک بـوون، ئەمە لە کاتێکدا بیروهۆشـی موسـڵمانان بەنجکرابـوو، دزە کرابـویە عەقڵـی زۆر لە زانـاو فەقـێ و حـوجرەو مـزگەوتەکەوە، بیـرۆکە زەمینیەکـان جێـی خۆیـان کردبـووەوە، غەفڵەت باڵی ڕەشی کێشا بوو، لەم چۆڵی قوڵفەیەدا، هەر تۆوێکت بچاندایە سەوز دەبوو، هەر دەبوو ئەم بۆشاییەش پڕ بکرایەتەوە، ئـالێرەوە بڕوای لادینـی چەسپا، ڕەگـی داکوتـا، لەم کاتـانەداو، لەم کەش و هەوا ناسـازەدا، (پـارەزانی و ڕێشـاوی) لە ڕۆژئـاواو ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە هەڵەبجە، ئەمە دەستی قەدەریشـی لەگەڵ بـوو، بەدوای فەقێیەتیـدا، دێهـات و شـارو حـوجرە و مزگەوتـی زۆریـان کرد، پلەکانی سـوختەو موستەعیدییان بڕی و لە هەڵەبـجە بـوونە مەلا .. هەر لەم دەمەدا کە ئەمـان هـاتنە هەڵەبـجە، کۆمەڵێک مەلای عەرەبیش هاتنە هەڵەبجە و چەند وتارێکی حەماسییان داو تەقەیـان لە دڵی زۆر زانای ئیسلامی هەڵساندو وریایـان کردنەوە، پارەزانی و ڕێشـاویش لەو کۆڕەدابـوون، ئەمـانیش هەژان، ئیتـر لەو ڕۆژەوە ڕەوتی مەلا و فەقێ و حوجرە و مزگەوتـی کوردستانیان گۆڕی و بە ئاقارێکی تردا بردیانن..

ژیـان پـڕە لەیادگـاری، ئەوەی لە نـزیکەوە لەگەڵ ئەم پیـاوانەدا نەژیـابێ و لەزەتـی خـۆش گوفتـاری و جـوان ڕەفتـاری ئەمـانەی نەچەشتبێ، نازانێ ئەمانەی کە من وەسفیان دەکەم ژین و کێن ... ئەوانەی کە شەو و ڕۆژیان پێکەوە گرێدابوو بۆ گەیاندنی ئەوەی کە بڕوایـان پێـی هەبـوو، هەمـوو سـاتێکیان ژوان بـوو، ئەمـانە مەردانێک بـوون، لـە مێژوودا وێنـەیان کەمـە، لەم قۆنـاغەدا ئەمـانە

پیاوانی پێش سەردەمی بە سیاسەت کردنی دین بوون، جەماوەری و بۆ هەموو کەس بوون، کەسیان لێ نەدەبوارد..

چیرۆکی ئەمانە درێژە، ئەوەندەی هەوڵ و ژیانیان، ئاو زۆر دەکێشێت، قسەی ناو گۆڤارو ڕۆژنامەیەک نییە هەربۆیە لەم هەل و دەرفەتەدا، دەتوانم تەنها چمکێک لە قۆناغێکی یەکێکیان بخەمە ڕوو، لەم ساتەدا، تەنها باس لە (دە) ساڵی فەقێیەتی ماموستا ڕێشاوی دەکەم، قۆناغی پێش بە مەلا بوونی، کە سەردەمێکی ونە لە ژیانی ئەو مەزنەدا، باسی بانگەواز و دەعوەکەی هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی ترو هەلێکی تر، بە ئومێدی خوا..

## کورتەیەک لە ژیانی:

ماموستا (ڕێشاوی ) ناوی ( عومەر فەتاح یەعقوب)ە لە ساڵی ١٩٣٤ لە دێی ڕێشاو لە ڕۆژهەلاتی هەڵەبجە لەدایک بووە.

دەوروبەری ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤ دەستی بە خوێندنی فەقێیەتی کردووە، سەرەتا بە دێکەی خۆیان لای مەلا عەزیز ڕێشاوی پاش دوو ساڵ چووەتە لای مەلا شێخ محمد لە دێی (سازان)، پاشتر چووەتە (بامۆک) و دوای ئەو لە عەنەب لای ماموستا مەلا مەحمودی عەنەب هەندێک لە زانستەکانی تەواوکردووە، پاشان چووەتە دێی (عەبابەیلێ) لای ماموستا مەلا حەسەن و پاشتر هەڵەبجە و سلێمانی و کۆیەی بەدوای زانستە شەرعییەکاندا بە سەرکردۆتەوە، هەتا لە حوجرەکەی (تەپی سەفا ) لای ماموستا شێخ عەزیزی پارەزانی خوێندنی حوجرە تەواو دەکات و لەسەر دەستی ماموستای خواناس مەرحومی ماموستا مەلا عوسمان

عەبدلعەزیز پریسی ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت، ئەمە لە ساڵی ١٩٥٦ دا بووە..

- ساڵی ١٩٥٩ لە دەورەیەکی وەزراەتی مەعاریف دا دەبێتە مامۆستای سەرەتایی.
- لە ١٩٦٠/١١/١٦ دەبێتە مامۆستا لە دێی (سەرگەت)ی هەورامان.
- ساڵی ١٩٦٢ گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەی پریسی سەرەتایی.
- چەندین جار شوێنی مامۆستایی گواستۆتەوە، چەندین جاری تر لە پەیمانگای ئیسلامی هەڵەبجە و ناوەندی و دواناوەندی، وەک (وانەبێژ) وانەی وتۆتەوە.
- چەندین بلاوکراوە و وەرگێرانی هەیە وەک : ( تاوانە دەروونیەکان، بەرەو ڕێبازی ئیسلام، با منداڵانمان وا پێبگەن، خێزانی موسڵمان ).
- لەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆڕدا دەستیانکرد بە وەرگێڕانی کتێبەکانی ( البیت المسلم،الزکاة، معالم فی الطریق ) و پێداچوونەوەی ( تێزکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان، کە نوسراوی عەلامە (خواهزاد)ە.
- ناملیکەیەکی لەسەر ( چۆن حەج دەکرێت ؟ ) نوسیوە و بلاوکردۆتەوە.
- دەیان وتاری بڵاوکراوەتەوە.
- دەیان وتار و بڵاوکراوە و دەستنووسی هەیە و دەیان وتاری بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تۆمارکردووە و بڵاوکراونەتەوە.

• ســاڵی ١٩٩٢ لەگەڵ پۆلێــک لە پســپۆڕان دەســتیان کــرد بە وەرگێڕانی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە کوردی.

• ساڵانی کۆتایی پەنجاکان پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی برایانی ئیسلامی کردووە و پاشتر پۆستی بەرزی وەرگرتووە و هەتا ساڵی ١٩٩٢ لەسەر ئەو ڕێبازە درێژەی بە کارەکانی داوە.

• یەکـێکە لە دامەزرێنەرانــی یەکگرتــووی ئیســلامیی کوردســتان، پاشــتر بــووەتە ئەنــدامی ســەرکردایەتی و پاشــتر ڕاوێژکــاری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بووە .

• چەندین جار پلەی قازیەتی وەرگرتووە و چەندین پۆستی تری ئاڵوگۆڕکردووە.

• چەنــدین بــابەتی زانســتی و فیقهــی و تەفســیری لە ڕۆژنــامەی یەکگرتوو و گۆڤاری پەیامی ڕاستی و گۆڤاری ڕاوێژ و گۆڤاری بانگەواز و گۆڤاری بانگی ئیسلام و منبر الحوار بڵاوکردووەتەوە.

لەو ڕۆژەوەی لە ئیســلام حــاڵی بــوو، گیــانێکی تــر لە ژیــانی دا کەوتە گەڕو، شــەو و ڕۆژی خســتە ســەریەک و ســاتێک نەمــا خەریکی گەیاندنی نەبێت،گرنگی دەدا بە هەموو گۆشـەکانی ژیان زۆر سەنگین و ڕاستگۆ و مەحکەم بوو، نەیدەهێشت کەس پێشی بــداتەوە لە خێــردا، بەردەوام پێشــەنگی مامۆســتایی خــۆی پاراستبوو،کەسم نەدیوە بەردەوام ئیستیقامەی هەبێت وەک ئەو، بەردەوام خەریکی بانگەواز و وانە وتنەوە و نوسین و خوێندنەوە و ئامادەکردنی بابەت بۆ بڵاوکراوەکان و ئامادەکردنی بەرنامەی

دەنــگ و ڕەنگەکــان و زۆر ســوور بــوو لەســەر نوێژەکــانی بە جەماعەت.

سەردانی خزم و دراوسێ و شایی و شیوەنی دەکرد، سەری لە قوتابی و حوجرە و تەکیەی خەناقا دەدا و هەموو کەسایەتییەکی بەسەردەکردەوە، زۆر پایەندی مەوعید بوو، هانی خەڵکی دەدا بۆ خوێندن و خوێندنەوە، نەرم و لەسەرخۆ بوو، هەمیشە بڕوای بە ئاسانکاری هەبوو لە دین و ناساندنی ئیسلامدا هەمیشە زمانی بە ویــــردو نـــزاو قورئـــانەوە بـــوو، زۆر حەزی لە ســـوننەت زیندووکردنەوە و سوجدە و شەونوێژ و وانەوتنەوە بوو، ئەوەی بەدەم دەیووت لە کردەوەیدا هەبوو، غەمی نەبوو، دونیا نەویست بـوو، نیـازی بە کەس و بە پـلەو پـایە نەبـوو لە هەمـوو کەس بەرهەمی چاکی زۆرترە، تەواو لە ژیان و مردن گەیشتبوو، خۆی و خـواو خەڵکی ناسـی بـوو، لە کیمیابـارانی هەڵەبجە و ڕەوەکەدا، میللەتێک ڕایدەکرد، ئەو خێمەی بۆ مزگەوت دروست دەکرد و هەڵدەدا، مامەڵەی نەرم و حەکیم و عارف بوو، عەزمی جەزم بوو، فیکری فراوان بوو، هەمیشە پۆشتەو خاوێن بوو، دەمی پاک و وتار و گوفتار و کرداری شیرین بوو، کەسی لەسەر هیچ شتێک زویر نەدەکرد، لە هەر مزگەوت و قوتابخانەی ئۆردوگا و کۆڕێک بوایە هەمـوو خەڵکی کەمەندکێش دەکرد، لە یەک کاتدا عـالیم و موتــەعــەلـیم بـوو، ڕۆشـنبیرێکی ڕۆشـن دڵ و ڕۆشـن فیکـر و کراوەبوو، مانگێک پێش وەفاتی هـاتەوە نـاو خزم و هـاوەڵانی لە سلێمانی و هەڵەبجە و هەورامـان و هەموویـانی بەسـەرکردەوە، ڕەنگە هەواڵی پێدرابێت کە ئەمە دوا دیدار بێ ! چەند کاسێتێکی

لەگەڵ خانەوادەی خوشک و براکانی تۆمارکردووە، هەتا ئەو شەوەی وەفاتی کرد، وانەی بە کۆمەڵە لاوێک دەوتەوە، هەر لەو شەوەدا لە نوێژی سەحەردا کە خوای گەورە لە ڕێگەی فریشتەکانیەوە دەفەرموێت چیتان دەوێ بۆتانی بکەم ؟ ڕەنگە مامۆستا عومەری ڕەحمەتی لای خوای بە باشتر زانیبێ تا لای خەڵک و ئەوەی داوا کردبێت، هەربۆیە لە سوجدەی تولانی شەوی بەتاریکی هێشتەوە هەتا ڕۆژی دوایی، سوجدەیەکی برد لە هەموو سوژدەیەک درێژتر بێت، بە ئەمری خواو بە دەنگی نەفخی سوور ڕەنگە سەر بەرزبکاتەوە و لەگەڵ پێغەمبەران و شەهید و سدیقین حەشر بکرێت، سەد ڕەحمەت لە ژیان و لە مردنت.

شەوی ١٧-٢٠٠١/١٠/١٨ بەرامبەر (١)ی شەعبانی ١٤٢٢ ک دڵە گەورەکەی لە شاری هەولێر لە لێدان کەوت..

هەر ئەو ڕۆژە تەرمەکەی لە ئاپۆڕایەکدا بەرەو گۆڕستانی هەڵەبجەی شەهید و لە پاڵ مەرقەدی مامۆستا ئیبراهیمی برای و نزیک مەرقەدی مامۆستا مەلا عوسمانی پریسی و لەناو نزرگەکانی شەهیدانی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا بەخاک سپێردرا .( السلام عليك يوم ولدت ويوم تموت ويوم تبعث حيا )

تۆ ئۆغرت کرد .. بەڵام کردارو گوفتاری جوانت لەبەر چاومان ون نابێت .. !! وا دەزانین هەر خۆتی بە لاشەی نورانیت بەسەرمان دەکەیتەوە.

**مامۆستا ڕێشاوی لە دەمی فەقێیەتیدا:**

چاکترین سەرچاوەی شارەزابوون لە کەسایەتیەک، باس و خواسی خۆیەتی کە باس لە ژیانی خۆی بکات، مامۆستای

ڕەحمەتیمـــان بـــاس لە ســـەردەمی فەقێیەتـــی خـــۆی دەکـــات و دەفەرموێـــت: ( .. هەر لە منـــداڵیەوە دەســـتم کـــردووە بە زانســـتی شـــەرعی، لە دێیەکـــی ســـێ ســـەعات دوور لە هەڵەبـــجەوە کە نـــاوی ڕێشـــاو بـــوو، لەوێ من دەستم بە خوێندن کرد .. لەو ســـەردەمەدا دێکەمانِ مامۆستایەکی هەبوو ناوی ( مەلا عەزیزی ڕێشاوی) بوو، دێکەمـــان لە نـــاو هەمـــوو دێهاتەکـــانی نـــاوچەکەدا بەناوبـــانگتر بـــوو بەوەی کە حەزیان دەکرد هەمیشە مەلایان هەبێ، گرنگیان دەدا بە مەلا، چـــونکە چەنـــد کەســـایەتییەکیان تێـــدابوو کە هەمیشـــە بەبـــێ هاوڕێیەتی و تێکەڵی مەلا حەزیان بە ژیانی خۆیان نەدەکرد، لەبەر ئەوە مامۆســـتایەکیان هێنـــابوو بـــۆ دێکەمـــان، چەنـــد منـــداڵێکی لـــێ کۆبوونەوە دەرسی پێ دەوتن بۆ فێرکردنی (ئەلف و بێ )، منیش وەکو منداڵێکی دێیەکە لەگەڵ هاوڕێیانی ترمدا، چونکە باوکمان لە ماڵەوە نەبوو، ناومـان نەنوسـرابوو، ڕۆژێـک بـاران بـوو، (منداڵ لە باران و شت ناترسێت و گوێی ناداتێ ) لەنـاو دێکەدا ڕاوڕاوێنمـان دەکـرد، ســـەرمان هەڵتەقی بەو جێگە دەرســـەدا، ســـەیر دەکەیـــن وا مامۆستاکە جزمی ( عەممە)ی داناوەو نزیکەی بیست منداڵ دەبوو دەرسـی پێ دەوتـن، حەزمـان لە دەرسـەکە کـرد، چـوینە حـوجرەی فەقێکان چاومان کەوت بەو قورئان و دەرس خوێندنە، مامۆستا بە حـورمەت ســـەر بەرمـاڵەکەی دانیشـتووەو منـداڵەکان هەریەکە بـۆ خۆیان خەریکی خوێندنن، منیش یەکسـەر وتم :.مامۆستا ئێمەش دەخوێنین، وتی ئاخر باوکتان لە مـاڵەوە نییە، بـا بێتەوە . باوکمـان چـوو بـوو بـۆ ( ماهیشـت ) نزیـک ( کرماشـان ) لەو کـاتەدا گرانـی بوو، چوو بوون بۆ گەنم، کە باوکمان هاتەوە، هەردووکمان لەگەڵ

باوکمان بردینی بۆ لای مامۆستاکە، مامۆستاکە دەفتەرێکی هێناو شتی بۆ نوسین، وتی پێمان : ئەوانە بڵێن، نوسرابوو : یا ئەڵڵا تەوفیقم بدەی، یا فەتاح فەتحم بدەی، یا ڕەزاق ڕزقم بدەی، گوێمان لە قسەکان بوو دەنگەکان خۆش بوو، ئێمەش لەگەڵیان دەمانوتەوە، من کە لە فەتحەکەدا گیرۆدە بووم، نەمدەزانی بیڵێم، مامۆستا وتی: ناوی باوکت چییە ؟ وتم فەتاح، وتی بڵێ فەتاح فەتحم بدەی، ئێمەش دڵمان کرایەوە و پەیوەندیمان کرد بەو دەستە منداڵەوە، بوینە قوتابی و لای مامۆستا دەمانخوێند، ڕۆژ بە ڕۆژ حەزمان لە خوێندنەکە دەکرد و دەمانویست زیاتر و باشتر فێر ببین، لە دێهاتە نزیکەکان وەکو (کۆساوا ) و لە دورەکانیشەوە وەک (دەڵەمەڕ) منداڵ دەهاتن بۆ دێکەمان، من سەرم سوڕمابوو ئەم منداڵانە چۆن دەتوانن بێن، نزیکەی بیست کەسێک خوێندنمان بەردەوام بوو، توانیمان خەتمی قورئان بکەین و هەندێک نامیلکەی فارسی تریش وەک پەندی عەتار و بە کوردیش وەک ئیقباڵنامە و ئەساسی سەعادەت بە شێوەیەکی تەواو فێری کردین، ئەگەرچی نوسینمان دواکەوتبوو بەڵام فێری خوێندنەوەیەکی چاک بووین، قورئانێکی باشمان دەزانی بیخوێنینەوە، بەو شێوەیە کە مامۆستا پەسەندی بوو، مامۆستاکە زۆر بەڕێز و بە حورمەت و کەم تەماع بوو، لایەنێک نەبوو گرنگی بدات بە لایەنی مادیان، ئەو لایەنەیان لاواز بوو، ئەم مامۆستایە بە زگورتێتی هاتبووە دێکەمان لەوەوپێش مامۆستای تری هەبوو من بیری ئەوەم نایەت، خەڵکی دێ بڕیاریان دا ژنی بۆ بهێنن، ئەوە بوو ژنیان لە دێیەکی تر بۆ هێنا، ئەو کاتە ئێمە ئێسترمان هەبوو، باوکم چوو لەگەڵ خەڵکی دێکەمان

هێنایـان و گواسـتیانەوە، ئەو کـاتە خەڵکـی ڕێشـاو بە دوو جـۆر دەژیان، لەلایەکەوە لە دێ خانویان هەبوو، لەلایەکی تریشـەوە لە جـاف و کـۆچەری دەچـوون، چـونکە بەهـارو هاوینیـان بەدوای لەوەڕەوە لە (شنروێ) لە جێیەک ناوی (نەوڕۆڵە)یە تەواو دەکرد، بە دوو قۆنـاغ، قۆناغێکیـان لە (ڕاسـتەملە) کەپێیـان دەوت ( مـلەی شـنروێ) دەوریمـان هەڵـدەدا، ئێمە دەوارێکی گەورەمـان هەبـوو، هەمـوو جـار جێـی مامۆسـتا مەلا عەزیـز و خـاو خێزانەکەیمـان دەکـردەوە، دوایـی دەچـوینە خـوارەوە بـۆ نـاو شـنروێ – دێیەکە لەوێ هەندێ دارتوو و کەپریان هەبوو، دەماینەوە، دوایـی بـۆ پـایز لە قۆناغی دووەمدا دەهاتینەوە بۆ ناوچەی ( کانی گوێز ) لەوێش کەپریـــان هەڵ دەدا، دێکەمـــان نـــزیکەی ٤٠ مـــاڵ دەبـــوو، زۆر موتەعـاون و مـوحتەرەم بـوون، بەم جۆرە ژیانیان دەبـردە سـەر، بەندەش کە حەزم لە خوێندن دەکرد، هەر لەگەڵ خوێندن و جزم و قورئـانی خۆمـدا دەژیـام، ئەوەنـدە حەزم نەدەکـرد بەلای ئەوانەوە بچـم کە دێکە خەریکی بـوون، لە دڵما وابوو کە دەبێ یەکێ ببێ خەریکـــی ئەم خوێنـــدنە بـــێ، بـــۆ نمـــونە لەو دێهـــاتەدا چەنـــد مامۆسـتایەکم دەبینـی، مامۆسـتا مەلا عەزیـز هەمـوو جـار بـانگی دەووت، مامۆسـتا مەلا عەبـدولکەریم لە دێـی دەڵەمەڕ بانگەکـانی دەفەرموو، منیش دەموت : خوایە ئەوە ئەگەر ئەم دوو مامۆستایە بمرن کێ جێگەی ئەمـانە دەگرێتەوە، خۆ تەمەنیان هەیەو مردن هەیە و چـونکە کەسـی تـرم نەدەبینـی گرنگـی بە نوێژەکـان و بانگەکـان جـگە لەوان، ئەم پرسـیارانە هەمیشـە لەدڵمـدا پەنگـی خواردبووەوە، هەوڵمدەدا کە من بزانم بانگ بڵێم و بزانم قورئان

بخوێنم، چونکە ئەگەر ئەمان مردن، کێ لە دوای ئەوان ئەم کاران
بکات، لەبەر ئەوە خۆم تەرخان کردبوو، چەند جاریش لە ماڵەوە ب
گیریان دەهێنام، بچۆ بەلای بەرخەکانەوە و بەخێویان کە، من هەر
گوێم نەدەگرت و باوکم و دایکیشم زۆر بەڕێز بوون، زۆریان لێ
نەدەکردم بگرە حەزیان دەکرد بەردەوام بم، ئەو مەلا عەزیزە لەو
ملەی شنروێیە لە بنی داربەنێکدا نزیکەی ١٥-٢٠ منداڵ دەبوین
کۆی دەکردینەوە لەسەر بەردێک جزمی قورئانەکەی پێ ڕەوان
دەکردین، ڕەنگە دوو ساڵێکی پێ چوو بێ، توانیمان قورئان ڕەوان
بکەین، ئەوکاتە لە دێکەمان چەند کەسایەتیەک هەبوون، دیاربوون
من نەمدەزانی چین، سۆفین دەروێشن، ئەوەندە دەروێش و
سۆفێتییەکەیان دەرنەخستبوو موسڵمان بوون، موسڵمانێکی ڕێک و
پێک، و تەقواو تاعەت و گەرم و گوڕی مزگەوتیان هەبوو، دڵی
مامۆستاکەیان مەتلەب بوو کە لە مزگەوتدا بمێنێ، دڵی ئێمەشیان
خۆش دەکرد کە بەردەوام بین لەسەر خوێندن، ئەوەی کە دافع بو
بۆ ئێمە بخوێنین و زۆر هانی دەداین، مامۆستایەک بوو لە
عەبابەیلێ ناوی ( بابە ڕەسول ) بوو، لە کاتی مەولودنامە خوێندندا
دەچوون بەشوێنیدا و دەیانهێنا، لە یادمە جارێکیان وتیان مامۆستا
بابە ڕەسول دێ بۆ دێکەمان بۆ مەولودنامە، ئێمەش ئەو پانزە
بیست منداڵە چوین لەسەر ڕێگەکەی ڕیزبوین هەر بۆ ئەوەی
بیبینین، بەمجۆرە خوێندنی لادێیەکەمان تەواو کرد، قورئانم خەتم
کرد و هەندێ فارسی و کوردی و شتی ترم لە خزمەت ئەو
مامۆستایەدا خوێند، بیرم کردەوە ئەو ئسلوبەی لە کوردستان باو
بوو، کە کەسانێک دەچوون بەدوای زانستدا، لەهەر کوێ بێ

دەستیان دەخست، هەروەک چۆن لە کۆکردنەوەی فەرموودەکاندا زاناکـان شـارو دێهـات و وڵاتـان دەگەڕان بـۆ کـۆکردنەوەی فەرموودەکـان، لەم بەیـنەدا وای لـێ هـاتبوو فەقێکـان بـزانن لە هەرکـوێ زانسـتێک هەیە بـۆی دەچـوون، چـونکە فەرمـوودە کۆکرایەوە و لێ بویەوە، ڕەوشی کوردستان وابوو .

مەلا عەزیز لە دێکەمان نەما، ماوەیەک کتێبەکانم نایە بن دەستم و چوومە سازان کە دوو سەعات و نیو دوور بوو، بۆ ماوەیەک لەوێ لای مەلا (شـێخ محمـد) خوێنـدم، هـاوڕێی تریشـم هەبـوو هەموو ڕۆژ دەچووم و دەهاتمەوە، نانمان لەگەڵ خۆمان دەبرد، لە نیوەی ڕێگادا بەهار بوو درەختە دار بەرەکان گەش و جوان بوون، لقە بەرزێکی داربەڕوویەکمان ڕادەکێشاو نانەکەمان دەخستە سەر لەپی لـقە دارە بەرزێـک و نانەکەمـان پێـوە دەبەست و لقەکەمـان بەردەدا لقەو نـان بەرزدەبوونەوە بە سەلامەتی لەوێدا دەمـایەوە هەتا لەو سەرەوە دەهاتینەوە، ئیتر نیوەڕۆ نانەکەمـان دەخوارد، لە سازان لای مامۆستا مەلا شێخ محمد دەمانخوێند، بەڕاستی زۆر بەڕێـز بـوو، چـونکە لەسـەر حیسـابی خـۆی دەژیـا، و پێویسـتی دێکەشـی دەبـرد بەڕێـوە و ئێمەشـی تـا ڕادەیەک ڕاگیـر دەکـرد، خەریکی بـاخ و زەراعەت و کاسـپی خـۆی بـوو، کەمتر دەیـپەرژا، بەڵام پەرژانەکەی لە کیسـی خـۆی نەدەدا، دەیتـوانی کاتمـان بـۆ دانێـت، دەرسـی پـێ دەوتـین، لای ئەو گوڵسـتان و بۆسـتان و فەتحـولقەریبم دەخوێند مامۆستایەک بـوو، حـوڕ و ئـازاد دەژیـا و کاروبـاری دێکەشـی دەبـرد بەڕێـوە، شانبەشـانی خەڵکـی دێـکەش مەرەزە و کاری دەکرد و باخی دەکرد، مـاوەیەک من هەر لە ماڵی

خۆیان دەژیام، وەکو فەقێیەک لەو قۆناغەدا هەندێ دەرسیشی پێ دەوتم بە تاک، بەردەوام خەریکی خوێندن بوو، دەقیقەیەک نەمابوو مەیلم بۆ لایەکی تر بڕوات، هەر کاتم بۆ بڕەخسایە بۆ خوێندن بازایەم نەدەدا، لە بیرمە لە دێی خۆماندا کاتێ نەدەکرا بچم بۆ دێی سازان، لەو لاشەوە مەلاکەمان باری کردبوو، منیش با کتێبەکانمەوە هەڵ دەمام و دەچوومە ئەشکەوتێک لە پشتی دێکەمانەوە، ئەشکەوتەکە وشک و برنگ بوو، چاوم لە دێکەش بوو، لەوێ دەستم دەکرد بە خوێندنی ئەو شتەی کە هەم بوو، وەکو قورئان و بۆستان و گوڵستان و پەندی عەتار و ئەو شیعرە فارسیانەم دەخوێندەوە و بەردەوام قورئانم لەبەردەکرد، لەو ڕێگەوبانەش تا دەگەیشتمە لای مامۆستاکەم، ئەوەی لەبەردەم نەبووایە هەوڵم دەدا باشتر بێتە بیرم، زۆرجار دەموت بەخوا لەباتی ئەوەی گۆرانی بڵێم قورئان دەخوێنم، جار جار هاوڕێی ڕێگەکەم ڕازی نەبوو، بەڵام هەر بەردەوام دەبووم ناچار ئەویش ڕازی دەبوو..

ڕەوشی کوردستان وابوو، منیش توانیم لە دێی خۆمان دەربچم ئەو دێیە جێبهێڵم، باوک و دایکیشم ڕێگەیان پێدام و پێخۆشحاڵ بوون کە من ئاوا بەدوای زانست دا بگەڕێم، بەر لەهەموو شتێک دێی بامۆکیان نیشان دام، کە چووم دەبینم مامۆستای مزگەوت گوێ ناداتە خوێندن، گەرموگوڕ نییە، ئیتر بەجێم هێشت، هاتمە دێی عەنەب، ماوەیەک مامۆستا مەلا ( مەحمودی عەنەب ) کە پیاوێکی دەنگ خۆش بوو و خۆی بانگەکانی دەوت، بەرنوێژییەکی گەرم و گوڕی دەکرد، زۆر گرنگی بە خۆ ژیان نەدەدا، ئەو کاتە مەلاکان لە

دێیەکاندا بە ژیانێکی کەم ڕازی بوون، منیش لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە خزمەت ئەودا دەستمان بە خوێندن کرد، هەڵبەت ئەو مامۆستایە مامۆستایەکی پێشکەوتوو بوو، دەرسی بەمن نەدەوت، بەڵام مەلا ( عەبدوڵای گوڵپی ) کە لای ئەو فەقێ بوو منیش دەرسم لە خزمەت ئەودا دەخوێند، تا ئەوەندەی توانی وانەی (نەحو صرف و صەمەدیە )ی پێ دەوتم.

لە جێیەکی تردا مامۆستا ڕێشاوی لە وەڵامی نامەیەکدا کە بۆم ناردبوو لە سەر ژیانی مامۆستا پارەزانی، باسی فەقێیەتی خۆی دەکات، لە تەپی سەفا و دەفەرموێت : ( مامۆستا پارەزانی لە دێی (تەپی سەفا ) لەسەر مزگەوت و مەدرەسەیەک دامەزرا لە دەوروبەری ساڵەکانی (١٩٥٤ – ١٩٥٥ ) بوو بە مودەریس و هەر فەقێیەک زیرەک نەبوایە و لە قۆناغی پێشەوەی نەبوایە نەیدەتوانی بچێت بۆ ئەم مەدرەسەیە، بۆیە ژمارەی فەقێکانی مامۆستا لەم مەدرەسەیەدا هەرگیز لە (١٠) کەس تێنەدەپەڕین، نیوەیان لای خۆی دەرسەکانی نەحو و سەرف و بەلاغە و مەنتیق و تەفسیر و فەلسەفە و عەقائید و گەلێک جاری تر بیرکاری و فەلەکیان دەخوێند نیوەکەی تریشیان لای ئەم دەیان خوێند منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی لەم مەدرەسەیەدا وەرگیرام و دەستم بە خوێندن کرد لای مامۆستایەکی تازە ماڵ و تازە تەمەن و تازە ئیجازە، لە مەدرەسەو مزگەوتێکی تازە بیناو تازە بیرو تازە نیاز.)

هەر لەو نامەیەدا دەفەرموێت : ( کەم مەدرەسەو کەم وانەبێژ مابوون کە قوڵایی و وردەکاری علومەکانی پێشویان وەکو خۆی تێدابێت، بەوەدا دەزانم : من لای ئەم مامۆستا پایەبەرزە لە دوای

خوێندن (١٠ساڵ)ی لەوەوبەر زانیم کە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا ئاسۆیەکی بەرز و بەربڵاوی هەبووەو هەیە، بەڵام ئەم ئاسۆیە لە ئاستی گەلێکیان ئاواو داکەوتوو بوو، یەکێ لەوانەی کە بەرزی ئەم ئاسۆیانەی هێشتا لێوە دیاربوو، مامۆستا شێخ ( عەزیز و مەدرەسەی مامۆستا شێخ عبدالعزیز ) بوو، پاشان باسی میوانداریییەکی خۆی و مامۆستا پارەزانی دەکات و وەسفی کەسایەتی مامۆستا پارەزانی دەکات و دەفەرموێت : (مامۆستا پارەزانی لەگەڵ چینی شێخ و سۆفی و دەروێشاندا زۆر بە لوتف و میهرەبان بوو، بە قسەی خۆش و بەڵگەی تێکەڵی بە مەزاق و دەم بە خەندە هابەشی دەکردن و دەیهێنانیەوە سەر ڕێگەی ڕاست و ناوەڕاستی شەقام.

لەگەڵ ئەوەدا جێگەی ئیعجاب و خۆشەویستی هەموو لایەک و ناسراوی هەموو چینەکانی کوردەواری بوو، لەبیرمە جارێکیان پێی وتم : بابچین بۆ سەردانی ( شێخ عوسمان ) لە بیارە، کە چوین دەبینم شەو لە ماڵی شێخ خۆی میوانەو ئێوارە لە ماڵی خۆیان لەگەڵ شێخدا نانمان خوارد، نانێک کە بۆ میوانێکی بەڕێز ئامادە بکرێ . شەو لە ماڵی خۆیان لەبیارە ماینەوە و بەیانی ماڵئاواییمان کرد، شێخ خۆی ئامادەی پێشوازی و ماڵئاوایی و بەڕێکردنمان بوو..)

جارێکی تر بە تەسجیل وتوێژێکم لەگەڵ جەنابی مامۆستا عومەر تۆمارکردوو هەندێکم لە پەیامی ڕاستی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢ بڵاوکردەوە، تێیدا دەفەرموێت: ( بێئەوەی مامۆستا پارەزانی

بیرکاری خوێندبێت، بوو بوویە مامۆستای بیرکاری و لە ماڵی خۆیدا دەیوتەوە بە هەندێ کەس کە منیشی تێدابووم ..)

لەجێیەکی تری ئەو بابەتەدا دەفەرموێت : ( من خۆم وانەی (منطق)م لای مامۆستا پارەزانی خوێندووە، ئاسۆیەکی وای تیابوو کە هەموو کەس لێی حاڵی دەبوو، یەکێک بوو لەوانەی کە تەواو حاڵی بوو بوو لە زانیارییەکانی حوجرە، کە هەتا ئێستاش مامۆستاکان نەچوونەتە ناوەڕۆکی، یەکەم کەسێک بووە لەسەردەمی خۆیدا لە ڕیزی خوێندکارانی مزگەوتدا کە موناقەشە لەگەڵ مامۆستای خۆی بکات .. فەقێی زیرەکی زۆر خۆشدەویست و پشتگیری لێ دەکرد. .)

هەرچەند خۆی باسی ناکات بەڵام دەنگوباسی وا هەیە کە مامۆستا ڕێشاوی بۆ خوێندنی فەقێیەتی چووەتە دێی عەبابەیلێ و لای مەلا حەسەن چەند وانەیەکی خوێندووە .. پاشان و لە کۆتایی قۆناغی فەقێیەتیەوە ئیجازەی مەلایەتی لای جەنابی مامۆستای ڕەحمەتی مامۆستا مەلا عوسمان پریسی وەرگرتووە کە ڕەنگە ئەمە لە ساڵی ١٩٥٦ بووبێت.

بەم جۆرە کورتەیەک لە ژیانی فەقێیەتی مامۆستا ڕێشاوییمان باسکرد، کە ڕەنگە ماوەکەی لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ ساڵانی ١٩٥٦ خایاندبێت، چونکە مامۆستا لە ساڵی ١٩٤٤ دا دە ساڵان بووەو خۆیشی دەفەرموێت منداڵ بووم یاری منداڵانەم دەکرد کە دەستم بە حوجرە کرد، کە ڕەنگە هەر ئەو ماوەیە بکات، ئەمەش پێویستی بە وردەکاری زیاترو پرس و ڕای زیاترو لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەل هەیە، خوای گەورەش خۆی ڕاستی زانیارییەکانی لەلایە،

چونکە مامۆستا باسی ساڵەکانی دەستپێکردن و گواستنەوەکانی بۆ دێکـان و حوجرەکـان ناکـات، دەبێـت وەک سـەرەتایەک هەر بەم جـۆرە دەسـت پـێ بکەیـن، و انشـاء اللـه لە پاشـتر هەوڵـدەدەم سـەرەداوو وردەکارییەکـانی ئەو کەسـایەتیە مەزنە بدۆزمەوە، کە فەزڵـی زۆری بەسـەرمانەوە هەیەو هەرگیـز لە قەرزاربـاری ئەو دەرنـاچین .. هیـوادارم هەوڵێکمـان دابـێ و دڵـی بنەماڵەکەیـان و هاوڕێکانی خۆش کردبێ و هەندێکم - هەرچەندە کەمیش بێت - بەرامبەر ئەو کێوە دامەزراوە کردبێت..

## سەرچاوە و بەڵگەنامەکان

١-گۆڤاری (پەیامی ڕاستی ) ژ/١٠ی ساڵی ١٩٩٢ چاوپێکەوتنێکی نوسەر لەگەڵ مامۆستادا.

٢-ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ/٢٢ و ٢٣ی /١٢ ١٩٩٤، بابەتێک لەسەر ژیانی مامۆستا پارەزانی . ن/حەسەن مەحمود حەمەکەریم

٣-ڕۆژنـامەی یەکگرتـوو ژ/٢٣ لە ١٩٩٤/١٢/٣٠ بابەتێک لەسـەر ژیـانی مامۆسـتا ئیبـراهیم ڕێشـاوی .نوسـینی حەسـەن مەحمـود حەمەکەریم.

٤-وەڵامـی نـامەیەکی مامۆسـتا ڕێشـاوی بـۆ نوسـەر کە سـاڵی ١٩٩٥ بۆی ناردووە لە وەڵامی نامەیەکی بۆ جەنابی، لەسـەر ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی.

٥-وەڵامی نامەیەکی مامۆستا ڕێشاوی بۆ نوسـەر سـاڵی ١٩٩٥ بۆ ناردووم لە وەڵامی نامەیەکدا بۆ جەنابی لەسەر ژیانی مامۆسـتا پارەزانی.

٦-گۆڤاری (دوانگە) ژ/٢ ی ساڵی ١٩٩٩.

٧-بەرنامەی ( ناوداران) کە کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامیی کوردستان بۆ تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، لەسەر ژیانی مامۆستا پارەزانی ئامادەی کردبوو.

٨-گۆڤاری (خۆری ئیسلام ) ژ/١٦ ی حوزەیرانی ٢٠٠٢، سەرنجێک لەسەر ژیانی پارەزانی، نوسینی :حەسەن محمود حەمە کەریم.

٩-بابەتێکی بەرنامەی (دیدار ) لە ڕادیۆی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتوو، وتوێژێکی تێرو تەسەل لەسەر ژیانی مامۆستا کە لەگەڵ خۆیدا تۆمارکراوە.

١٠-دوو نامەی مامۆستا ( جەعفەر مستەفا ) بۆ نووسەر، لەسەر ژیانی مامۆستا پارەزانی و مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی لە وەڵامی دوو نامەیدا کە بۆ جەنابی ناردووە.

# عرفت الأستاذ عمر ريشاوي "رحمه الله" مربيا هادئا هادفا

أ.د. علي محيى الدين القره داغي

عرفت الأستاذ عمر ريشاوي " رحمه الله" منذ أكثر من ربع قرن: داعية يحمل هم الإسلام قبل كل شيء، ينشر رسالته بالحكمة والموعظة الحسنة، وأنه محور حياته كلها ففيه كان يفكر، وعنه يتحدث ، وإليه يدعو، ومن أجله يحيا، وعليه يموت، أحسبه مخلصاً لدينه مستعداً للتضحية بكل شيء في سبيله ، متجرداً له ومفعماً بحبه وشوقه ..

لمّا كنت في السليمانية في ستينيات وسبعينيات القرن العشرين كنت أسمع به وبنشاطاته المباركة في مدينتي حلبجة والسليمانية، وحبّ المؤمنين له، وثنائه العاطر، ولكن لم يتسن لي اللقاء المباشر به إلاّ في العام ١٩٩٢م عندما افتتحنا في مدينة السليمانية فرعاً للرابطة الإسلامية الكوردية ، فسعدنا به أيما سعادة، وكان خير معين لنا – بعد الله تعالى- حيث أبدى استعداده ، واستعداد مَنْ يسمع له لخدمة الرابطة وأهدافها الخيرية والإنسانية، ولا سيما في ذلك الوقت الذي كان فيه اقليم كوردستان شبه مدمر ، بعد حادثة حلبجة الأليمة ومأساة الأنفال عام ١٩٩٨م التي قام فيها النظام البعثي العراقي بتدمير حوالي ٤٥٠٠ قرية ومدينة صغيرة ، وكان معظم الشعب الكوردي في المخيمات ، وفي أحوال صعبة من حيث المعيشة والغذاء والدواء.

وبعد ذلك توطدت العلاقة بيني وبين الأستاذ عمر ريشاوي ، وكنا نسعد به في معظم لقاءاتنا في مدينة السليمانية ، ونستفيد من خبراته الدعوية والاجتماعية، ويحضر محاضراتنا.

فقد وجدت الأستاذ عمر ريشاوي مربياً عظيماً يربي تلامذته بلطف وحكمة وهدوء ، ويغرس في قلوبهم حبّ الدعوة الحقّة من خلال السيرة النبوية العطرة

وسيرة الخلافة الراشدة، والقدوة الحسنة، كما كان داعية موفقاً يحسن توظيف ثقافته الإسلامية وثقافته العامة في خدمة دعوته بوعي عميق و بصيرة نافذة ، وحكمة بالغة كما أمر الله تعالى :﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ﴾ **النحل: ١٢٥**.

وبالإضافة إلى ذلك فإن الأستاذ عمر ريشاوي كان رجلاً اجتماعياً من الطراز الأول يصلح بين الناس، ويهتم بمشاكلهم فيسعى لحلها بكل الوسائل المتاحة، وفوق ذلك عرفته - رحمه الله - زاهداً عن متاع الحياة الدنيا عائشاً على الكفاف، غير منافس لأحد في مغريات الحياة، فكل مَنْ عرفه أحبه وتأثر بسمته، وأخلاقه ودعوته الهادية الهادئة الهادفة.

فرحم الله الأستاذ عمر ريشاوي داعية ومربياً ومصلحاً اجتماعياً ، وزاهداً في الدنيا ، فسلام الله عليه حينما التحق بقافلة الدعاة الصالحين، وسلام الله عليه حين يُبعث حياً ، سائلين الله تعالى أن يجمعنا به في الفردوس الأعلى مع النبيين والصديقيين والشهداء والصالحين وحسن أولئك رفيقاً . آمين يا ربّ العالمين .

# بۆ من، بەنایەکی دیواری کەسایەتیم بوو

صەلاحەدین محمد بەهادین

بۆ من، بەنایەکی خۆشەویست و خەمخۆر و کارامەی دیواری کەسایەتیم بوو، هەروەک بۆ چەندین کەسانی تر وایان ناسیوە ..

دڵسۆز و خەمخۆر بوو بروا بەخۆ بوو سەرکردە بوو، زانا و توێژەر و نوسەر بوو، پێشەنگی کرداری بوو پێش ئەوەی کە بە گوفتار مەبەستەکە دەرببڕێت، شەرع ڕەوو و عیبادەتکار بوو، ڕێزی لە بچوکەکان لە تەمەن و زانست و ئاستدا زۆر دەگرت.

لە ناخۆشییەکاندا دڵقایم و خۆراگر و بە ئارام بوو هەروەک لە خۆشیەکاندا گەش و دڵخۆش و سوپاسگوزرا بوو.. خولیای ڕێنماییکردن و دەرس وتنەوە و گەیاندنی چاکە بوو بە کەسانی تر .. لەگەڵ ئەوەی پاپەند بوو بە کاروباری ڕێکخستنی جەماعەت و پرنسیبی حزبایەتی یەکگرتووەوە، بەڵام هەمیشە وەک کەسایەتیەکی گشتی و متمانە پێکراوی هەموولایەک و زانا و دڵسۆزێکی هەموان دەرئەکەوت و هەڵوێستی ئەکرد .. هەمیشە خاوەنی قسەی بەجێ و حیکمەتی کرداری و گوفتاری و نەستەق بوو.

بە کورتی مامۆستا عومەر بەردەوام پێشەوا و مامۆستا بوو .. تا کۆچی دوای کرد و بەجێیهێشتین هەر پلەو پایەی مامۆستایی خۆی بۆ هەموان پاراست.

# پەیڤێك بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

عەلی باپیر

مامۆستا عومەر ڕێشاوی "خوا لێی خۆشبێ"و پلەو پایەی بەرزو بالا بکات لە بەهەشتەکانی خۆیدا، هەرچەندە تەنیا چەند جارێک لەهەندێک کۆڕو مەجلیس و بۆنەدا بەخزمەتی گەیشتووم و تێکەڵیی زۆرم لەگەڵی نەبوو، بەڵام یەکێک لە مامۆستا و زانا دڵسۆز و بەویقار و هێدیی و مەزنەکان بوو و گەلێک خەسڵەتی ڕەندو پەسەندم تێدا دەبینین و پێم وایە بەهرەی زۆری گەیاندوە بەحاڵەتی بێداریی و هۆشیاریی مسوڵمانانی کوردستان.

لەهەموویشی گرنگتر "لە خەسڵەتە جوانەکانی" ئەوەبوو کە هەستم نەدەکرد دەمارگیریی بۆ لایەک هەبێ و خۆی بە موڵکی ئیسلام و مسوڵمانان دەزانی بەگشتی.

خۆزگە ئاشنایەتیی و تێکەڵیی زیاترم لەگەڵ مامۆستادا ببووایە، تاکو هەندێک بیرەوەریی نێوانمان بیگێڕمەوە، چونکە بێگومان هەرکام لەو مامۆستا بەڕێزانە، قوتابخانەیەک بووە بۆ خۆی و شایستەی هەموو ڕێزو حورمەت و پێزانینێکن و دەستخۆشییش لە کوڕەکان و نزیکانی دەکەم کە ژیاننامەو قسەو سەرنجی برادەرو دۆستەکانی بڵاودەکەنەوە، بەهیوای ئەوەی ژیاننامەو سەرگوزشتەو هەڵوێست و ئاکارەکانی چرایەکی ڕێ ڕۆشنکەرەوەی وەچەی ئێستامان بێ.

# وتەیەك لە خزمەت ماموّستا عومەر ڕێشاوی

عیرفان علی عبدالعزیز

دیارە جەنابی ماموّستا عومەر ڕێشاوی خوای گەورە لێی خۆشبێت و دەرەجاتی عالی بکات پیاوێک بوو وەک ئەوەی کەوا ئەوترێ ئینسان بەینی خۆی و خوای خۆی چاککرد خوای گەورەش ئەیخاتەی دڵی عەبدەکانیەوە کە خۆشیان بوێ و بە گوێی بکەن، ئەو پیاوەش ئەوە بوو بەراستی کە ئینسان ئەیبینی لەبەر ئەوەی کەوا ناوچەوانیت ئەبینی دیاربوو کە ئەهلی سوژدەیە، ئەهلی تەقوایە، ئەهلی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە کە خوای گەورەیان خۆش دەوێ و بەینی خۆیان و خوای گەورەیان چاککردووە، بۆیە بەندەکانی خوای گەورەش هەمویان حورمەتیان ئەگرت و خۆشیان ئەویست هەیبەتێکی وای دروستکردبوو هەر لە منداڵیەوە و لەو سەردەمانە کە بۆیان گێراوینەتەوە گەنج بووە و هەر لەو کاتانەوە روی کردوەتە ئەو مەدرەسە گەورە، هەر لەو کاتەوە هەیبەتێکی وای دروستکردووە کە خەڵکی خۆشی ویستووە خەڵکی پێیان خۆشبوە کە خۆی لە دڵی خۆیەوە گوێڕایەڵی بێ و کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر ناوچەکە و بەو ڕەفتارە جوانەی خۆی، ئەوەی ئێمە لە یادمان بێت هەرچەندە ئەو لە تەمەنی ئێمە نەبووە تا ئێستا یاداوەریەکانی بگێرینەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لە خەیاڵماندا بێ هاتوچۆی مزگەوتی شافیعیمان کردووە لەوێ

تەشریفی بووە و لە خزمەتیا بووین و بینیومانە و ئەو دەرسانەی ئەیوتەوە بە گەنجەکان بە تایبەت بەو نوخبە ئەوەڵیەی کە لەسەر دەستی ئەوان ئەم صەحوەیە بەتایبەتی ئاوا گەشەی پێکرد هەموو ئەگەڕێتەوە بۆ جوهد و ماندوبوونی مامۆستا عمر ڕێشاوی خوای گەورە ان شاءالله لێی خۆش بێت و مەقامی بەرزتر بکات ئەوەی ئێستا هەیە لە کوردستاندا ئەم صەحوە موبارەکە بەشێکی زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ شەونوخونی و جوهدو ماندوبون و ڕەفتاری جوانی ئەو پیاوە گەورە خوای گەورە لێی خۆش بێ و ان شاءالله پایەدەری بکات .

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# لە پێودانگی مادییگەری و ئاییینگەرایدا

محەمەد فەرەج ئەحمەد

ئەو پێودانگانەی هەڵسەنگاندنیان پێ دەکرێت بۆ نرخاندن یان بۆ شیکردنەوە و ناساندنی مرۆڤەکان یان شتەکان یان کردەوە و چالاکیەکان، زۆر و فرە جۆرن و بە پێی ئایدیاکان جیاوازیەکانیان بەدیار دەکەوێت. بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ ناسینی کەسێکی ساڵح و باش بکەین، دوو جۆر پێودانگمان لەبەردەستن:

یەکەمیان: سەربە قوتابخانەی ماددیگەرایە.

دوەمیان: سەربە قوتابخانەی ئاییینگەرایە .

بە پێودانگی قوتابخانەی ماددیگەرایی، بەها و ئاکارە جوانەکان (نقشە – الطبع) و لە مرۆڤەکاندا هەیە، و هیچ پەیوەندی بە ئیمان بە خواوە نیە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێباوەڕە کە ئاکاریان جوانە، هەر بەپێی ئەو پێودانگە ماددیە، ناسینەوەی ئەو ئاکارە جوانانە بە ئاسەوارەکانیانە – الاثر- یان لەسەر زەوییە .

بەڵام پێودانگی قوتابخانەی ئایینی دەڵێت: ئاکار و بەها جوانەکان (طبع) نیە بەڵکو پەیوەندی بە مافەوە هەیە –حقوقیە- ، چونکە ئەگەر ئاکار و بەهاکان تەبع بن، ئەوا خاوەنەکانیان مولزەم نین

بەکاریان بهێنین بۆ خەڵک، بەڵکو بۆ خۆیەتی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریانی دەهێنێت و لەسەر ئەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت. ئیتر خۆپەرستی -الانانیە- زاڵ دەبێت، و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە ئینسانیەکان نێگەتیڤ دەبێت .

ئەو قوتابخانەیە بۆ ئەنجامدانی هەر کار و چالاکیەک هیچ جۆرە مەرجێکی نیە ، گرنگ ئەوەیە لەسەر ئەرزی واقیع کارێک کرا بێت .

بەڵام پێودانگی قوتابخانەی ئایینی کە ئاکار و بەها جوانەکان بە حقوقی دەزانێت ، کەواتە خاوەنەکەی مولزەمە بۆ بەرژەوەندی و سودی ئەوانی تر بەکاریان بهێنێت، و لەوە زیاتریش پێویستە بە جوانترین شێوە پێشکەشیان بکات. هەروەها پێیوایە هەروەکو پێویستە ئاسەواری کار و چالاکیەکان لەسەر ئەرزی واقیع دیار بێت، هەروەها پێویستە پاڵنەری ئەو کار و چالاکیە ڕوون و دیار بێت ، پێویستە تەنها بۆ خوا و لەبەر خوا بێت .

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو دوو پێودانگە ، (ماددیگەرا و ئایینگەراکان) هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتیەکی کاریگەری ماندوونەناس لە سنوری کار و تواناکانی خۆیدا بۆ کەسایەتی مامۆستا عومەر ڕێشاوی بکەین، وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتیەمان دەست دەکەوێت کە دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین: ئەوە وێنەکەی کەسێکی (جوان و سالح)ە.

من مامۆستا عومەر ڕێشاویم لە ساڵی (١٩٦٥) وەک مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی ئاینیی لە هەڵەبجەی شەهید ناسیوە، هەتا ئەو ڕۆژەی لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە ، جگە لەوەی پتر لە سی ساڵ یەکێک بووم لە هاوبڕیار و نزیکەکانی مامۆستا .

یەکێک لە سیفاتە جوان و جیاکەرەوەکانی مامۆستا ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی هەموومان پێکەوە لەم نیشتمانەدا ناخۆشی و هەڵبەز و دابەزی زۆری سیاسی و ئابوری و دەربەدەری و لێقەومانی زۆرمان بینیوە ، بەڵام بۆ یەک ساتیش نەمبینیوە کە بێ هیوا بێت، بە پێچەوانەوە، هەمیشە هیوابەخش بوو ، و بەردەوام لە تەواوی ساتە سەختەکاندا دەم بە خەندە و ڕووگەش بوو ، تەنها جارێکیش بە تووڕەیی و قەڵسی نەمبینیوە .!

ئەو سەردەمە مامۆستا عاریفێکی بێ دەنگ و باس بوو ، کە ئێمە هیچمان لە عیرفان نەدەزانی . مامۆستا لەو پیاوانە بوو ، کورد وتەنی (سینەی بێ کینە موحەمەد سەڵەوات) . مامۆستا ئیمان و تەقوا و عەقڵی لە زانستی زیاتر بوو، بێگومان یەکێک هەڵگری ئەو جۆرە سیفەتانە بێت دەتوانێت بەرپرسیارێتی کارێکی پیرۆز و گەورە و گرانی وەکو (بانگەواز بۆ دینداری و بۆ خۆشەویستی خەیر و مرۆڤ) لە ئەستۆ بگرێت.

ئەو سەردەمە بە گشتی هەمووماان و تەنانەت هاوپیشەکانی مامۆستاش ، مامۆستا عومەر ڕێشاویمان وەک مامۆستا و کەسایەتیەکی گەورە و جیاواز قبوڵ بوو، هەر بۆیە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و دواتریش، مامۆستا وەکو کەسی یەکەم دەور و کاریگەری و ئاراستە ئیمانیەکانی دیار و بەرچاو بوون .

مامۆستا عومەر یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی سەردەمی خۆی کە پەیوەندی و عەشقێکی دیاری هەبوو لەگەڵ قورئاندا . بە خوێندنەوەی بەردەوام و لەبەرکردنی و تەفسیرکردن و وتنەوەی

وانەکانی تەفسیر لەسەر ڕێبازی (التفسیر الدلالی) یانی مانای دەلالەتی ، کە گەیاندنی مەفهوم و ناوەڕۆک بوو . ئیتر هەمیشە بۆچوون و لێکدانەوەی زۆر جوانی دەوت ، و زۆر خۆی ماندوو دەکرد بۆ دۆزینەوەی مەبەست و مەقاسیدەکان بەبێ ئەوەی زیان بە مەبەستی بنەڕەتی بگەیەنێت، بۆ نموونە زۆر خۆی ماندوو کردبوو بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی شەرعی لەسەر ئەوەی (ئەمیر) لە دوای پێغەمبەر لە موهاجیرین بێت .

لە چوارچێوەی تەفسیری دەلالەتیدا بەم جۆرە ئەو مانایەی دۆزیبویەوە لە ئایەتی ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟ وَجَـٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ ﴿١٥﴾﴾ الحجرات: ١٥

لە ئایەتێکی تردا لە سورەتی التوبە :﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾﴾..

کەواتە مادەم خوای گەورە (ابوبکری صدیق) و هاوڕێیانی لە موهاجیرەکان بە ڕاستگۆکان (صادقون) ناوزەد بکات و دواتریش لە ئایەتەکەی تردا دەفەرموێت (ئەی ئیمانداران لە خوا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆکاندا بن) کەواتە دەگونجێ و زۆر ئاساییە کە (ئەمیر)ی مسوڵمانان لە موهاجیرین بێت .

مامۆستا عومەر بەدرێژایی ئەو چەندین ساڵە مامۆستا و بەرپرسی کاری ئیسلامیی بووە لە هەڵەبجە و هەورامان و حەوزەی شارەزوور ، توانی دڵی هەموان ڕابگرێت و برا و مامۆستایەکی میهرەبان و دڵسۆز و پڕاوپڕ خاکی بێت ، و خاوەنی سینەیەکی ساف و بێ کینە بێت .

لە خوای میهرەبان (ئەو خوایەی کە مامۆستا عومەر عاریفانە و عاشقانە دەیپەرست و کورنوشی بۆ دەبرد) ، داواکارام ئێستا بە خۆشترین شوێنی بەهەشت مامۆستا بحەوێنێتەوە، هەروەها هیواخوازم و داواکارم لە کچ و کوڕەکانی مامۆستا عومەر وێنەی هەقیقی مامۆستا بە زاهیر و باتینیدا لە ناخ و ویژدانیاندا بەرز ڕابگرن چونکە مامۆستا زۆر بە گرنگیەوە کاری دەکرد بۆ گرێدانی هەردوو جەمسەری (الظاهر و الباطن) هەر بۆ ئەو مەبەستەش کتێبی (باطن الاثم)ی وەرگێڕابویە سەر زمانی کوردی لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکەی نایابدا . خوایە غەریقی ڕحمەتی خۆتی بکەیت ..

# لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

خودا مرۆڤی خوڵقاند چونکە خۆشیویست، ئێمەش لەبەر
خۆشویستنەکەی ئەو بۆ مرۆڤ ،
مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت با هەر فکرێك و ئاینێکیشی هەبێت.

❊❊❊❊

خودایە تۆ لەبەر خاتری ئێمە بە زمانێك قسەمان لەگەڵ دەکەیت، کە
ئێمە لێت تێبگەین.
ئەگەر بە زمانی ڕەهای خۆت قسە بکەیت گومان دەکەم ئیمە بتوانین
لێت تێبگەین.

❊❊❊❊

کاتێ پزیشك چارەی نەخۆش دەکات خۆ ڕقی لە نەخۆشەکە نیە
بەڵکو ڕقی لە نەخۆشییەکەیەتی، ئێمەش دەبێت هەستمان بەرامبەر
بە مرۆڤی خراپ هەر وابێت.

# الاستاذ عمر ريشاوي كما عرفته

عابدين رشيد

لقد فكرت كثيرا لأتذكر شيئا ما بقي في أرشيف ذاكرتي عن أخي الحبيب الأستاذ الفاضل ذي الوزن الثقيل في عالم الرجال، كاك ((عمر ريشاوي)) عبر كل تلك السنوات الطويلة التي قضيناها في طريق الدعوة المباركة والتي كانت تربطني و إياه به في مسيرتها الناهضة بفضل الله عنايته وعونه.....

الا أننى مع كل الأسف والأسى معاً لم تحضر عندي سوى نتف لا ترضيني ولا ترضي القارئ المتشوق الكريم. و أنا أمرؤ- كما يعرفني بعض إخواني- نسّاء شديد النسيان للأرقام والأحداث والأشخاص والتواريخ- الى حد النكتة والطرفة، منذ طفولتي. ومن العجب أنني أتذكر جيدا هذه القصة عن نفسي كيف؟ لا أدرى!

وهي أنني كلفتني والدتي الحبيبة غفر الله لها ورحمها، أن أذهب الى السوق القريبة من بيتنا و أشتري لها باقة من الخضار وسمتها باسمها ((كرفس)) فخرجت من البيت منطلقا و أتجهت الى السوق ففي وسط الطريق نسيت ماذا أشتري؟ فرجعت توا راكضا الى أمي أسألها ماذا أشتري؟ فضحكت مبتسمة بحب وحنان متقطع النظير ذاكرة الشيء المطلوب. فلكي لا أنساه مرة ثانية بدأتُ أردد أسمه طوال الطريق وهكذا حصلت عليه و جئت لها بما تريد و قد كنت في الثامنة أو التاسعة من العمر. وفي المرة ثانية و أنا رجل بلغت من عمري خمسين أو أكثر عاما قمنا مع بعض الاخوة الأحبة بزيارة أخ لنا كريم مريضاً. فبعد عودتنا بعد يوم أو يومين و أنا أقصّ على أخ لي تفاصيل زيارتنا وقد كان معنا يرافقنا في تلك الزيارة وهو ينصت الي مبتسما الا أنني لا أدرك شيئا حتى إذا انتهيت من كلامي،

قال لي معلقا بصفاء قلب ألم أكن معكم يا مسكين؟ فتذكرت ونحن نضحك!.

نعم ولكنني وجدت طريقا لعلي أكون أكثر توفيقا وصدقا وبياناً من حديث ذكرياتي عنه - وما كانت أكثرها! وهو ذكر سجاياه ومزاياه، راسما صورة شخصيته المرموقة عندي بكل أمانة وثقة وبشعور ممزوج من الخجل على تقصيري في حقه فأقول وبالله التوفيق: كان عالما في وسط أقرانه، مؤدباً، وقوراً، متواضعاً، ذكياً، متزناً، جاداً، شعبياً، مجاهداً، حليماً، شجاعاً، سخياً، جندياً مطيعاً. لا يختلف ولا يتذمر ولا يغتاب ولا يجرح أحداً ولا يؤذي ولا يتكلم بسوء على أحد، ناصح خبير باللغة العربية والفقه، مجتهد، تقي، يتبع السنة بعفوية وسليقة، له آراء ومواقف، لا يتكلم عن نفسه، حسن المعشر، محبوب لا يحمل حقداً ولا حسدا ولا يكره أحدا، خدوما لأهله، لا تجد عنده عجبا ولا كبراً ولا كبرياء ذو صحة وقوة، لا يستغل أحدا لخدمته ومصالحه أو لمصلحة أسرته.

يحب و يقدر إخوانه في الله يهمه أحوالهم و يتفقد أوضاعهم، نظيف اللسان لا يكلّف ولا يتكلف انسان طبيعي، نادر الغضب و الخروج من الطور أثناء الحديث و الحوار، يتحمل المشاق يحترم أساتذته بكل أدب و توقير، لا يشكو، صامد، عامل أمين، مرشد، دؤوب في عمله و مسؤوليته، متفرغ للدعوة و شؤونها، متفائل غير متشائم، لا تزحزحه الأحداث ولا تثبطه ولا تغيره كأنه جبل من جبال كوردستان في ثباته و استقامته و حلمه و شجاعته و تواضعه و رزانته، ذو شخصية قيادية هادئة فطرية و ذو خلق راق، كثير القراءة، و التتبع و الدراسة، وذو بصيرة ملهمة، و ذو روحانية طبيعية، نسيج وحده بين أقرانه و خلانه كالعلم في أوساطهم. وكان أمام مسؤوله تلميذ مهذب بعزة وشهامة. يناقش بأدب و يحاور بلطف ولا يعاند أو يشاغب انسان طبيعي في مأكله و ملبسه و أثاث بيته، لا اسراف ولا تبذير، مغمور مشهور، ذو ورع و لا يضيع وقته بأمور تافهة و دنيويات رخيصة، متطلع الى الاخرة و يحسب حسابها بجد و سكينة، حلو معاملة،

يمشي هونا، ويبيت ساجدا، لا يخرجه جهل الجاهل عن طوره ،رطب اللسان بالذكر والدعاء ،ولا ينسى حقوق أهله وأولاده فكان يراعيهم و يخصص جزءا من حياة دعوته اليهم ليربيهم تربية إسلامية ايمانية و دعوية ليترك من بعده أولادا - بحمد الله و فضله- صالحين، خلوقين، طيبين، لهم مشاركتهم في مسيرة الدعوة الى الله الرحمن الرحيم في قليل أو كثير باعتدال وبلا تشنج ولا استفزاز .. لم تكن تشعر بالتعصب والتطرف بقوميته بل كان حافظا ومعتزا بإسلاميته بشكل ظاهر بارز في غاية الاعتدال، نشيط في مجالات الدعوة كلما وجد فرصة سانحة وفائدة وضرورة كالكتابة والترجمة والدروس والمحاضرة. في أسلوب كلامه سكينة ووقار وهدوء و أدب من غير خشونة ولا صياح ولا توتر. وفيّ مع إخوانه و أسرهم. لا يكاد يعرف التعب و لا السأم و لا الفتور و الضجر و لم أسمع منه ما يعكر صفو حياة الدعوة و أعبائها من اعتراض أو رفض أو تحدي أو سوء تصرف أو خلاف بغيض كان يقرأ و يفكر و يكتب و ينشر و يذيع ويعمل من غير توقف، لا تكاد تراه في فراغ وبطالة.. بل كان متفرغا بكل كيانه في شؤون الدعوة ليلا ونهارا صيفاً وشتاءً.

هذا و أذكر بعض نتف من ما علّق حتى الان في ذاكرتي و ياللعجب!.

١ - كانت- ولا تزال-علاقتنا العائلية حميمية وطيبة .

٢ -لقد كانت علاقته مع أهله وعشيرته علاقة طيبة ايجابية ولذلك كانوا يحبونه ويجلونه بل يكاد كانوا يعتبرونه كبيرهم فيقدرونه كل التقدير ويحترمونه كل الاحترام من قبل أشقائه وشقيقاته وذوي قرباه ولم أسمع و لم أعرف عنهم أنهم كانوا يعادونه أو يقفون حجرة عثرة في طريقه في الدعوة، بل بالعكس فقد استجابوا له وعاونوه وذلك إن دلَّ على شيء فإنما يدل على حسن تعامله معهم وحسن خلقه في معاشرته لهم.

٣ - و إن أنسى لا أنسى سفرتي معه لأول مرة -مع اخوة كرام- الى قرية (پێنجوێن) للمرة الأولى على سيارة جلسنا فوقها ننظر الى جمال الطبيعية و نستمتع بمناظر الطريق بشوق و تلق شديدين في زيارة الى أحد معارفه من

علماء تلك القرية فمكثنا فيها سويعات مباركات في الحديث عن الاسلام و الدعوة و الأخوة و كان الجو رغم الصيف باردا، و نحن في وقت الضحى.. حبا وهدفا لنشر الدعوة في تلك الربوع عن طريق بعض رجالها الأحباء الاخيار.

٤ - و ذات سنة من سنوات الدعوة المباركة كلفتنا قيادة الاخوان بقيام دورة خاصة للدراسة في مصيف شقلاوة مع جمع من الاخوة و كان كاك عمر ريشاوي واحدا منهم فأجرنا بستانا من بساتين شقلاوة و قضينا فيه أسبوعين و أقل نتدارس و نتناقش و نتبادل الآراء في أمور الدعوة وكانت أحلى ذكرى من ذكريات الدعوة في ظلال أشجار بساتين تلك البلدة الحبيبة المشهورة في عالم السياحة في العراق- مع سرية تامة بعيدا عن عيون الرقابة للسلطات المحلية حذراً من أي مفاجأة مكروهة تحت اشراف أحد قيادي الأخوة في بغداد محطاطين أمورنا بكل ما يؤدي الدورة الى كشفها تفاديا للأذى والاعتقال، فاتفقنا أن ننادى بعضنا البعض بأسماء مستعارة.

٥ - وبصدد سجنه في مديرية شرطة كركوك، لأنه جاء مرة في زيارة لإخوته في مدينة كركوك سلّم له رزمة من المنشورات الاسلامية، فلدى عودته الى حلبجة وهو يخرج من كركوك في سيطرة التفتيش وجد في حوزته تلك الأوراق، فأعيد الى كركوك و أودع في سجن لإجراء اللازم الى محاولات الاخوة في كركوك عن طريق أحد أقرباء بعض المسؤولين أطلق سراحه بعد أسبوع أو أكثر أو أقل، فلما سألناه كيف كان حالك في السجن خلال تلك الايام قال رحمه الله: - لو بقينا مدة اكثر لأصبحنا أولياء! (او لقد كدنا أن نكون اولياء!)

٦ - و أذكر جيداً كلوحة مرسومة في ذاكرتي مشهدا من مشاهد طريقنا و نحن نتوجه بالآلاف المؤلفة نحو الحدود الايرانية مخافة المدافع العراقية و هي تلاحقنا طوال الطريق ظلماً و عدواناً لإقاع الموت والأذى بنا، رجالاً و ركباناً فلم نكن نحن و بعض عوائل اخوتنا في السليمانية نملك غير أرجلنا فكنت أرى أخي الأستاذ عمر يحمل أحد أبنائه الصغير (أحمد) على كتفه

مشمرا عن ساقيه وهو ينطلق به و بأهله و نحن معه كمرشد و دليل و
معين، بكل همة وشهامة مراعيا حاجاتنا في المأكل و المشرب و الملجأ و
الدفيء في الليالي الباردة و المطر الربيعي الدائم ينهمر علينا عبر أيام حتى
اجتزنا الحدود و دخلنا ايران في مخيمات اللاجئين (المنتشرة المتخصصة في
القرى والمحافظات الحدودية هنا و هناك و بقينا تحت اشراف ورعاية الأخ
الكريم حتى اذن الله لنا بالعودة الى ديارنا بعد شهور من الغربة و المحنة و
لله الحمد عز وجل.

٧ – لعل من أروع موقف رأيته منه هو هذا الموقف:- اذ كنا نخبة من
الاخوة الأعزاء اجتمعنا نتداول في شؤون الدعوة في كوردستان بعدما أنعم
علينا فرصة تاريخية مواتية تعم المنطقة بأكملها بالحرية والسلام في ربوعها
وقد ذهبت الفئة الحاكمة الظالمة في العراق الى غير رجعة بإذن الله . وفي
استعراض حالة في حالات واقع الدعوة آنذاك صرح أخ مسؤول كبير من
اخواتنا في تلك الجلسة و أدلى بملاحظة مبشرة بما يخص عدد الأخوة الحالي
في كل محافظات كوردستان، فلم أصدقه و رأيته يبالغ في الرقم بما عندي
من معلومات فبدر مني لفظة خشنة أتهمه بالخطأ والكذب بما لا يليق
المقام والشخص بالذات انزعج أخي الكريم (عمر الريشاوي) وهو من هو
في وسطنا المجمع عليه من كل الأطراف على مستوى الإقليم، فلمحت في
وجه ما استغرب مني بما قذفت وجه الأخ المسؤول فقال لي بكل صراحة
واستنكار – رغم ما كان فيما بيننا من ودّ واحترام وعلاقة فوق العادة :
كيف تقول له هذا ؟!! ليس لك حق و لم يكن صحيحا بما أبديت بهذا
الأسلوب. والحق أنني لم أصر على موقفي وسكتُ متندما ثم بعد أيام
مضت بعثت لذلك الأخ الكريم برسالة أخوية اعتذر متأسفا مبيناً له حكمة
الله في هذا الموقف المفاجئ مني منه عسى أن يكون درسا و عبرة للجميع
فنحن في الحقيقة أخوةً مباركة لا ينبغي لنا جميعا أن نفرط فيها أو أن
نسيء الأدب مع بعضنا في جلساتنا فقبل الاعتذار مني جزاء الله عن الكل
خيرا.

ولما كانت الأوضاع في العراق في العهد الملكي والجمهوري في تلك الأيام المشؤومة السوداء تسير أمورنا غالبا بشيء من السرية والكتمان في حركة دعوتنا مع عهود الحكومات الضالة المنحرفة الظالمة المعادية للدين و أهله الدعاة، فلم يكن لنا حديث احداث كثيرة،أولا،ولشدة حقيقة اتصافي بالذاكرة الضعيفة ثانياً، اتبعت واخترت هذا الأسلوب و أنا أقرأ سلوكه و حركاته في كل مرة التقي به ونتحدث في شؤون الدعوة و الأخوة يومذاك في كل من حلبجة و السليمانية، محتفظا بحمد الله، و لطفه على خلقه و معاملته و سلوكه بكل وضوح و تبيان. هذا والشهادة لله وينسحب كثير من هذه الصفات الكريمة والخصال الحميدة على من كانوا معه وحوله من الاخوة النجباء وحتى اليوم بالنسبة للجيل الأول وربما الجيل الثاني الى حد ما.

# چۆن مامۆستا (عومەر ڕێشاوی)م ناسی ؟

جەعفەر مصطفی

ئەوا پـاییزە، بەڵام لە بەهــار دەچێـت، چــونکە کەش و هەوای هەورامان لەو دوو وەرزەدا زۆر خۆش و دڵڕفێنە و زیاتر لەبارە بۆ خزمەتی مرۆڤ و دروستکراوەکانی تری سەر زەوی، هەروەها زۆر گونجاوە بۆ گەشت وگوزار و سەیران، بۆیە ڕۆژانە پۆل پۆل لە هەمــــوو لایەکەوە گەشــــتیاران ڕوو دەکەنە نـــــاوچە جۆراوجۆرەکانی ئەم هەورامانە خۆش و ڕەنگینە بە تایبەت لەم دوو وەرزەدا.

ڕۆژ ڕۆژی پێنجشـەمەیە، کـاتیش نـزیکەی یـانزە و نیـوی پێش نیــوەڕۆیە و بەرواری (١٩٦٠/١١/٢٦)ە، ئـــیمەی مامۆســـتایانی (قوتابخانەی سەرگەتی کوڕان) لە ڕێوڕەسمی شایی و زەماوەندی هەردوو بـووک و زاوای دوو بنەمـاڵەی بەڕێـزی گونـدەکە، گونـدی سەرگەتی خۆشەویست بۆ پیرۆزباییان....

پاش ماوەیەک چەند قوتابیەکی قوتابخانەکە بە ڕویەکی خۆش و گەشـەوە، خۆیـان گەیانـدە لامـان و هەواڵـی هـاتنی مامۆسـتایاکی تازەیان پێ گەیاندین و وتیان: مامۆستایەکی تازە هاتووە و ئەوەتا لە سێبەری چنارە گەورەکەی مزگەوتـا نوێژ دەکـات، لە ڕاسـتیدا ئێمەش زۆر خۆشـحاڵ بـووین بەو هەواڵە مـژدە بەخشـە چـونکە پێویســـتیمان بە مامۆســـتایەک هەبـــوو بـــۆ پڕکـــردنەوەی

بۆشاییەکان(الشــواغر)، لەبەرئەوە مۆڵەتمــان لە هەردوو بنەمــاڵە بەڕێــزەکە وەرگــرت و بەرەو مــزگەوت ڕۆشــتین بــۆ پێشــوازی مامۆستاکە کە نزیک بوینەوە لە مزگەوت، دەبینین مامۆستایەکي گەنجی نورانی قاتێکی قاوەیی جوانی لەبەردایە و نوێژدەکا، دیارە ئەوە نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو (سنه الضحی) بوو. پاش ئەوەی ســەلامی دایەوە و لە نــوێژ کــردنەکەی بــوەوە، زۆر بە گەرمــی پێشــوازی و بەخێرهاتنمــان کــرد فەرمووومــان لێکرد بەرەو شــایی یەکە و بە تەواوی بەشــداری و پیرۆزبــایی خۆمــان ئاراســتەی هەردوو بنەماڵەکە کرد، پاشان گەڕایەوە بۆ قوتابخانە و مامۆستای تــازەش نوســراوی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پارێزگــای ســلێمانی پێشکەش بە بەڕێوبەرێتی قوتابخانەکە کرد و بە پێی نوسراوەکە هەر ئەو ڕۆژە پەیوەنــدی بــۆ نوســراو پاشــان خانویەکیشــی بــۆ دابینکرا و مامۆستا گەڕایەوە بۆ شاری هەڵەبجە بۆ ئەوەی ڕۆژی شــەممە ١٩٦٠/١١/٢٨ کەل و پەل و پێداویســتی خــۆی بهێنێــت و لەگەڵ مامۆســتایانی قوتابخــانەکە ســەرگەرمی پرۆســەی پەروەردە بێت و خزمەت بە ڕۆڵەکانی ئەو سێ گوندە بکات کە دەوامیان لە قوتابخــانەکە دەکــرد گونــدەکانیش: (ســەرگەت، هــانەی دن، دەرەی مەڕ).

ئەوە یەکەم جــار بــوو ئەو مامۆســتا بەڕێــزە بناســم: (مامۆســتا عومەر فەتاح یەعقوب) ناسراو بە (مامۆســتا عومەر ڕێشــاوی) کە (ڕێشــاو) ئەو گونــدەیە، تێیدا لە دایکبــووە ئینجا بێینە ســەر باســی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە بواری پەروەردە فێرکردندا و

چـۆنیەتی مـامەڵە لەگەڵ:مامۆسـتایان، قوتابیـان، کەس و کـاری قوتابیان بە تایبەتی و دانیشتوانی بەڕێزی دەڤەرەکە بە گشتی.

ڕۆژی شـەممە ۱۹۶۰/۱۱/۲۸ مامۆسـتا ڕێشـاوی بە خـۆی و پێداویسـتیەوە گەڕایەوە و بە تەواوی دەسـتبەکاربوو، بـاش دیاریکردنی وانەکانی هەفتەی ئیتر ڕۆشت بە هیمەت و دڵسۆزی و پەرۆشـەوە لەگەڵ مامۆسـتایاندا سـەرگەرمی کـاری پیـرۆزی پەروەردە و زانست بـوو، دەتـوانم بڵێم وێڕای سـەرکەوتوویی لە بواری پەروەردەدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بۆیە ڕێزی تـایبەتی خۆی هەبوو لای مامۆسـتایان و قوتابیـان و کەس و کـاری قوتابیـانەوە چـونکە بەڕێزیان خاوەنی زانیاریەکی باشبوو لە زانستە ئیسلامیەکان کە پلەی دوانـزە عیلمـی خوێنـدنی لە خـزمەت چەنـدین کەڵە زانـای بە توانـای خـاوەن ئەزمـوون و لە خواترسـی وێڕای بەشداربوونی لە خولی پەروەردەیی تایبەت بوو بە زانایانی ئیسلامی بوو ((الدورة التربوية الخاصة بعلماء الدين)) کە وەزارەتی پەروەردە بۆ ماوەی چەند مانگێک سـاڵی ۱۹۵۹ لە سلێمانی سـازی کردبـوو، کە تیایدا بەپـلەی زۆرباشـە دەرچووبـوو، شـارەزاییەکی باشـی هەبـوو لە قورئـانی پیـرۆز و تەفسـیر و فەرمـوودە و زانسـتەکانی تـری شەریعەتی ئیسلام و بە کار و کردەوەکانیەوە دیاربوو، هەر بۆیە ئـێمەی مامۆسـتایانیش وێـڕای قوتابیـان، سـوودمان لە زانیـاریە ئیسـلامیەکانی وەرگـرت و زۆر بە جـوانی وەڵامـی پرسـیارە جۆراوجۆرەکانمـانی بە ڕوونـی و بە وردی دەدایـنەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە و بە بەڵگە و نمونەی جوانەوە و بە متمانە بە

خۆیەوە، و گەلێ جار پێشنویژی بۆ دەکردین، چونکە زۆربەی کات بەتایبەت پاش دەوامی قوتابخانە پێکەوە بووین و دڵمان بە یەکتر خۆشبوو، دەتوانم بڵێم مامۆستا (ڕێشاوی) هەر خۆی بۆ خۆی قوتابخانە بوو بۆ هەمووان. بۆیە ماوەی ئەو چەند ساڵە چەندین قوتابیان بەسوود بوون، و مامۆستا و ئەندازیار و فەرمانبەریان تێدا هەڵکەوت، بەڵام بەداخەوە زۆریشیان نەیانتوانی چەند قۆناغێکی تری خوێندن تەواو بکەن بە هۆی باری نائاسایی ناوچەکە و کەمدەرامەتی و هەژاری خەڵکەکە.

بەڵێ ئەو ماوەیەمان بە جوانی لە قوتابخانەی سەرگەت گوزەراند، پاشان بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٦٢- ١٩٦٣ بەندە گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی (بامۆک) و مامۆستا ڕێشاویش بۆ قوتابخانەی پریسی سەروو، لە قەزای هەڵەبجەی ئەوسا و پارێزگای ئێستا، بەهۆی ئەوەی پاش دەوامی قوتابخانە هەردووکمان دەگەڕاینەوە ناو شاری هەڵەبجە و دیسان بە دیداری یەکتر شاد دەبوینەوە، چونکە ماڵەکانیشمان لە یەکەوە نزیک بوو، لە جاران زیاتر برایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستیمان بۆ یەکتر زیاتر پەیوەندی پەرەی سەند بەڵام پاشماوەیەک مامۆستا بە هۆی باری نائاسایی ناوچەکەوە گوازرایەوە بۆ گوندێک لە نزیک سلێمانیەوە، پاش چەند مانگێک بەندە لەسەر داوای خۆم گوازرامەوە قوتابخانەی عەنەب لەوێش پاش نزیکەی دوو مانگ بە یەکجاری گوازرامەوە بۆ قوتابخانەی (التقدم) لە ناو شاری هەڵەبجە پاش ناوی قوتابخانە گۆڕدا بە (حمدون)، ئەوکات سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٤-١٩٦٥ بوو، مامۆستایش بۆ

قوتابخانەی (خورماڵ)، ئەو کاتەش هاموشۆی یەکتریمان ئاسانتر بوو بە ماڵەوە سەردانی یەکترمان دەکرد.

پاشــان خۆشــبەختانە مامۆســتای بەڕێــزیش بە یەکجـاری گـوازرایەوە بـۆ (قوتابخـانەی هەڵەبـجە) لە نـاو شـاری هەڵەبجە، سوپاس بۆ خوا ئیتر تەواو نزیک بوینەوە لە یەک بە جۆرێک لە بازار و لە مزگەوت و لە دەشت و دەر و لە زۆربەی کات پێکەوە بووین، بە جۆرێک خەڵکی وایان دەزانی کەوا برای دایک و باوکین، تا وای لێهات خزمایەتی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی سەرکەوتوی کەوتە نێـو خێزانەکانمـان بـۆ نمـونە بـرازای بەنـدە بـووە خێزانـی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (ئیبـراهیم)ی بـرای، خوشـکی مامۆستا عـومەریش بـوویە خێزانـی مامۆسـتا سـەید عەلـی سـەید حەسـەنی برای خێزانم، کچی بەندە بووە بوکی مامۆستا عومەر، خوشکەزای ئەویش بوویە خێزانی خوشکەزای بەندە و چەندانی تریش.

سـوپاس بـۆ خـوا نەوەی باشـیان لـێ کەوتەوە لە کـوڕ و کچ لە ڕاستیدا هەموویان جێگای دڵخۆشین، خوای گەورە پشت و پەنایان بێت، جێگای خۆیەتی لە ناخەوە بڵێین :

﴿ وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ الفرقان: ٧٤ .

بە کـوردی و بە کـورتی لەو هەمـوو مـاوە دوور و درێـژانەدا بێجگە برایەتـی و دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی نێـوان هەموومـان بچـوکترین کێشـەمان نەبـووە، بێگومـان ئەویـش هەمـوو سـۆز و میهرەبانی خـوای میهرەبـانە لەگەڵ بەنـدەکانی خـۆی دەیکات وەک

نمـــونە چەنـــد وێســـتگە و هەڵوێســـتێکی هەر لە ســـەرەتای دامەزراندنیەوە تا کۆتای ژیانی وەک دڵۆپێک لە دەریایەک:

١ – لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٠-١٩٦١ لە قوتابخانەی سەرگەت بۆ یەکجار کۆبونەوەی ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایانمان ئەنجامدا لە کەش و پــڕ ســۆز و برایەتــی، مامۆســتا ڕێشــاوی وتــارێکی پەروەردەیی ئاڕاستەی ئامادەبوان کرد هێندە کاریگەر بوو کەس و کاری قوتابیان بە یەک دەنگ وتیان بە ڕاستی تەنها ئەمەمان بەسە ئەگەر بە جــوانی پەیــڕەوی بکەیــن، هەر لەو کــاتەوە بــووە سەرچاوەیەکی ڕوون بۆ وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک کە لەلایەن مامۆستایان یان قوتابیان یان کەس و کاری قوتابیانەوە ئاڕاستەی بکرایە.

٢ – لە هەڵەبجە و دەوروبەری پێشـەنگ بوو لە خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و گرنگیدان بە مزگەوت و نوێژخوێنانی مزگەوت، وێڕای کاری پەروەردە لە قوتابخانەکاندا.

٣ – زیندووکردنەوەی سوننەتەکان، کە پێشتر خەریک بوو لەبیر بچنەوە و گوێیان پێ نەدرێت، وەک ئاهەنگی منداڵ ناونان و، و زیندوو ڕاگرتنی جەژن و بۆنەکان وەک (اسراء و معراج).

٤ – خــولێکی پەروەردەیــی ئیســلامی لە بەغــدا کــرایەوە لە (پەیمانگـای مەشـقی پەروەردەییدا) (معهـد التـدريب التربـوی)، کە بەندەش لەگەڵیا بەشداری ئەو خولە بووم کە مامۆستا بە یەکەمی خولەکە دەرچوو، بەندەش بە زۆرباشە، لە نێوان زیاتر لە پەنجا مامۆستا لە هەموو پارێزگاکانی عێراقەوە لە ئافرەت و پیاو بەشدار

بوون شیاوی باسە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ناو ئەو هەموو مامۆستایانەدا، وەک بانگخوازێکی سەرکەوتوو دڵسۆز دەرکەوت.

٤ -هەر لە کاتی کۆتایی خولەکەدا جوانترین پێشنیاری پێشکەش بە مامۆستایانی بەشداربوان کرد، ئەویش ئەوە بوو پەیوەندی بە زۆربەیانەوە کرد بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، پێشنیارەکەش بریتی بوو لەوەی کە (وانەی پەروەردەی ئیسلامی) هەفتانە بکرێت بە سێ جار لە حەفتەیەکدا و گرنگی بایەخی زیاتری پێ بدرێ، چونکە پێشتر دوو جار بوو لە حەفتەیەکدا، ئەوەبوو پێشنیارەکەی پەسەند کرا و وەزارەتیش پەسەندی کرد و بە ناو هەموو قوتابخانەکەدا گشت( تعیم) کرا و هەموومان دڵخۆشبووین، بەڵام مەخابن پاش ساڵ و نیوێک هەڵوەشایەوە و وەک جارانی لێکرایەوە.

ئەمانە و گەلێ هەڵوێستی بەرز و پیرۆزی تری کە لێرەدا ناتوانرێت باس بکرێت هەزاران سۆز و میهرەبانی خوات لێ بێت و پاداشتی گەورە وەربگری لای خوای خاوەن بەزەیی و دلۆڤان.

# پەیڤێك بۆ زانا و دانا عومەر ڕێشاوی

فارووق ڕەسوول یەحیا

سەرەتای ئاشنایەتیم بە خوالێخۆشبوو "مامۆستا عومەری ڕێشاوی" دەگەڕێتەوە بۆ سالّی خوێندنی (١٩٧٢-١٩٧٣ز) کە ئەو دەمە قوتابی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووم و قەدەری خوای گەورە منی لە سلێمانییەوە گەیاندە هەڵەبجە و قۆناغی ئامادەییم لە پەیمانگای ئیسلامیی ئەوێ تەواو کرد کە دواتر ناونرا "دواناوەندیی زانستە ئیسلامییەکان". پێش ڕۆشتنم بۆ ئەوێ، ناوی مامۆستا عومەری ڕێشاویم نەبیستبوو.

ئەو ساڵانە مامۆستا عومەر وەکو وانەبێژ لە خوێندنگەی ناوبراودا چەند وانەیەکی بە قوتابیان دەوتەوە، ئیتر لەم ڕێیەوە بۆ یەکەم جار کەسایەتی مامۆستا عومەرم ناسی. ئاشکرایە کە قوتابی لە کاتی وانەکاندا سەرنجی ڕەفتاری مامۆستاکەی دەدات. ئەوەی کە سەرنجی منی ڕادەکێشا هێمنیی مامۆستا بوو لە ڕاڤەکردنی بابەتەکان و تێگەیاندنی قوتابیانیدا، هەروەها لەسەرخۆیی و خەندەی سەر لێوی بوو لە مامەڵەی لە تەک قوتابیاندا، چ لە ناو پۆل و چ لە دەرەوەی پۆلدا.

لێرەدا چەند یاداوەرییەکی لە بیر نەچووم سەبارەت بە مامۆستا عومەر دەگێڕمەوە کە دواتر ڕوویان داوە و، لە بیرەوەریمدا وەک نەخشی سەر بەرد جێی خۆیان گرتووە:

**یەکەمیان:**

پاش گەڕانەوەی مامۆستا عومەر و خانەوادەکەی لە ئاوارەبوونیان بەرەو وڵاتی ئێران بە هۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، مامۆستایەکی هاوڕێم هەواڵی بۆ هێنام کە جەنابی مامۆستا عومەری ڕێشاوی و خانەوادەکەی گەڕاونەتەوە بۆ ئەم بەشەی کوردستان و، لە ماڵی خزمێکیانن لە گەڕەکی گردەکەی سەرچناری سلێمانی. بۆیە لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم بڕیارمان دا کە بۆ بەخێرهاتنەوەی مامۆستا عومەر سەردانی بکەین.

جا لەبەرئەوەی وەرزەکە هاوین بوو، من پێم باش بوو لە دەمی فێنکایی ئێوارە و لە دوای پشوودانی پاش نیوەڕۆ بڕۆینە سەردانی، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ئۆتۆمبێلی هاوڕێکەم بڕیاربوو بڕۆین بۆ لای مامۆستا عومەر و، ئەو هاوڕێیەش وا دیار بوو کە پابەندی ژوانێکی دیکە بوو لە دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژەدا، پێداگری کرد کە لە گەرمای دوای نیوەڕۆدا بڕۆین بۆ لای مامۆستا. هەرچەندە من زۆر هەوڵم دا کە لەو کاتە نەگونجاوەدا نەڕۆین، هەوڵەکانم بێسوود بوون! بۆیە لە گەرمای کاتی حەوانەوەی پاش نیوەڕۆدا ڕۆیشتین و، لە دەرگاماندا! کاتێک دەرگایان لێ کردینەوە پێشبینییەکەی من ڕاست دەرچوو، چونکە لە خەو بێدارمان کردبوونەوە!

دوای سڵاولێکردن و بەخێرهێنانەوەی، پۆزشم بۆ مامۆستا هێنایەوە کە لێمان ببورێت، چونکە لە کاتێکی نەگونجاودا هاتووینەتە سەردانی. مامۆستاش وەڵامێکی واتاداری دامەوە کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، فەرمووی:

(دەبێ مـن سوپاسـی خـودا بـکەم کە ئێـوە لە خەو خەبەرتـان کردمەوە، ئەی ئەگەر خەوتان لـێ بخستمایە چیم بکردایە)!

## دووهەمیان:

پاش چەنـد سـاڵێک و، لە سـەرەتای ساڵەکانی نەوەدی سـەدەی پێشـوودا، مامۆسـتا عـومەر هـاوڕێ لەگەڵ مامۆستایەکی بەڕێزی دیکەدا هـاتن بـۆ سـەردانم بـۆ مـاڵەوە. لە نێوان گفتوگۆکـانی ئەو سـەردانەدا بـاس هـاتە سـەر بـابەتی "پابەنـدبوونی موسـڵمان بە دەستنوێژەوە".

مامۆستا عومەر بەم واتایەی خوارەوە فەرمووی:

(دەسـتی هەر کەسـێک ببیـنم دەزانـم ئەو کەسـە دەسـتی بە دەسـتنوێژەوەیە یـان نـا، هەروەهـا دەزانـم ئەو کەسـە هەمیشـە پابەندی نوێکردنەوەی دەستنوێژە، یان دەستنوێژەکەی کاتییە)!

## سێهەمیان:

مامۆسـتا عـومەری ڕێشـاوی زۆر هـۆگری خوێنـدنەوەی "پەیامەکانی نوور" بوو، هەر بەرگێکی نوێی سەرجەمی پەیامەکان لە سـاڵەکانی نەوەدەکانـدا بە زمـانی عەرەبی دەردەچـوو، یـان لە لایەن منەوە یان لە لایەن مامۆستا ئیحسانەوە، نوسخەی بە دەست دەگەیشت.

لە بیرمە تازە بەرگی (الملاحق) بە زمـانی عەرەبی دەرچووبوو، هێشـتا نە مـن نە مامۆسـتا عـومەر نوسـخەی چـاپکراوی ئەو بەرگەمـان لە لا نەبـوو. لەو دەمەدا سـەفەرێکی وڵاتـی تورکیـام بـۆ هـاتە پێش، مامۆسـتا عـومەر لێـی پرسـیم کە: ئایـا لەم سـەفەرەدا

چاوم بە ماموستا ئیحسان دەکەویت؟ لە وەڵامدا وتم: بەڵێ، نیازم وایە بە خزمەتی بگەم، ئەگەر خوای گەورە ویستی لە سەری بێت.

فەرمووی: دە باشە، سەلامم بە ماموستا ئیحسان بگەیەنە و، بڵێ: مەلا عومەر ئەیوت: (مەلاحیق بۆ مەلا حەقە)!

مەبەستی ئەوە بوو کە نوسخەی کتێبی (الملاحق)ی لە لا نییە و، داوا دەکات کە ماموستا ئیحسان نوسخەیەکی لەو کتێبە بە مندا بۆ بنێرێت!

ئەمانە هەندێکن لە یادەوەرییەکانم لەگەڵ ماموستا عومەری ڕیشاویدا.

لە خوا داواکارم لە ماموستای ئازیز خۆش ببێت و پلەی بەرزی لە بەهەشتدا پێ ببەخشێت، هەروەها وەچە و نەوەکانیشی لەسەر ڕێبازی ئەو ئیسلامە پیرۆزە دامەزراو بکات کە ماموستا عومەر هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەتکردنی و پابەندبووندا پێی بردەسەر، بە هیوای سەرفرازیی ڕۆژی دوایی هەمیشەیی بۆ هەموان.

# مامۆستا عمر ڕێشاوی
# ئیماندار و بانگخوازێکی هەمیشەیی

محمد ڕەئوف محمد

یەکێک لەو مامۆستایانەی بە منداڵی لام خۆشەویست کرابوو مامۆستا عمر ڕێشاوی بوو، بۆیە هەر کە بەخزمەتی بگەشتمایە لەسەر بەرائەتی منداڵیەکەم بە متمانەوە گوێم لێدەگرت و چێژم وەردەگرت ٠

مامۆستا عمر هەزار ڕەحمەت لەڕۆحی پاکی لەم کاتانەدا لێی بەهرەمەند بووم:

لە پۆلی یەکی ناوەندیدا وانەی جوانخوێندنەوەی قورئانی پێدەگوتین، بەڵام زۆر وەستایانە زانستەکەی تێکەڵ دەکرد بە پەروەردەیەکی ئیمانیی و ئەخلاقی و بەردەوام بە نمونەی سادەو بەدەنگێکی ئارام هەوڵیدەدا وشەو مەبەستەکانی بگەیەنێتە ناو دڵەکانەوە.

### وانەو یادەوەریەک لەو ساڵەدا:

جارێکیان لە بازاڕەوە بەرەو گەڕەکی (کانی قوڵکە) دەڕۆیشتم لەگەڵ هاوڕێیەکم و لەبەرخۆمەوە بەدەنگێکی نزم سەروگوێلاکی گۆرانیەکم دەشکاند و مامۆستاش لەپشتمانەوە ڕێی دەکرد و گوێی لە ورتە ورتەکەم بوو تێگەشت کە لەبەرخۆمەوە خەریکی گۆرانی ژێر لێوم دای بەلاماندا و هیچ خۆی تێنەگەیاند ، بۆ سبەی

لەقوتابخانە وانەمان هەبوو لەکاتی ئاماژە پەروەردەییەکاندا زۆر مامۆستایانە بە ئاماژەیەک کەمن تێگەیەنێت و سودیشی هەبێت بۆ هاوپۆلەکانم وەک کەبابێکی گەرم پێچایەوە بە نانێکی گەرمەوەو بەمەمنونی لێم وەرگرت.

لە دواناوەندیدا وانەی بیروباوەڕی ئیسلامی پێدەگەتین و ڕۆژێک وانەکەمان لەسەر تاوانە گەورەو بچوکەکان بوو ئەم نمونەی بۆباسکردین:

لە قاتی سەرەوەی قوتابخانە بووین و لەقولایی وانەکەدا دەیویست وێنای گوناهی بچوک و کاریگەریی بەردەوام بوونی لەسەردڵ و مایەپووچی ئیماندار ئەگەر خوو بگرێت بەتاوان و گوناهی بچووکەوە چۆنە ئەم نمونەی هێنایەوە وتی:

دینارێک چەند فلسە وتمان هەزار فلسە، وتی ئایا دەزانن لەڕووی بەهاوە یەک فلس هەمان بەهاو کاریگەریی یەک دیناری هەیە وتمان چۆن ؟ دەرگای پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوەو وتی ئەگەر ئێستا دینارێک وردکەینەوەو بیکەین بەهەزار فلس و لەسەر ئەم مێزە دایبنێین و یەک فلسیان هەڵگرین و فڕێیدەینە خوارەوە ئایا ئەوەی مایەوە بەیەک دینار دەمێنێت؟ وتمان: نەخێر ، وتی: ئەی هەریەکێک لەم فلسانە وەک ئەویتر نیە؟ وتمان: بەڵێ، وتی: دەی ئەگەر بەهەر فلسێک بڵێین یەک فلس هیچ نیە ئەوکاتە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین دینارەکەمان هەموو ڕۆشت ومایەپووچ دەرچووین ، وتی بەڕێزان هەربەم شێوەیە گوناهی بچووکی بەردەوام سەرمایەی ئیمان لەناو دڵدا لەناودەبات و مایە پوچمان دەکات، بۆیە یەک گوناهی بەردەوامی بچووک سەردەکێشێ بۆ

گونــاهی گەورە، چــونکە دڵ لاواز دەکــات و خــۆی پێناگیرێــت لەبەردەم گوناهە گەورەکانیشدا.

**یاداوەریەک لەمزگەوتی شافیعی لەهەڵەبجە:**

لەســاڵی١٩٨٦/١٩٨٥ بەردەوام ســەردانی مەرحــومی جەنــابی مامۆسـتا مـەلا عوسـمانمان دەکردو حوجرەکەی ئەویش جۆرەها دەرس و وانەی تێدا بوو، بۆ ئێمەش هەموو وانەکان کراوە بوون، یەکێک لە فرسەتە گەورەکان دەرسێک بوو کە مەرحومی مامۆستا عمــر ڕێشــاوی کتێبــی (زاد المعــاد)ەکەی دەکــردەوەو چەنــد پەرەگرافێکی لێ دەخوێندەوەو پاشان خۆی و جەنابی مامۆستا ملا عوسمان قسەیان لەسەر دەکرد، ڕۆژێکیان کە هەرگیز بیرم ناچێت، مامۆستا عمر لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکە دڵی پڕبوو لەناخەوە هەستت بەپرمەی گریان دەکردو سەری بەرزکردەوە سەیری کرد مامۆستاش دەکوڵێت، بۆ من وشەکان ئەوەندە کاریگەر نەبوون، بەڵام ئەوان هەردوکیــان دەکــوڵان و وامــدەزانی بەزمانێــک لەگەڵ یەکتر قسەدەکەن من هیچی لێ تێناگەم، لەزەتی ڕۆحی ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێت و وزەیەکی زۆریان پێبەخشیم چونکی من لەوکاتەدا گەنج بووم و لە بەغداش خوێندکار بووم و بەرپرسی ڕێکخستن و پەروەدە بووم.

**ساڵی ١٩٧٩ و یاداوەریەکی گرنگ:**

ئـێمە سـێ هـاوڕێی هەمیشـەیی گیـانی بەگیـانی بـووین مـن و مامۆستا محمود علی سعید (فقێ محمود) و مامۆستا برهان حاجی هـادی، لەسـەر کۆبـونەوەو وانەی هەفتـانە ڕێکەوتبـووین مامۆسـتا

محمود مان بە ماموستای خۆمان قبوڵ کردبوو چونکی لەهەموو شتێکدا لەئێمە لەپێشتر بوو ، عەسرانێک لەبەردەم دوکانەکەی مەرحومی حاجی مەلا عبدالله ی مام برهان وەستابووین ، جەنابی ماموستا عمر لەو بەرەوە ئەهات و بەرەو مزگەوتی پاشا دەڕۆیشت کە ئێمەی بینی ڕاستەوخۆ لایدایەوە بەرەو ئێمەو سەرقۆڵی چاکەتەکەی بردە دواوە و پەنجەی خستە سەر چرکە ژمێرە سوورەکە و وتی: سەیرکەن ئەو سانیە ژمێرە دەبینن؟ وتمان بەڵێ، وتی: ئەوە ژیانی ئێوەیە دەڕوات و ناوەستێت و جوان سەیر کەن ناشگەڕێتەوە، کاکی خۆم نەهێڵن بەفیڕۆ بڕوات هەوڵبدەن مسابقەی لەگەڵ بکەن و یەکسەر وتی سلام علیکم و خواحافیز..

پیاوی گەورە لەبەرئەوەی بە گەورەیی دەژی یادەوەریی تەواو نابێت، ڕۆحت شادو پلەت بەرزبێت.

# ڕێشاوی... مەلێکی سەوز... بەسەر باڵی سپی هەورەوە

عەبدولڕەحمان سدیق

ئەو بە سەرو ریشێکی سپی و ، دەموچاوێکی نوورانیی و ، بەدڵێکی ناسک و ، بە کۆڵێک کتێب و زانستی زەمانی خێرەوە .. ڕێک لەو مرۆڤانە دەچوو کە بۆ ئاشتیی و ئارامیی و ڕێنماییکردنی ئەوانی دی، ڕێگەی کەوتبێتە سەر ئەم هەسارە پڕ ئاشووب و ژاوەژاوو شەڕانگێزە.

ئەو مرۆڤێکی خاکیی بوو ، وەکو مانگ لە ئاسماندا دەژیا ، بەڵام وێنەی لە نێو ئاوی سەر زەوییدا دەردەکەوت ، حەیفێ هەندێک جار ئاوە لێخنەکانی دنیای حزب وێنەی ئەویان دەشێواندو، وایان پیشانی ئەوانی دی دەدا، کە ئەو ئیدی هی زەمانێکی دوورو ، هی زەمەنێکی بەسەرچووە.

ئەو لە فڕوفێڵ و ڕێگە پێچاوپێچەکانی دنیای حزبایەتیی هیچی نەدەزانیی، ئەو بەڕاستیی شایانی نازناوی پەپولەی پاکیی و بەرائەت بوو.

ئەو بەو تەمەنەوە لەزۆربەی گەنجەکان کراوەتر بوو لەتێگەیشتنی دەق و بیرکردنەوەی نوێدا، ئەو بە پێوەرەکانی ئەم سەردەمە لە نەوەی کۆن دەژمێردرا ، بەڵام لە نەوەی سەردەمی خۆی زۆر گەنجتر و لاوتر بوو.

ئەو بەدوای پۆست و پلەو پایەوە نەبوو، ئەو حەزی دەکرد کار بە باشی بەڕێوە بڕوات ، بۆیە لای ئەو : چی بکرێت؟ و چۆن بکرێت؟ گرنگ بوو، نەک کێ بیکات؟

ئەو هەمیشە دەم بەخەندە بوو ، خەندەیەک پڕ لە ویقارو پڕ لەهەیبەت، ڕووخۆش بوو، وانەی ڕووخۆشیی دەدایە ئەو کەسانەی وایاندەزانی دینداریی مڕۆمۆچکردنی ڕووخسارو حوزنداریيە.

من بەش بەحاڵی خۆم، ئەوسا نەمدەتوانیی هەندێک لە بیروبۆچوونە تازەکانم لای زۆرێک لە کەسەکانی نێو حزب باس بکەم، بەلام زۆر بە ئاسوودەییەوە بۆ ئەوم باس دەکرد، ئەوسا یان پەسەندی دەکردو لای جوان بوو، ئەگەر پەسەندیشی نەکردبا، تەنها تەماشایەکی دەکردم و زەردەخەنەیەکی دەکرد و دەیگوت: ئێتر ئەوەش بیروڕایە.

ئەو لە هەموو هاوتەمەنانی خۆی زیاتر خاوەن ڕۆحێکی ئازاد بوو، ئازاری کەسی نەدەدا ، دەتگوت پەپولەیە لە فڕین و نیشتنەوەدا، بۆیە لە کاتێکدا ڕێڕەوی مرۆڤەکان لێرەوە بوو بۆ قیامەت، کەچی واتدەزانی ئەو لە قیامەتەوە ڕێگەی کەوتۆتە سەر ئەم دنیا فانییە.

ئەو لە هەموو شتێک زیاتر حەزی دەکرد دوو تەمەنی دیکەش قەرز بکات و ، هەموو ژیانیشی لە دەرس و وانە گوتنەوە و ڕێنماییکردنی مرۆڤەکاندا بەخەرج بدات، بۆیە لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا دەرفەتی بۆ بڕەخسایە، لەو کاتەدا ئەو شوێنەی دەکردە قوتابخانەو ، ئامادەبووانیش وەک قوتابی هێمن لەحزووریدا دادەنیشتن و، گوێیان بۆ پەیڤە جوانەکانی شل دەکرد.

ئەو بەو تەمەنەو، لەو قۆناغەی تەمەنیشدا، بڕوای بە فەرزکردنی ڕای خۆی نەبوو ، ئەو حەزی لە سەلماندن بوو ، حەزی لە سەپاندن

نەبوو ، بۆیە زۆرێک لەوانەی گوێیان لە بۆچوونەکانی دەگرت داوای بەڵگەی کۆنیان لێ نەدەکرد ، چونکە قسەکانی خۆی بەڵگە بوون بۆ جوانیی بیروڕاکانی.

وەک خودا بەرەکەتی باوکان دەبەخشێتە نەوەکانی ، ئاواش بەرەکەت و کەسایەتیی مامۆستا ڕێشاوی لە ماڵ و بنەماڵەیدا ڕەنگی داوەتەوە ، ئێستا کە دەڕوانیتە کوڕو کچەکانیشی ڕاستیی زۆرێک لەم قسانەی منتان بۆ دەردەکەوێت ، کوڕو کچەکانی خاوەن کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرخۆن ، تووشی دۆگماو چەقبەستوویی هزریی نەهاتوون ، ئازادن لە بیرکردنەوەدا ، بەچاوی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە لە هەر دەقێک دەڕوانن، بەڕێزەوە ڕای خۆیان دەڵێن و، بەڕێزەوە ڕای بەرامبەریش تاوتوێ دەکەن، ڕق و قین لە کەس هەڵناگرن، بەوەفان، ڕاستگۆن، دوورن لە درۆکانی دنیای حزب و سیاسەت، هەرچی بکەن لە قەناعەت و ڕاستگۆییەوە دەیکەن، لە لۆمەی لۆمەتکاران ناترسن کاتێک ڕای خۆیان دەڵێن، بێ قیناع و بێ دەمامک دەژین.

سڵاو لەو مامۆستایەی قوتابخانەکەی پشووی تێدا نەبوو ، وانەکانیشی نەبڕاوە بوون.

سڵاو لەو پیرەی کە شێخی گەنجان بوو ... سڵاو لەو مرۆڤەی دانیشتنی نەدەزانی .. چونکە ئەو لە درەخت دەچوو... درەختەکانیش بەپێوە دەمرن!!

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# کەسایەتیەکی پێشەنگی ڕێگای خواناسین

هادی علی

قسەکردن یان نووسین لەبارەی کەسایەتیەکی وەک خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر ڕێشاوی ڕەنگە کارێکی سادە و ئاسان نەبێت چونکە پێویستە لە چەندین ڕەهەندەوە قسەی لە بارەیەوە بکرێ، بەڵام بۆ ئێمە وەک قوتابی و دەرچووانی قوتابخانە پڕ نورەکەی ئیسلامخوازی هاوچەرخ کە لە هەڵەبجەدا ڕابووردوویەکی زێرین و پڕ سەروەری هەیە، دیارە هەر لەسەردەمی گەنجێتیمانەوە لە نزیکەوە بە کەسایەتی ئەو مامۆستا بەڕێزە ئاشنابووین وەک یەکێک لە پێشەنگان و ڕێبەرانی بانگەوازی ئیسلامی لە ناوچەکەدا..

مامۆستا ڕێشاوی لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگ و مامۆستایەتی هەبوو، بەتایبەتی لە بواری پەرپێدانی هزری میانڕەوی ئیسلامی و پەروەردەی دروست و دوور لە توندڕەوی و دەمارگیری و رق و کینە و پابەندبوونی کردارەکی بە ڕەوشت و بەها ئیمانیەکانەوە.

مامۆستا ڕێشاوی بەو شێوەی ئێمە لەنزیکەوە دەماننناسی، بە زانستە ئاینیەکەی و فیقهە کراوەکەی و ڕەوشتە بەرزەکەی هەمیشە چرایەکی ڕۆشنکەرەوە بوو بۆ شوێنکەوتووانی ڕێبازی ئیسلامەتی و ڕێگای خواناسینی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا.

لە ڕۆژگارە سەختەکاندا و لەبەرامبەر ڕوداوو هەوراز و نشێوە دژوارەکاندا خۆگر و ئارام و بە ئیستقامەت بوو، مامۆستای ڕەحمەتی لە ناو خەلکی دەڤەرەکەدا بەگشتی وەک مامۆستایەکی بەرێز و خواناسێکی هاوشێوەی پێشینان و کەسایەتیەکی ئیسلامی گەورە سەیردەکرا و لەلای هەموو چین و توێژەکان و ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆجیە جیاجیاکانیش خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو.

دواتریش وەک یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەهەمان گوڕوتینەوە لەسەر ڕێبازی خەبات و خزمەت و مامۆستایەتی خۆی بەردەوام بوو.

لەهەمووی گرنگتر و ناوازەتر کە مامۆستا ڕێشاوی توانیویەتی ڕۆڵی مامۆستایەتی و پێشەنگی تێدا ببینێت، ئەوە بوو کە گەرم و گوری و ڕۆڵ بینینی پەیوەست نەبوو بە پلە و پۆستی حزبیەوە، بوون و نەبوونی پلە و پۆستی حیزبی هیچ کاریگەریەکی نەبوو لەسەر هەڵویست و دڵسۆزی و ئاستی بەشداریکردنەکانی لە کارو چالاکیەکانی لە مەیدانی کارو خزمەتدا لەو بوارەدا نمونەیەکی سەرمەشق و لەخۆبردووی بێوێنەی بۆ هەمووان تۆمار کرد، تا دوا ساتەکانی ژیانیشی بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی وانە بەسوودەکانی و ڕێنماییە جوانەکانی کە پشت بەستوو بوون بە تێگەیشتنی قووڵی لە زانستە شەرعیەکان و ئەزموونی دەیان ساڵەی لە مەیدانی کاری ئیسلامی و خواناسینی ڕاستەقینەدا.

# پەیڤ و یاداوەری
# بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

حەسەن شەمێرانی

لەبەر ڕۆشنایی ئەم فەرمووده {اذكروا محاسن موتاكم} جێی شانازیمە لە (محاسن)ە زۆرەکانی جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی کەمێکی بنووسم لە چەند دێڕێکدا و پێم باشە باسی ژیانی هەر یەکێ ئەکرێ، خەیاڵمان یەکسەر بچێت بۆ زەحمەت و ئەو بارودۆخەی ئەو کەسەی تیا ژیاوە نەک لە مەزەندەی خۆمانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین چونکە ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً﴾ **الحديد:** ١٠ .

١ – جەنابی مامۆستا عومەر لە سەردەمێکا خوێنەواری علوم شەرعی تەواوکرد کە زۆر بە زەحمەت زانست وەرئەگیرا و ئەبوایە شار بە شار و دێ بە دێ بگەڕانایە و بە هەژاری و مامۆستایی.

شارەزایان بدۆزیایەتەوە و هەوڵیان بدایە جێی خۆیان بکەنەوە تا هەندێ عیلمیان لێ وەرئەگرتن و بەو شێوەیە جەنابی مامۆستا توانی زانستە شەرعییەکان بە زمانی ئەو سەردەمە(١٢) عیلمەکە تەواو بکات و ئیجازە وەربگرێت.

٢ – زۆربوون ئەوانەی علوم شەرعییان تەواو ئەکرد، بەڵام کەمیان هەبوو ئەو فەرموودە شمولی بکات کە ئەفەرمووێت:

{العلمـاء ورثــة الانبيـاء } يـان وەک ئەو ئايـاتە ئەفەرمووێت:﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ﴾ فاطر: ٢٨، بەڵام جەنابی مامۆستا ڕێشاوی یەکێک بوو لەو مامۆستا(کەمانە)ی کە ئەو زانستانەی خوێندبووی کـــردیە هـــۆی تێگەیشـــتن لە قورئـــان و فەرموودەکـــانی پێغەمبەر(درودی خـودای لەسـەر بێـت) چـووە خزمەتیـان و بە تایبەت کە لەو کـاتەدا (ساڵەکانی پەنجا و سـەرەتای شەستەکان)، ئاشنا بوو بە قوتابخانەی برایانی موسوڵمان و زیاتر تێگەشتن ئەم ئاینە پیرۆزە پێویستە خەڵکی لەسەر پەروەردە بکرێ و ئاڕاستەی هەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیانا و ببێتە ڕەحمەت بۆ هەموو مرۆڤەکان.

٣ – لە کۆتایی پەنجاکانا بە بڕیارێکی حکومەتی ئەو کاتە زانایان بۆیـان هەبـوو بە تـاقیکردنەوەیەک ببـنە مامۆسـتای قوتابخـانە سەرەتاییەکانی ئەو کاتە و جەنابی مامۆستاش بوو بە یەکێک لەو مامۆسـتایانە و لە نـاو ئەو مامۆسـتایانەش بـوو بە یەکێـک لەو مامۆسـتا کەموێنـانەی تـوانی جێـی خـۆی بکـاتەوە لە نـاو دڵ و دەروونی مامۆستایان و قوتابیانی ئەو قوتابخانانەی کە وانەی تیا دەوتەوە بە زانستە زۆرەکەی و ئوسـولوبە جوان و کاریگەرەکەی و پەیامـــداری و تەوازع و لەســـەرخۆیی و ســـینگفراوانی و وردە وردە مامۆستا ناسرا و ئەستێرەی ژیانی زیاتر ئەدرەوشایەوە و لە نـاو مامۆسـتایان زیـاتر ناسـراو بە کـرداری جـوانی ئاڕاسـتە و قسەکانی باوەڕ پێکرا و وەرگیراو بوو.

٤ – لەبەر ئەو زانسـت و تێگەشـتنەی و ڕەوشـتی بەرزی و کەسایەتی بەهێزی جەنابی مامۆستا دەستنیشان کرا بە بەرپرسی کاری برایانی موسوڵمان.

٥ – جا منیش لە سەر و بەندەدا و لە کۆتای شەستەکاندا ئاشنا بووم بە قوتابخانەی (برایانی موسوڵمان) کە کاتێک قوتابی بووم لە پەیمانگای ئیسلامی لە هەڵەبجە و لە خزمەتی مامۆستادا بووم وەک قوتابی کە دەرسی پێ دەوتین لە مەعهەدی ئیسلامی، کە ئەو کە ئەو دەرسـانەی پێـی دەوتـین جـگە لەوەی زانسـتەکەی فێـر ئەکـردین لەگەڵیـا وەک بانگخوازێـک هەوڵـی دەدا لە ئـاییـنەکەش تێمانگەیەنێت و ئوسلوبی وانەوتـنەوە و پەروەردەکـردنیش جیا و بەهێز بوو و سوودی زۆرمان لێ دەبینی.

٦ – مـن وەک ئەنـدامی (برایـانی موسـوڵمان) و جەنـابی مامۆستاش وەک بەرپرس، دەچووومە خزمەتی و وانەی ڕۆحی و پەروەردەیی پێ دەوتـین و سـوودمان لـێ وەرئەگـرتن ئەمـانە لە کاتێکـا دەرس وتـنەوە و ڕێکخسـتنی ئیسـلامی لەسـەر قەدەغە کرابـوو ، مامۆسـتا بێبـاک بـوو لەو بـارودۆخە و خەریکـی کـاری دینداری خۆی بوو لە هەر کۆڕ مەجلیس و مزگەوت و قوتابخانە و ئاهەنگێکدا وتە و ئاڕاستە و ئامۆژگاری خۆی ئەفەرموو.

٧ – جەنابی مامۆستا بە جورئەت بوو لە فتوای فیقهدا و ئەوەی بە ڕاستی ئەزانـی ئەیفەرمـوو بـا پێچەوانەی بۆچـونی هەندێک لە زانایانیش بوایە.

٨ – جەنابی مامۆستا بەردەوام بوو (بێ دابڕان) لە کاری دەعوە و پەروەردە و وانەوتنەوە و وتار و نوسین لەکۆتـایی پەنجاکانەوە

تا ڕۆژی وەفاتی. کاتێ مەلابوو دواتر مامۆستای قوتابخانە دواتر مامۆستا و بانگخوازێکی گشتی، کاتێک سەرکردە و بەرپرسی یەکەم بوو کاتێک بەسەرکردەیی نەما ژیانی دینداری وەک خۆی مایەوە و تا ئەو شەوەش کە بەیانیەکەی وەفاتی کرد دەرسی پەروەردەیی وتەوە بە چەند برایەک بۆیە وا ئەزانم ئەم ئایەتە پیرۆزە شمولی ئەکات کە ئەفەرموویێت: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرۡضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾ ﴾ **الفجر: ٢٧ - ٣٠** .

# پەیڤێک بۆ مامۆستا عمر ڕێشاوی

علی محمد احمد

هەر لە قۆنـــاغی ناوەندیـــدا ناســـیم، وەک مامۆســـتای وانەی عەقیـــدەو، پاشـــان وردە وردە لایەنـــی پەروەردەیـــی مامۆســـتا وەدەرکەوت،بەڵام چ پەروەرشـــیارێک؟ لێـــوان لێـــو لە حـــیکمەت و عەقڵ و تەوازون، زۆرێک لە بیرەوەریەکانم لە خزمەت مامۆستادا شـایانی نووسـینەوەو بڵاوکـردنەوەن، بەڵام لێـرەدا چەنـدانێکیان دەخەمە ڕوو ، چـونکە لە نێـوان ناوەڕاسـتی شەسـتەکانەوە، هەتـا ناوەڕاستی نەوەدەکان بێدابڕان لەخزمەتـی ئەو زاتەدا ژیـاوم، ئەو مـاوە زۆرەش کە ٣٠ســی ســاڵ زیـاترە هەڵگـری کۆمـەڵێک لە بیرەوەری و تێڕوانینە لە هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەند بە ئەو زاتە. لە هەمویان خەست و خۆڵتر سەفەری حەج و دوو ساڵ دراوسێتی و کـاری یەکگرتـوو . هەروەک لەسـەرەتاوە ئامـاژەم پێدا مامۆسـتا پیاوێکی لەسەرخۆو هێمن و پڕ بوو، مامۆستایەکی خـاوەن پەیام بوو، بۆیە سەرجەم وانەو قسەو وتووێژەکانی لامان گرنگ بوون ، هـیچ کـات هەراسـان نەدەبـووین لە وانەکـانی و بە تـامەزرۆوە گوێڕایەلی دەبوین، وانەو وتەکانی چونکە لە ناخیەوە دەهاتە دەرێ، دەگەشتە ناخمان و جێگای خۆی لە دڵ و دەروونماندا دەکردەوە، وەلامی پرسیارەکان کەلێی دەکرا ئەوەنـدە کـورت و پـوخت و پڕ مانا بـوون ئـاوی دلـی خـاوەن پرسـیارو گـوێگرانی دەدا، هیچکـات

شک نابەم حەزمان کردبێت کاتی دیاریکراوی وانەکانی بە خێرایی تێ بپەڕێت و کۆتایی پێ بێت. جارێک بۆمانی باسکرد لە یەکێک لە قوتابخانەکـان کە دەرسـی تیـا دەوتەوە لە نێـو مامۆسـتاکاندا ئەو جەدەلەی کە لەو سەردەمەدا باوبوو وریژێنرا، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە موسـڵمان بەویژدانتـرە یـان غەیـری موسـڵمان، زۆرێک ڕایان لە سـەر ئەوە بـوو کە دووهەمەکە بەویژدانترە، بەڕێوەبەری قوتابخانە پیاوێکی خانەقینی بوو ، هەڵیداو وتی: مامۆستاینە با من بەسەرهاتێکتان بۆ بگێرمەوە لە ژیانی خۆمدا، ئەویش ئەوەبوو کە لەخانەقین بووین دراوسێیەکی مەسیحیمان هەبوو، هەمیشـە دایکم دوعای دەکرد خوایە ئەم ماڵە مەسیحیە بڕۆن و موسڵمانێک ببێتە دراوسێمان، پاش ماوەیەک وادەرچوو، مەسیحی ڕۆشـت و مـاڵێکی موسـڵمان بـوونە دراوسـێمان ، هەر یەکەم شـەو هەنـدێک دارمـان هەبـوو لە سـەربان دزیـان، مامۆسـتاکان زۆربەیـان دایـانە قاقـای پێکەنین . مامۆسـتا عمر وتـی منیش بێ دەنگ بوم هەتـا هۆسـەی پێکەنین و هەڵا کەیـان دامـردەوە، وتـی منیش وتـم :مامۆسـتا ئەوە دوعـاکەی دایکـت گیرانەبـووە، ئەو ویسـتبوی موسـڵمانێک بێـتە دراوسێتان بەڵام دزێک هات !

لەسـاڵی ١٩٧٩لە خزمەتیـدا ڕۆشـتین بـۆ سـەفەری حەج زۆر بەئارامی و لێهاتویەوە ڕێنوێنی دەکردین و ئەمیرێکی بەماناو شیاو بوو ، ئێمە نـۆ کەس بـوین هەتـاکو ئێستاشـی پێوەبێت ئەوانەمـان لەژیاندا ماوین لەکاتی بەیەک گەشتنمان تام و چێژی ئەو سـەفەرە یاد دەکەیـنەوە کە بەڕای مـن هۆکـاری زۆربەی دەگەڕێـتەوە بـۆ فەزڵی ئەو پیاوە. لایەنی هیمەت بەرزی و ئازایەتی مامۆستا کاتێک

بۆ مـن دەرکەوت کە خۆپیشـاندانەکەی سـاڵی ١٩٨٧ لەهەڵەبجە ڕویـدا، کە دەکـاتە سـاڵێک پـێش کارەسـاتی کیمیابـارانەکە، لەو ڕووداوەدا زۆرێـک لە مامۆسـتا مێـزەر بەسـەرەکانی شـار چونە دەرەوەو شـاریان بەجێهێشـت، لەو سـەرووبەندەدا مامۆسـتا نە ڕیشـی هێشـتەوەو، نە سەریشـی دەپێچـا بە مێـزەر، چـونکە مامۆسـتای قوتابخـانە بـوو واش عـورف بـوو کە مامۆسـتای قوتابخـانە ئەبـێ وابێـت، لەبیـرمە مامۆسـتایانی مـاوە لەشـاردا، حەزەریـان لەرژێـم دەکـرد زۆربەیـان کەم دەردەکەوتـن هەندێکیش مێزەری سپی لابردبوو جامەدانی دەپێچاو جلی ڕانک و چۆغە یان لەبەر دەکرد ، بەسەریدا جبەیان لەبەر دەکرد، ئا لەو سەرودەمەدا مامۆستا ڕیشیشی هێشتەوەو جامەدانی یەکی لەسەر نا ، هەروەک ورە خستنە پێش چاوی خەڵـک و دەرکردنـی ڕیـش و مێزەر لە قاچاغی و نامۆیی. لە بـارەی گەورەیـی مامۆسـتاوە پێویسـتە زۆر بنووسـم ئەوەی کە دەیـزانم بەڵام کەمـی دەرفەتەکە ڕێگـرمە، ئەوەندەم مـاوە بڵێم هەزار ڕەحمەت لە ڕۆحی مامۆستاو عومری پڕ بەرەکەت بۆ منداڵ و شاگرد و شوێنکەوتوانی.

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# نموونەی مامۆستایەکی دانا و زانا

د.محمد احمد

یەکەم جار بەخزمەتی گەشتین لە هەڵەبجە دوای ئەو ڕاپەڕینە بچوکە بوو کە لە هەڵەبجە و سەیدصادق ڕویداو گەڕەکەکانی کانیئاشقانی هەڵەبجە و حەساری سەید صادق ڕوخێنراو زۆر کادیر و زانای ئیسلامی هەڵهاتبون بۆ ئێران کاری ئیسلامی جۆرێک لەقاچاغ بون وهەڕەشەی لەسەر بوو، ئا لەو کاتەدا ئەو مێزەری کردەوە سەر و سیمای ئیسلامی خۆی تۆخکردەوە، بۆ ورە بەرزکردنەوەی خەڵک و گەنجەکان، وتمان مامۆستا ئەوسا بەڕێزت سەرت ڕوت و چاکەت و پانتۆڵت لەبەر دەکرد کەچی ئێستا مێزەر دەبەستی و ڕیشت دەهێڵیتەوە؟ فەرموی ئاخر ئێستا زەرورە تا خەڵک نەڕوخێن گوێ بەترس و تۆقاندن نەدەن.

جارێکی تر لە سلێمانی چوین بۆ ماڵی خۆیان دوای ئەوەی هاتەوە بۆ سلێمانی ڕۆژێک حاڵەتێکی زۆر نائەمنی ڕویدابوو ترس دنیای داگرتبوو کەچوینە خزمەتی وتمان مامۆستا وەزعەکە زۆزۆر خراپ بووە .

ئەویش گوێی گرت لێمان دوایی زۆر بەلەسەر خۆییەوە فەرمووی کەسەکانم هیچ خۆتان تێک مەدەن ئێتر کاتی چاک بوونە.

زۆرمان لاسەیر بوو وتمان مامۆستا دنیا تەواو خراپ بووە چۆن کاتی چاکبوونە؟ فەرموی ئاخر هەندێک شت هەیە هەتا زۆر

خراپ نەبێ چاک نابێ، ئیتر هەندێ بەڵگەی بۆ بۆچونەکانی هێنایەوە تەواو قەناعەتی گۆڕین، هەتا ئێستاش کە کێشەیەک زۆر ئاڵۆز دەبێ هیوایەک دەبەخشمەوە دەوروبەر بەهەمان زمانی ئەو ئەڵێم کەسەکانم هەندێ شت تا زۆر خراپ نەبێت چاک نابێت.

جارێکی تر بڕیاربوو لەخزمەتیا لەگەڵ چەند مامۆستایەک چەند شتێک بگەیەنمە خزمەتیان، بەڵام من ئەوم بیر چوبوو ،بەیانی بەخزمەتی گەشتم عەرزم کرد داوای لێبوردن دەکەم بیرم چوو بێمە خزمەتی بەڕێزتان، ومالنسانیه الا الشیطان،فەرمووی ئەزانم بیرت چووە بەڵام پرسارەکە ئەمەیە بۆچی بیرت چوو؟ من پرسیارەکەم زۆر لاسەیر بوو، وتم مامۆستا گیان مرۆڤ شتی بیر ناچێ؟ فەرمووی بەڵێ بەڵام مرۆڤ ئەوشتانەی زۆر لەلای گرنگن بیری ناچن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو ئیشەی منت زۆر لاگرنگ نەبووە بۆیە بیرت چووە، ئیتر زۆر هەستم بە خەجاڵەتی کرد، بەڵام هەرزوو هێنامیەوەو دڵی دامەوە.

ئەو هەڵوێستەشم هەرگیز لەبیر ناچێت فەرموی دەرسی گشتی دانێن ، کەهاتن وتیان مەمنوعە دەرسی گشتی تۆ عینادی مەکە، خۆتی لێ کەڕکە تاجارێکی تریش ئەڵێن مەمنوعە، ئەنجا بێدەنگ وباس دەرسەکە مەوعیدەکەی بگۆڕن، دوای تادێنەوە سەرتان، زۆری دەوێ، کەهاتنەوە ئەمجارە شوێنەکەی بگۆڕن، تا ئەتانبەن بۆ سجن، ئەنجا لەسجن دەسبکەنە دەرس بۆ زیندانیەکان، چونکە ڕەنگە ئەوان پێویستیان بەتۆبێ بۆیە تۆ چوی بۆئەوێ، بەس نابێ کۆڵ بدەین.

# کێوێکی بەرز لە بروا و متمانە و خۆراگریی

بێخال ئەبوبەکر

پـێش ئەوەی بە دیـداری جەنـابی مامۆسـتا عـومەر ڕێشـاوی شەرەفمەندبم، ناوبانگی چاکیی و پاکیی و ڕاستگۆیی و خەمخۆریی مامۆستام لە دایک و باوکم و خزمانی هەڵەبجە بیست بوو. دواتر سـاڵی ١٩٨٧، کاتێـک لە کـۆلیژی ئـادابی زانکـۆی صـەلاحەدین، بە فاتمـە خـانی کچـی ئاشـنا بـووم، جێدەسـتی نەخشـی مامۆسـتام لە ئاکار و کەسێتیی کچەکەیدا بینیی و زۆر شادمان بووم بە ناسینی کەسێکی نزیـک لە مامۆسـتا، ئینجا ئەو کەسـەش جگەرگۆشـەکەی بێت.

پاش ڕاپەڕین بە خزمەتی مامۆستا گەیشتم، لە دیدار و گفتوگۆ و ڕێنمـایی و وتە شـیرینەکانی بەهرەمەنـد بـووم، بەڵام لەمـانە گرنگتـر ئاکـار و ڕەفتـار و کەسـێتیی بەرزی مامۆسـتا بـوو، کە نمونەی مرۆڤێکـی بـاوەڕداریی کردارەکیی بەرجەستەدەکرد. هەر کـات مامۆسـتام دەبینـی کێـوێکی بەرزم لە بـروا و متمـانە و خۆراگریی و کۆڵنەدان بەرامبەر ئاستەنگ و هەوراز و نشێوەکانی ژیان، نیگا دەکرد.

مامۆسـتا، بـوێر و چـاونەترس بـوو، نەک بەرامـبەر سـتەمی چەکـمەی ڕەشـیی بەعـس چـۆکی دانەدابـوو، بەڵکـو لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەنابی مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی برایدا، ڕۆلێکی

گەورەیان گێرا لە هۆشیارکردنەوەی لاوان و خەڵکی هەڵەبجەی سەربڵند، کە ئاسەواریی کەسێتی و پەروەردەی ئەو دوو کەسێتیە مەردە، بەسەر قوتابیەکانیانەوە، هەتا ئەمڕۆش بەدیدەکرێت.

مامۆستا خاوەن ڕێبازی خۆی بوو لە بواری بانگخوازیی و زانست و ڕۆشنبیرییدا، بە تایبەت لە بواری فیقهی ئیسلامییدا سیمای فەرموودەکەی پێغەمبەری پێشەوای لەخۆگرتبوو (بشروا و لا تنفروا، یسروا و لا تعسروا). بە زانستی قووڵ و ڕووی خۆش و زمانی شیرین، بە شێواز و ئەتەکێتی بەرز بەرامبەری دەدواند و ناڕوونییەکانی ڕۆشندەکردەوە. هەروەک زۆر ڕۆشنبیر بوو سەبارەت بە هونەری مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر لە هەر تەمەن و ئاستێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا بووایە، وەک دەروونناسێکی بەتوانا ، سەرکەوتوو بوو ببێتە جێی متمانە و ڕێز و ڕازونیاز و خۆشەویستیی کەسانی دەوروبەریی، بەجۆرێک هەتا ئەمڕۆش لە بۆنە و کاتە جیاوازەکاندا وتە و پەند و ئامۆژگارییەکانی ئاماژەپێدەدەن و یادی خێری دەکەن و لە ژیانی خۆیاندا سوودی لێ وەردەگرن.

چەند لە پەیڤی وەفاداریی و ئەمەک و پێزانین بۆ مامۆستا بنوسرێت ناکاتە ئەو گەشیی و شادییەی کە لە سڵاوێکدا بە بەرامبەری دەبەخشی، هەزاران سڵاو لە ڕۆحی بەرزەفری جەنابی مامۆستا و سەرفرازییش بۆ بنەماڵە و ڕۆڵە و نەوە سەربەرزەکانی، و سوپاس بۆ پێزانین بۆ زیندوو ڕاگرتنی یاداوەریی جەنابی مامۆستا عومەر ڕیشاوی.

# وإنما المرء حديث بعده...
# فكن حديثاً حسناً لمن وعى

حاجی علی سێوکانی

ئاشنایەتی من لەگەڵ مامۆستای ڕەحمەتی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، لەم یاداوەریەی مەرحومدا من هەڵوێستێکی جوامێرانەی مامۆستاو چەند پەیڤێکی ناو کۆڕێکی گفتوگۆی مامۆستا کە دەلالەت لەئاستی فیکری و مەعریفی بەرێزیان دەکات باس دەکەم.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٨ دا یەکگرتوو دووەم کۆنگرەی خۆی لەهەولێر ئەنجامدا، هەڵە نەبم پێش هاتنە ناو کۆنگرەوە مامۆستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، مامۆستا بەو ڕۆح سوکیی و نەرمە خەندەکانیەوە کەسیمای هەمیشەیی بوو، یەکێک بوو لەئەندامە چالاکەکانی هەڵسوڕێنەرو ئیدارەدانی زۆربەی جەلسەکان، تا کات هاتە سەر هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و بەداخەوە مامۆستا هەڵنەبژێردرایەوە بۆ سەرکردایەتی!....

بەڕاستی مەوقیفێکی موحریج و سەختیش بوو، ئاسان نەبوو لەسەری سەرەوەی هەرەمەکەوە داگەڕێیتە خوارەوە!!..بۆ مێژوو ئەیڵێم مامۆستا دەریشچوایە هەر هێندە موتەئەسیر دەبوو!!..

ئەصڵەن ئەو کەڵە پیاو هەر خۆی لێڵ نەکرد، ڕووی گرژ نەکرد، بەپێچەوانەوە هەر بەو ڕۆح سوکی و نەرمە خەندەیەوە بەردەوام بوو، تا کۆتایی کۆنگرە مەنەصەکەی چوڵ نەکرد!!.

فهل من معتبر ..؟!؟

هێشتا ئیعلانی یەکگرتوو نەکرابوو، بەڵام ڕابیتە دامەزرابوو، بارەگاکەشی لە عەقاری بوو، دیاربوو ماموستا زۆر جاران لەوێ دەبوو، لەجارێک لەو جارانەدا منیش لەوێ بووم باس و خواس گەرم بوو لەسەر هەندێک مەسائیلی بەزۆر حەرامکراوی ئەو کاتەو ئیستاش، باس لە مۆسیقا و گۆرانی و جۆری جل و بەرگ و وەرزش هتد ئەمانە بوو!....

ماموستا کە خۆی پیاوێکی ئصولی بوو، شارەزای قواعیدە فقهی و ئصولیەکان بوو، لەوێوە دەستی پێکرد کە فەرمووی : الاصل فی الاشیاء الاباحة!...

لەڕاستیدا بۆ ئەو کاتەی ئێمە، بۆ ئێمەیەک کە هیچمان لەو ئصول و قەواعیدانە نەدەزانی ، ئەو مەفاهیمانەی ماموستا لەسەر ئەو بنەمایانە باسیکرد تازە بوون و مایەی دڵخۆشی سوکنایی بوون ، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە من بۆ خۆم وەکو فریادڕەسێکی شارەزا تەماشای ماموستام دەکردو بیروبۆچونەکانیم بەهەند وەردەگرت .

# لە مامۆستاکەمەوە فێربووم

تۆفیق کەریم

چۆن دارێک کە دەسوتێت سەرەتا دەیکات بە چرە دووکەڵ و پرش دەهاوێژێت و ناڵە و نرکە دەکات، بەڵام بە سوتاندنی دەبێتە پشکۆیەکی گەشی بێ دووکەڵ و سوودبەخش، دەروونی مرۆڤیش بە هەمان شێوەیە، ئەگەر بتەوێت بە کەڵک بێت دەبێت قۆناغەکانی پاکژ کردنەوە ببڕێت.

دەتوانم بڵێم ئەمە پوختەی بۆچوونی جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی بوو لەسەر پەروەردەی مرۆڤ، ئەو وایدەبینی دەبێت مرۆڤەکان قۆناغەکانی خۆپاکژکردن ببڕن تا بەشە (بەد)ەکەی دەروون ڕام دەبێت و جڵەو دەکەوێتە دەست بەشە باڵاکە، کە پەیوەستە بەرزی مەلەکوت و دانابەزێتە خوارەوە و ژەنگ و ژاری سەر زەوی نایگۆڕێت.

بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی هەشتاکان کە جەنابیان لە ناوەندی و دواناوەندی مامۆستامان بوو، زۆر جەختی لەم بنەمایە دەکردەوە، خۆیشی بە کردەیی گەیشتبووە ئەو قۆناغە، بیرمە جارێک ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگەڕا بوو، کۆمەڵە قوتابیەک چووینە سەردانی، جەنابی کەوتە باسکردنی وەرگەڕانەکە، تا بێهۆشکەوتووە و ئەو ماوە بێهۆشییەی ئەوەندە بەچێژ بۆ دەگێڕاینەوە، کە هاتینە دەرەوە سەد خۆزگەم خواست منیش کارەساتێکم لێبقەومایە ! بەڵام وەک ئەو چێژم لێوەرگرتبا. ئاخر

ئەو زۆر لێی دووبارە دەکردینەوە، کە باوەڕدار وەک حەماڵێک وەهایە کە هەتاکو فەردە گەنم و جۆکان زۆرتر و قورسترین حەماڵەکە دڵخۆشترە، ڕاستە هەموویان بە کۆڵی ئەو دەگوازرێنەوە، بەڵام لەبەر قورسی و زۆرییان، کرێی گواستنەوەکەی زیاترە.

من لەو کەسانە بووم مامۆستا عومەر ڕێشاویم بە عومەر تەلمەسانی ڕابەری گشتی برایانی موسڵمان دەچووانند، لە ڕێز و دینداری و ویقار و تەنانەت لە شێوە و ڕوخساریشدا.

نەرم و نیان و هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام دامەزراو و نەگۆڕ و پشوودرێژ بوو، زۆر لەوانەی لە ئاستی ئەودا بوون و ڕێبازی برایانیان گرتبوو، لە ژێر فشاری دەسەڵات یان لەبەر دووری ڕێگاکە، یان بە هەر هۆیەکی دیکەوە، کاروانەکەیان پێ نەبڕاو لە قۆناغێکدا لێی دانیشتن، بەڵکو تیایاندا بوو بەردی قورشاویشی دەخستە ناو ئەو کانیە سازگارە، کەچی مامۆستا عومەر ڕەوتی ساڵانی شەستەکان و نەوەدەکانی لەو کاروانەدا وەک یەک وەهابوو، کاتێک کە سەرقافڵە بوو، کاتێکیش کە لەگەڵ قافڵە بوو، هەر بەو نەفەسەوە ڕێگەی دەبڕی، دامەزراو و لەسەرخۆ و دڵسۆز.

ساڵی ١٩٩١ کە ئاوارەی ئۆردوگای ئێران بووین، لەگەڵ دۆستێک باسمانکرد، وتی: کۆمەڵێک لە قوتابیە نزیکەکانی لە ئۆردوگا بەبێ ئاگاداری ئەو هاتبوونە کرماشان، کە گەڕابوونەوە مامۆستا لەو ئاگادارنەکردنەی نیگەران بووبوو، عەرزیانکردبوو ئەگەر پرسیشمان کرد جەنابت چیت دەفەرموو پێمان، گوتبووی چۆن چیم پێ دەوتن، خۆ هەر نەبێت دوعایەکی خێرم بۆ دەکردن،

بۆ ئێوە دوعا بە کەم دەزانن؟ مامۆستا ئەوەندە بە کوڵ و لە ناخەوە ئەم قسەی کردبوو، ئەوان خۆیان بە شەرمەزار زانیبوو لە ئاگادارنەکردنەوەکەی.

وانازانم پێ لێ هەڵبڕینبێت، ئەگەر بڵێم مامۆستا عومەر ڕێشاوی لەو کەسانە بوو کە بە بینینی موسڵمانێتی ڕاستەقینە و خوداپەرستی و دامەزراوەیی و بۆخوا سوڵحانی بیردەخستینەوە، هەر ئەوەش وەهای کرد ئێمەی نەوەی هەشتاکان خۆمان بە قەرزاری بزانین و هەرکە مێژووی نوێی ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستاندا بنوسرێتەوە، دەبێت جەنابی وەک سەرقافڵەیەکی ڕچەشکێن و کاریگەری تۆمار بکرێت، خودایە ئەویش و ئێمەش بە بەهەشتی بەرین شاد بکە.

# ئەزمونێك لەگەڵ یەكێك لە پیاوچاكان

شێخ عومەر بەرزنجی

پیاوچاكان تەرجومە ی وشە ی (صالحین)ە كە لە قورئانی پیرۆزدا لەگەل پیغەمبەراندا باس ئەكریت ،لەم وشەیە كەمتر بە شایان نازانم بۆ مامۆستای گەورەی كۆچكردوو مامۆستا عمر ریشاوي، ئەو پیاوە مەزنەی كە لە سالی ١٩٩٢ بە خزمەتی شاد بووم كە قوتابخانەیەكی گەورە بوو هەموو وانەكانی رەوشت و هێمنی و عەقل و دوربینی و معاصری و خاوەن منطق و زمان شیرین و بە لوتف نمونەی باشترین باوك بوو كە ئەگەر بتەوێت بلێی كەسێكم بۆ دەسنیشان بكەن بۆ هەموو كەس جوانترین وباشترین نمونەی باوكێكی دلسۆزی میهرەبان بێت بێ دوودڵی ئەتوانین بلێین مامۆستای مە رحومی كۆچكردوو مامۆستا عمر ریشاوي خوا لیی رازبێت، ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر كە ئەفەرموێت (الناس معادن) كە لێرەدا معادن بە هەموو پێكهاتەكانی ئەم زەویەوەیە كە بێگومان مامۆستا عمر ریشاوی جێگای بەهەشتی بەرین بێت لەو مەعدەنانە هە مووی لە ئالتونی عەیارە بیست و چواری بەركەوتبوو. ئەم قەناعەتەی من بۆم دروست بووە تەنها ٣ ساڵ لە خزمەتی ئەو پیاوە گەورە یا بووم. جێگای ئیعجاب و سەرسورمانم بوو كە هەر كێشەیەك ئەهاتە پێشەوە ئەوەنە دانا بوو بە هیچ تێك نەئەچوو، یەكسەر زۆر بە هێمنی حەللی ئامادەی پێ بوو، من زۆر شتی لێوە فێر بووم گەورەترینیان ئەوە بوو كە زورجار خەلك كە خەلەلێك

ڕوو ئەدات بە هەزار شێوە بیر لەوە ئەکاتەوە تا بزانێت ئە م خەڵەلە چیە تەنها بیر لەوە ناکاتەوە کە خەڵەل لە خودی خویا بیت، بەلام مامۆستای کۆچکردوو ئوسلوبێکی تایبەتی شیرین و هێمن و سەرسامکەری هەبوو، زوو وای لێ ئەکردی یەکسەر جاری پێش هەموو شتێک خۆت بزانی ئەگەر خەڵەل لە خۆتەوەیە لە شوێنی تر بۆی نەگەڕا بیت و خۆت بناسی کەسیک بیوتایە لەگەل خێزانەکەما کێشەیەکم هەیە زوو پێی دەوت تۆ فەحسێکی خۆت بکە جارێ لای ئەو مەگەڕێ، بە خۆتا بچۆرەوە بزانە خەتای خۆت نیە ئەمجا ئەگەر کەسەکە نەیتوانیایە عەیبەکانی خوی ببینێت حەللی ئەوەشی پی بوو بە دوو سێ پرسیار هەمووی بۆ دەئەخست ئەمجا باوکایەتی و دلسوزی و پەروەردەی و لێزانینەکانی هەموو ئە خستە کار هەر لەویا کەسەکەی وریا ئەکردەوە و ڕەفتارەکانی پی ئەگۆری و کێشەکەی حەل ئەکرد من ئەمەم وەکو نمونەیەک هێنایەوە بۆ تواناو دانایی و لێهاتوویی ئەم پیاوە گەورەیە ، چونکە خاوەن ڕۆحێکی پاک و باوەڕێکی بتەو و میهرەبانیەکی زۆر بوو وەک دوکتۆرێکی دەروونی هەزار شیفای لا دەست ئەکەوت و هە زار گرێکویرەی ئەکردەوە ، پیاوێکی زۆر قسەخۆش بوو کینەی لە دلا نەبوو نە چاوی لە ماڵی کەس بوو نە بە لایەوە گرنگ بوو حەزی لە خێری هەموو کەس بوو، رق و کینە و حەسادەتی نە ئەزانی و هە ر گالتەشی لەو شتانە ئەهات بە زەردەخەنەکەی ئارام بەخش بوو ، مامۆستاو داناو زاناو پیاوچاک بوو نمونەی دڵساغی و ڕەوشت بەرزی بوو خوای گەورە پلەی بەرزو بالای بە هەشتی پی ببەخشێت.

# چەند پەیڤێک
# لەیادی مامۆستا «عومەر فەتاح» ڕێشاوی دا

صادق شێخ عوسمان سازانی

نوسین ولێدوان سەبارەت بە سیرە و ژیاننامەی عاریفان و زانایان هەم ئاسانە و هەمیش هەستیارە و گران، سانایە چونکە سێبەرو سەمەریان هێند پەخش و بەردەستە خامەو زمان لەئاستیاندا ڕاناوەستن دەستەوسان. لەو لاشەوە ئەستەمە و گران، چون هەر زەلـلـە و کورتهێنانێـک لەپێناسـە کردنیانـدا، یـان نادیدەگرتنی هەر زەڕڕەیەک لەبەرهەم و مافیان بێ ئەمەکی دەبێت لەئاستی ڕەنج و ماندوبونیان و بێبەشکردنی خەڵکیشە لەبەهرەو بەرهەمیان، بۆیە جێی خۆیەتی بڵێم:

قەڵەم وریابە باس باسی عومەرە
کەم وکورتی دەرهەق بەوو زیادەڕەویش لەوەسفیدا
هەردوو وەک یەک هەر خەتەرە!

مامۆسـتا« عـومەر ڕێشـاوی» یەکـێکە لەئەسـتێرە فرەو پرشنگدارەکانی ئاسمانی دەڤەری هەڵەبجە، نـاوی هەربـۆ خۆی «عەلەم» و، ناوبـانگی نەسڕاوەیە، پەیـامی بەردەوام و نەبڕاوەیە، زانستەکەی پەیامەکەی چرایەکی نەکوژاوەیە. بەندە لەناوەڕاستی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بەدواوە، لەڕێـی شـاگردە پڕ مەعـریفەکەی « مامۆسـتا ئیبـراهیم ڕێشـاوی» ی بـرایەوە ئاشناو

بەهرەمەند بووم بەئاکارو پەیڤە پڕ واتاو سەنگینەکانی. وا لێرەدا چەند سەرنجێکی تایبەت و بەدواداچونم بۆ کەسایەتیی مامۆستامان دەبەخشمە ئەم بەرهەمەی فەرزەندانی جەنابیان کە لەجیاتی گشتمان و تەواوی دۆستانی بەئاکامیان گەیاندوەو بڵاوی دەکەنەوە. ئەوەش بەمەڵۆیەکی تری سەرخەرمانی پڕ بەرەکەتی عیلم و عیرفانی باوکی ڕەحمەتییان دێتە ئەژمارو دەشبێتە تێشوویەک بۆ نێو تۆماری کاری چاکەی هەموولایەک پشت بەخوا..

مامۆستای ڕێشاوی کەسێکی تابڵێی مەنگ و سەنگین، پڕ ویقارو کەمدو، هێدی و ئارام و لەسەرخۆ، وردو پڕ سەرنج، خۆبەکەمزان و گوفتار شیرین. خۆی زۆر لە موناقەشەو بەتایبەت چەلەحانێ بەدوور دەگرت. دوربینی بەئامانج و پڕپێک بوو، زۆر هەوڵی دەدا بەکوردی پەتی و ڕەسەن و، بەکورتی پەیام بەبەرانبەرەکانی بگەیەنێت و بیاندوێنێت، بەوەش هاو مەجلیسانی هەردەم سەرسام دەکرد. لەکاتی پەیڤیندا پتر گوێی دەگرت، قسەی بەکەس نەدەبڕی و ڕێزی لەڕای بەرانبەر دەگرت و ڕاستەوخۆ ڕەتی نەدەکردەوە، وەلێ لە دەرفەتی گونجاودا حەکیمانە هەڵەکانی بۆ ڕاستدەکردەوەو، بە بۆرپوانینێکی میهرەبانانە دڵی خاوەنەکەی ڕادەگرت. هاو کۆڕو مەجلیسی لێی بێزار نەدەبوون، ناوبەناوو بەپێی پێویست سەیرێکی هاونشینانی دەکردو لەپڕێکدا دەیوت« سلام علیکم»، یان بەڕێزەوە ناوی یەکێکیانی دەهێنا بەمەبەستی پتر جۆشدانی هزری گوێگران سەبارەت بەبابەتی بەردەست. خوالێخۆشبو هێند هۆگری مزگەوت و، سەرقاڵی سوود لەکات

بینین بوو بە مەبەستی ئامۆژگاری و وانەی فیقهی و کۆمەلایەتی هەروەها بەسەرکردنەوەی خزمان و دۆستان... بەدەگمەن ڕێی دەکەوتە چایخانەو شوێنە گشتیەکانی کات بەسەربردن لەتەک هاوپیشەو هاوڕێیاندا... ئەو کەسایەتیی جیاواز بوو.!

مامۆستای کۆچکردو لەسەر دەستی چەند زانایەکی ئاینیی دەڤەرەکەو کوردستان بابەتەکانی قورئان و فەرموده و زانستە شەرعییەکانی خوێندوە، تا لەئاکامدا ئیجازەی عیلمیی پێ بەخشراوە. سەرەتاکانی فێربوونی قورئانی لەخزمەت مامۆستا مەلا عەزیزی زەردۆیی و پاشان مامۆستا شێخ موحەممەدی سازان وەرگرتوە، هەر لای مامۆستا شێخ موحەممەد چەندین بابەتی فیقهیی خوێندوە. هێندە کاریگەربوە بەکەسایەتیی مامۆستای سازانی .. لەزۆربەی سیفات و ئاکاردا چوبۆوە سەر جەنابیان، ئەمەش سەرەتایەک دەبێت بۆ دروستبوونی کەسایەتیی شیاوو بەهێزی مامۆستا ..ڕێشاوی، بەئەندازەیەک کاتێک ڕێکخستنی «برایانی موسڵمان» دوای ناوەڕاستی پەنجاکان دەگاتە هەڵەبجە و پۆلێک زاناو مامۆستا پەیوەندییان پێوەدەکەن ، لەلایەن هاوکاروانیانی ئەوکاتەوە ڕاستەوخۆ دەعوەت دەکرێت بۆ پەیوەندیکردن بەو ڕێکخستنەوەو، پاش ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی عێراقیی برایانەوە دوو کەس دێنە هەڵەبجە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی و توانای کاری ڕێکخراوەیی بەڕێزیان... پەسەندی دەکەن و دەبێتە یەکێک لەهەڵگرانی ئەو پەیامە لەسنورەکەدا . ئیتر هەر لەو کاتەوە تاکۆچی دواییشی دڵسۆزانە درێژەی بەتێکۆشان و کاری دەعوەو

پێگەیاندنی گەنجان داوە، کە لە ڕاستیدا شایستەی یادکردنەوەو ڕێزلێنانی بەردەوامە بەتایبەت لەلایەن هاوکاروانیانیەوە.

ماوەتەوە بڵێین کانیاوی وشەو پەیڤەکانی مامۆستای ڕێشاوی زۆر لەوە پاراوترە و زیاتر هەڵدەگرێت ئێمەمانان بتوانین گوزارشتی شیاوی لێبکەین. ئومێدەکەم لەم بەرهەمە بەپێزەدا هەندێک لە ڕوە گەشەکانی دی ژیانی مامۆستا بە خوێنەران ئاشنا بکرێت.

لەکۆتاییدا ئەم دوو بەیتە شیعرە بەدیاری پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی جەنابیان:

**لەسێبەری تاڵ تاڵی ڕیشی چەرموی دا چیرۆکێک خۆی حەشاردابوو**

**سیماو نێوچاوانی ڕوونی هێمای سەجدەی دیرۆکێکی تیا نەخشابوو**

**ئەوعاریف و جامیعی زانستی ئەدیان و ئەبدانە**

**پەیڤی سەنگین و شیرینی دەوای دڵی بیمارانە**

# لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

موسڵمان ئەو کەسەیە کە هەم رۆشن(بیر)ە و هەم رۆشن( دید )ە و هەم رۆشن ( دڵ )ە بۆیە توانیویەتی چاکساز بێ لە کۆمەڵدا.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

نەفسی ئێمەی مرۆڤ وەکو گوێز وایە تا نەیشکێنیت، کاکڵەکەی دەرناکەوێت.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

مرۆڤێك کە بەهەشتی بوێت ، ئەبیت لەدونیادا بەهەشتی بێت، لەبەهەشتا نەحەسودی ، نە رق، نەکینە، نە خراپەگەیاندن بەوی تر بونی نیە، کەوابوو تۆش لیرە وابە، تا لەوێ بەهەشتی بیت .

# پەروەرشیارێك..زانایەك.. دانایەك

اکرام کریم

لە قوتابخانەی سانەوی کوران بووین لە هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨، مامۆستایەکمان هەبوو زۆر ڕقی لەدین بوو، هەرچەندە ئێمەی قوتابی زۆر باشبووین لەگەڵیدا، بەڵام ڕۆژێکیان قوتابیەک بەناوی شیروان چەند دەقیقەیەک لەدەرسی یەکەم دواکەتبوو، هاتە ژوورەوەو"سلام علیکم"ی کردو ئێمەش وەڵامماندایە و مامۆستاکە توڕەبوو بەسەر قوتابیەکەداو وتی: (سلام علیکم)یانی چی؟ بۆ خۆ ئێرە مزگەوت نییە! قوتابییەکە وتی: جا مامۆستا فەرقی ئێرەو مزگەوت چییە؟ مامۆستا قوتابییەکەی کردە دەرەوەو ئێمەش رەخنەمان لەو هەڵسوکەوتەی مامۆستاگرت و لەیەکتری زویربووین، بۆیە ئێمەش بەدوایدا چووینە دەرەوە، ئەو مەسەلەیە بوویە مەسەلەیەکی گەورەو لەژووری ئیدارە منیان بانگ کرد، بەڕەحمەت بێت ئەو کاتە مامۆستا عومەری ڕێشاوییان لەئیدارەوە تەکلیف کردبوو کە قسە لەگەڵ مندا بکات، ئەویش بانگی کردم بۆ ئیدارەو دوو قۆڵی بۆ چارەسەرو لێپرسینەوە لەئەو کێشەیە دانیشتین، مامۆستا عومەر فەرمووی: کاکی خۆم، کارەکەی ئێوە زۆر ئیسلامیانەیە، بەڵام ئیهانەش بووە بە مامۆستا کە دەرسەکەیتان جێهێشتووە، بۆیە داوای لێبوردن بکەن و با دووبارە نەبێتەوە، منیش عەرزمکرد، ئەگەر ئێمە ئیهانەشمان بەو کردبێت

ئەوە کاردانەوە بووە بەرانبەر ئەو ئیهانەی ئەو بەرانبەر مزگەوت و(سلام علیکم)کردی کە شیعارێکی گەورەی ئیسلامە، جا بۆیە مامۆستا گیان! بۆ ئێوە ئەشێت کەهەندێ نەسیحەتی ئەو مامۆستایەش بکەن، چونکە ئەو هەقیەتی موحاسەبەمان بکات لەسەر تەحزیر نەکردن و زیرەک نەبوون و تەمەڵیمان لەوانەی خۆیدا، بەلام ناهەقیمان پێئەکات(تەداخول) لە کارو باری شەخصی و دینیماندا بکات.. بەهەر حاڵ نێوانمان چاکبووەوەو ئیتر ئەو مامۆستایەمان نەدی خراپە بکات بەرانبەرمان، ئێمەش شوکر بۆخوا کەمتەرخەمیمان نەبوو لەدەرسەکەیدا...

٢- تازە ژیانی هاوسەریم پێکهێنابوو...مەشورەتم بە مامۆستا عومەری ڕێشاوی کرد: چۆن مرۆڤی موسڵمان لە ژیانی خیزانیدا سەرکەوتوو ئەبێت؟ یەکێ چەپک ڕێنمایی بۆ باس کردم..خۆزگە ئەو کات هەموویانم بنووسیایەتەوە...یەکێک لەوانە ئەوەبوو فەرمووی: پیاو نابێت بە هیچ جۆرێک لای خێزانیدا غەیبەتی خەڵکی بکات..چونکە یەکەم هەیبەتی خۆی ئەشکێت لە لای ژنەکەیدا و خۆی بچوک ئەکاتەوە..دووەم بێ بەرەکەتی ئەخاتە ماڵەکەی و بەرەکەت بار ئەکات لەناو خێزانەکەیدا..یەکێکی تر لەو کارە زۆر گرنگانە ئەوەیە کە دوو جۆر خۆشەویستی بدات بە خیزانەکەی: خۆشەویستی جنسی و خۆشەویستی دینی..هەمیشەش هەوڵ بدات بە خۆشەویستیە دینیەکە تەفسیر بۆ خۆشەویستیە جنسیەکە بکات...

یاخوا بەرەحمەت بێت لە هەموو دانیشتنێکدا ڕێنەئەکەوت کە سوودی گەورەی بۆ ژیانی دین و دنیایی خۆت وەرنەگری لێی..

ساڵی ١٩٨٨ بوو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم خولێک لە کرماشان کرابوویەوە و ئەم بەندەی خوایە و مامۆستا مەولود باوەموراد و مامۆستا محمد ڕەئوف و مامۆستا ئومێد پارەزانی و چەند برایەکی تر بووین..بۆ ماوەی هەفتەیەک یان زیاتر مامۆستا عومەر دەرسی ئیحیای ئیمامی غەزالی پێ ئەوتینەوە..زۆرمان سوود لێ بینی..قەبری پر نوور بێت..

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# پەروەرشیار و شارەزا و زمان شیرین

ناظم عبدالله

مامۆستا عمر ڕێشاوی خوا لێی خۆش بێت، یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و کەسە بەناوبانگ و دیارەکانی بزافی ئیسلامی کوردستان، زانایەکی دیاربوو، کەسێکی خوێنەوار بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە زانستە ئیسلامیەکاندا هەبوو، زۆر بایەخی بە پەروەردەی ڕوحی و، توندو تۆڵکردنی لایەنی ئیمانی دەدا، و زۆر بە تەنگەوە بوو گەنجەکان تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستیان لە چەمکە ئیسلامیەکاندا هەبێت، لە پەروەردە کردن و پێگەیاندنی گەنج و لاوەکاندا جێدەستی دیار بوو، و کەسێکی پابەند بوو ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە پێکەوەنانی شانە سەرەتاییەکانی ڕێکخستنی برایاندا، هەروەکو یەکێکە لە دامەزرێنەرە دیارەکانی برایان لە کوردستاندا.

لەساڵەکانی ١٩٨٠و ١٩٨١ هەفتانە هەموو سێشەممەیەک لە خزمەت مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا عومەر ڕێشاویدا، خوا لێیان خۆش بێت وانەمان دەخوێند، وانەکان بریتی بوون لە: لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز، ولەبەرکردنی فەرمووده بەتایبەت نەربەعینیەی نەوەوی، خوێندنی وانەی (احياء علوم الدين) ئیمامی غەزالی، کە زۆربەی کات مامۆستا عمر بۆمانی شەرح دەکرد، بەشداربوانی وانەکان: نازم عەبدوڵلا ، کاک مەلا فەرەیدون حە

ئەمین، مامۆستا ئەحمەد بەهێی ، و مامۆستا عوسمان سەر سوراوی و، یەک دوو فەقێی تریش کە لە مزگەوتی شافیعی لای مامۆستا دەرسیان دەخوێند، و هەندێک جار مامۆستا هادی عەلی و یەک دوو برای تر بەشدار ئەبوون، نزیکەی دوو ساڵ بەردەوام بووین.

مامۆستا چۆن بایەخی بە پەروەردە کردنی لاوەکان ئەدا بەهەمان شێوە بەتەنگی خەڵکە گشتیکەوە بوو، ئەمەش وایکردبوو، کۆرو کۆبونەوەکانی بە هەل ئەزانی ئامۆژگاری موسوڵمانانی تێدا بکات، بۆیە لە زۆربەی موناسەبەکاندا قسەو ئامۆژگاری هەبوو، کەسێکی زمان شیرین و قسە ڕەوان بوو، ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت مامۆستا لە ڕووی سلوک وئاکارەوە زۆر مەنگ و لە سەر خۆبوو، ڕێزی دەوروبەری زۆر دەگرت، جا بەتەمەن بوایە، یان گەنج، تەنانەت لە مەجلیسا مەگەر بەدەگمەن زۆربەی کات لەسەر ئەژنۆ دا ئەنیشت، جگە لەوەی ئەو جۆرە دانیشتنە ڕەمزی لە شساغی و تەندروستی باشە، لە هەمان کاتدا هێمای تەوازوعە، وکەسێک بوو مەجلیسی دوور لەغەیبەت بوو، لەپاشملە باسی کەسی نەدەکرد ، وهەمیشە خۆی لێ دەپاراست.

لە٦/٣/ ١٩٩١ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ڕاپەڕین دژ بە پێگەو هێزەکانی حکومەتی عێراقی لە کوردستان ڕویدا، ئەوەبوو لەکەمتر لە دوو هەفتەدا هەرێمی کوردستانیان لێ پاککرایەوە، لەو سەرو بەندەدا هەمو پارت و هێزەکان، خەریکی سەلماندنی بوونی خۆیان بوون، لە پارێزگای سلێمانی، لەگەڵ نزیکەی دە کەسێک لە کەسە دیارەکانی برایان لەخزمەت مامۆستا عومەری ڕێشاوی لە

ماڵی خۆیان کۆبوینەوە، قسەمان لەکاری ئەو قۆناغە کرد، ڕامان هاتە سەر ئەوە بنکەو بارەگامان هەبێت، هەوڵی پەیداکردنی پێداویستیەکانی ئەو قۆناغە بدەین، هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، وەکو جیهازو وەسائیلەکانی تر پەیدا بکەین، ئێمەش وەکو ئەو لایەنانە قەوارەو بوونمان هەبێت، کۆبونەوەکەمان تا بەیانی خایاند، وامان بەچاک زانی دوای نوێژی بەیانی بڵاوەی لێ بکەین، خێزانی مامۆستا خوا لە هەردووکیان خۆش بێت، بەو بەیانیە زووە نان و ساجی بۆمان دروستکردبوو.

# چەند بیرەوەرییەکم
# لە خزمەت (مامۆستا عومەر ڕێشاوی) دا

عومەر عەبدولعەزیز

هەرکەس مامۆستا عومەر ڕێشاوی ناسیبێت دەزانێ کە کەسایەتییەکی خواناس و واریع، خاکیی و بێ ڕتووش، نیکنەفس وبە عیززەت، ڕەوشتبەرزو بەئاکار، نەرم و نیان و میهرەبان، خاوەن هەڵوێست و مەبدەئیی بوو.

من دەمێک ساڵ بوو بە خزمەتی گەیشتبووم، بە حوکمی تێکەڵیی خێزانیمان، لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ـ کە من لاوێکی تازە دەم بووم ـ لە هەڵەبجە مامۆستام ناسی. لێرەدا گرنگترین وێستگەی بیرەوەرییەکانم لە خزمەتیدا دەخەمە ڕوو:

ـ لەو کاتەوە کە جەدەلی ڕاگرتن و ڕانەگرتنی ڕێکخستنی برایان سەری هەڵدا بوو، من کە شەیدای ڕێکخستنێکی ئیسلامیی بووم ـ هەستم دەکرد کە مامۆستا دڵخۆش نیە بە و جموجووڵەی دەخوازرا ڕەنگی ڕێکخستنی پێ بدرێت. بۆیە لەو ساڵانەدا کە سەردانمان دەکرد، هەندێ پەرەگرافی کتێبی (إحياء علوم الدين)ی پێشەوا غەزالی بۆ دەخوێندینەوە! کە لە و کاتەدا پێمان سەیر بوو، هەرچەند لە ڕووی ڕۆحییەوە چێژمان لێ دەبرد. دیار بوو ئەو کاتە مامۆستا عومەر ڕێشاوی و مامۆستا جەعفەر مستەفا لە هەڵەبجەی شەهید، قەناعەتی زۆریان بە شەرعییەت و مەرکەزییەت

هەبـوو، بەڵام دواتـر لە ئـاوارەیی ئێرانـدا قەناعەتیـان گـۆڕاو ئیلتیزامیان بە ڕەوتی نوێوە کرد و بوونەوە بە پێشەنگیی کاروان و کەسایەتییە هەرە ناودارەکانی ڕابوونی ئیسلامیی.

- بیرمە کە ساڵی (١٩٧٨ز) مامۆستا صەلاحەدین محەممەد و هاوکارانی، لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە، خۆیان ڕێکخستەوە و بڕیاریـان دا کە مامۆسـتا عـومەر ڕێشـاوی بـکەنە بەرپرسی خۆیـان، دیـار بـوو مامۆسـتا عـومەر پـاش پـرس و ڕاوێـژ بە سەرەوەی خۆی، ڕەزامەندیی دەرنەبڕی، بۆیە لە سـاڵی (١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ز) پەیامەکـانی نـووری مامۆسـتا سـەعید نورسـی - وەک کاردانەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بۆ لاوانی ئیسلامدۆست دروست بوو بوو- برەویان پەیدا کرد. مامۆستا عومەر ڕێشاوی ڕەحمەتیـی، پێـی وابـوو کە ڕێکخسـتن لەو کـاتەدا خـزمەت بە بـانگەوازی ئیسـلامیی ناکـات، بەڵام ئـێمە لەگەڵ بەڕێزیـدا زۆری لەسـەر نەدەچـووین، تەنـانەت لە سـەفەرێکدا کە سـاڵی (١٩٨٣ز) لەگەڵ مامۆستا صەلاح لە شاری پاوەوە گەڕاینەوەو سەردانیمان کرد، زۆر حاسـم بـوو لەسـەر ڕای خـۆی، بەڵام بە هـیچ قسـەیەک ئازاری نەدەداین و دوعای بۆ دەکردین.

- پاش کیمیابـارانی شـاری هەڵەبـجەو ئـاوارەبوونی زۆربەی هاوولاتیـانی شـارەکە بـۆ ڕۆژهەڵات، ئـێمە لە ڕۆژهەڵات بـووین، ئەرکێکـی قـورس و گـران لە بەدەمەوەبـوونی ئاوارەکـان ڕووی تێکردین، بە تایبەتی ئاوارەکانی مەرزی مەریوان - پاوە - نەوسوود - تەوێڵە. گەرماوگەرم لە خزمەتی مامۆستا صەلاحەدیندا چووین بۆ شارۆچکەی (هەرسین)، کە ژمارەیەک برای بەڕێزی لێ بوون،

لەوانە مامۆستا (ئیبراهیم ڕێشاوی) ڕەحمەتیی (برای مامۆستا عومەر)، لەوێ نەوەستاین و ئەویش لەگەڵمان هات و سەردانی ئۆردوگاکانی (گەلیاران و کەنگاوەر و سونگور و سەریاس و کامیاران و شوێشە)مان کرد. لەو سەفەرانەدا خێزانەکانمان بە سەرکردنەوە، دڵخۆشمان کردن بەوەی بە دەمیانەوە دەبین، لە هەر شوێنێک یەکێک لە برا دێرینەکانمان وەک جەمسەر و میحوەر بۆ ئاگاداریی و هەماهەنگیی و بەدەمەوەبوون دیاری کرد. بە ڕاستی لەو چەند مانگەدا زیاد لە توانای خۆمان ماندووبووین، هەڵمەتێکی کەموێنەمان کرد بۆ کۆکردنەوە پیتاک و یارمەتیی و دابەشکردنی، هیوادارین خوای گەورە لە تەرازووی چاکەکانی هەموو بەشدارانیدا بینووسێت.

- دوای ماوەیەک و پشووی مامۆستاکان، داوای هاوکارییان لێ کرا، مامۆستا عومەر ڕێشاوی - کە لە سەرەتاوە وتبووی: من تەنها ڕاوێژکارتانم - بڕیاری هاوکاریی بە مامۆستا صەلاحەدین دا، ژمارەیەکی تریش لە برایان کە زانییان ئەو گەرم بووە لەسەر کار، ئەوانیش مەسئولیەتیان وەرگرت، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی شورادا مامۆستا عومەر ڕێشاوی بە بەرپرسی جەماعەت هەڵبژێررا.

- پاش ڕاپەڕین و گەڕانەوەی زۆربەی برایان لە ئێران، لە ڕۆژانی (٢٠ــ٢١)/٢/١٩٩٢ز) لە شاری هەولێر یەکەمین کۆبوونەوەی (ئەنجومەنی شورای گشتیی)، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم، گرێدرا. لەو

کۆبوونەوەیەدا مامۆستا عومەر ڕێشاوی بۆ بەرپرسیاریتی
(بەشی قوتابخانە زانستییەکان) هەڵبژێررا.

- لە درێژەی چالاکییە چڕەکانی ساڵی (١٩٩٢ز)دا، ئەنجومەنی شورا لە ڕۆژانی (٢٣ــ٢٥)ی (١٢)ی (١٩٩٢ز)دا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوان و گرنگی سازکرد، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند ئەندامێک بۆ ئەنجومەنی ناوبراو (کە دواتر ناونرا سەرکردایەتیی) هەڵبژێرران، لەوانە بەندە، چونکە پێشتر لە تورکیا بووم، لەگەڵ چەند بەڕێزێکی تر کە یەکێکیان مامۆستا عومەر ڕێشاوی بوو.

- هەر لەو دیدارەدا بڕیار لەسەر لیژنەیەکی باڵا درا، بۆ سەرپەرشتیی کاروباری پرۆسەیەک بە ناوی (پسپۆریی زانستی لەبەڕێزان: ١ـ ڕوشدی عوبەید ئاکرێیی، بۆ سەرپەرشتیی بواری ئەکادیمییەکان. ٢ـ عومەر ڕێشاوی بۆ بواری زانستە شەرعییەکان ٣ـ صەلاحەدین محەمەد، بۆ بواری ئیداریی و دارایی. بڕیاریش درا سوود لە شارەزایانی زانستیی و هونەریی وەربگیرێت.

- لە قۆناغێکی تردا خولێکی زانستیی مەرکەزیمان کردەوە، کە لە ماوەی (٨) ڕۆژدا لە شاری سلێمانی درێژەی هەبوو، ڕۆژانی (٣ــ١٠/١٠/١٩٩٣ز)، ئەم خولە لە کۆبوونەوەی (١٠/٩/١٩٩٣ز)ی لیژنەی پەروەردەییدا ــ کە ئەو کاتە بەندە بەرپرسی بووم ــ بڕیارمان لەسەردا و پلانمان بۆ دانا و تەنانەت مامۆستا وانەبێژەکانیشمان بۆ دیاری کردن. یەکێکیان مامۆستا عومەر ڕێشاوی بوو، کە بابەتێکی بە پێزی پێشکەش کرد بە ناونیشانی (برایەتیی و خۆشەویستیی لەبەر خوا).

- دواتر مامۆستا عومەر بەردەوام پشتیوانی زانایان و زانستە شەرعییەکان بوو، هەر کارێکی پێ بسپێررایە شانی دەدایە ژێری و دڵسۆزانە ڕایدەپەڕاندو لە هەموو وێستگەکانی کاریدا نموونەی خەمخۆریی و جیددییەت بوو، هەرکەس (پەیڤە ڕۆحییەکان)ی خوێندبێتەوە، ئەوەندەی بەسە کە بزانێت هەڵس و کەوتی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیڤانەی بوو. مامۆستا گوێی لە پۆست و پێگەی سیاسی و حزبی نەبوو، بۆیە کاتێک لە کۆنگرەی سێی یەکگرتوودا، لە(١٩٩٩/٩/٧ز) بە ئەندامێتیی سەرکردایەتیی دەرنەچووەوە، بە ئەندامانی کۆنگرەی وت: "پیرۆزبایی لەو خوشک و برایانە ئەکەم کە دەرچوون، پیرۆزبایی لە خۆیشم ئەکەم کە دەرنەچوومەوە بۆ سەرکردایەتیی..!"

مامۆستا عومەر ڕێشاوی ڕۆژی (٢٠٠١/١٠/١٨ز) کۆچی دوایی کرد. لە یادێکی وەفاتیدا نووسیم:

گەورە پەروەرشیاری کورد، مامۆستای بانگخوازانی کوردستان، یەکێک لە پێشەنگانی ڕابوونی ئیسلامیی کورستان و کاروانییانی یەکگرتوو، لە ناکاو ماڵئاوایی لێ کردین، ئەو پیاوەی بە بێ دەنگیی و بە ڕەفتارەکانی، بوو بە مامۆستای مامۆستاکانی یەکگرتوو. ئەو سەلماندی کە (حاڵ) ناوی مرۆڤ زیندوو ڕادەگرێ، نەک (قاڵ). ئەو بە (تەوازوع)، فێری گەورەیی، بە (بێ دەنگیی)، فێری زانست و قسەکردن، بە (صەبر)، فێری کۆڵنەدانی کردین. ڕەحمەتی خوای لێ بێ و ڕۆحی شاد.

هەر کوێی ژیان و وێستگەی تەمەنییەوە دەستپێبکەیت، گرفت نابێت و دەگەیت بە گەنجینەی ژیانێکی شایستە، هەرچەندە لە شارەکانی کوردستان هەموو بیر و بۆچوونە لادەر و تێکدەر و لاگر و ڕێگر و پەڕگر لەسەر دەستی کوڕە مەلاکان و شێخەکان و ئاغاکان و بەگزادەکانەوە بووە، بەڵام عومەر و هاوڕێکانی، هەڵەبجەیان لەو درم و پەتا و نەخۆشیانە پاراست و هەڵەبجە بووبە ناوەندی هۆشیاریی ئیسلامیی ڕاستەڕێ و پایتەختی بزاڤ و بزووتنەوەی ئیسلامیی و بێداریی ئاینیی.

بەندە لە سوختەیەتییدا لە عەنەب و عەبابەیلێ و کانی عاشقان و بیارە و مزگەوتی جامیعەی گەورەی هەڵەبجە لە خزمەت شادڕەوان مامۆستا شێخ جەمیل موفتیی و مامۆستا شێخ خالید موفتیی و مامۆستا شێخ نورەددینی موفتیی لەگەڵ شادڕەوان جەنابی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە و لەگەڵ شادڕەوان مامۆستا عومەر ژیاوم، لە هەڕەتی موستەعیدیی و نزیک ئیجازە وەرگرتن و تاقیکردنەوەی ئەوقاف کە (تەجنید) سەرپەرشتیی دەکرد لە ساڵی (١٩٥٧) هاوڕێی مامۆستا عومەر بووم، ئەم پیاوەم بە ساف و سادە و پاک، هاتۆتە بەرچاو، زۆریش هەوڵمدا وەک ئەوبم، بەڵام قەدەر ماوەی نەدام، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەر سودمەند بووم لە ناسینی و زۆر دوور نەبووم.

یەک لە سەربوردەکانم لەگەڵ ئەم پیاوە مەزنە، سەروەختی موستەعیدیمان بوو، کە پێکەوە خەریکی خوێندن بووین، لەساڵانی کۆتایی پەنجاکان، ئێمە چوار کەس بووین (مەلا عومەر ڕێشاوی، مەلا عەلی کۆکۆیی، مەلا مستەفای پێنجوێنی، بەندە)، ڕۆژگارێکی

# لە مەلا عەبدوللەتیف بامۆکییەوە بۆ مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی

عبداللطیف بامۆکی

نوســـین، لەســـەر کەســـایەتیی ئەم زانـــایە (م. مەلا عـــومەر ڕێشاوی) زۆر قورسە، ئەوەندە لایەنی چاکیی و پاکیی و باشیی و شیاویی هەیە، نازانرێت لە کام بەش و بوارییەوە دەست پێبکەیت. بەڵام چـــونکە بـــاوەڕدارە، موســـڵمانە، مەلایە، لە مەدرەســـەی مـزگەوتەوە پێگەشـتووە، یەکـێکە لە شـەیدایانی ڕێبـازی شـەهید (حەسەن بەننا)، مەلایەتیی لادێ و گوندنشینی نەکردووە و لەسەر زەکات و سەرفیترە نەژیاوە و کۆمەڵێ برای چاک و باشی بووە و یارمەتییان داوە، کە مەلایەتیی تەواو بکات، بە پیشـەی مامۆستایی و زۆر دڵسۆزانە و عاشقانە لە قوتابخانەکانی هەڵەبجە و سلێمانی دەرسـی وتـۆتەوە و لە ناوەنـدی قوتابخـانەی ئیسـلامیی دەوڵەتیی پایەیەکی قایم و مەحکەمی هەبووە و دۆستایەتیی و هـاوڕێیەتیی تەنیا کەسانی خاوەن ڕەوشتی بەرزی کردووە، لەگەڵ هەندێک لە هـاوڕێ و هـاودین و هاوڕێبـاز نـاوی هەڵەبجەیـان کردە پایەختی ڕابوونی ئیسـلامیی و مەدرەسـەی قورئـان و فەرمـوودە، کە بوویە جـێگەی ڕق و کیـنە و دڵڕەشـیی دوژمنـانی ئیسـلام و حـوکمی شەریعەتی خودا.

لەبەر ئەم هۆیانە، مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی، مـافی خۆیەتی هەمیشە لەیاد بێت و دێڕی سەرمەشقی بانگەوازخوازیی بێت، لە

خۆش و پڕ چێژ بوو، بۆ ڕاتبەی کۆکرنەوەی نان هەر یەکەمان بۆ شوێنێک خۆمان دیاریی کردبوو، مامۆستا عومەر بۆ تریفە و مەلا عەلی بۆ پریسی خواروو و مەلا مستەفا بۆ ناودێی پریس و بەندەش بۆ هانەسوورە، کە دەردەچووین بۆ ئەو کۆمەکە بە هەرچوارمان بە هەزار حاڵ نانی چەند ژەمێکمان بۆ خۆمان خڕ دەکردەوە.

بە ڕەحمەت بێت مەرحوم جەنابی (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەیز) ڕۆژێک ئیمامەتی بۆ دەکردین لە پریس، ئێمەش هەرچوارمان لە دوایەوە وەستابووین، لەگەڵ چەند فەقێ و چەند کەسێکی ئاوایی، مامۆستا مەلا عوسمان بە ڕەحمەت بێت، بە سروشتی خۆی چەند جارێک نیێتی نوێژی دەهێنا، کاتی نوێژی مەغریب بوو، من لە تەنیشت مامۆستا مەلا عومەر بووم، کە مامۆستا چەند جارێک نیێتی دەهێنا و نوێژەکەی دانەدەبەست، من خەیاڵم بەلای شتێکدا چوو کە نیێتی نوێژ بێنم، پاشان مامۆستا نوێژەکەی دابەست و منیش بە کەمێک دەنگی بەرز لەبەر خۆمەوە وتم: (نیازم هەس سێ چەمینەوە ئەکەم بۆ خوا، خواا گەورەیە، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان...)، لەو ئانەدا مامۆستا نوێژەکەی بڕی و فەرمووی ئەوە چ مەلعونێک بوو؟ هەمووی بێدەنگ بوو، تا جەنابی مامۆستا عومەر لە تەنیشتم فەرمووی وەلاهی جەنابی مامۆستا ئەوە مەلا لەتیف بوو، جا لەو زیاتر کێ ئەوێرێ ئاوا بکا؟ مامۆستا مەلا عوسمان وتی چییە لەتیف تێمگەیەنە؟ منیش وتم جەنابی مامۆستا، لە کاتی نیێتەکەی تۆدا ئەوەم بۆ هات مادەم نیێت ناتوانیت بە عەرەبی با بەکوردی بێت خۆ

درووستە، مامۆستاش فەرمووی ئاخر ئێمە لەسەر مەزهەبی شافیعیین، منیش وتم دەی خۆ ئەکرێ لەم دەقەوە یان لە حاڵەتێکی ئاوا بڕۆینە سەر مەزهەبی حەنەفی، وتی نوێژەکەو دابەستە لەسەری مەڕۆ.

لەم ساڵانەی دوایی کە بەندە لە هەولێر بووم کە خۆی لە خۆیدا جێگەی پێگەیاندنی مرۆڤی کوردە، زۆر پەیوەندیی گەرم و دۆستانەم هەبوو لەگەڵ مامۆستا مەلا عومەر، لەم ساڵانەدا، کە سەرنووسەری گۆڤاری (خۆری ئیسلام) بووم، لەناو ڕۆشنبیرانی ئیسلامی کوردستان، ناکۆکیی هەبوو لە نێوان (اللهم صلی علی محمد) و (اللهم صلی علی سیدنا محمد)، کە کامیان درووستە و ڕاستە، مامۆستا مەلا عومەر وتارێکی هێنا بۆم و لەو گۆڤارە بڵاوی بکەمەوە، کە ئەمە ناونیشانی وتارەکەی بوو، (اللهم صلی علی محمد) ئەرکە و (اللهم مصلی علی سیدنا محمد) ئەدەب و ڕێزە، لەبەر ئەوە هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان ئەم دوو بیرۆکەدا، کە ئەو وتارە بۆ ئەو ڕۆژە باشترین وتاری گۆڤارەکە بوو.

بۆ ئێمە و مانان لەگەڵ یادی مامۆستا مەلا عومەر دەرەجەی عالی بێت، یادی شەرعزان و بۆ خواسوڵحاو و زانایانی وەک مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا مەلا سالح و مەلا عەلی کۆکۆیی و مامۆستا شێخ عەزیزی پاڕەزانیی و مامۆستا مەلا مستەفای پێنجوێنی و هەموو ئەو زانا و مەلا و پایەبەرزانەی ڕابردوو بە خێر دەکەمەوە، خوا حەشرمان لەگەڵ پیاوچاکان بکات.

# بەرهەمدارانە ژیا و
# سەربەرزانە گەڕایەوە بارەگای پڕمیهری خودایی

خالد علی

زۆر کەمن ئەوانەی بە گەورەیی دەژین و بەگەورەی کۆچ دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خودای خاوەن و بەدیهێنەر..

مامۆستای مامۆستایان و سابقینی کاروانی هیدایەت و خواناسی و چاکسازی ، خوالیخۆش بوو مامۆستا عومەر ڕیشاوی یەکێک بوو لەو زانا مەزن و عارفە ڕۆحانی و بانگخوازە حەکیمانەی کە زۆر بەگەورەیی و بەرهەمدارانە ژیاو زۆر سەربەرزانە و ئاسودە گەڕایەوە بە بارەگای پڕمیهری خودایی .

هەرچەند بەندە زۆر لە خزمەتیدا نەبوم بەلام ئەو ماوەکەمەی کەبەندە بەخزمەتی گەیشتم و ناسیم ، زۆر سەرسام بوم بە زانستی فراوانی ، حیکمەتی ودانایی و دڵسۆزی لەڕادەبەدەری و خەمخۆری بۆ هەموان ، زانست ودڵسۆزی و میهرەبانی خوالیخۆشبو وەک بارانی بەهار هەموانی دەگرتەوە ، بارانێک وشکە ساڵی و دابڕانی بۆ نەبوو ..

ئەوە لە تایبەتمەندی خوا لیخۆش بوو مامۆستا عومەر بوو کە مادەی فیقهی کتێبە زەردەکانی ( وەک دەڵێن ) کردبووە سەرچاوەی بانگەوازو پەروەردە و هۆشیارکردنەوە و خواناسی و تێگەیاندن و پێگەیاندن، لەکاتێکدا کە باسی لە مەسەلەیێکی فیقهی

دەکرد لە هەمان کاتدا باسی لە گەورەیی و دانایی و حیکمەت و کاربەجێی خوای میهرەبانی دەکرد ، هەر لەهەمان کاتدا باسی گرنگی خواناسی و دینداری و رەوشت بەرزی دەکرد ، باسی لە دڵسۆزی و خەمخۆری دەست پاکی و ئەمانەت پارێزی دەکرد ، بەڵی ئەوە بەرپێزیان بوو ئیسلامی وەک ئەوەی هەیە بە گشتگیری (شمول) گرتبو و هەربەو شێوەیەش شاگردوو قوتابیانی فێر دەکرد ..

مامۆستای خوالیخۆش بو لە سابقین و سەرقافڵەی کاروانی بێداری ئیسلامی ناوچەکە بوە و لەگەڵ ئەوەی زۆر جار هەڕەشەی لێکراوە گرفتی بۆ دروست کراوە ، بەڵام ئەو زیاتر سوور بوە لەسەر کارو بەرنامەی خۆی و هەڕەشەو تۆقاندن و ڕێگریکردن بۆ ساتێکیش لە کارو بانگەوازو جوهدو جیهادی خۆی ساردی نەکردوەتەوە ، دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری مامۆستایانی ئەو دەڤەرە بەشێوەیەک لە شێوەکان قەرزاری زانست و بانگەواز پەروەردەو هیمەت بەرزی مامۆستای خوالیخۆشبون.

مامۆستای خوالیخۆشبوو کەسایەتیەک بوو زۆر ڕۆح سوک و بەردەوام دەم بە ویردو صەڵاوات و زیکرو یادی خوا بوو ئەوەی بۆ کەمترین کات لەگەڵیدا بوایە هەستی بە ئارامی و ئاسودەیی و چێژی روحی و ئیمانی دەکرد ، ئەو بەکردەوە نموونەی کەسایەتیەکی ئیسلامخوازو خۆنەویستی خوا ویست بوو ، ڕێزی لە رادەبەدەری لە میوان و بەرامبەرەکەی دەگرت، بەردەوام دامێنانکاری لە وتارو مەوعزەو ئامۆژگاری و بانگەوازو پەروەردەدا دەکرد، لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کردبوو بەڵام وەک

گەنجێکی خوێنگەرم و ڕۆح سوک پەرستشەکانی لە مزگەوت ئەنجام دەدا ، مەجلیسی ئەو تایبەت و ناوازە بوو ، مەجلیسی فیقە و زانست و تیگەیشتن لە قورئان و ژیان و سونەتی سەروەرو صلی الله علیە وسلم و هاوەڵان و پیاو چاکان بوو ، مەجلیسی پەروەردەو کارو بانگەواز بوو .

مامۆستا لە هەرشوێنێک بوایە پێش ئەوەی بیر لە شوێنی حەوانەوەو نیشتەجێ بونی خۆی بکاتەوە سەرەتا بیری لە دابین کردن و دیاری کردنی مزگەوت و شوێنی دەرس و دەورو پێگەیاندن دەکردەوە ، نمونەش ئەو ساڵانەی کەلە کاتی ئاوارەیی و لە ئۆردوگاکان بوون .

مامۆستای خوا لێخۆش بوو زۆر مەبەستی بوو موسڵمان زانست پەروەرو و زانستخواز بێت ، کارو کردەوەو پەرستشەکانی لەسەر بنەمای زانستی ڕاست و دروست بێت ، بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام ئامۆژگاری هەموانی دەکرد کە هەوڵی فێربون بدەن و زانستخواز بن .وە خۆی تادوا ساتەکانی ژیانی پڕ بەرەکەتی بەردەوام بوو لە فێربون و فێرکردندا..

هەزاران سڵاو رەحمەت درود بۆ رۆحی پاک و هەمیشە زیندوی مامۆستای خوا لێخۆش بوو .خوای گەورە بە بەهەشتی بەرین شادی کردبێت ..

# وتەیەك لە خزمەت
# مامۆستا عومەر ڕێشاوی زانا و فەقیهدا

د. احمد شافیعی

ناسینی بەندە بۆ بەرێز مامۆستا عمر ریشاوی ئەگەرێتەوە بۆ ناوەراستی هەفتاکانی سەردەی پێشوو ، کاتێ فەقێ بووم لە خزمەت مامۆستا مەلا عوسمان عەبدوالعەزیز.

مامۆستا ریشاوی (رحمە اللە) هەمووبەیانیەکی رۆژانی هەینی کاتژمێر هەشتی بەیانی لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان تەشریفیان ئەهێنا بۆ مزگەوتی شافیعی لە هەڵەبجەی شەهید . ئێمەش فەقێکان و چەند کەسێکی تر کۆدەبووینەوە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان وانەیەکی لە کتێبی احیاء علوم الدین امام غزالی بۆ شەرح ئەکردین و مامۆستا عمر ریشاویش وانەیەکی زانستی تەجوید هەر هەفتەیکیش وەک ئەرکێک دە ئایەتمان لەبەر دەکرد لە سورەتی الفتح ەوە دەستمان پێکرد.

**مامۆستا عمر ریشاوی:**
زانایەکی گەورە بانگخوزایکی بەتوانا و پەروەرشیاریکی سەرکەوتوو هەڵکەوتی رۆژگاری خۆی بایەخێکی زۆری بە پەروەردەی تاک و خێزان ئەدا، خەمخۆرێکی بەردەوامی رابوونی ئیسلامی بوو پیاوێکی زۆر حەکیم و ژیر و خاکی موتەوازیع و وتە شیرین نەرم و نیان و مرۆڤ دۆست و ئاین پەروەر ،

هەمیشـە لە خولیـای پاراسـتنی بیروبـاوەری گەنـج و لاوان بـوو بەردەوامـیش خەبـاتی بێوچـانی بـۆ ئەکـرد لەو پێناوەشـدا هەموو توانـای خـۆی بـۆ بەکـار ئەهێنـا مانـدوو نەناسـی لە هەر جێگە و شـوێنێ هەسـتی بکردایە و بیزانیـایە پـێ ویسـت بە قسـەی خێر و ئامۆژگاری بە شـەریفی ئەبرد زۆر بە حەکیمانە پەیام و ئامۆژگاری خۆی ئەگەیاند.

مامۆسـتا عمـر کەسـێکی زمـان پـاک و دەم پـاک بـوو هەرگیز ڕێگەی نە ئەدا بە تاییەت کردنی هیچ موسڵمانێک.

زۆر کـاری لەسـەر پـێکەوە ژیـان و تەبـایی و یەکریـزی و خۆشەویسـتی و قبـوڵکردنی یەکتـر ئەکـرد کەسـێکی خۆشەویستی گشـت خەڵـک بـوو جێگـای متمـانەی هەمـو لایەک بـوو مامۆستا چوبێتە هەر شـوێنێک شـوێنەواری چاکەی بە جێهێشتوە خەڵکانێکی زۆر لە زانست و پەروەردە و ئامۆگاریەکانی بەهرەمەند بوون.

زۆر حەزی بە تەفسـیری بەیضـاوی و ڕاڤەکردنـی احیـا علوم الدین و مکتوباتی ئیمام ڕەبانی بوو .

# ئەو مامە عومەرەی من هەمە...

تەها سۆلەیی

ئەو خاوەن هێزێکی نەرم بوو ، قسەزانێکی لەسەرخۆ بوو ، سەروریشی سپی و هزری نوێ و ڕۆحی گەنج بوو ، خەمی پەروەردە و عیلم و جەمعی لەکۆڵ نابوو.. فێرکردنی قورئان لەلای لە هەموو شتێ زیاتر بەسەنگ بوو ، ئەوکاتانەی ذابنیشتایە و منداڵێکی دەبستانی فێری عەممە بکردایە دڵگەرم بوو...

ئەو نووسەر بوو ، سەرکردە و ڕابەر بوو، ناو و هەیبەتی زۆر پێش پۆست و پلەوپایەی دونیایی کەوتبوو..

ئەوەندەی میراتی خۆشەویستی و خاکیی بوون و پەیامداری بەجێهێڵا ، سەد یەکی ئەوە میراتی ماددی بەجێ نەهێڵا ...ئەو دامەزرێنەر و ردێن سپی هەمووان بوو ، بەڵام هەتا کۆچی دواییشی کرد ، سەیارەشی نەبوو..لەخانوویەکی سادەی ئاساییدا ژیا ، بەڵام لەکاتێکی ئاڵتوونیدا ، کە تەنها تایبەتە بە ئەولیاکان کۆچی کرد....

ئاسانەی سووک بوو ، ڕۆح سووک بوو ، ئێسک سووک بوو ، ئەوەندە کۆڵی بەدنیاوە هەڵگرتبوو کە قیامەتی بۆ ئاوەدانکاتەوە..لەگەڵ گەورەدا گەورە و لەگەڵ منداڵا منداڵ بوو، لەو ئیسلامییانەی ئەو پەروەردەی هێمنی و نەرمونیانی کردبوون ، زۆر هێمن و سەلارتر بوو ...تەنانەت ناسراوێکی من کە تازە

مامۆستای ناسیبوو ، بە خۆشەویستییەکی هەڵقوڵاوی دڵیەوە بۆی گێڕامەوە ، دەویووت حەزم دەکرد کە هاتوچۆی ئێوارانی مامۆستا ببینم بۆ مزگەوتی گوندی زانکۆ لە هەولێر ، سەلاری و شەخسیەتی کەمەندکێشی مامۆستا لەبنمیچی دڵیدا نەخشی بەستبوو ، ئەو زۆر بەریئانە وتی پێمووتووە ، مامۆستا تۆ لە ئیسلامیی ناچیت ! ئەوەندە ناسک و ڕۆح سووک و بێ هەوابوو..

شانازی بەئیسلامەوە لای لەلوتکەدا بوو ، ئەو عومەر بوو لەغیرەتا ، عوسمان بوو لەشەرما ، ئەبووبەکر بوو لە ئیمانا ، عەلی بوو لە عیلما ، حەسەن بوو لە پۆست نەویستیا ، حسەین بوو لە بەگژاچوونی ستەما...

ئەو ئیخوانێک بوو ، عەیارە بیستوچواری لەقاڵبدراوی کوردەواری ، کە ئەو لەمەجلیسا بووایە ، گوڵی مەجلیس و کەسایەتی سەنگین و خاوەن هەیبەتی بێ ئەرک بوو ، کە قسەی دەکرد ، ئارەزووت بوو گوێی لێبگریت ..بەنموونە و بەسەرهاتی کورت ، پەیامی خۆی دەگەیاند...جارێکیان پێکەوە قسەمان دەکرد لەبارەی یەکگرتووەوە ، وتی : ئەم کاک سەلاحەم بەدڵە، ئەگەر لێی تێک نەدەن..

لە پرسەی کچە جوانە مەرگەکەشیدا، هەر لەبانگەواز و ڕێنوێنی بەردەوام بوو ، کچەکەی لەچەند خولەکێکدا لەمەکتەب کۆچی دوایی کرد ، لە ماڵەوە کەدانیشتبووین لە زەرگەتە ، دەیووت : ئەگەر کچتان هەبوو ، بیدەن بەکوڕی چاک ، کچەکە هەر هی خۆتانە و کوڕێکی چاکیشتان دەستکەوتووە ، چاوی گێڕا منی

بینی، وتی ئەوەتا ئێمە سوندوس هەرهی خۆمانە و شێخ تەهاشمان دەستکەووتوە..

ئەوەندە قیافە جوان و رێک دەوەستا لەحزورا بۆ نوێژ ، لەبینینی تێر نەدەبووی..

جارێکیان بینیم نامەیەکی نووسی ، لەخوارەوە ئیمزاکەی ئەبو جیهاد و ئوم هاودەنگ بوو ..

شوقەیەکمان کڕیبوو ، هات بۆ ماڵمان ، بەژوورەکاندا گەڕا ، وتی: شێخ تاها ، سوندوس خان ، ئەم خانووە هەر بۆ ئەوە باشە سوجدەی تیاببەن..

تەنانەت رێنمایی کردین وەکو ئەندازیارانی یەککگرتوو ، ئێمە کە بە مردووییش روومان دەکەنە قیبلە ، کەواتە واباشە بەزیندوویش رومان لەقیبلە بێت ، با ئەو خانووانەی دروستی دەکەن روو لە قیبلە بێت ، چوون نوێژ ئەوەندە گرنگی هەیە ، با لە ماڵا شوێنێک هەبێت تەنها بۆ نوێژ بێت..

ئەوەی مامۆستا عومەر ریشاوی ناسیبێت ، باوەڕناکەم خۆشی نەوویستبێت ..

ئەو رۆژەی تەرمەکەیان لەهەولێرەوە هێنایەوە ، من لەدووڕیانەکەی سەرچنار وەستابووم بۆ پێشوازی ، بێ هاشوهووش و پرۆتۆکۆل ، جەنازەکەی لەتابووتەکەدا خرابووە سەر چەمچەی قەمەرەیەک ، زۆر بەخێرایی سەیارەکە دەڕۆشت ، بەگوێی دل گوێم لێبوو ، دەیووت :قدمونی ، قدمونی..

سلاو لە رێشاو و زەردۆیی و هەڵەبجە کە پیاوێکی وا هەڵکەووتوویان پێبەخشین ...

مامۆستا مەلا عومەری ڕێشاوی ، ئەگەرچی لەدڵە زیندووەکاندا هەر زیندووە ، بەڵام وەکو شانازییەک بۆ پارێزگای هەڵەبجە ، گەرێ جادەیەکی فراوان ، قوتابخانەیەکی پێشکەتوو و جوان ، مزگەوتێک جمەی بێت لەموسڵمانان ، نەخۆشخانەیەک بۆ دەوای دەردان ، بکرێت بە ناوی ئەم زاتەوە، لەکتێبی پەروەردەی منداڵان ناوی بەرز رابگیرێت کە ئەو زۆری بەخشی بەهەموومان...بەڵام بەباری سووکی سەرشانیەوە گەڕایەوە بۆ لای خالقی ئەرز و ئاسمان ، ئەو زیندووە چوون هەمووماني فێر کرد چۆن بە ئەدەب و بۆ خوا سوڵحاو بین لە ژیان..دڵخۆشم بەوەی لەوانەیە یەکێک بم لەوانەی شەفاعەتم بۆ بکات لە بارەگای عەدلی خوادا ، لەریزی ئیمانداران.

# یاقوتەکانی یەعقوب ون نابن

مهدی محمود

بە هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاک و بەرزە فڕی مامۆستا عمر فتاح یعقوب (مامۆستا عمر ڕێشاوی) ، مامۆستا قەڵایەک بوولە هیمەت و ورە بەرزی، هەمیشە گەشبین و دووربین و ئومێد بەخش بوو، لە نیشانەی متمانە بەخۆ بوونی هەمیشە هێمن و ئارام و دەم بە زەردەخەنە بوو، هەیبەتی لەگەڵ خاکیبوندا کۆکردبویەوە! بۆ خۆی بە عەزیمەت دەژیا روخسەتیشی نیشان خەڵکی دەدا! لە پابەندی بە مزگەوت و نوێژی جەماعەت کەم وێنە بوو، تەمەنی هەبوو بەڵام جم و جوڵ و ڕێ و ڕۆشتنی گەنجانە بوو، عاشقانە و پەروانە ئاسا بەدەوری شەمعی ئیسلامدا دینداری وخواپەرستی دەکرد نەک وەک ئەدای تەکلیف و فەرز بەڕێکردنێک ! عاشق و شەیدای قورئان بوو ، زۆر ڕێزی لە زانایان دەگرت و دەیوت ئەوەی من دەیزانم لە سەر زانایان ئێوە بیزانن زیاتر لە ئێستاتان ڕێزیان لێدەگرن، مامۆستا ئەنیس بوو، خزم دۆست بوو، لەناو خزم و کەس و کاریشیدا خاوەنی ڕێزی زۆروپلەی گەورە و تایبەت و شایان بەخۆی هەبوو، مەجلیسی خۆش و پڕ زانیاری و ئیمانی و ڕۆحانی و مەحەبەت بوو، هەمیشە وشەی (کەسەکەم، کەسەکانم ) دەستپێک و کردنەوەی قسەکانی بوو لەگەڵ خەڵکیدا .

لە دوو سـالّی ئۆردوگـای (گەلیـاران)ی ئێـران پـاش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەخزمەتیدا بووین وانەکانی (ئوصولی فقە، احیاء علوم الدین، فقە، نحو ) مـان دەخوێند، زانا بوو، دانا بوو، هەرپرسیارێکت لێ بکردایە لە پسپۆرییەکەی خۆیدا وەڵامی وردی بۆی هەبوو، مامۆستا قسەی نوێی هەبوو لەسەر هەندێک پرسی چەقبەستوو، مامۆستا هەماهەنگ لەگەڵ پسپۆری لە زۆرێک لە زانستە ئیسلامییەکانیشدا پەروەرشیار بوو، بەهیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە وشـەیەک، یان بە زمانی جەستە، یـان بە ئیشارەتێک ئازاری کەسـی نەدەدا، هەمـوو ئەوانەش ڕێگر نەبوو لە حەسمکردنی هەرشتێک کە پێویست بوایە .

*هەڵوێسـتێکی مامۆسـتا : ڕۆژێکیـان لە مزگەوتـی شـەهیدانی هەڵەبجە هـاتینە دەرەوە وتیان پرسـەیەک هەیە لە فـلان مزگەوت، مامۆسـتا فەرمـوی بـابڕۆین، دوایـی وتیـان مامۆسـتا ئەوە پرسـەی فـلان کەسـە زۆر دوور لە دینە، مامۆسـتا فەرمـوی تـا ئێسـتا بیرم لەوە نەکردۆتەوە بۆ هیچ پرسـەیەک ئەوە پرسـەی کێیە و کێ نییە! هەر بـوارم بوبێـت ڕۆیشـتوم ودەڕۆم ! بـراینە ئەوە کارەسـاتی مـردنە ئـێمە دەچـین بـۆ سـەرەخۆشـی و دڵـدانەوە، ئـێمە لەسـەر ئەساسـی تەقیـیم مـامەڵ نـاکەین، هەرکەسـێک مـردووە دەچینە پرسەکەی !

لە ئوردوگـای گەلیـاران سـالانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ کە مـانگی ڕەمەزان لەمانگی ٤ دا بوو عادەت وابوو هەمـوان یان زۆرینەی ئەهلـی مـزگەوت شـەوانی ڕەمەزان لە مـزگەوت دەمـاینەوە تـا پارشێو، بە تایبەت دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان !؟ مامۆستا کە زانی

خەڵکەکە نیازیـان وایە، لە وتـارەکەی پـاش نـوێژی تەراویحـدا فەرموی من زۆر موتابەعەی مانەوەی شـەوانی ڕەمەزانم کردووە لە کتێبەکانـدا، تـا ئێسـتا هـیچ شـتێکم بەر چاو نەکەوتـووە کە ئەو مانەوەیە واتا نەخەوتـن تـا بەیانی پشـت ڕاست بکاتەوە ! کەسێک ناخەوێت تـا بەیـانی ؟! گەر مامۆسـتایە چـۆن وانە دەڵێتەوە؟ گەر پزیشکە چۆن عەمەلیات دەکات ؟ گەر پیشـەی سـائیقی سـەیارەیە چۆن سـایەقی دەکـات؟ گەر خوێنـدکارە چـۆن دەتـوانێ بچێت بـۆ قوتابخـانەو وانە بخـوێنێ؟ هەروەهـا بـۆ هەمـوو پیشـەکانی تـر ! و وتی زۆرن ئەوانەی نوێژی بەیانیشان دەفەوتێت ئەوەندە ماندوون و خەویـان دێـت ! ئەمە کـێ هێنـاویەتی ! بەڵـی ڕێگریکـرد لە مانەوەی شەوانی ڕەمەزان تا بەیان، وتی ئازابن بۆ نوێژی بەیانیان ئامادەبن، ئەمە بۆخـۆی داهێنـانێکی نـوێ بـوو خوای گەورە لێی ببورێت و بە بەهەشتی بەرینی شادبکات .

# هاوڕێیەتیم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

مەلا کەریم مۆردینی

ناوم: مەلا کەریم کوێخا عبدوڵای حەمەوەیس، ناسراو بە مەلاکەریمی مۆردین، ساڵی ١٩٣٥ لەدایکبووم، خوێندنی فەقێیەتیم لە تەمەنی دە ساڵی لە چنار دەست پێکرد، لای مامۆستا مەلاعەلی ڕەشید کەیخەسرەو، دواتر هاتمە چاوگ لە خزمەت مامۆستا مەلا شەفیقی کۆکۆیی نزیکە هەشت ساڵ لە خزمەتی بووم، پاشان ڕووم کردە عەنەب لای مامۆستا مەلا مەحمودی عەنەب و مامۆستا عەبدوڵای گوڵپی، دواتر وەک یەکەمین نەمامی خانەقای بیارە لەسەر داوای شێخ عوسمان سیراج الدین ڕۆشتمە بیارەو دواتر ڕوومکردە تەپی سەفا لە خزمەت مامۆستا عبدالعزیز پارەزانی ومامۆستا عومەر ڕێشاوی کە جەنابی مامۆستا عومەر ( مستعد) بوو منیش ( سوختە) .

لە کودەتای عبدالکریم قاسم لە گەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاوی و مامۆستا مەلا موحەمەدی بامۆک( خەزوری مامۆستا حەسەن شەمێرانی) سەرباز بووین لە ( حامیەی سلێمانی - پارکی ئازادی ئێستا) .

لە ئەسنای کودەتاکە ئەو کات ئیخوانیش هەبوو بەلام کەس نەیدەوێرا خۆی ئاشکرا بکات . دروشمی شیوعی و کودەتاچییەکان ئەمانەبوو: ( ماکو مهر بعد شهر، لا زواج بعد الیوم ،جمهوریە

جمهوريـە ، فـەرقی پیـاو و ژن نیـە، عبدالكريم خێراكـە، خائینـەكان ئیعدام بكە) . ئەوەی مایەی شانازی من و مامۆستا عومـەرە، لـەو كاتـەدا لەخزمـەت مامۆسـتا كتێبـی ( شـبهات حـول الاسـلام ی موحەمەد قوتبم) دەخوێند.

ئێمە ئەم سێ كەسە لە مزگەوتی ( كانی ئاسكان) نوێژمان دەكرد بە جلی سـەربازیەوە، مامۆسـتا عومـەر پێشنویژی بۆ دەكردین و منیش قامەتم بۆ دەكرد دوای نـوێژیش بـە دەنگی بـەرز ویردەكـانم دەخوێند . بەم شێوە بەردەوام بووین، ڕۆژێک دوای سڵاو دانـەوە، ئینزیباتێـک هـاتوو وتـی : ئـامر بانگتـان دەكـات. مامۆسـتا مـەلا موحەمەدی بامۆک وتی كەریم نەمووت ئەماندەی وە ئیعداما !!

بردینیـان بـۆلای ئـامر، ئـەو لەبـەرمان هەسـتا و ڕێزێكی زۆری لێگرتین و دواتر وتی : بە قوربانی ئەو ناوچاوانەتان بم..

دواتـر لـە ( سـاحەی عـەرەزات) ئـامر ریـزی كـردین و مشـتێک خۆڵی هـەڵگرت و مـاچی كرد و ڕووی لەسـەربازگەكە كردو وتـی: ئەم خاكە بـە خـوێنی سـەحابە گیـراوە، دەخیلتـان بـم مـەهێڵن پیس ببێت !!

لەگـەڵ مامۆسـتا دوای عەسـران ئـەهاتین بـۆ پیاسـە كـردن بـۆ سەركارێز و گۆڕستانی سـەیوان .

الحمد لله تا مامۆستا لەژیان بووە پەیوەندی بتەومان هەبووە، لە مۆردین ،لـە هەڵەبجـە، لـە ئـاوارەیی و سـلێمانی و تـا وەفـاتی مامۆستا .

ریز ونزای خێرم بۆ كوڕانی مامۆستا هەیە، داوایان لێدەكـەم، ڕێچكەی باوكیان بەر نەدەن..

# لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

لە نێوان ئارەزووی عەقل و ئارەزووی نەفسدا کێشمانکیش هەیە، عەجایب نیە ئەمرۆ ئارەزووی نەفس بەسەر ئارەزووی عەقلدا زال بوبێ.

❊❊❊❊❊❊

ئێوە گەلی براینە لە باتی ئەوەی (ئادەم)ی جێگیری بەهەشت بن، داخۆری بەهەشتن ، بۆیە هەست بە بەختەوەری ئەم بەهەشتی ژیان ناکەن.

❊❊❊❊❊❊

بە کەل و پەل و شتی جوان و نایاب شوێن و جێگەم لا خۆش نابێ،با نوێژ و قورئان خوێندن و خوێندنەوە لام دەبێ بە بەهەشت.

# پەیڤ و یاداوەری
# بۆ مامۆستا (عومەر ڕێشاوی)

قاسم گەلالی

لەگەڵ یەکەمجار دیدەم بە دیتنی مامۆستا ڕێشاوی شادبووم لە ساڵی ( ١٩٩٤ )، لەناخ و سیمای ئەم مامۆستا بەڕێزە چەند وشەیەکم خوێندەوە کە بریتی بوو لە ( بیری تیژ و هیمەتی بەرز و خاکی بوون ).

مامۆستایەک خەمخۆر بۆ پەیامەکەی، دڵسۆز بۆ شوێنکەوتووانی پەیامەکەی، خۆنەویست بەرامبەر پارەو پۆست و پلە و پایە، خۆشەویستی لای برا و خوشکەکانی لە یەکگرتووی ئیسلامیی.

بۆیە هەرکاتێک لەدوای ئەو دیدارە تاوەکو وەفاتی، کە ئەم مامۆستا بەڕێزەم دەبینی لە ژیانمدا، لە ناخی دڵم سێ وشەی پڕ بە دڵم هەڵدەقولا و دەهاتە ناو هزرو سەرزارم ئەوانیش: { خواویستی و خۆنەویستی و خەڵکدۆستی }.

لەو کاتەی بەڕێز مامۆستا ( عومەر ڕێشاوی ) ماڵی هاتە هەولێر لە ساڵی ( ٢٠٠٠ )، من ( قاسم گەلالی )، ئەو کاتە بەڕێوەبەری ( دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەولێر ) بووم، بۆیە ڕۆژێک هاتە خەیاڵم وەکو (بەڕێوەبەر ) ی ڕادیۆ سەردانی مامۆستا بکەم و داوای ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی

هەفتانەی ڕادیۆیی لێبکەم.... ( الحمد لله )، خوا تەوفیقی دام چوروم و سەردانم کردوو داوام لێکرد و پێم گوت: (مامۆستای بەڕێز ئێمە وەکو بەرهەمی خەباتێک و نیعمەتێک سەیری خۆت و توانار ئیستیقامە و دامەزراویت دەکەین، بۆ شوکرانەی خوا لەسەر ئەم نیعمەتە داوامان لە بەڕێزتە، کە بەرنامەیەکی هەفتانەی ڕادیۆیی لە ( دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەولێر ) ئامادەو پێشکەش بکەین، ئەویش ڕەزامەندی نیشان دا ).

دواجار مامۆستا خۆی هەواڵی پێداین، کە لە ڕۆژانی هەینی کاتژمێر (٩ ) ی بەیانی تەفسیری سورەتی ( الکهف ) ئامادە و پێشکەش دەکات.

ئیتر مامۆستا دەستی پێکرد هەموو ڕۆژانی هەینی، بیسەرانی دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەولێری دڵخۆش دەکرد، بە وتە زانستی و نەرم و ئامانج دارەکانی، بەردەوام بوو.. بەردەوام بوو بێدواکەوتن، تا گەیشتە ئایەتی ( ١١٠ )ی کۆتایی سورەتی(الکهف)، کە ڕاڤەی ئایەتەکە بکات و لەو ئایەتەشدا هاتووە ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ **الكهف:** ١١٠. ئیتر پێش ئەوەی ڕاڤەی ئایەتەکە بکات بە عەمەلی پێش وادەی پێشکەشکردنی بەرنامەکەی لە ڕادیۆ بۆ ڕاڤەی ئەو ئایەتە چۆوە بۆ لیقای پەروەردگارو.... لە سەحەرێکی پڕ فەڕدا بە دەستنوێژ و ئامادە بۆ نوێژ و نزای سەحەر کۆچی کرد و ئێمەی جێهێشت.

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە چەشنی مامۆستا ( عمر ڕێشاوی ) ئیستیقامە و ئیفتیخار و پابەندبوون و پەیامداری و خوا ویستی و خۆنەویستی و خەڵک دۆستیمان پێ ببەخشێت د

سەرکەوتوومان بکات وەکو مامۆستا ( ڕێشاوی ) لەبەرامبەر ئیمتیحانی پۆست و پلەو پایە، هەروەکو ئەو بوون و نەبوونی پۆست و پلەو پایەمان لەلا یەکسان بکا و لە گەرم و گوڕیمان کەم نەکاتەوە بۆ خزمەتی پرۆژە و قوتابخانەی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ).

# فرمێسکێکی بە خوڕ، بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

عومەر چنگیانی

هەواڵی دڵتەزێنی دواکۆچی مامۆستای پایەبەرز (مامۆستا عومەری ڕێشاوی) هەر هەست و سۆزی نەبزواندم و تەنیا کانیاوی فرمێسکمی نەتەقاندەوە و بەس، بەڵکو هەستی شەرمەزاریشی تێدا ورووژاندم بەرامبەر بە ئایەتی ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ **الحجرات: ١٠**. کە تا ئەوکاتەی لە دەزگای ڕاگەیاندنەوە بڵاو کرایەوە کە مامۆستا لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، نەمزانی کە ئەو شاری قەڵا و منارەیەی منی لە ئامێز گرتووە، جەنابیشی لەسەر سەر دانابوو؟!

هەربۆیە کە بە دەم هەنسک و قوڵپی گریانەوە دەڵێم: ئەگەر تا ئەمڕۆی تەمەنیشمان تێپەڕاند و دەقە پیرۆزەکان زۆر کاریان لە دڵە بەردینە بڕوا لاوازەکانمان نەکرد، دەبا خەمە هاوبەشەکانمان بۆمان ببنە مامۆستا و پەندیان لێ وەربگرین، خۆ مەرگ خۆی بەسە بۆ پەندلێوەرگرتن.

لە ڕاستیدا بە بڕوای من مامۆستا هەر سامانی لەکیسچووی برایانی (یەکگرتووی ئیسلامی) نەبوو کۆستەکە لەوان کەوتبێت و سەرەخۆشییان لێ بکرێت، بەڵکو سەرجەم قوتابیانی ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان، دەبێ دڵنەوایی یەکتر بکەین، بۆ لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە دانسقەیە پیرۆزەدا، هەر بۆیە من وەک

قوتابییەکی سەلەفی لە ئاستی خۆمەوە بە مردووی هەردەم یادزیندووی خۆمی دادەنێم، ئەگەرچی هەندێ بابەتی واش لە نێوانماندا بووبێ کە وەک یەک بۆی نەچووبین، بەڵام خۆ هەردوو لامان هەر هەوڵی گەیشتنمان بووە بۆ ئەو بەهەشتەی کە دەروازەکانی "هەشت" دەروازەی گەورەی دوودەرین و پشتیوان بەخوا بۆی دەچێ و ئێمەش سایەجەم.

من لێرەدا یاداشتێکی خۆم لەگەڵ مامۆستای پایە بەرزدا خوا لای خۆی پایەبەرزی بکات، تۆمار دەکەم بۆ مێژوو.

شەوێک لە شاری سلێمانی لەماڵێکدا دانشتبووین و کۆڕەکە کۆڕی تازێ و سەرەخۆشی بوو، لەگەڵ جەنابیدا قسەمان رووبەڕووی یەک بوویەوە و منیش بە هەستێکی پڕ لە جۆشەوە لە بەرامبەری ڕاوێستام و وەک پاڵەوانێکی سەرکەوتوو خۆمم لێگۆڕرا و دڵی مامۆستام نیگەران کرد و کۆڕەکەم جێهێشت و چوومەوە ماڵی خۆم، پاش چەند شەوێک ئاگاداریان کردم کە مامۆستا تەشریفی هێناوە! هەر کە چاوم پێی کەوت بە زەردەخەنە و هێمنییەکەوە فەرمووی: قوربان وا بزانم ئەو شەوە نیگەرانم کردیت؟ بۆیەکە هاتووم داوای لێبوردنت لێ بکەم.

**بەرەڵداکردنی نەفست زەرەرخێزە و فەسادئەنگێز**

**بە ڕەحمەت بن قەدیمی ئێمە فەرموویانە: (خەربەستە)**

**قصێکی پڕ لە تەئثیری بە فرزەندی دەوت پیرێ:**

**(عەزیزم)، تازە گەیوی تۆ، ئەمن باری سەفەر بەستە**

# یادەوەرییەک سەبارەت بە مامۆستا عمر ڕێشاوی

محمد ملا عمر

مامۆستا پیاوێکی ڕاساڵ و خواناس و لەسەر خۆ و هێمن بوو، خاوەنی باوەڕێکی ڕاست و ڕەوشتی بەرز و ئاکاری جوان بوو، ولەناو هاوەڵەکانی و کەسە نزیکەکانیدا خاوەنی پێگە و ڕێزی تایبەتی بوو، لەلای مامۆستایانی خۆشەویستبووە بەتایبەت لەلای مامۆستا مەلا عثمان عبد العزیز، خوای لێی خۆش بێت، کە هەردەم بەخێر و چاکە ناوی دەبرد. مامۆستا عمر ڕێشاوی پاش ئەوەی قۆناغەکانی زانستی شەرعی بڕی، بەپێویستی زانی کە لە پێناو ئیسلامدا کۆشش بکات و موسوڵمانان وریا بکاتەوە، بۆیە بێووچان لەم ڕێگەدا نکوڵی نەدەکرد و زۆر کەس لە ئاڕاستەو ئامۆژگارییەکانی بەهرەمەندبوو، من بۆخۆم یەکەمجار ڕێم لەخێر کەوت و هاتمە ناو ڕیزەکانی ڕابوونی ئیسلامی لەڕێگەی مامۆستاوە، هەتا ئێستا لەبیرمە لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٢ ڕۆژێکی هەینی کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی لەمزگەوتی مامۆستا مەلا صالح لەگەڕەکی کانی عاشقان لە هەڵەبجە، چەند گەنجێک لەکوڕانی گەڕەک خەریکی گاڵتەو گەپ بوون و دەروێشێکی هەژاریان تووڕەکرد و لاقرتیان پێدەکرد، منیش لەو کاتەدا گەشتمە حەوشەی مزگەوت و خەریکبوو هاوبەشی ئەوگەنجانە بکەم، بەڵام پاش

فەزڵی خوا مامۆستام دی لەسەر حەوزی مزگەوتەکە دەستنوێژی گرتبوو دەیویست بچێتە نا مزگەوتەوە و ئاوڕی دایەوە و بانگی کردم و فەرمووی کاک محمد( مەبەستی برایانە بوو) بەوشێوە تەماشای تۆ ناکەین، منیش خێرا وازم هێنا و وردە وردە لەگەڵ مامۆستا چوومە مزگەوت و تەماشامکرد چوار بەڕێز لەبانگخوازان دانیشتبوون،کە بریتیبوون لە مامۆستا صدیق عبدالعزیز، مامۆستا جلال صالح و مامۆستا شریف حاجی کرم خان و مامۆستا ابراهیمی مەیسوراوایی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات کە فەقێ بوو لە لای مامۆستا ملا صالح، پاش ئەوەی هەموو دانیشتن نامیلکەیەکیان هێنا بەناوی (التوجیه الاسلامي) ژمارە (٥) باسی دووخاڵی گرنگی دەکرد کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەربکەین و موسوڵمانانی لێ وریابکەیتەوە وکۆششی بەردەوامی لەپێناودا بکەیت ئەمەش دوو خاڵەکەیە :

یەکەم: دوژمنانی ئیسلام هەوڵی زۆریان داوە و تا ئێستا بەردەوامن بۆ ئەوەی موسوڵمانان چەواشەبکەن و بەلاری لە ئاینە پیرۆزەکەیان بگەن وهاوتای بکەن لەگەڵ ئاینی کڵێسەدا کە پێی وایە ئایین شتێکی کەسییە و تەنها پەیوەندییەکی ڕووتە لەنێوان خواو بەندەکانیدا و پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە نییە، بۆیە پێویستە لەسەرشانی زاناو بانگخوازانی ئیسلامەوە بێنە مەیدانی تێکۆشان و ئەم بۆچوونە هەڵەیە پووچەڵ بکەنەوە و لەو پێناوەدا کەمتەرخەمی نەکەن.

دووەم: دوژمنانی ئیسلام بە نەخشەو پلان توانیویانە ئیسلام لەحوکمڕانی دوور بخەنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی، بۆیە

موســـولّمانان وشـــيارين بەهەمـــان ڕێگەهەوڵەكانيـــان پـــووچەڵ بكەينەوە...

پاش تەواوبوونی دانيشتنەكە هەموو هاتينە دەرەوە ئاگام لێبوو مامۆستا چپەی ئەكرد لەگەڵ ئەو چوار بەڕێزە ئايا بەكەڵك دێن يان نا؟ مەبەستيان من بوو، پاشا مامۆستا فەرمووی كاك محمد ئەتوانی بۆ ئەم هەفتە كەدێتەوە شتێكمان بۆ ئامادەبكەيت؟ منيش بەڵێنم داو فەرمووی چی باس دەكەيت؟ لە وەڵامدا عەرزم كرن لەكتێبخـــانەكەی باوكمـــدا نـــاميلكەی زۆری تێـــدايە، بەتـــايبەتی نـــاميلكەيەكی خۆشـــم تيـــا بەديكـــرد بەنـــاوی( ژيـــان لەژێـــر ئـــاڵای قورئانـدا) يەكێكە لە نووسينە بەهێز و بەپێزەكـانی پێشـەوا حسن البنا، پاش تێپەڕبوونی هەفتەكە، لەدانيشتنێكدا ناميلكەكەم باسكرد و هەتا ئێستەش بڕگەيەكم لەبەرە كەدەڵێ: هنـا الهدايـة والرشـاد، هنا الحكمـة والسـداد، هنـا نشـوة البـذل ولـذة الجهـاد، فلتسـارع اذا إلى الكتيبـة الخرسـا و وليضـمك معسـكر الاخـوان المسـلمين). تەنانەت ئەوەم لەبيرماوە هەڵەيەكم كرد لەخوێندنەوەی وشەی(وليضمك) دا مامۆستا هەڵەكەی بۆ ڕاستكردمەوە.

# ماموستا عمر ڕێشاوی
# نموونەی دیدی ستراتیژی بوو

بورهان حاجی هادی

جەنابی ماموستا عمر ڕێشاوی نموونەی دیدی ستراتیژی بوو، کاریگەربوو لەسەر واقیع و، نە ئەکەوتە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان.

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە دێی زەمەقی ئاهەنگێک سازکرا بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (د. خ ) زۆر کەس بەهۆی دۆخی ئەفغانستان و ئێرانی ئەو کاتەوە حەماسەتی ئیسلامی گەرمیکردبوون و وتاری ئاگرینیان پێشکەشکرد لە ئاهەنگەدا ، بەڵام ماموستا بەدیدیدە ستراتیژیەکەی خۆی وتارێکی ئارامی بونیاتنەری پێشکەشکرد دوور لەهەموو حەماسەتێکی ڕوخێنەر .

لەدوای ڕاپەڕین و ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی – وەک حیزبێکی سیاسی – زۆرینەی هەرە زۆر لایەنی سیاسی زاڵبوو بەسەریاندا و خیتابیان بوو بە خیتابێکی سیاسی ، بەڵام خیتابی ماموستا بەردەوام لە دەوری بابەتەکانی پەیامەکانی نور و کتێبی (تهذیب مدارج السالكين) و ( إحياء علوم الدين) و زەوابیتەکانی (أصول الفقه ) دا ئەسوڕایەوە.

دوای چارەکە سەدەیەک دەرکەوت مامۆستا خاوەنی دیدێکی چەند ستراتیژی ڕوون و گەورە بووە .

مامۆستا خاوەنی کەسایەتیەکی هاوسەنگیش بوو:

لەکاتێکدا زۆر کەس گرنگییان تەنها بە یەکێک لە عەقیدە و ئیمان یان ئەخلاق و تەزکیە یان فقە و عیبادەت ئەدا ، مامۆستا تەریب بانگەوازی بۆ هەموویان ئەکرد . جەنابی مامۆستا ڕووداوەکان ئەولەویاتیان لێ تێکنەئەدا .هەمیشە عیبادەت لەپێشی پێشەوەی ئەولەویاتی بوو .مامۆستا مەعروفی ئەکرد ئینجا فەرمانی پێئەکرد، وازی لەمونکەر ئەهێنا ئینجا نەهی لێئەکرد .

ئای چەند گەورەبوو بەلامەوە کاتێک یەکەم ڕۆژی جەژن چوینە خزمەتی بۆ جەژنە پیرۆزە لە حەوشەکەیاندا تەلەفزیۆنی هەڵکردبوو و چکلێتی بۆگێڕاین ، لەکاتێکدا عەرەفە یەکەم ڕۆژی تەعزیەی کاک حەیدەری برا گەورەی بوو .

# عومەر ڕێشاوی
# (مرۆڤ و مامۆستا و بانگخواز)

عومەری حاجی عنایت

زۆرن ئەوانەی دونیا جێدەهێڵن و دیگەران لە دەستیان رزگاری دەبێت، کەمن ئەوانەی کۆچدەکەن و ئەوانی دیکە بەداخن بۆیان، ئەوان دوای خۆیان بۆشاییەک جێدەهێڵن پڕکردنەوەی ئەستەم دەبێت، هەر خۆی سروشتی مرۆڤ ئاوایە، کاتێک لە ژیاندایە بەردەوام هەوڵ و تێکۆشان دەکات، بۆ بە دەستهێنانی دڵی دیگەران و گەیشتن بە لوتکەی خۆشیەکانی ژیان ئەمەش مافی هەموو کەسێکە، بەڵام پێویستە مرۆڤ چەند هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە لوتکەی خۆشگوزەرانی، بەردەوام هەڵوێستەیەک بکات، کاتێک لە تەقەلادایە بۆ گەیشتن بە لوتکەی بەختەوەری ، ئاوڕێک لەوانەی خوار خۆی بداتەوە، دیدی خۆی سەرەو لێژ بکاتەوە و سەرنجی ئەوانە بدات بۆ پاروە نانێک عەودالن و دەستان پێی ناگات، ئەگەر مرۆڤ بەم شێوەیە هاوسەنگی لە نێوان بەختەوەری و بەدبەختیدا رەچاوکرد، دەگاتە راستیەک پێی دەوترێ رازیبوون، قایلبوون، یان قەناعەت ئەوەندەی من سەرنجی مامۆستا عمر رێشاویم دابوو، هەڵسوکەوتەکانیم خستبووە ژێر چاودێری خۆم، ئەو پیاوێکی قانع و رازی بوو، بەو بەشەی خودا پێیدابوو، چەند هەولی بۆ ژیانی دونیایی دەدا، چەندین بەرامبەر ئاگای لە دونیای

بێ کۆتایی بوو ، کاری بۆ دەکرد، بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی ئەم سەر زەویە تەقەلای خۆی دەکرد، بەڵام ئەو بەردەوام رەچاوی هاوسەنگی لە نێوان خۆشگوزەرانی و خراپگوزەرانیدا لەبەرچاو بوو، بۆیە هەمیشە بە بەختەوەری دەبینرا، مامۆستا عمر یەکێک لەو کەسایەتیانەی شاری هەڵەبجە بوو، شوێن پەنجەی لە بواری فێرکردن و بانگخوازی ئیسلامیدا دیاربوو، مرۆڤێکی ساکار، خاکی، لەسەرخۆ، توڕەبوون لە سروشتی ئەودا نەبوو، بە کۆچکردنی داخی نا بە دڵی دۆستان خزمان و هاو سەنگەرەکانی لە بواری بانگخوازی و ئیسلامگەراییدا، تەنانەت نەیارەکانیشی بە کۆچکردنی دڵخۆش نەبوون (ئەگەر نەیارێکی ئەو لە گۆڕێدا هەبوو بێت!!)، کۆچی ئەو کۆچێکی ناوەخت بوو، هێشتا زوو بوو، وادەی خزمەتی زۆر مابوو، پەیامەکانی هێشتا نەگەیاندبوو، ئەو بە مانای وشە مرۆڤ بوو، بەرامبەر ئەوانەش کە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەودا هاوڕا نەبوون، یان دژ بوون، بە هەمان نەزمی هاوبیرەکانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن، ئەو لەو دڵۆپە بارانانە دەچوو، بەردەوام دەبارن، تا شوێنی خۆیان لە سنگی بەردە سەختەکاندا بکەنەوە، ئاسەوارێکی وا جێبهێڵن بۆ ئەبەد نەکوژێتەوە، قسەو گوفتارو دەستەواژە پڕمانا، کورتەکانی ڕێشاوی لەسەر بەرامبەرەکەی لەو دڵۆپە بارانانە کاریگەرتر بوو، کەسە دڵئاسنین و نەیارەکانیشی ڕێزیان لێدەگرت، بە شێوەیەک لەگەڵ خوداناسی و بیرو باوەڕەکەیدا راستگۆ بوو، بەدەم ڕێگاوە لە دانیشتن و کۆڕو کۆبونەوەکانیشدا، بیری لای یەکتاپەرستی و خودا ناسین و ئامۆژگاری کردن و ئامۆژگاری وەرگرتن بوو، لەگەڵ منداڵا ئەو

منداڵانە و لەگەڵ گەنجەکاندا لاو، لەگەڵ گەورەساڵاندا پیری پیران بوو، بەزمانی ئەوان دەدوا، بەهێمنی و لەسەرخۆ پەیامەکەی دەگەیاند، من هەرگیز توڕە بوونم بەم پیاوە بە ئەمەکە دیندارەوە نەدی، کە دەهاتە دوکانەکەی باوکم و گوێم لە ئاخاوتنەکانی شل دەکرد، وانەی ئارامی و لەسەر خۆبوون، گەیاندنی پەیامم لەوەوە یاد دەگرت، ڕێشاو گوندێکی چەپەکی نەدیدی سەرسنورە، بەڵام کاتێک مامۆستا پاشگری ڕێشاو بەخۆیەوە دەنێ، ئەم گوندە چەپەکە نادیارە، وەک مانگی چواردە درەوشایەوە و لەسەر ئاستی کوردستان دەرکەوت و ناسرا، شانازی بەوە دەکات بوەتە پاشگری ناوی مامۆستا عمر، ئەم زاتە چەند براو خوشکی هەبوو دیارە باوکیان زوو کۆچیکرد، مامۆستا عمر ڕێشاوی بووە سەرەی دیاری ماڵ، بووە باوکو برا گەورەیان، سەرپەرشتی خێزانێکی گەرەی کەوتە ئەستۆ، بە ئەمانەتەوە ئەرکەکەی بەجێگەیاند، ناکرێت کاتێک باسی مامۆستا عمر دەکەم، خۆم نادیدە بگرم لە کەسایەتیەکی وەک مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، هەرچەندە ئەوان دوانەی یەک سکی دایکیان نەبوون، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم دروست کۆپی مامۆستا عمر بوو، هەر دەبوایە وابوایە، چونکە مامۆستا ئیبراهیم و براکانی دیکەی پەروەردەی دەستی مامۆستا عمر بوون، بۆیە ئەم خێزانە توانیان کۆمەڵێک مرۆڤی خزمەتگوزار و مرۆڤ دۆست و بانگخواز بەسود پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن، سەد حەیف دەستی قەدەر زووتر بەرۆکی مامۆستا ئیبراهیمی گرتوو مەودای نەدا پەیامەکەی ڕێشاوی لە بواری بانگخوازی ئیسلامی و دینداریدا درێژە پێبدات و مەرگی پێش مەرگی مامۆستا

عمـر کەوت، بەم کۆسـتەش مامۆسـتا عمـر ریشـاوی نەلەرزی و وانەی خۆڕاگری و ئارامی و دانبەخۆداگرتنی بە دیگەران گەیاند، ئەم خەسـڵەتە بە کوڕەکانیشـیانەوە دیـارە، سـوپاس بـۆ خودا دیاریەکانی مامۆستا عمر ریشـاوی بـۆ کـۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستێکدان جێگای شانازی دۆستان و خزمانن، بە رەفتارو کردارە سەنگینەکانیان بوار بە نەیارەکانیشیان نادەن بیانکەنە ئامانجی خۆیان، ئەوان و باوکیان جێگـای شـانازی ئێمەو هەموو خەڵکی هەڵەبـجە و کوردسـتانن، لە خـودای مەزن و دلۆڤـان دەخـوازم جێگای هەردو برای کۆچکردو بەهەشتە بەرینەکەی بێت، تەمەنی کوڕو نەوەکانی درێژ بکاتەوە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستان و سەرجەم مرۆڤایەتی.

# یادێك بۆ مامۆستای بیر و خامە جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی

د. صباح بەرزنجی

سەرەتای ناسینی مەرحوومی مامۆستا عومەر ریشاوی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان ، کاتێک مەرحوومی باوکم باسی زانایان و مامۆستایانی هەڵەبجەی بۆ دەکردم یان لە مەجلیسە تایبەتییەکانیدا باسی نوخبەی ئیسلامخوازان و بانگخوازە باشەکانی دەکرد ، ناوی مامۆستا عومەری دەهێنا و لە ریزی پێشەوە ناوی دەبرد . ئەم ئینتیباعەم لا دروست بوو کە ئەم مامۆستایە دەبێ لەراستییدا کەسێکی تایبەتمەند و گەورە بێت کە باوکم بەو شێوەیە لەگەڵ مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی و مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا لەتیفی بامۆکی و ئەو پێڕە زانا نایابە باسی دەکات .

ڕۆژان هاتن و چوون تا لە نەوەدەکاندا دوای ڕاپەڕین لە نزیکەوە لە بۆنە جیاوازەکاندا جەنابی مامۆستا ڕێشاوییم ناسی و تێگەیشتم ئەم ناوبانگە بێ بنەما نییە و پاساوی لۆجیکیی خۆی هەیە ، کەسایەتی ئەم مامۆستایە لە زۆر ڕووەوە قابیلی تێڕامانە ، لەلایەک زانایەکی پێگەیشتووی حوجرەکانی کوردستانە و هەڵگری سیما و خەسڵەتە نایابەکانی زانا پێشووەکانە ، لە قووڵی مەعریفەی فیقهی و اصولی و کەلامیی و لوغەوییەوە ، لەوەدا کە عیلمێکی

ڕەوانی هەبوو ، هەموو ماددەکانی بە باشیی دەزانیی و دەیتوانی بێ قورت و گرێ تەدریسیان بکات ، لەو ڕووەشەوە کە مرۆڤێکی تەواو خاکیی و فرووتەن و بێ ئیددیعا بوو . کەسێک زۆر لێی نزیک نەبا پەی بە توانا و عومقی کەسایەتیی ئەو نەدەکرد .

لەلایەکی ترەوە داعییەکی دلسۆز و خاوەن سەلیقە و حیکمەت بوو لە پەروەردە و بانگەواز و ڕاهێنانی نەوەی نوێدا کە دەیتوانی بە زمانی سەردەم ڕاستییەکانی ئیسلام بگەیەنێت بە خەڵک .

لەهەموو گرنگتر ئەوەبوو کەسێک بوو شیعاری خزمەت و توانەوەی لە پێناو بیر وباوەڕ هەڵگرتبوو ، بۆیە هەرگیز بیری لە پلەو پایە و پۆست و مەقام نەدەکردەوە ، تا ئەو ئاستەی لیاقەتی بەرزترین پۆستی سیاسی و ڕیکخراوەیی هەبوو ، بەڵام بۆخۆی ئەو پۆستە مەعنەوییەی هەڵبژاردبوو کە موفەککیر و داعیەیەکی موڕەببی بێت و بە ئەدەب و خاکیبوونەکەی ببێت سەرمەشق بۆ دەوروبەرەکەی .

لە یادی ئەم زانا و پەروەردەکارە مەزنەدا لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە لە ڕۆژی پەسڵاندا لە خزمەتی پێشەوای مرۆڤایەتی و ڕاستان و شەهیدان ساڵحاندا حەشری بکات و ئێمەیش بە سەربەرزیی و ڕووسووریی بگەیەنێت بەوان .وسلام عليه يوم ولد و يوم توفى و يوم يبعث حيا.

# كلمات من القلب
# الى الاخ و المربى و العالم عمر ريشاوى

د.قيصر الحافظ

تحية طيبة

لست من ذوى الحظ الكبير بأن أسطر كلمات بحق الأخ الحانى والمربى الكريم والقدوة الحسنة...من أقرب الأخوه للقلوب... تهوى اليه النفوس...تجد الدفئ بصحبته... كلماته قناديل تنير معالم الطريق فى شده ساعات و أيام المحن و أحداثها... وزاد طريق و قوارب نجاه... شجرة مثمرة طيبة معطاء و قطوفها دانية ظلالها وارفة صامدة بوجه الرياح...جبل راسخ بثبات جبال هورمان وخير سائح غمر شعابها وسهولها... لها قادما ساعيا ليودع الدرر ليبلغ الأى عند اللقى بالوجوه النظره..نهر متدفق عليل يروى من إغترف منه..صاف صفا و عقيدته.. شمولى المقاصد...فهمه دقيق و ايمانه عميق و إتصاله وثيق...معراجه التدبر والتفكر مدرجه... فى كتيبة عاملة صامدة..أفرادها ثلة يستنير بهم ويستنيرون به...يسشير ويستشار..طيب الخلق والمعشر- متواضع كريم هين لين... لا يعرف الانقطاع وملما بأحداث الساعة وغير منقطع عن محيطه.. كلماته بلسم للجراح زاد للطريق منها جمع القلوب أولى من جمع البيوت.. همه وغايته ارضاء خالقه و إسعاد خلقه..و إعلاء كلمته..رحم الله أبا يحيى ..تبقى حيا بيننا فقد أديت ووفيت وبذالك يعجب الزراع...واللقاء عند سدرة المنتهى عندها جنة المأوى...

# مامۆستا و پەروەرشیار عومەر ڕێشاوی

صبری غفار

ساڵی ١٩٨٣ بوو بەڕێز ماموستا عمر ڕێشاویم ناسی بە ڕەحمەن بێت، لەگەڵ هاوڕێیەتیم لەگەڵ هەردوو کچەکەی فاتمە خان و دڵپاک خان. کاتێک سەردانیماڵیانم ئەکرد ماموستا وەک هاوڕێ و هاوتەمەن و کەسی نزیک مامەڵەی لەگەڵ ئەکردین ، زۆر جار بەشداری دانیشتنەکانی ئەکردین، لەڕوی تێڕوانینی بۆ ژن و مافەکانی ژن خاوەنی دیدوهزرێکی زۆر جوان و کراوە بوو . دوور بوو لە سەختکردنی کار و فەرمان کردن و فراوان کردنی بازنەی حەرامەکان، زۆر جار لە وتەکانیدا بۆمان دەیفەرموو : ئەوەی مافی خۆتانە لەکاتی هاوسەرگیری و مارەیی و نەفەقەو ئاهەنگی تایبەت بەخۆتان ، جێبەجێی بکەن و واقیعیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن وەک مافی خۆتان، کەسێکی زۆر مەدەنی و سەردەمیانە بوو، هەمیشە بازنەی پێکەوە ژیانی زیاد ئەکرد، هەڵسوکەوتی نەرم و ئارام بەخشی هەبو بۆ بەرامبەرەکانی. جوانترین وانەی کرداری لەکۆنگرەی سێهەمی یەکگرتودا بوو، کە هەڵنەبژێردرایەوە، زۆر جوان و بێتیکچونی سیماو گوفتاری هەستایەوە و سوپاسی ئەندامانی کرد کە ئەو بەرپرسیاریەتیەیان لە ئەستۆی لابرد، لەڕۆژان و ساڵانی دوایشدا هەتا وەفاتی کرد لەناو حزب و ئۆرگانەکاندا بەگیانێکی بەرپرسانە و دلسۆزانە کاری دەکرد بێگوێدانە ناو و پۆست و شوێن ، هەمیشە وانەیەکی کرداری بوو لەبەر چاومان .

لەکاتی مەرگی خۆشەویستانیا زۆر واقعی بوو لەژیانیدا مەرگی چەند خوشک و برای خۆی بینی بەتایبەت مامۆستا ئیبراهیم و خەندەی کچی ، هێندە لەمردن تێگەیشتبوو هەستت دەکرد خواحافیزی سەفەرێکی ئاسایی و دوریان لێ ئەکات نەک ئەو جۆرە مامەڵەیەی ئێمە لەگەڵ مردوەکانماندا ئەیکەین . هەڵگری سیفاتی زۆر جوانی کەم وێنە بوو وەک : ئارامی ، ڕوخۆشی ، نەفەس درێژی ، سادەیی ، بەجۆرێک لەبینینیدا هەمیشە ژیانێکی ترت بیر دەکەوتەوە کە قیامەتە .

وەک یادگاریەک : کاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە دەمەو عەسر بوو تۆپ باران زۆر زۆر بوو ، ماوەی نەئەدا ئەم ماڵەو ماڵ بکەیت ، ئێمە بەخێزانی لەماڵ دەرچوین ماڵمان لەخوار مزگەوتی شەهیدانەوە بوو توانیمان تا ماڵی مامۆستا عمر بگەین ، ئەوان ماڵیان لەکۆتایی گەڕەکی مامۆستایان بوو ، ئێمە لەڕوی دەرونیەوە زۆر بێتاقەت بووین ، کەس بەتەمای خۆی نەبوو ، تا ڕۆژ ئاوابوون لەژێر زەمینەکەی ئەواندا ماینەوە ، پڕبوو لەخەڵکی تریش ، کەس چرکەی لێوە نەئەهات هەموو غەمبار و ترسا و بوین ، جەنابی مامۆستا بەدوعاو زیکرە جوانەکانی هەموومانی هێور کردبۆوە ، کاتێک بڕیارماندا هەمومان پێکەوە دەربچین جەنابی بەرماڵێک و چرایەکی هەڵگرت و پێشمان کەوت ، هەستمان دەکرد ڕۆحێکی ئاسودەو فریشتەیەکی ئارام بەخشە لەگەڵماندا . خوای گەورە لێی خۆش بێت، جێگەی بەهەشت بێت ، خوا لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و ساڵحاندا حەشری بکات .

# مامۆستا ڕێشاوی، هێمای حیکمەت و میانڕەوی

سعید عبدالرحیم

یەکەم دیدارو بیرەوەریم لە خزمەت مامۆستا ڕێشاوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، دوای بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمەوە، قەدەر وابوو یان جوانتر بڵێم بەخت یاوەرم بوو کە لەگەڵ ماڵی کاک ئیبراهیمی برامدا قەدەرم کەوتە گوندی ڕێشاو، درەنگانێکی شەو گەیشتین، بەندە لەو کاتەدا قوتابی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، هۆگری مزگەوت و نوێژی جەماعەت بووم، فەزڵیش لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی دایک و باوکی ئازیزم و دەستگرتن و ڕێنموونیی کاک ئیبراهیمی برام، بۆ نوێژی نیوەڕۆ چووم بۆ مزگەوت، دوای نوێژ ئەو پیاوەی کە ئیمامەتی بۆ کردین ڕووبەڕووم هات، پیاوێکی روخسار شیرینی دەم بە خەندەی تابلێی جوان، دەستی هێناو تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و فەرمووی ئادەی کوڕی جوان بزانم ناوت چییەو کوڕی کێیت؟ کە وەڵامم دایەوە فەرموی ماشەڵڵا کەواتە خزمین، فەرمووی قورئانت خوێندووە؟ وتم بەڵێ لای کاکم و مامۆستا مەلا جەلالی مزگەوتی جمهوری خوێندوومەو بانگیش دەزانم، فەرمووی کەواتە بانگیشمان بۆ ئەدەی.

سەرتای هەشتاکان، شەوێک مانگگیران ڕوویدا، قەدەر وابوو با میوانی لە ماڵی مامۆستابووین، فەرمووی ئادەی کوڕینە هەستن با

نوێژی سوونەتی مانگگیران بکەین، جا براینە لە قیامەتا قەدری ئەم جۆرە کارانە دەزانین، کاتێک کە نامەی ئەعمال وەردەگرینەوەو وەختێ تەماشای دەکەین دەبینین لە خشتەی نوێژی مانگگیراندا سەحێکمان بۆلێدراوەو پاداشتێکی زۆرمان بۆ نووسراوە!.

ناوەڕاستی هەشتاکان، مامۆستا لە هەڵەبجەو لە مزگەوتی ئیمامی حەمزە، وانەیەکی گشتی هەبوو بۆ نوخبەیەکی شارەکە و، لە خزمەت تەفسیری (البیضاوی)دا ماوەیەکی خۆشمان بەسەربرد، مامۆستا زۆر بەجوانی و بە وردی ڕاڤەی ئایەتەکانی دەکردو لەسەر لایەنە ئیعجازی و زمانەوانیەکان و موناسەباتی نێوان ئایەتەکان دەوەستاو پەندو ئامۆژگاری و ئاراستەی پڕ گەوهەری لێهەڵجنی و دەخستەڕوو، ئێمەیش بەمەبەستی بە ئەرشیفکردنی ئەو گەوهەرە پڕ بایەخە، مامۆستا حسن حاجی محمود لەسەر کاسێت تۆماری دەکرد و منیش لە ماڵەوە بە دوردی بە دەسخەتە جوانەکەی خۆم دەمنوسییەوە، بەڵام مایەی ئەسەف و نیگەرانییە – وەک بیستوومە- ئەو ئەرشیفە نەختینە ون بووەو تا ئێستا هیچ سۆراغێکی نییە.

لەو ساڵانەدا ئێمەی گەنج گەرم و بەجۆش بووین، ڕاستتر بڵێم تونـد بووین، ڕۆژێک دوای تەواو بوونی دەرسەکەی چوومە خزمەتی و عەرزم کرد ئەگەر دەرفەتی هەبێ پرسیارێکم هەیە، فەرمووی ئادەی، وتم مامۆستا گیان، مەگەر پێغەمبەری خۆشەویست نافەرموێ: (هەرکەس لە ئێوە مونکەرێکی بینی با بەدەستەکانی بیگۆڕێت)؟ فەرمووی بەڵێ، وتم دەی مامۆستا ئێمە کۆمەڵێ گەنجین و ڕۆژانە بۆ سەعی کردن دەچین بۆ سەیرانگای

گـوڵان و ئێـواران ئەو نـاوە پـڕ دەبێـت لە عـارەق خـۆرو زۆر بێشـەرمانە دادەنیشـن و دەسـت دەکەن بە خـواردنەوە، ئێمەیش چاومـان لێـیەو دەتـوانین ڕێگرییـان لێـبکەین و جاروبـاریش لە دوورەوە بەردیان تێدەگرین، مەگەر ئەوە فەرمان نیەو واجب نیە لەسـەر شـانمان ئەو مـونکەرە بگـۆڕین؟ دەسـتی موبـارەکی خستەسەر شانم و وتی کەواتە با دانیشین، فەرمووی کاکە سەعید ئەم بابەتە بەو جۆرە نیە و گەرەکە جوانتر بچینە بنج و بناوانی گرفتەکـان و بـۆ تێگەیشـتن لەم جـۆرە فەرمـوودانە گەرەکە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی وەحی و بزانین خۆشەویستمان ئەمەی لە کوێ و بەکێ فەرمووە، خۆ دیارە لەشاری مەککەی پیرۆزدا فەرمانی وای نەکردووە، چونکە ئایەتەکە واقیعی قۆناغی مەککی جوان بۆ نمایش کردووین کە دەفەرموێ (کفوا أیدیکم وأقیموا الصلاة)، کەواتە لە شاری مەدینەدا ئەم فەرمانەی کردووە، بەڵام ئایا ئەم فەرمانەی بە کێ کردووە، بە هەموو خەڵک و لەسەر مینبەر؟، نەخێر، چونکە نەهی لە مونکەرو ڕێگرتن لە خراپەکاری ئیشی هەمووکەس نیە، ئەگەر وابێ فەوزا دروست دەبێ، دەی خۆ ئیسلامیش هاتووە بۆ ڕێکخستنی ژیان، ئەزیزم فەرمانەکە بۆ ژمارەیەک کەسی دیاریکراو بووە کە ئەرکی سەرشانیان پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شاری مەدینە بووە، واتە کاری هەیئەت و کۆمەڵێ کەسی دیاریکراوە، کە شارەزاو ڕاهێنراوبن و فەرمانی یاسا جێبەجێ بکەن و، حوکمەتیش ئەو دەسەڵاتەی پێدابن و لای خەڵکیش مەعلوم و دیاربن، جا برای خۆم ئەمە کاری ئێمە نیە، کاری ئێمە زۆر لەوە گەورەترە کە بەرد بگرینە خەڵکی، هەنگاوی

بەکەم بۆ هەر گۆڕانکارییەک وتەی ناسک و شیرین و ئامۆژگاری، مەگەر باشتر نیە لەبری ئەو بەردانە بچین لەگەڵیان دانیشین و دوو قسەی جوان بنێین بە تەنگەیانەوە و هەر بە تیلەی چاو ئیشەکەیان پێبگۆڕین، کاکی خۆم نابێ بۆ لابردنی مونکەرێکی بچوک خۆمان تووشی مونکەرێکی گەورەتر بکەین، وەک ئەوەی ئێمە پەلاماری ئەوان بدەین و ئەوانیش لیمان بێنە دەست و کار بگاتە حوکمەت و بێن بمانگرن و پێکەوە بمانکەنە زیندان و، دواجار ئەوان ئازاد دەکرێن و لێپێچینەوەی توندیش لەگەڵ ئێمە دەکەن، کە ئێوە کێن و چکارەن وا ئاسایش و ئارامی خەڵک و شارەکە دەشێوێنن!!.

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی
# مەلا و مامۆستا و بانگخواز

بکر حمه صدیق

من لە سەرەتاکانی ژیانی خوێندنمدا وەک قوتابی لە خزمەت مامۆستا عومەردا نەبووم، بەتایبەتی ئەو سەردەمانەی مامۆستای پەیمانگای ئیسلامی بوو، بەڵام کە چوومە قۆناغی ئامادەیی هەڵەبجە، ئاشنا بووم بە پیاوێکی هێمن، ڕۆشن، قسە جوان. مامۆستا بە هەموو مانایەک. مامۆستا عومەر ڕێشاوی، ئەو کاتە وانەی ئایین و ماددەی زمانی عەرەبی دەگوتەوە. ماددەی عەرەبی شەرح دەکرد، کە هەندێکیان بابەتی شیعریی قورس و ئاڵۆز بوون، بەڵام چێژێکی تایبەتیان هەبوو..

قفا نبکی من ذکری حبیب ومنزل....

هەروەها شیعرەکەی (ابو زیدون) کە دەڵێ:

**أضحى التنائی بدیلا من تدانینا**
**وناب عن طیب لقیانا تجافینا**

و چەندین بابەتی شیعریی تر. کە من وادەزانم لە دەقە هەرە بەرزەکانی عەرەب بوون. مامۆستا عومەریش بە دەنگێکی نەرم و ئارام شەرحێکی جوانی دەکرد. ئاوازی جوانی دەکرد بە ڕووخساری شیعرەکاندا. کاتێکیش کە لە ماددەی ئایین هەندێ بابەتی بۆ شەرح دەکردین، سەرم دەسوڕما لەو ڕەوانەقی و جوانییە، لەو دەربڕین و کاریگەرییە.

ئەو کات لەنێو هەڵەبجە هەندێک مامۆستا ئەفەندی هەبوون کە بە جلوبەرگی ئەفەندی و بە بیرکردنەوە ئایین دۆست و زمان پاراو قسە شیرین بوون، مامۆستا عومەر لە ریزی پێشەوەی ئەوانەدا بوو. مامۆستا ئەفەندی ئەو مامۆستایانە بوون کە لەسەردەمی زەعیم عەبدولکەریم قاسمدا ناچاریان کردن واز لە مەلایەتی بهێنن و بێنە نێو کایەکانی خوێندن، هەڵبەت مەبەست لێی خاڵیکردنەوەی ئۆرگانەکانی ئایین بوو لە کادیرە بەتواناکانی و پڕکردنەوەیان بە مەلای لاواز. بەڵام زۆربەی ئەوانە وەک (مامۆستا عەبدولعەزیز پارەزانی و مامۆستا عومەر ڕێشاوی) و چەندین مامۆستای تر، وزە و توانایان لە شوێنی تری شایستەدا تەقیەوە و کاریگەریی زۆری بەجێهێشت، بەڵام هەندێ لەو مامۆستایانە وشەی (مەلا) و (مامۆستا)یان وەک پێشگر پێوە مایەوە. مامۆستا مەلا عومەر هەردوو پێشگرەکەی پێوە بوو. هەموو جارێک بەرۆحی تەڕەوە دەیفەرموو: من مەلاشم و مامۆستاشم لەداخی ئێوە.. ئێمەش پێدەکەنین.

وانەکانی مامۆستا عومەر لەو وانانە بوون کە خوێندکاریان دەهێشتەوە هەتا کۆتایی. سەرباری ئەوەی کە زۆر هێمن قسەی دەکرد، گوتەکانی بێزارکەر و وەرسکەر نەبوون. بگرە کاریان دەکردە سەر دڵان. ناخمان پێی ئارام دەبووەوە.

لە قۆناغێکی تردا من لە خزمەت مامۆستا عومەردا ژیانم دەگوزەراند، قۆناغی مزگەوت و بانگەواز بوو. بە بڕوای من مامۆستا عومەر یەکێک بوو لە بانگخوازە هەرە گەورەو ژیرەکانی کوردستان و عێراقیش. ئێستا هەندێک خەڵک ئەو ناوەیان پێدەدرێ،

جگە لە حاجی شەماڵ، ئەوانی تر پێداچوونەوەیان دەوێ. خوا لە هەموویان خۆش بێت.

مامۆستا عومەر نوێژێکی ئارام و قووڵی دەکرد. جارێکیان لە نوێژی عەسردا پێشنوێژی دەکرد لە مزگەوتی شەهیدان (عوسمانی کوڕی عەففان) لە هەلەبجە. ئەو کاتە هەڵەبجە کەوتە ژێر تۆپی ئێرانەوە، زۆری هەرە زۆری خەڵک لەکاتی نوێژەکەدا شپرزە بوون و رایانکرد، هەرچەندە ئەوە بۆ هەموو کەسێک سروشتییە چونکە لەو کاتەدا ساڵی ١٩٨٦ هەندێ لە تۆپەکان لە نزیک مزگەوتەکە دەکەوتن و دەتەقینەوە و تەپوتۆزو زرمە و ناڵەیەکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوەی سروشتی نەبوو مامۆستا عومەر و نوێژەکەی بوو، وەک هەموو جارێ چوار رکاتەکەی بە تەکبیرەوە تەواو کرد و سلاوی دایەوە. کە لای کردەوە خەڵکی مزگەوت رایان کردبوو، ئەوەشی مابوو خۆیان لەگەڵ زەوی تەخت کردبوو.. نەک من، زۆرێک لە خەڵک ئەو ڕووداوەیان بینیوە.

دڵ چەسپاویی و بێ فیزیی و زانیاری فراوانی و دانایی لە دابەزاندنی بابەتی جۆراوجۆردا، لە سیفەتە هەمیشەییەکانی مامۆستا عومەر بوون. کە لەوانەیە وەک دانسقە ئەو هەموو سیفەتانە لەکەسێکدا کۆببنەوە.

مامۆستا عومەر لەدیدی مندا جگە لەوەی مامۆستا و مەلایەکی پایەدار و گەورە بوو. من وەک مامێکی خۆشەویستم سەیرم دەکرد، کەچی ئەو هەمیشە بە (کاک) من و هاورێکانی تریشی بانگ دەکرد، کە نەمدیوە مامۆستای قوتابخانە لەو سەردەمەدا ئەو پێشگرە بۆ قوتابی خۆی بەکاربهێنێ.

مامۆستا پارچەیەکی زیندوو بوو لەڕێز، بێ فیزیی، و ئەدەب جوان. من شانازی بە ساتەوەختەکانی خۆمەوە دەکەم لەگەڵی.. مردن حەقە.. خودا شادت بکات بەو زانا گەورە و مەزنەی ئەم گەورەییەی لەناختدا رواند.. پیاوە بە ئەدەب و شکۆدارەکەی کوردستان.

# لە خزمەت پەروەرشیار و زانا مامۆستا ڕێشاویدا

بەیان نوری تۆفیق

قەڵەمی من زۆر لاوازترە لەوەی کە بتوانێت باس لە مامۆستایەکی گەورەی وەک مامۆستا عمر ڕێشاوی بکات، تەنها وەک ئەرکێکی مێژوویی خۆم دوو یادگاری دەنووسم لە کە لەوێوە خوێنەر شارەزا دەبێت لە دوو سیفەتی گەورەی مامۆستا:-

١-ساڵی ١٩٩٧ لە دانیشتنێکدا کە پێشەکیەکەی وتەی هەبوو دوای خوێندنی دوعای رابیتە کە وەک عادەتێک هەموو کاتێک لە دانیشتنەکانماندا دەمانخوێند و دەیخوێنین فەرمووی (کاتێک دەڵێن اللهم أنک تعلم أن هذه القلوب قد أجتمعت علی محبتک) ئاگاداربن خوای گەورە نەعوزو باللە درۆی لەگەڵ ناکرێت ئەگەر ئاوا کۆنەبوونەتەوە و شتێکی تر لە دڵتانایە خوای گەورە مەکەنە شاهید.

پاشان بەشەکانی تری دوعاکە بە هەمان شێوە. پەرداخێک ئاو لەبەردەمیدا بوو فەرمووی کاتێک من دەبینم ئەو پەرداخە ئاوی تیابە دەکرێت لەبەر چاوی ئێوە من بڵێم خوایە گیان تۆ ئەزانیت ئەو پەرداخە بەتاڵە و هیچی تیا نیە،کەواتە با ڕاستگۆ بین لە بەرامبەر خوای گەورە.

ئەم سیفەتی راستگۆییەو قوڵ بیرکردنەوە لەوەی کە دەیڵێیت لەگەڵ خوای گەورە و ئێمەی لێ ئاگادارکرد بە ئاشکرا لە خۆیدا دەبینرا.

٢ـسالی ٢٠٠٠ لە خزمەتیدا بووم وەک ڕاوێژکار کە بەڕێزی بەرپرسمان بوو، ئەوکاتە لە کوردستان بە تایبەت لای یەکگرتوو زۆر دەنگ و باسی ڕێکخراوە ناحکومیەکان نەبوو، وەک ڕاوێژکارێک باسێکم لەسەر ئەو بابەتە نووسی کە لە جیهاندا ئەو کارە چۆنەو موسڵمانان لە دەرەوە چۆن کاری لەسەر دەکەن و ئێمە وەک یەکگرتوو چی بکەین باشە، ناردم بۆ مامۆستا عمر تا لە ڕێگەی بەڕێزییەوە بگات بە ئەمیندار، دوای هەفتەیەک زیاتر بڵاوکراوەی ڕاوێژم پێگەیشت سەیرم کرد لەوی بڵاوکرابوەوە، ئەوکاتانە تەلەفۆن زۆر نەبوو وەستام تا مامۆستام بینی و پرسیارم لێکرد فەرمووی (بابەتێک کە باش بێت پێشنیاری تیابێت کە پێویست بکات ئێمە ئیشی لەسەر بکەین دەبێت بکەوێتە بەرچاوی زۆرێک لە یەکگرتووەکان).

مامۆستا ئەو سیفەتەی تیابوو کە خۆ گونجاندن لەگەڵ واقیع و بەکارهێنانی میکانیزمی هاوچەرخی زوو قبوڵ دەکرد، و حەزی دەکرد ئەمەش بگەیەنێت بە هەمووان، نوێبوونەوەی حەز لێ بوو نەک چەقبەستوویی لە میکانیزمی کار،لە کاتێکدا زۆر بەداخەوە دەڵێم لە ٢٠١٠ واتە دوای ١٠ ساڵ لەو بەروارە برایەک کە خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانی پێی وتم کاری ڕێکخراوی ناحکومی حەزێکی تۆیە بۆ کار ئەگینا ئیشی ئێمە نیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم سوپاس بۆ خوای گەورە کە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم ماوەیەک پێکەوە کاربکەین و سوودمەند بم لە سیفەتە بەرزوبالاکانی.

# لە خزمەت حەکیمێکی بۆ خوا صوڵحاودا

محمد محمد حمەمیرزا

شایەتیدان لەسەر مامۆستای ڕۆژانی تەنگانەمان تەنها وەفادارییەکە، چونکە شایەتیدان نیەتی پاک و شەرعیبوون و هەڵسوکەوت و بینینی واقیعی دەوێ، شایەتییەک باشە دڵ و چاو و زمان یەکبگرن تیایدا، چاو ببینێ و دڵیش زمان بێنێتە گۆ، بە تایبەت بەرانبەر کەسێ وەها کە من دەمناسی .

- مامۆستا لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ مامۆستا جەعفەر مستەفا (تەمەن درێژ بێت) لە گوندی سەرگەت مامۆستا بوون، گوندی هانەی دن و سەرگەت یەک قوتابخانەیان هەبوو، بەندە لە لە خزمەتیدا بووم، ئێستە تەنها سیما جوانەکەیی و نەرمونیانییەکەیم لەبیرماوە.

- لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا دەچوومە خزمەتی و بووبووە ئەو جەمسەرە حەکیمە بۆمان کە وانەی زۆری فێرکردین. جارێکیان لە شەوێکی زستانەدا چوومە خزمەتی لەو کاتەدا بگرەو بەردەی زۆر لە نێوان برایاندا هەبوو لەسەر ئەوە چیبکەین و چۆن بکەین و کێ مەرجەعمان بێت؟ لێرەو لەوێ قسەی زۆر دەکرا و کاتی زۆرمان بەوەوە دەڕۆیشت. ئەوەی من مەبەستم بوو وەرگرتنی وانەیەکی ڕۆحی بوو بۆ ئەو ئان و ساتە تەنگژە ئامێزە، شەو لە خزمەتیدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەردە دڵم کرد، جەنابی

بەوپەڕی سنگفراوانی گوێی گرت و قسەی پێنەبڕیم، زۆر هەوڵمدا لەبارەی ئەو حاڵەتە نەرێنییەوە شتێکی لێ ببیستم، بەلام جەنابی هەر شتی رۆحی و فیقهی دەدامێ، کاتی خەو هات جەنابی بەرماڵێکی خستە ژێر سەرینەکەی و فەرمووی کاک موحەممەد با بخەوین، بەیانی قسەکانمان تەواو دەکەین، بەیانی لە خزمەتیدا پێشنوێژی بۆ کردم، بە هەردوو ڕکعاتەکە بە دەنگێکی نەرم و تەرکیز لەسەر واتای ئایەتەکان سورەتی (الحجرات)ی خوێند بە تایبەتی لەسەر ئایەتەکانی (١٠-١٢) دەوەستا، دواتر جەنابی ڕۆیشت بۆ دەوام و منیش گەڕامەوە بۆ سەیدصادق، لەگەڵ خواحافیزیدا هیمەتی بەرز دەکردمەوەو دواجار فەرمووی تێگەیشتی؟ لە ڕێگادا بە خۆمم دەوت جەنابی مامۆستا نەخشە ڕێگایەکی نەدا، بەلام کە زیاتر ڕۆچووم لە بیرکردنەوەدا گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە دوو وانەی زۆر گرنگی لە سورەتی الحجرات دا پێداوم، سوپاسی خوای گەورەم کرد لەسەر ئەو حیکمەتە گەورەییەی. ئیتر تا لە ژیاندا بوو لێی دانەبڕام.

- جارێکیتر چوومە خزمەتی لە هەڵەبجە لە دوکانەکەی مامۆستا ئیبراهیمی برای (بە ڕەحمەت بن)، باس باسی بارکردنی دێهاتەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بوو، مامۆستا زۆر زۆر بێتاقەت بوو، فەرمووی بۆ ئەوە بێتاقەت نیم بەعس چیمان پێدەکات، بۆ ئیرادەی هەندێ لەو خەڵکە بێتاقەتم کە بە قەدەر منداڵێکی فەلەستینیمان لێنایەت کاتێ شۆفڵ دەڕوات خانوەکەی بڕوخێنێ بە لانیکەمەوە ڕوو گرژ دەکات و بەردبارانی شۆفڵەکان دەکات، کەچی لێرە دوێنێ خەڵکی ئاواییەک هاتوون بۆ لای قائیمقام و توویانە قوربان ئەمڕۆ

فلانە گوندتتان بارکرد ئەی کەی ئێمەش باردەکەن. من بێتاقەتی بێ ئیرادەیی ئەم خەڵکەم.

- ڕۆژێک لەماڵیان بووم کاکە یەحیا بە منی وت: مامۆستا من لەبەردەرکی سەرا سەلامم لێکردی وەلامت نەدامەوە منیش مەعزەرەتم بۆ کرد کە نەمبینیوە، مامۆستا فەرمووی مەعزەرەتی بۆ مەکە، ئینجا ڕوویکردە کاکە یەحیاو وتی سوپاسی خوا بکە وەڵامی نەداویتەوە، ئەم گوناهبارە تۆ فریشتەکان وەلامیان داویتەوە.

- دواجار دەڵێم جەنابی مامۆستا تا کۆتایی ژیانی مامۆستا بوو، مامۆستا بوو بە ڕەوشتی، بە عیلمی، بە سۆزو نەرمو نیانی، بە زمان و جوڵەی، بە خۆشویستنی هەموو کەس، بە سیلەی ڕەحم و بەخشندەیی و میوان پەزێری، بە خەمخواردنی بەردەوامی بۆ ئاینەکەیی. بە دڵپاکییەکەی. ماندووبوون و نائومێدبوونی نەدەزانی، بۆ ڕۆژێکیش خۆیی مەبەست نەبووە. بە کردارەکانی پێشەنگێکی بێدەنگ بوو.

لە کۆتا ڕۆژانی تەمەنیدا مامۆستایەک پرسیاری لێکردبوو کە ئێستە سەرقاڵی چیت؟ فەرمووبووی خەریکی وەلامدانەوەی پرسیارەکانی قیامەتم. نەفەسی درێژی مامۆستا بە پەروەردەی کوڕو کچانییەوە دەرکەوتووە ئەوەش سوپاسی خوای گەورەی دەوێ.

# مامۆستا مەلا عمر ڕێشاوی، خواناس و خۆناس و خەڵك ناس

طاهر بامۆکی

مامۆستا مەلا عمر ڕێشاوی : خواناس و خۆناس و خەڵک ناس، زمانەوان و مەلەوان لە دەریای زمانی عەرەبیدا، شەرعزان. بانگخوازێکی حەکیم و بەسەلیقە، لەسەرخۆ وبە قەناعەت بە بەشی خوا، باوک و مێرد بە مانای وشە، مەلای ڕەسەنی کوردەواری و مامۆستای سەرکەوتووی قوتابخانە،زمان شیرین لە وانە و گفتو گۆدا، دوو وشەی (کەسەکەم... سلام علیکم) ی زۆر بەکار دەهێنا بۆ وریاکردنەوەی گوێگرەکانی، مامۆستا دانەئەبەزی بۆ ناو بازاڕی سیاسەت و موجامەلات وەک خەڵکانی تر بەڵکو قوتابی و گوێگرەکانی بەرزدەکردەوە بۆ ئاستی دینە پاک و بێ گەردەکەی خوا، لە لۆمەی لۆمەکاران نەدەترسا لە گەیاندنی پەیامی خوادا، غەیبەتی کەسی نەدەکرد و مافی هەموو کەسی دەپاراست با دوور لە خوا و ئادابەکانی ئیسلامیش بێت.

**مامۆستا مەلا عمر و طاهر بامۆکی:**

لە ساڵی ١٩٧٠دا لە تەمەنی چواردە و پانزە ساڵیدا مامۆستام ناسی لە مزگەوتی پاشا لە وانەی تەفسیری مامۆستا مەلاعوسمان عبدالعزیزدا شەوانی جومعە، پاشان لە کتێبخانەکەی مزگەوتی پاشادا لە حوجرەکانی سەر قەبرەکانی ماڵی پاشادا، ئەوکاتە لە

پۆلی شەشی سەرەتایی دا بووم، چاوم کرابویەوە لە بازاڕ و ناسینی مەلاکانی هەڵەبجەدا و مامۆستاکانی قوتابخانەدا، کتێبخانەیەکی خنجیلانەیان دانابوو خوێنەر دەیتوانی کتێب و نامیلکە ببات و بیخوێنێتەوە، منیش لای مامۆستای شەهید سیف الدین بامۆکی فێری خوێندنەوە بووبووم، کە بەو کتێبخانەم زانی ڕۆژانە لە ژاڵی توتن و ئیشی ماڵەوە خۆم قوتار دەکرد و دەهاتم نامیلکەیەکم وەر دەگرت و دەمبرد تەواوم دەکرد و دەم هێنایەوە، پاشان لە دووکانی کاک عینایەتی برایدا کە بەرامبەر مزگەوتی پاشابوو بەخزمەتی دەگەیشتین، ئەو سێ مامۆستایەم زۆر خۆش دەویست: مامۆستا( پارەزانی و ڕێشاوی و جعفر عەبابەیلێی) بیانوم دروست دەکرد تا مامۆستا مەلا عمر خولکم بکات و بمباتەوە بۆ ماڵی خۆیان زۆربەی جارەکانیش دادە (سۆبیە)ی هاوسەری کە زۆرخۆش بانگی دەکرد بە سۆبیە خان، لەبەختی مندا قوبڵی ساوەر و برنجی سووری لێ دەنا، چونکە من لەسەر مەوعید نەدەڕۆشتم بۆ خزمەتی ئیشم بەنان و چێشتیش نەبوو چێژم لە خودی مامۆستا وەردەگرت، جارێکیان مامۆستای ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە بووم لەساڵی ١٩٨٣دا مامۆستاش لە قوتابخانەی سەرکەوتن بوو لەلای فولکەکەی عمری خاوەردا بە یەک گەیشتین فەرمووی مامۆستا تاهیر باڵە خزمەتتا بین هەرچی خوا دابووی دەیخۆین، وتم بچوکیت دەکەم ئەگەر نابم بەئەرک بۆ جەنابت، لە مزگەوتی دار الاحسان نوێژی نیوەڕۆمان کرد و ڕۆشتین لە پاش نانخواردن، مامۆستا پرسیاری لێکردم دەنگ و باسی ماڵی خۆتان ؟ دەنگوباسی قوتابخانە و مامۆستا و

قوتابییەکان؟ منیش کەوتمە باسکردن لەباسی مامۆستاکاندا وتم مامۆستا گیان مامۆستایەکی ئافرەتی زۆر سفورمان لەلایە زۆر بێ زارم لێی و مەرحەبایی ناکەم جارێک لەناو مامۆستاکاندا بە دەنگی بەرز وتی من حەزم لە بەهەشت نی یە چونکە وەک تەمەڵخانە وەهایە، مامۆستا فەرمووی باشە مامۆستاکان و مدیرەکەتان چۆنن ؟ باسی مودیرم بۆ کرد وتی نوێژ دەکات وتم نەخێر، وتی حیزبی یە ؟ وتم بەڵێ بە ڕۆژ حیزبییە و حکومەتییە و بەشەویش لەگەڵ پێشمەرگە تا بەیانی یاری و بەزمیان هەیە، وتی تۆیش مەرحەبایی دەکەیت ؟ وتم بەڵێ ئەملاو ئەولای یەکتریش ماچ دەکەین. فەرمووی مامۆستا طاهر ئەو ژنە سفورە هەموو تاوانەکانی بەرامبەر بە عارەق خواردنەوەکەی مامۆستا پیاوەکەیە، ئیتر منیش بڕیارمدا لە سبەینێوە مامەڵەکەم بگۆڕم و گەرم مەرحەبایی دادەش بکەم و بە ئەندازەی پێویستیش لە بەڕێوەبەر نزیک ببمەوە.

جارێکیش تەشریفی هێنا بۆ مزگەوتی پێشەوا عمر بۆنوێژ لەپاش نوێژەکە ڕۆشتینە قاتی سەرەوە سەیری گومەزەکەی کردکە خۆشنوس سورەتی نووری نوسیبوو، مامۆستا خوێندییەوە کە لێرەدا کۆتایی پێ هێنابوو (ویذکر فيها اسمه يسبح له فيها بالغدو والاصال(٣٦) مامۆستا فەرمووی ئەم برا خۆشنوسانە قواعد نازانن هەڵەیە کاکە نابێت لە وێدا بوەستی ئاخر پێم ناڵێی کێ (يسبح له فيها بالغدو والاصال)؟ کوا فاعیلە کە؟ دەبێت ئەمەشی بۆ زیاد بکەیت ﴿ رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَـٰرَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ ٱلزَّكَوٰةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلْقُلُوبُ وَٱلْأَبْصَـٰرُ ﴿٣٧﴾ ﴾ النور: ٣٧. کاکی برا تالێرەدا

ماناکەی تەواو دەبێت. ئەوە یەکێک بوو لە ئوصولی پەروەردەی مامۆستا بۆ براو قوتابییەکانی و یەکێک بوو لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی بەتایبەتی لە نوسینی قورئانی پیرۆزدا. یەک شاڵینە یاداوەری و یادگاری هەیەیە بەڵام لە پێنج صەد وشە جێگای نابێتەوە. خوا لەوان خۆش ببێت و عاقیبەتی ئێمەش بە خێر تەواو بکات و لە سەر دینی ئیسلام دامەزراومان بکات، دەستی ئێوەش منداڵەکانی خۆش بێت کە لەبیری پاراستنی عیلم و پەروەردە و گەنجینەی مامۆستای باوکتاندان.

# مامۆستا و زانا و شەرعزان بوو

محمد صالح بامۆکی

ئەزمـونی ئـێمە لەگەڵ مامۆسـتا عـومەر ئەزمـونی مامۆسـتاییە، ئەوەی مـن لە مامۆسـتام دیـوەو بیسـتووە ئەوەیە کە بە حەق مامۆستا بوو بەراستی زاناو شەرعزان بوو دوو وێستگەی ژیانی مامۆستاتان بۆ باس دەکەم کە یەکێکیان بۆیان باسکردووم ئەوی تریان خۆم تیایا ژیاوم ئەوەی خۆم تیایدا ژیاوم بۆسالانی ٨٦و ٨٧ دەگەڕێـتەوە کاتێـک مامۆسـتا عـومەر مامۆسـتامان بـوو لە پەیمانگـای ئیسـلامی هەڵەبـجە بەڕاسـتی گەورەیـی و دڵسـۆزی مامۆسـتاو زانـایی ئەو پیـاوەم لەو سـاڵەدا بـۆ دەرکەوت، جیـا لەهەموو مامۆستاکان زۆر دڵسۆزانە نەک وەک فەرمانبەرێک بەڵکو وەک کـارێکی بـانگخوازانە دەرسـەکەی پـێ دەوتـین جیـا لەوەی زانیاری زۆر باشی دەداینێ لەهەمانکاتدا پەروەردەیەکی ئیمانی و دەرونـی گەورەشـی پێشـکەش دەکـرد وەڵامـی زۆربەی پرسـیاری قوتابیانی بەئایەت دەدایەوە هیچ باسێک نەبوو بیکات و بە ئایەتێک دەوڵەمەندی نەکات. ئەزمـونێکی دیکەشـم لەگەڵ مامۆسـتا وەگرتنی ئیجازەی زانستی شـەرعیی بـوو کە یەکێـک بـوو لەو مامۆسـتایانەی تـاقیکردنەوەی زارەکیـی ئـێمەو چەنـد مامۆسـتایەکیان کـرد بـۆ وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی.

ئەزمـونی دووەمـی مامۆسـتا کە باسـکراوە بـۆم ئەوەیە ک مامۆسـتا بەر لە حکـومەت بیـری لە پـرۆژەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواریی کـردۆتەوە ئەویـش ئەوەبـووە کاتێـک ئیجازەی مەلایەتـی وەک زانـایەک وەرگرتـووە دوای ئەوەی چووەتەوە بۆ گونـدەکەی خـۆی ڕێشـاو لەوێ دەبینێـت وا خەلکێکـی زۆر خوێنـدنەوەو نوسـین نـازانن هەمـوو لەکـاتی زسـتانان سـەرقالی سێڕسـکێن و قسەوباسـن و بێکـارن مامۆسـتاش پێشـنیاریان بۆ دەکات کە بۆچی نایەن فێری خوێندن و نوسینیان بکات ئەوانیش زۆر ئەمەیـان لا خـۆش دەبێـت پـارچە تەختـەیەک پەیـدا دەکەن و لەشـار تەباشـیری ئەو زەمـانە دێـنن و دەسـتدەکەن بە نوسین و خوێنـدنەوە بەم هـۆیەوە خەڵکـانێکی زۆر لە دیـی ڕێشـاوی لە نەخوێنەواری ڕزگاریان دەبێت بەم هەوڵەی مامۆستا بۆیە من ئەمە ناو دەنێم هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە مامۆستا عومەر بەتاقی تەنها پێش حکومەت ئەم هەڵمەتەی دەستپێکرد.

# مامۆستای کردار سەنگین و بە ویقار

عمر اسماعیل

من بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی کتێبی "تاوانە دەروونییەکان" ئاشنای ناوی مامۆستا ڕێشاوی بووم، کە مامۆستا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، خۆیشی پێشەکییەکی بۆ نوسیوە، کاتێ ورد خوێندمەوە، وێنایەکم بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە خەیاڵی خۆم کێشا، پیاوێکی ڕیشسپی نورانی بە ویقار و سەنگین، لەسەرخۆ و ڕاستگۆ، نەرم و نیان و ئارام لە مامەڵەکردنی دەوروبەر، حەکیم و دانا لە چارەسەری گرفتەکان، دەم بە زیکر و خوێندنی دوعا، ئەمهێنایە بەرچاوی خۆم کە خەریکی ئامۆژگاریکردنی ئەوانی ترە....

دواتر لە سەرەتای ساڵی ٩٢ لە نزیکەوە بە دیداری شادبووم و ناسیم، دیدارەکان دووبارە و چەندبارە بوونەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار و زۆر لە نزیکەوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ماڵی خۆمان لە مانگی ١٢ ساڵی ١٩٩٢ لە خزمەتیدا بووم، لە کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی جەماعەت کە ئەو کات پێمان دەووت شورای ناوەندی، دوواتر لە پەراوێزی کۆبونەوکە بۆ دڵخۆشکردن و تەقدیرکردنی ئەو برایانەی کە سێ شەو سێ ڕۆژ بوو پاسەوانی و خزمەتیان بە کۆبوونەوەکە کردبوو مامۆستا تەشریفی هێنا لەگەڵ ئەو برایانە دانیشت و قسەی بۆ کردن، وتە ناسک و ئامۆژگارییە ئیمانی و ڕۆحییەکانی کە لە ناخێکی پاک و لە دڵێکی پڕ و لە سەر

زەمانێکی ڕاستگۆوە دەردەچوون لە سەر ئامادەبووان ئەوەندە کاریگەر بوون نەیانتوانی بەرگری فرمسکەکانیان بکەن، بەڵکو هەندێکیان خۆیان بۆ کۆنترۆڵ نەکرا و قوڵپی گریانیان دەنگی بەرز بوویەوە، ئەو دیمەنە وێناکەی مامۆستا کە لە کاتی خۆیدا لە خەیاڵی خۆم بۆم کێشابوو هێنایەوە بیرم، دەتوانم بڵێم بە ڕێژەی لە سەدا سەد ڕاست دەرچوو.

دواتریش کە لە کاری جەماعەت و کاری حزبیش لە سەرکردایەتی و کارەکانی تر ئەو چەند ساڵە لە خزمەتی بووم و مامەڵەم بوو لەگەڵی ئەو وێنایە هیچی لێ نەگۆڕا بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ تۆختر دەبووەوە.

مامۆستا ڕێشاوی هەموو ژیانی جێگەی سەرنج ڕاکێشان بوو، لە هەموو بوارێک جێگەی چاولێکردن بوو سەرمەشق و پێشەنگ بوو، بەڵام لە چەند شتێکدا لە هەموو ئەو مامۆستا و زانا و بانگخوازانەی من بە خزمەتیان گەیشتووم و بینوومن جیاواز بوو:

یەک: هەرگیز خۆی بە پۆست و پلە و پایە نەدەبەستەوە، لەوکاتە لە لوتکەی هەرەمی کاری جەماعەت بوو لەگەڵ ئەو کاتەی کە ئەندامێکی ئاسایی بوو، هیچ پۆستێکی نەبوو جیاوازی نەبوو، بە یەک وەتیرە و یەک روحییەت و یەک نەفەس کاری دەکرد و خزمەتەکانی پێشکەش دەکرد بە گەرموگوڕی ئامادەی چالاکییەکان دەبوو، ئەو بەرپرسیارییەتی خۆی بەرامبەر کار و بانگەواز و تەنانەت کارە ئیداری و حیزبییەکان، هەروەها بەرامبەر ئەو کەس و خوشک و برایانەی ئیشیان بەو هەبووایە لەوە نەدەبینییەوە کە پۆستێکی هەبێت، یا بەرپرسیارییەتی حیزبی لە ئەستۆدایە، بەڵکو

بەرپرسیارییەتی خۆی لە قوڵی هەستی باوەڕ بە خودا و دوارۆژ وەردەگرت، لەوە کە هەموو کاروباری حزب و جەماعەت بەر لەوە بەرپرسیارییەتی حزبی بێت ئەرکێکی قیامەتییە و دەبێت ئەنجام بدریت.

دوو: هیچ کاتێک مامۆستا خۆی بە بێ کار نەدەبینییەوە، چاوەڕێی ئەوە نەبوو کاسێکی تر کاری بۆ بدۆزێتەوە و ئەرکێکی پێ بسپیرێت، بەڵکو خۆی ئەو کارانەی دەکرد کە بە پێویستی دەزانین، هەرگیز بیری بە لای ئەوەوە نەدەڕۆیشت کە ئەم کارە یا ئەو چالاکییە لەوە بچووک ترە، یا کەمترە ئەو خۆی پێوە خەریک بکات، یا کاتی پیرۆزی خۆی پێ بکوژێت، لای ئەو هەموو ئەو کارانەی پەیوەست بوون بەو پەیامەی هەڵیگرتبوو جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بوون، ورد و بچوک بن یا گەورە تەنانەت، لەبەر ئەو هەرگیز خۆی بێ ئیش نەدەبینییەوە، تەنانەت ئەو شەوە کە بە یەکجاری بارگەی پێچایەوە و ڕۆحی پاکی بەرەو لای خودا گەڕایەوە تا پێش خەوتن خەریکی وتنەوەی دەرسێکی پەروەردەیی زانستی بوو لەگەڵ پاسەوان و کارمەندەکانی مەکتەبی سیاسی.

سێ: ڕووخۆشی و تورەنەبوون، من بەش بە حاڵی خۆم لەو چەند ساڵەی لە مامۆستا نزیک بووم نەمبینی تورەبێت و ڕووی گرژبێت، یا دەنگی بەرزکردبێتەوە، هەرکات لەگەڵ یەکێک بۆچوونی جیاوازی هەبوایە و گفتوگۆکەیان بەرەو هەڵکشان بچوایە مامۆستا بە وتنی " سەلام و عەلیکم" خاوی دەکردەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم بە قەد زۆری ئەوانەی بە قسەی زل و گوتاری جوان دەناسرێنەوە، ئەوندەش کەمن ئەوانەی کە لە میانی کردار و

بە مەیدانی کار دەناسرێن و ئاماژەیان پێدەکرێت، وەستای قسە و کۆلەواری دەست زۆرن، بەڵام پێچەوانەکەی زۆر کەم و دەگمەنن، کە بە بێ دەنگی خەریکی داهێنان و بونیاتنان بێت، مامۆستا ڕێشاوی ڕەحمەتی خودای لێبێت یەکێ بوو لەو دەگمەنانە.

# یاداوەرییەك لە خزمەت بانگخوازی گەورە ماموستا عومەر ڕێشاوی

د.عالیه فرج

هـاوینی ۲۰۰۱ لە شـاری هەولێـر بە ئامـانجی تۆمـارکردنی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جەنـابی ماموسـتا عـومەر ڕێشـاوی گەشتمە خزمەتـی لە بینـای مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، کە ئەو کـاتە لەگەڵ جەنـابی ماموسـتا (محمـد احمـد) لەیەک ژووردا پێکەوە دوو ئۆفیسییان بوو.

لە دوانـدنییان بـۆ یەکتـر تێبینـی ئەوەم کـرد، کە بەینیـان زۆر خۆشـــــە و پەیوەنـــــدییان زۆر بەهێـــــزە و لە ڕووی بۆچوونەکانیشـیانەوە لە زیـاتر لە بابەتێکـدا کە باسـییان دەکـرد سەریان بۆ یەک ڕائەوەشاند، بۆیە بۆ من دیمەنییان خۆی بۆ خۆی مانابەخش بوو وەکو تـابلۆیەکی کۆمەڵایەتی نەوازە دەهـاتە پێش چاوم و تابلۆکە ڕەنگەکانی بریتیبوون لە خاکیبوون ، نەرمینواندن، گەرموگوڕی، ئارامی ، گەشبینی، یەقین بە خوای گەورە...هتد.

دوای تەواو بـوونی پرسـیارەکانی تـایبەت بە چـاوپێکەتنەکە، کە سەبارەت بە کاریگەری کیمیاباران بوو لەسەر پێکهاتە و وەزیفەی خێزان لەشـاری هەڵەبـجەی شـەهیدا، ئیـزن خواسـت لە جەنـابی ماموسـتا عـومەر کە پرسـیاری دەرەکـی بـکەم ( دوور لە بـابەتی ئەتروحەی دکتـۆراکەم)، کە جەنـابی بەڵێی داخوازییەکەم نواند ،

یەکەمین پرسیارم ئەوەبوو: ئایا مامۆستا لە هەولێردا هەست بە غەریبی دەکەیت؟

وەڵامەکەی ئەمەبوو: مەسەلەکە هەستکردن بە غەریبی نییە کە لە هەڵەبجە دەرچووم، هەستی من پەیوەستە بە کارکردن لە هەولێردا، بەبەردەوامی کاردەکەم و هەستدەکەم بینادەکەم بە بێ بناغە بۆیە چەندە بینا بەرزدەکەیتەوە ئەو هەستەی لە هەڵەبجە لە سلێمانی بۆ دروست دەبێت ، لێرە بوونی نییە.

ئەم چەند دەستەواژەیەی جەنابی مامۆستا عومەر ڕیشاوی تا ئێستاش لە هەر مەجلیسێکدا باسی چوونە دەرەوە بۆ هاندەران و کۆچکردن و غەریبی دەکرێت لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە.

مەشهەدێکی تری جەنابی مامۆستا عومەر ڕیشاوی ئەوەبوو کە بەسەردان چووینە خزمەتی بۆ ماڵەوە و کاتی نوێژ هات ، داوای کرد بە جەماعەت نوێژەکەمان بکەین ، بۆیە بۆ یەکەم جەنابی مامۆستا بووە پێشنوێژ بۆ هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدا بوون و پێشنوێژییەکەی زۆر جیاواز و هەستێکی زۆر جیاوازی بە من بەخشی و هەریەکە لە تیلقائیبوون و ڕاستەوخۆبوون و نەرمونیانی و ئارامی مامۆستا بەخششێک بوو ، کە کەسی نزیک لە جەنابی مامۆستا دوای چەند خولەکێک لە حزوری مامۆستا هەستی پێدەکرد و ئەم حاڵەتە بەبێ پلان بۆ دانان و ڕاستەوخۆیانە ئیحتیوای کەسی بەرامبەری دەکرد.بۆیە کە مامۆستات ئەدواند بە ڕوونی هەستی نزیکبوونی تەواو لە خوای گەورە هەستی پێدەکراو ، کورد واتەنی جەنابی مامۆستا عومەر "پیاوی خوا بوو" بەو واتایەی زوو خۆی و کەسی بەرامبەری ئەگێڕایەوە بۆ لای خوای

گەورە لە ڕێی گێڕانەوەی فاعیلییەت بۆ خوای گەورە و هەمیشە باس لە میهرەبانی و بەزەیی خوای گەورە سیمای سەرەکی وشە و دەستەواژەکانی مامۆستا عومەر بوو ، هەر کەسێک و لەهەر بیر و ئایدیۆلۆژیایەکەوە میوانی مەجلیسی حزورییان بوایە. ئەم تایبەتمەندییەی دواندنەکانی جەنابی مامۆستا عومەر زۆر بە ئاشکرایی تێبینی دەکرا لە گێڕانەوەی بۆ ئەو ڕوداو و هەڵوێستانەی کە پەیوەست بوو بە ژیانی خۆی یان ژیانی کۆمەیەتی و دەعەوی کۆمەڵگە و هەمیشە تەرکیز لەسەر زیاتر لە ڕەهەندێکی ناوەڕۆکی ڕووداو و هەڵوێستەکان دەکرد.

## لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

با ئیمە کارێك نەکەین ( نوخبە ) پشتمان تێبکات و( عام ) شوێنمان بکەوێت.

❊❊❊❊❊❊

دیموکراتیبون بە بیر و هۆشیاری و پەروەردەی دەوێ بە قسە و بەڵێندان و گۆرانی پیاهەڵدان نایەتە بەرهەم.

❊❊❊❊❊❊

مردن لە پێناوی خودایا ئاسانە ، ژیان لە پیناوی خودایا گرانە.

# چەند وێستگەیەك لە بیرو باوەڕ و بۆچوونەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی

سالم سلیمان حاجی

• ژیانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئاوێنەی هزرو بیرو باوەڕەکەی بوو.. کە ژیانی هەمووی چالاکی و کردار بوو، وەک زانستخواز و پەروەرشیار، چاکساز وچاکخواز، بانگخواز و کەسایەتی کۆمەڵایەتی..

• یەکەم جار کە ناوی مامۆستا عومەر ڕێشاوییم بینی - کە پێش ئەو جارە بە هیچ شێوەیەک ئاشنای جیهانی ئەو نەبووم و بە خزمەتی نە گەیشتبووم - لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سنە لە کوردستانی ئێران بوو، لەسەر کتێبێک بە ناوی (تاوانە دەرونیەکان).. نازانم چ هۆکارێک بوو کە ناوەکە و ناوی کتێبەکەی سەرنجی ڕاکێشام.. من خۆم عەودالی کتێب بووم، بەڵام کتێبی کوردی کەمتر.. بەڵام ئەم کتێبە سەرنجی منی ڕاکێشا..

دوایی کە لە نزیکەوە ئاشنای مامۆستا عومەر ڕێشاوی بووم.. بینیم کە مرۆڤێکە بەرییە لە تاوانە دەرونیەکان و، زۆر لێیان بە دوورە.. کینە و حەسادەت نا ناسێ.. دەروون ئاسوودە و بێ گەردە.. دوورە لە کاری بێ هودە و بێ سوود و، هەمیشە خەریکی زیاد کردنی زانست و فێربوونە.. کاتی خۆی بە فیڕۆ نە دەدا.. هەمیشە لە جولە و چالاکی دا بوو: یان دەرسی دەوت بە

زانستخوازان، یان خۆی موتالا و کتێبی دەخوێند، یان مەشغولی زیکر و خوێندنی قورئان بوو.. یانیش سەردانی دۆست و هاوەڵ و کەسوکاری دەکرد.. هەمیشە لە کاری خێردا بوو..

• مامۆستا عومەر - ڕەحمەتی خوای لێبێت - لەو کەسانە نەبوو کە کاتی خۆی بە قیل وقالەوە سەرف بکات و، هەمیشە سەرقاڵی کاری بە سوود بوو بۆ خۆی و دەوروبەری.. هەموو کاتەکانی بە خوێندن و خوێندنەوە و دەرس وتنەوە بەسەر دەبرد.. هیچ دەرفەتێکی لە دەست نەدەدا بێ ئەوەی بە وەعزێک، یان قسەیەکی خۆش، یان بیرخستنەوەیەک، یان دەرسێک، پڕی بکاتەوە.. هەموو مەجلیسەکانی پڕ بوون لە عیلم و زیکر..

تەنانەت منداڵانیش بێ بەشی نەدەدەکردن لەو مەوعیزە و ڕێنمایی و بیرخستنەوەنانە، بە پێی تەمەن و توانای وەرگرتنیان.. زۆر جار بینیومە، کاتێک منداڵان هاروهاجییان دەکرد، ئەو هەڵدەستا ئیزنی لە میوانەکانی دەخواست و دەچووە لای منداڵەکان و بە دوو سێ قسەی خۆش و یادەوەری و مەوعیزەیەک هێمنی دەکردن و، تا ماوەیەکی باش ئاسوودە و ئارام دەبوون..

• مامۆستا عومەر - غەریقی ڕەحمەتی خوا بێت - کەسێکی زۆر دەگمەن بوو، لە ڕووی ڕاستگۆیی و پابەندیی و میانەڕەویبوونی.. ئەمەش بە سرۆشتێکی خۆڕسک و، بێ زۆر لە خۆکردن و، ببوو بە (مەلەکە) و بە بەشێک لە سرۆشت و هەڵسوکەوتی.. بۆیە هەمیشە میانڕەو و نەرمونیان بوو، لە ماڵ و لە دەرەوە، لە سەفەر و لە ئیقامەیا و، لە گەڵ دۆست و دوژمنا.. بۆیە ڕووداو و بەسەرهاتەکان، کاریان تێ نەدەکرد و، بڕیار د

بۆچوونەکانی نەدەگۆڕی، بەڵکو خۆی بوو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی هەڵدەسەنگاند بە پێی تەرازوی میانەڕەوی خۆی و، لە ژێر ڕۆشنایی بەها بەرزەکانی ئیسلام.. بۆیە دەبینین کە سەرەڕای باردۆخی نالەباری ئەو و، بوونی لە ژێر چاودێری دەزگای سیخۆری حیزبی بەعس و، تەنانەت فشاری هەندێ لە لایەنە کوردیەکانی ئەو کاتی لەسەری و، دەنگوباسی گەورەی جمهوری ئیسلامی ئێران و، دەنگوباسی جیهادی ئەفغانستان لەو کاتەیا.. هەموو ئەمانە کاری تێ نەکرد کە بڕیاری جێهێشتنی شاری خۆی (هەڵەبجە) بدات و، ڕوو بکاتە (ئێران)، تا لە ساڵی ١٩٨٨ و لە دوای هێرشی ڕژێمی سەدام بە چەکی کیمیاوی و کارەساتی کیمیاوی هەڵەبجە، ئینجا بە ناچاری ڕوویکردە (ئێران).. چونکە پێی وابوو بەردەوامی و خۆڕاگری لەسەر کار، باشترە لە ڕاڕایی و ڕووکردنە نادیار.. هەروەها لە (ئێران)یش، سەرەڕای کاری زۆری و، کاریگەری گەورەی کە هەیبوو بەسەر ئەو خەڵکە ئاوارە کوردەی کە لە ئۆردوگاکانی ئێران بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە ڕژێمی ئێران دەستی چوویە خوێنی شەهید مامۆستا (ناسر سوبحانی)، ئیتر یەکسەر بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ کوردستان و عیراق و، وتی: ئیتر زوڵم گەیشتە لوتکە پۆپکەی..

• مامۆستا ڕیشاوی - بە ڕەحمەت بێت - پیاوێکی کەم وێنە بوو.. ئارام ولەسەرخۆ وبێ فیز.. باوەڕدار و پشتیوان بە خوا.. هەمیشە خەریکی کاری خۆی بوو، بە بێگوێدانە قسەی خەڵک.. کارەکانی لەسەر خۆ بوون، بێ پەلە پەل و هەراوهوریا، هیچ کارێکی پەلەی لێ نەدەکرد پێش وادەی خۆی.. هەمیشە دەیوت:

ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین، لە دائیرەی بەرپرسیاریەتی خۆمان، ئیتر ئەگەر شتێکی نوێی رویدا، ئەو کاتە (لکل حادث حدیث)..

لە بیرمە کاتێ لە ئێران بوو، هەندێ کەس پێیان دەوت کە ناوی خۆی بگۆڕێ، چونکە ناوی (عمر) لە ئێران جێی نیگەرانی هەندێ خەڵکە و، رەنگە تووشی گیروگرفت ببێت لەبەر ئەم ناوە.. بەڵام ئەو وەڵامی دەدانەوە و دەیوت: کەس نارەزایی خۆی لە ناوی من دەرنەبڕیوە و، کەس داوای لێ نەکردووم تا ئێستا کە ناوم بگۆڕم و، هەر کات داوایەکی وا هەبوو، ئەو کات سەیری دەکەین و بە پێی پێویست وەڵامی دەدەینەوە و، تا ئەو کاتە ئێمە مەشغولی کاری خۆمان دەبین و خۆمان بەو شتانە خەریک ناکەین.. هەڵبەت کەس داوای لەو جۆرە لێی نەکرد و، بە پێچەوانەوە مامۆستا جێگەی رێز و ستایشی هەموو لایەک بوو لەو وڵاتە..

مەبەست ئەوەیە کە مامۆستا کەسێکی کرداری بوو و ئەهلی قال و قیل نەبوو و پێش رووداوەکان نەدەکەوت، بەڵکو مامەڵەی لە گەڵ واقیعی دەکرد و، .. ئەمەش گوزارشت لەوە دەکات کە زوهد و تەقوای مامۆستا لە گۆشەگیری و تێروانینی نەرێنی نەبوو دەربارەی دونیا و، هەڵوێست و کرداری پابەند و پشت بەستوو بە تێروانینێکی شەرعی روون بوون.

• مامۆستا عومەر سالانێک بوو لە تروپکی کاری دەعەوی سیاسی ناوچەکە بوو، بەڵام چاوی لە پلە و پۆست نەبوو، بەڵکو بڵاوکردنەوەی زانست و تێگەیشتنی ئیسلامی مەبەستبوو لە لای دی پلە وپۆست لای ئەو شتی گرنگ نەبوون، بۆیە دوای ئەوەی

قوتـابی و هاوەڵـەکانی پێگەیشـتن و کارەکـەیان گرتـە دەسـت، مامۆسـتا بـەردەوامبوو لەسـەر کـار و پابەنـدبوونی و، خـۆی بـە گەورەتری نەدەزانی لەوان.. هەر بۆ نموونە: مامۆستا عومـەر - بـە ڕەحمـەت بێـت - بـاوەڕی زۆری هـەبوو بـە سـەلیقە و تواناکـانی مامۆسـتا (صـەلاح الـدین) و، ئەمـەی نەدەشـاردەوە.. گـەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە مامۆستا عومـەر پێی ئاسایی بوو ببێتە (ڕاوێژکـاری مامۆسـتا صـەلاح الـدین)، سـەرەڕای ئـەوەی کـە مامۆستا صەلاح پێشتر یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەو..

• مامۆستا عومەر بە سرۆشتی خۆی ڕقی لە توندوتیژی بوو و، حەزی بە نـەرمونیانی بـوو لـە هـەموو کـارو کردەوەکـانی دا، هـەر وەکـو خـوا و پێغەمبەرەکـەی فەرموویانـە.. کـاتێ بزوتنـەوەی چەکداری ئیسلامی پەیدا بوو لـە کوردستاندا، مامۆسـتا حـەزی پێ نەبوو، بەڵام دژایەتیشی نەکردن و ، دانـەبڕا لێیـان و، بـەردەوامبوو لە پەیوەندیە باشەکانی لە گەڵیاندا..

مامۆسـتا دژی پرنسـیپی دەرچـوون بـوو بـە زەبـڕی هێـز دژی دەسەڵات و، پێی وابوو چاکسازی دەبێ لە ناوەوە بکرێت، نـەک لـە سەرەوە بچەسپێنرێت.. بڕوای بە سیاسەتی (قسەی نـەرم) لـە گەڵ دەسەڵاتداران و ملهوڕان هەبوو، کە ئەمەش پرنسیپێکی قورئانیە و، ئومێدی زۆر بە چاکسازی و، قۆناغبەندی تێدا، هەبوو.

• هەر لە بارەی توندوتیژییەوە، من خۆم چەند جارێک گفتوگۆم لە گەڵ کردووە دەربارەی کێشـەی فەلەسـتینی - بۆ نمونـە - کـە نمونەیەکی زیندووی کێشەیەکی ڕەوای ئیسـلامییە.. بەڵام مامۆسـتا ڕێشاوی و، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو ، تێڕوانینێکی تری هـەبوو

دەربارەی کێشەی فەلەستینیەکان، سەرچاوەی لە بیروبۆچوونی سەبارەت بە توندوتیژییەوە وەردەگرت.. مامۆستا ڕەخنەی هەبوو لە ڕێرەوی کاری ئیسلامی فەلەستینی و، پێی وابوو ئەوان ناگەنە ئەنجامێکی باش بە پەیڕەوکردنیان لە کاری توندوتیژی و چەکداری و، دەبێت مافەکانیان بە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆ وەرگرن، نەک بە هۆی توندوتیژی و گوشتن وبڕین.. مامۆستا -بە ڕەحمەت بێت- تەنانەت دەربارەی (شۆڕشی بەردین) و (منالانی بەرد)یش -کە بە هێمای شۆڕش و ناڕەزاییەتیەکانی فەلەستینیەکان ئەژمار دەکرێت - ڕەخنە و تێبینی هەبوو.. چونکە پێی وابوو کە ئەمیش جۆرێکە لە دروستکردنی فەزای توندوتیژی و، ئەگەر فەلەستینیەکان پییانەوێت بگەنە ماف و کەرامەتی خۆیان دەبێ ڕێگەی تر هەڵبژێرن، نەک ماڵی خۆیان وێران بکەن وبەهانە بدەنە دەست دوژمنەکانیان، بە بێ گەیشتن بە ئامانج ..

• لە بیرمە کە بەیانی ڕۆژی ١١ سبیتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ مامۆستام بینی، زۆر پەرێشان بوو سەبارەت بەو ڕووداوەی کە هەموو کەناڵەکانی جیهان دەیکواستەوە و، باسی گرۆپی چەکداری ئیسلامی دەکرا کە لە پشتەوە بێت و، پێی نا خۆش بوو و بە شتێکی نەرینی لێکی دایەوە.. قەت دڵی بەو جۆرە کردەوانە خۆش نەبوو و، پێی وابوو ئەوانەی لە پشت ئەم کردەوانانەن لە پەیامی ئیسلام نەگەیشتوون و، خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن..

• لە سەر ئاستی سیاسەت، مامۆستا عومەر زۆر پەرۆشی فیکر و تیۆریای سیاسی نەبوو، بەلام ئەو هەر لە سەردەمی گەنجیەوە، بە کاری سیاسی ئاشنا بوو و، لێی دوور نەکەوتەوە تا ڕۆژی

وەفاتی.. ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی پێشەوەی بەرپرسیارێتی بوو لە کاری ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری و، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) ساڵی ١٩٩٤ و، هیچ کات دوو دڵ نەبوو لە کارکردنی لە ناو ریزەکانی ئەو حیزبەدا، و بەردەوامبوو لە سەر وەفا و هەڵوێستەکانی تەنانەت کاتێک لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا دەنگی نەهێنا بۆ سەرکردایەتی حیزب و، بەردەوامبوو لەسەر کاروچالاکیەکانی خۆی بە هەمان هیممەت و حەماسەتەوە تا ڕۆژی ١٨ / ١٠ / ٢٠٠١ کە دونیای فانی بەجێهێشت بۆ لقای خالقی خۆی -خوا لێی خۆش بێت و جێگەی بەهەشتی بەرین بێت إن شاء الله.

• هەر لە بابەتی کاری سیاسی مامۆستا، لە بیرمە ساڵی ١٩٩٣، پێش ڕاگەیاندنی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بوو، من جارێک پرسیارم لێ کرد سەبارەت چەمکی (ڕادەستکردنی دەسەڵات) و، ئایا جائیزە بۆ حیزبێکی ئیسلامی - کە بە ڕێگەی دیموکراسی و سندوقەکانی هەڵبژاردن دەگاتە دەسەڵات- دەست بە دەسەڵاتەوە بگریت و، غەیری خۆی لێ بەش بکات، بە بەهانەی ئەوەی کە ئەو خۆی دەتوانێ خزمەتی ئیسلام وموسڵمانان بکات و، ئەوانی تر ناتوانن ئەو خزمەتە بکەن و، ئەهلیەتی گرتنەوەی دەسەڵاتیان نیە؟ ئەو وتی: هەر حیزبێک نەتوانێ قەناعەت بە خەڵک و دەنگدەران بکات کە شایستەی دەسەڵاتە، لە کاتێکا کە خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات بێت، ئەوە دیارە کە بە ڕاستی شایستەی ئەو شوێنە نیە و دەبێ دەسەڵات بەجێبێلێ بۆ ئەوانەی کە دەتوانن باشتر و چاکتر خزمەت پێشکەش بە خەڵک بکەن.. هەروەها وتی:

هەر حیزبێک نەتوانێت متمانەی هاوڵاتیان بە دەست بێنێت، ئەوە خۆی بۆ خۆی هۆکارێکی کاریگەر و کافی یە بۆ ئەوەی ناکارایی و ناشایستەیی ئەو حیزبە دەرخات، بۆیە هیچ بەهانە و هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی ئەو حیزبە دەست بە دەسەڵاتەوە بگرێت بە بەهانەی پاراستنی..

بۆ مێژوو دەڵێم: ئەم چەمک وتێگەیشتنە لەو سات و کاتەدا، شتانێکی نامۆ بوون تەنانەت بۆ هەندێ لە سەرکردە و کەسە دیارەکانی ناو ئیسلامیەکانی، چ جای قاعیدە و کادرە ناوەندیەکانیان.. بەڵام مامۆستا عومەر - بە ڕەحمەت بێت- کەسێکی ڕاستگۆ و مخلص بوو بۆ سرۆشتی خۆی و پێکهاتەی فیکری میانەڕەوی خۆی و، بە تەبا بوو لە گەڵ خۆی و لە گەڵ بنچینە فیکریەکانی..

• ماویەتی بڵێم کە مامۆستا ڕیشاوی تێڕوانینێکی ئەرینی هەبوو بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا.. ئەم تێڕوانینەش بەرجەستەی خۆی لە پەروەردەی منداڵەکانی و، لە مامەڵەی لە گەڵ هاوسەری خۆی، پێش هەموو شتێک، دەبینیەوە.. کە زۆر بە ڕێز و لە بەرچاوگرتنی تایبەمەندی و سەربەخۆییان، مامەڵەی لە گەڵ دەکردن و، لە زۆر کاروباری ڕۆژانەی ژیان ڕاوێژی پێ دەکردن، تەنانەت بچوکەکانیش..

توندگیر و توند مامەڵە نەبوو لە گەڵ مەسەلە و کێشەکانی ئافرەتان (وەکو: حیجاب و کاری ئافرەت دەرەوەی ماڵ..) و، پێی وابوو عیبرەت لە حیجاب ئەوەیە کە عەمەلی بێت و، مەرجە شەرعیەکانی تێدا بێت، ئیتر گرنگ نیە چۆن و چ جۆرێک بێت،

سەبارەت بە کاری ئافرەتیش ، بە لایەوە ئاسایی و ڕێپێدراوە بوو، لە چوارچێوەی ڕێنمایی و بنچینە شەرعیەکانەوە..

• لە کۆتاییدا، باسکردنی ژیان و هزر و هەلوێستەکانی مامۆستا کارێکی فرە ڕەهەند و لایەنە و، من لەم کورتە نوسینەدا تەنها ئاماژە بە چەند سەرەقەلەمێکم کرد و، إن شاء الله کەسانێک ئەم ئەرکە باشتر و جوانتر مافی پێ دەدەن و دەگرنە ئەستۆ و، نەوەکانی ئایندەمان بە ژیان و هزر و کەسایەتی مامۆستا عومەر ڕێشاوی ئاشنا دەکەن..

# مامۆستا ڕێشاوی، بانگخواز و زانا و پەروەرشیار

عبدالرحمن عوسمان عبدالعز

لەباکوری هەڵەبجەوەولە نزیک ڕوبارە بەخشندەکەی سیروانەو لە ڕێی شیاوی ڕێشاوەوە گزنگی تیشکێکی خواکرد بەسەرئاسمانی ئەو دەڤەرە پێشەنگەدا هەڵهات تاکو دەنکێکی زێڕین لەتەسبیحی ئەرقەمیدا بهۆنێتەوە ... کە گەیشتە گۆڕەپانی ناسین لەوەفاداری بۆ زێدی خۆی ڕێشاوی دوورە دەستی کردە پاشگری نازناوی تاکو بەبەرهەمی کرداری تەمەنی ناوی ڕێشاو لە پەراوێزەوە بگوازێتەوە سەرزاری نیشتمان وبە پەساپۆرتی بانگەوازی بەجیهانی ئیسلامیشی بناسێنێت .

هەڵگرێکی ناوی فاروق لە بنەماڵەیەکی خواناس ونیشتیمانپەروەر ڕێی کاروانی زانستی گرتەبەر و لە مەشخەڵە زانستیەکی پڕیسدا بەو ئامادەکارییە زاتیەی خۆی شان بەشانی وەرگرتنی زانست وانەی تەزکیەی نەفسی لەسەر بنەمای زانستی وەرگرت وهەر بەو ئامادەییشەوە پەیامی ژیان لە پێناوی خودای لەڕیزی پێشەنگەکاندا وەدەستهێنا .

جەنابی مامۆستا ڕێشاوی لەبەر شیاوی ولێهاتویی وخەمخۆری خۆی یەکێک بوو لەوسێ کەسە سەرەتاییانەی متمانەی جەنابی مامۆستا مەلا ساڵەحی گەورەو مامۆستا مەلا عوسمانیان وەرگرت کە کاری ڕێکخستن لەئەستۆ بگرن لەگەڵ مامۆستا مەلا جەلالی

مامۆستا مەلا ساڵەح ومامۆستا سدیق عەبدولعەزیز داوپاشان لەبەر کارامەیی خۆی بەرپرسیارێتی پەیوەندی نێوان کوردستان وناوەندی عێراقی کەوتە ئەستۆو ئیتر لەو کاتەوە بو بەو ژمارە گەورەو بەهێزەی لەحسابە گەورەکاندا دەخوێندرایەوە .

مامۆستا ڕێشاوی بۆخۆی کەسایەتیەکی ئارام و پایەداربوو بەلام سازێنەر و بونیاتنەر،لەگەڵ بەهرەمەندی بە باوەڕی بەهێز و شارەزایی زانستی وبانگخوازیدا بۆیە هەمیشە بەئەندێشەوە لەخواروی خۆیشی گوێی دەگرت،کەم قسە بوو ئەمما پڕ کردار، زۆرێک لە ئامۆژگارییەکانی بە بێدەنگی و هەڵوێست وکردار دەگەیاند، کەسایەتیەکی سەنگین وخۆشەویست بوو لە دڵی هەمواندا و بەو خۆبەکەمزانینەی هێندەی تر لەبەرچاوی خەڵک وهاوەڵانیدا گەورەتر دەبوو، چونکە هەموان ئەوەیان لێ دەرک کردبوو کە بەڕێزیان سەرقاڵی بابەتی گەورەترن و بۆ ژمارە حسابێکی قیامەتی کردارەکانیان پاشەکەوت دەکەن .

ئەوەی تێبینیمان کردبێت مامۆستا ڕێشاوی قوڵتر بیری دەکردەوە و بەتەعبیرێکی شمولی ڕەچاوی گشت جەمسەری بابەتەکانی دەکرد ئەگەرچی بایەخی بە گرنگترینیان دەدا، تەنانەت لە وانە وتنەوەشدا کە من بۆخۆم قوتابی بەڕێزیان بووم لەپەیمانگای ئیسلامی هەڵەبجە، لەکاتی وانەی هزری ئیسلامیدا زۆر بە شێوازێکی بونیاتنەرانە بابەتەکەی حاڵی دەکردین هاوکات لەتەک زانستەکانی تریشدا جۆشی دەدان و لەسەر ئەوەش ڕاهێنانی پێ دەکردین بەتایبەتی زاراوە هزرییەکانی بە پێوەری سەرف و نەحو بۆ شیتەڵ دەکردین کە پسپۆڕی بەرزی تیدا هێنا

بوو، بەهەمان شێوەیش لەکاری ئیسلامیدا جەمسەری گشـ
میکانیزمەکانی دەگەیاندەوە یەک بەرەو مەبەستی بەرژەوەندی
گشتی کە ڕەزامەندی خودای تێدا دەستەبەر بکرێت، ئەوەش
یەکێکی تر بوو لە تایبەتمەندییەکانی مامۆستا ڕێشاوی .

ئەوەی پێویستە لە ناسینی هزری مامۆستا ڕێشاوی لەبواری
کاری ئیسلامیدا بەیان بکرێت ئەو بازنە فراوانە بوو کە مامەڵەی
پێوە دەکرد کە ئەو شێوازەش لەقولایی کارکردنی زانایانـ
بەرجەستە بوو ئەگەرچی ئەو سەردەمەش کاتی سەرهەڵدانی
بازنەی داخراوی ڕێکخراوی حیزبی بوو، بەڵام زانایان بەو شێوەی
کە ڕاهاتبوون لەسەری کاریان دەکرد، ئەویش کارکردن بوو
لەسەر پانتای جەماوەر و ڕەچاوکردنی مەقاسیدی شەریعە و
خوێندنەوەی ئەگەرە دوورەکان کە ئەگەر تا گەیشتن بە کەناری
دڵنیایی کار لەدەست ئەم زانا پایە بەرزانەدا بوایە بەدڵنیاییەوە ئەو
کورتهێنان و پاشەکشێیەی بەخۆیەوە نەدەبینی چونکە ئەزمونی
زانایان بەفەزلی خودا زامنی مەکانەتی نێوان لایەنەکان وپاراستنی
شکۆمەندی ومتمانەی نێو جەماوەریش بوون بۆ کوردستان و
پارچەکانی تریش کەهەمان سەرنوشتیان هەیە .

یەک نموونە باسکردنی بەسوودە لەم بوارەدا ساڵی ١٩٩٣ و
لەدانیشتنێکی تایبەتی مامۆستا ڕێشاوی ومامۆستا حسن
شەمێرانی کە هەردوک خۆشەویستی جەنابی مامۆستا بون ! و
مامۆستایەکی تر لەگەڵ جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان
لەسەرئەشکەوتان کە منیش شەرەفی بەشداریم هەبو مامۆستایانی
میوان پرۆژەی هەماهەنگی وبرایەتیان ئاراستە کرد دیارە لەقالبی

برایەتی جاراندا، جەنابی ماموستا مەلا عوسمانیش کەهەم ماموستا و هەم برای سەرقافڵەی پێشویان بوو، هەناسەیەکی حەسرەتی لەناخەوە هەڵکێشا و فەرموی بەخوا من کە دەستم دایە ئەم کارە بە تەمابوم هەروەک جاران پێکەوە بین و لەیەک جیا نەبین ... ئیتر ماموستا ڕێشاویش کە زۆرچاک ماموستاکەی دەناسی و باشیش لەمەسەلەکان حاڵی بو گریانێکی بەکوڵ گرتی و تاکو کۆتایش هەر بەردەوام بوو، من بۆخۆم یەک دونیا ماجەرام تێدا خوێندەوە و هەموانیش کەوتینە ژێر کاریگەری ئەو کەشە ڕۆحیەی بێ گەردی وسەداقەتی لێ بەرزدەبویەوە .

لەکۆتاییشدا پێویستە ئەو ڕاستیەش باس بکەین کە کەسایەتی جەنابی ماموستا ڕێشاوی ئەگەرچی زاتی بو خۆی پێگەیاندبوو بەڵام بەڕاستی خانەوادەو بنەماڵە بەڕێزەکەیشی ڕۆڵیان هەبوو لە پەرەپێدان و پایەداریدا، بەتایبەتی ماموستا ئیبراهیم و برا بەڕێزەکانی و سویبەخانی هاوژینی کە ئەویش بەڕاستی شاژنی کاروانی کار و بانگەوازی ئیسلامی بوو .

هیوادارم بەم نوسینە کورت و تەعبیرە گوشراوانە توانیبێتم ئاماژە بکەم بەچەند برگەیەکی ژیان وتایبەتمەندی وئەزمون وخەسڵەتە شیرینەکانی ماموستا ڕێشاوی خودا لێی خۆش بێت وپلەی بەرز بکات وحەشری لەگەڵ پیاوچاکان وڕاستگۆیاندا بێت و لەبەهەشتە بەرینەکەی خۆی کۆیان بکاتەوە .

# زانا و حەکیم و دڵسۆز مامۆستا عومەر ڕێشاوی

د.یاسین مصطفی هەورامی

مامۆستا عمر ڕێشاوی لە پێش یەکەم بۆنەی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) لە مزگەوتي پاشا لە هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧١ بە خزمەتی گەیشتم لە بیرمە پێش دەستپێکردني بۆنەکە فەرموی بچۆ بە دواي گەنجێکي لاوي شاعیر ناوی عوسمان جوتیارە، دوای ناونیشانی چوم بە دوایدا لە خزمەتیا هاتین بۆ مزگەوتي پاشا و یەکەم هۆنراوە لەبیر نەچوە بە پێزەکەي هۆنیەوە، دوای ئەم یەکەم بە خزمەت گەیشتنەی مامۆستا عمر ڕێشاوي ئیتر من بوم بە کەسێکي نزیکی مامۆستا .

مامۆستا برایەکی بەئەمەکي قوتابخانە چاکسازي و گەشەپێدانی ئیمام بەنا بوو، زانا و حەکیم و دلسوز خاوەن خوڵک و سفرە و خوان بوو. ماموستا کەسایەتیەک بوو بە خزمەتی بگەیشتینایە توانای دەستلێبەردانت لێی نەبوو بە وتە جوانەکانی بە بزە و زەردەخەنەکاني بە سەلیقە و ئاکارە جوانەکانی، جگە لە هەڵسوکەوتە پەند ئامێزەکانی کە هەمیشە سەرنجی رادەکێشای بۆ مەبەستەکەي، مامۆستا هەمیشە لە هەر شوێنێکی شارد بڕۆیشتیتایە دەتبینی لەگەڵ مەلا و فەقێ و خەڵکدا. مامۆستا جگە لە خزمەتي بانگەواز وحوجرە و مەلا و فەقی، پیاوێکی خۆش مەشرەب و مەجلیس رازاوە بوو، هەمیشە خەریکی ئاشتەوایی لە

ناو چین و توێژەکانی جەماوەردا بوو ، هەمیشە بۆنەکاني دەرازاندەوە، خۆشەویستی جە ماوەر بوو، مامۆستا هەمیشە دواي تەفسیرو سیره و فقە، اصول العشريني دەوتەوە ، زۆر ئومێدی بە لاو و گەنج بو گیانێکي تايبەتی هە بوو لەگەل گەنج و لاودا، ئە ندامی یەکەم ئوسرەی برایان بووە لە هەڵەبجە . هە میشە بە شداربووە لە تەواوی کارەساتەکانی ناوچە و ولاتەکەی ، مامۆستا ئەوەندە لە خزمەتیا بیرەوەریم هەیە بەشی دەیان ڕۆژ... من بە ش بەحالی خوم بنووسم ئەگەر تیشکێکم دابێت لە ژیانی پر سەروەری جەنابیان لە ئاینپەروەری و خەبات و نیشتمان پەروەری و چاکسازی تاکی کۆمەلگە و جەماوەری ناوچە و ولاتەکەی، مامۆستای بە ڕێزو پایە بلندمان هەمیشە لە دوا کوتای تەمەنیشیدا نمونەی مە ردێکی گەنج و چالاک و ماندونە ناس و بلیمە ت بوو، هە میشە خەریکی خۆ دەولەمەندکردنی سەفەرەکەی بوو، ڕۆژێک لە ژیانیا بێ پابەندی و شلگیری لە ژیانی خواناسی و ئاین پەروەری و نیشتمانپەروەریدا نەبینراوە .

# نمونەی کەسایەتیەکی هێمن و راستگۆ و خۆنەویست

حەیدەر عوسمان

کەسێکی هـێمن  و لەسـەرخۆو ڕاسـتگۆ ودڵسـۆزو خۆڕاگرو دامەزراو و خۆنەویست وخاکی ولێبوردە بوو.....

کە سایەتیەکی ناسراوی پایەبەرز و بڵند و شکۆداری پارێزگای هەڵەبجە و ناوچەکە و کوردستان بوو، یە کێک بوو لە سە رکردە باڵاو ودیار و بەناوبانگەکانی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان.

ڕۆڵی گرنگ وبە رچاو و کاریگەری لە کاری بانگەوازو بێداری ئیسلامیدا بەدیدیکی میانڕەوانە لە کوردستان هەبووە. ئیصلاحخواز و ئاشتیخواز و ئیسلام پەروەربوو ..خاوە نی مێژوویەکی زێڕینی گەشاوەی هەمیشە زیندووە لە وبزاڤە دا....لەهەر شوێنیکدا بووبێت کارو ئەرکی خۆی بە باشترین شێوە ئە نجامداوە گوێی نەداوە بە پلە و پۆست وپایە...

مامۆستای بە ڕێزو شکۆدار لە هەر بارودۆخ و کات وشوێنێکدا بوو بێت هـەدەف و خـەمی سـەرەکی نوێژ و جەماعەت وعیبادات وخوداناسـی بـووە..... لـە کاتـە سـەخت ودژوار و تەنگانە و ناخوشیەکانیشـدا بـەردەوام بـووە لـە کـاری بـانگەوازو نوێژی جەماعەت و خوداپەرستی.

لێرە دا بڕگەیەکی کورت لە قۆناغەکانی ڕۆژانی سە ختی ژیانی دەخەمە ڕوو کە بە جوانترین شێوە تێیپەڕاندووە.

لە دوای مە رگەسات و کارەساتی کیمیابارانی هە ڵەبجە لە ١٦/ ٣ / ١٩٨٨و ئاوارە بوونمان بۆ ئێران، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری کانگاوەر بە ناوی (مدرسة مطهري) پێکەوە بووین، هەر لە سەرەتای جێگیر بوونمانەوە لەو کات و ساتە سەخت و دژوار و تاڵ و دڵ تەنگی و نا ئارامی و ماندوو بوون و شەکەت و شڵەژان و سەرگەردانی و کەم شوێنیدا، مامۆستا خەمی سەرەکی دابینکردنی شوێنێکی تایبەت بە (نوێژکردن و جەماعەت) بوو.

شوێنەکە دابینکراو بەرێزی ئیمامەتی دە کرد و پاش نوێژەکانیش وانەی دەو تەوە و ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکەکەی دە کرد، کە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ تێیدا بە شداربوون، بۆ ماوەی سێ مانگێک لە قوتابخانە کانداماینەوە، پاشان لە ئۆردوگای (گەلیاران) نیشتەجێکراین، بە هەوڵ و هیمەتی مامۆستا ڕیشاوی وچەند بەڕێزیکی دیکە، مزگەوتێکی تێدا دروستکرا، مامۆستا بەردەوامبوو لە ئیمامەت وئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت لە ژیانیدا بۆ ساتێکیش لە کاری بانگەواز کردن و خوداناسی و نوێژو جەماعەت دانەبڕاوە و بەردەوام بووە.

لە لایە کی دیکەوە بڕوانینە ژیانی گە شاوەی مامۆستا ڕیشاوی وەک پیشەی (مامۆستایەتی)، لەگەڵ ئەوەشدا کە مامۆستای سەرەتايي بوو، بەڵام مامۆستایەکی بە تواناو لێهاتوو و کارامە و ئەزموندارو جیددی و دڵسۆز و سەرکەوتوو بوو، شارەزاییەکی

زۆرباشی هەبوو لە (فیقە و وانەی زمانی عە رەبي)دا، بۆیە لە سانەوی دیراساتی ئیسلامی هەڵەبجە پێویستیان بە مامۆستا ڕێشاوی بوو بۆ وانە وتنەوە و خزمەت.

هەروەها لە ساڵەکانی ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو ئەو کاتە بەندە بەڕێوەبەری ئامادەیی هەڵەبجەی کوران بووم، قوتابخانەکەمان پێویستی بە مامۆستا بوو بۆ وانەی زمانی عەرەبی، مامۆستا ڕێشاوی بەهۆی ئەزمون وتوانا ولێهاتووییەوە (تەنسیب )کرا بۆ قوتابخانەکەمان، وەک مامۆستای وانەی زمانی عەرەبی، بە سەرکەوتوانە وانەی شەشەمی ئە دەبی دەوتەوە..

# لە یادەوەریی مامۆستای گەورە عومەر ڕێشاویدا

د.سید أحمد پێنجوێنی

بە حوکمی ئەوەی تەمەنێک لەگەڵی ئاشنابووم - لە دوور و لە نزیکەوە- ئاوا گەواهی خۆم دەدەم دەربارەی ئەم زانا مەزنە و ئەو دانا بەهرەمەندە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

* مامۆستا عومەر واتە: دونیایەک لە ڕووخۆشی و دڵخۆشی، دەریایەک لە گەشی و گەشبینی، جیهانێک لە کرانەوە و ئاسانکاری و متمانەبەخۆبوون، لە جیهانێکی داخراو و زەحمەتکردن و داڕوخاویدا.

* چیایەک لە چەسپاوی و دامەزراوی و ڕاوەستاویی. لە جیهانێکی پڕ لە ترسنۆکی، قەلەق و لەرزۆکیدا.

* شەپۆلێک لە هەڵمەت و هیمەت. لە دونیایەکی پڕ لە کپی و کڕی و سڕیدا.

* زۆر لە خزمەتیدابووم لە هەڵەبجە و لە ئێران و لە هەولێر. زۆریش ڕۆژانی پڕ لە سەختی و دژوارمان پێکەوە بەڕێکرد، کەچی نەمبینی ڕۆژێک بێتاقەتبێ، یان کۆڵبدا. لە هەر خانوویەکدا بوایە ژوورێکی دەکردە مزگەوت.

* هەمیشە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا وەکو برادەر و ڕەفیق وابوو.

* ئامۆژگـــار و پەروەردەکـــارێکی کەم وێنەبـــوو، بـۆ هەر مەجلیسێک قسە و باسی خۆی هەبوو، زۆر ڕۆحسووک و خاکی بوو، بەڕاستی شیاوی نازناوی (حەکیم) بوو.

* لەگەڵ ئەوانەی کە کاڵـــدین بـــوون زۆر میهرەبـــان و ڕووخۆشبوو، کە زۆر جار دەبووە هۆی هیدایەتیان!

* دەتوانم بڵێم: ئەخلاقی پێغەمبەرانە بوو!

* فتواکـــانی زۆر (مقاصـــدي) و ســـەردەمیانە بـــوو، دوور لە توندی هەندێک و شلگیری هەندێکی تر.

هەزاران ســڵاو لە گیـانی پـاکی، لە ئاکـاری چـاکی، لە چرای ڕووناکی!

# یادەوەرییەکانم لەگەڵ بەڕێز مەرحومی مامۆستا عومەر ڕێشاویدا

ئەکرەم ئەنوەر عبدالرحمن

بەندە لە سەرەتای هەشتاکانەوە کە ئاشنابووم بە کاری ئیسلامی لە هەڵەبجە یەکێک لە ناوە دیار و درەوشاوەکانی ناوچەکە کە لەسەر زاری لاوانی ڕابوونی ئیسلامی بوو بەرگوێمان دەکەوت ناوی مەرحومی (مامۆستا عومەر ڕێشاوی) بوو، لە بیرمە جارێکیان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بوو کە من ئەو کاتە لاوێک بووم تەمەنم لە بیست ساڵ کەمتربوو، لە زستانێکی سارددا لە مزگەوتی (دار الصفا) لە هەڵەبجە لە دەوری سۆپایەکی دار دانیشتبووین و چاوەڕێی بانگ و نوێژمان دەکرد، لەو کاتەدا کە کۆمەڵێک پیاوی بەتەمەن لە دەوری سۆپاکە بوون، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، مامۆستا عومەر هات بۆ مزگەوتەکە، دیارە مامۆستا ماڵیان لەو گەڕەکە نەبوو تەنها ڕێی کەوتبوویە ئەو مزگەوتە، پاش سڵاوکردن بە ڕوویەکی خۆشەوە و زۆر بە هێمنی لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکاندا کەوتە گفتوگۆ و باسی ئەوەی بۆ کردن کە پێویستە موسوڵمانان لەسەرخۆ گفتوگۆ بکەن بەتایبەت لە مزگەوتدا، بۆ ئەوەی خەڵک نوێژیان لێ تێک نەچێت.

- بەندە لە کۆتایی نەوەدەکاندا (بەڕێوبەری ڕادیۆی یەکگرتووی هەڵەبجە بووم)، لە ساڵی ١٩٩٩ چاوپێکەوتنێکمان کرد لەگەڵ

مەرحومی مامۆستا (عومەر ڕیشاوی) دا لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆی و ڕۆڵ و پێگەی بەڕێزیان لە ناو کاری ئیسلامیدا، چاوپێکەوتنەکە لە لایەن بەڕێزان (م.سۆران محمد فەرەج و عومەر عبدالمحمد)ەوە ئەنجام درا کە ئەو کاتە لە ڕادیۆی هەڵەبجە بەرنامەیەکیان هەبوو بە ناوی (دیداری تایبەت) لەگەڵ کەسایەتییە ناودار و دیارەکانی ناوچەکەدا، دیدارەکەی مامۆستا عومەر (دوو کاتژمێر بوو لە دوو کاسێتی تۆمارکراوی یەک سەعاتیدا بوو، کە یەکەمیان باسی سەرەتای ژیانی فەقێیەتی و لاوێتی خۆی دەکات، لە کاسێتی دووەمدا باسی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەکات لە کاری ئیسلامیدا لە کۆتایی پەنجاکانەوە هەتا ئەو کاتەی نوسخەیەکی ئەو چاوپێکەوتنە لە (ڕادیۆی هەڵەبجە)دا بوو، پاش وەفاتی مامۆستا عومەر لە (٢٠٠١/١٠/١٨)دا، ئەو کاتە بەندە بەردەوام بەڕێوەبەری ڕادیۆی هەڵەبجەبووم، نوسخەیەک لە چاوپێکەوتنەکەم گرتەوە و دامە دەستی بەڕێز مامۆستا صلاح الدین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، پاش چەند ساڵێک کە لە ڕادیۆی هەڵەبجە نەمابووم سەردانی ڕادیۆم کرد و داوام لێکردن کە نوسخەیەکی لەو چاوپێکەوتنەم بدەنێ، زۆر گەڕان بەڵام نەمابوو وتیان لەوانەیە لەبەر بێ کاسێتی لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر کاسێتدا ئەویشمان سڕیبێتەوە، کە بەڕاستی بۆ من زۆر ناخۆشبوو.

- بەندە کەمێک لەو چاوپێکەوتنەم لە لای خۆم وەک نوسین پاراستبوو کە ئەمە دەقەکەیەتی. مامۆستا عومەر دەڵێت: ( لەسەرەتای پەنجاکانەوە بانگەوازی برایان هاتووەتە هەڵەبجەوە شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ محمد محمود صواف جارێکیان

سەردانی هەڵەبجەیان کرد و چوونە هەورامان و خورماڵیش، ئەم سەردانانە شێوازێکی ڕێکخراو و حیزبی نەبوو، تەنها وەک دروستکردنی ڕای گشتی بوو لە ناو زانایانی ئاینی ناوچەکەدا و ئاگادارکردنەوە لە ڕەوشی جیهانی ئیسلامی و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، ئەم شێوە سەردانانە لە سالانی پەنجاکاندا بەردەوام بوو، لە کۆتایی پەنجاکاندا (مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز) وەک هەڵسوڕێنەر و کەسی یەکەمی کاری ئیسلامی بوو لە ناوچەکەدا و مامۆستایان (مەلا صالحی گەورە و مامۆستا مەلا عومەرعبدالعزیز و مامۆستا مەلا محمدی خورماڵ)یش پشتیوان و هاوکاربوو منیش گەنجێکی چالاک بووم و زۆر کارەکانی مامۆستا مەلا عوسمان من ڕام دەپەڕاند لە کاتێکدا کاری ڕێکخراوە نەبوو بەڵام من هاوڕێکانم بانگ دەکرد کە بێن و بینە ئیخوان، لەوانە لە ساڵی (١٩٥٩) دا کاتێک مامۆستا (عبدالعزیزی پارەزانی) لە تەپی سەفای ژوروو مامۆستابوو لەڕێگەی منەوە پەیوەندیکرد بە ئیخوانەوە، هەروەها مامۆستا مەلا سید نجم الدین کە مامۆستای گوندی تەپی سەفای خواروو بوو ساڵی (١٩٦٠) لە ڕێگەی مامۆستا عبدالعزیز پارەزانیەوە پەیوەندیکرد بە کاری ئیخوانەوە.

- مامۆستا شێخ نورەدینی موفتیش لە کۆتایی پەنجاکاندا لە ڕێگەی منەوە پەیوەندیکرد بە کاری برایانەوە.

### * یەکەم ڕێکخستنی برایان لە کوردستان

مامۆستا مەلا جەلالی کوڕی مەلا صالحی گەورە دەڵێت پاش شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ مامۆستا مەلا عوسمان سەرقاڵ بوو

بە هەندێک کاری کۆمەڵایەتییەوە چەند کەسێک لە هەڵەبـ کۆبووینەوە و یەکەم لیژنەی سەرکردایەتی لە ناوچەی هەڵەبـ پێکهات لە بەڕێزان (مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا شێخ عزیز پاڕەزانی، مامۆستا شێخ نورالدین موفتی، مامۆستا صدیق عبدالعزیز، مامۆستا جەلال صالح عبدالکریم، مامۆستا شریف عبدالکریم )ئەم بەڕێزانە مامۆستا (عومەر ڕێشاوی)یان دیاریکر وەک بەرپرسی یەکەم، لە ڕێگەی مامۆستا (عابدین ڕشید)وە ناوەکانمان بەرزکردەوە بۆ سەرکردایەتی (حیزبی ئیسلامی عیراقی) و پاش ماوەیەک ڕەزامەندی لەسەردرا و جێگیر کرا.

- مامۆستا عومەر ڕێشاوی وەک بەرپرسی کاروباری ئیخوان لە هەڵەبجە لە ١٩٦٣/١/٢٥ لەسەر بانگهێشتی سەرکردایەتی حیزبی ئیسلامی دەچێتە بەغداد و سێ ڕۆژ دەمێنێتەوە و دەڵێت سێ ڕۆژ لەسەر یەک بەیانیان و ئێواران لە کۆبونەوەدا بووین کە ئەگەر حوکمەتی (عبدالکریم قاسم) ڕووخا ئێمە چیبکەین، چونکە لەو کاتەدا (عبدالسلام) لە جم وجوڵدا بوو بۆ کودەتا و (قاسم) لاواز بووبوو.

- لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦مامۆستا عومەر ڕێشاوی هاوڕێ لەگەڵ (مامۆستا مەلا محمدی بامۆکی و مامۆستا سید عومەری سید قادر)، دەچن بۆ کەرکوک بۆ سەردانی برایان، لە کاتی گەڕانەوەیاندا، مامۆستا عومەر ڕێشاوی کتێبێک و گۆڤارێکی (النقیب)ی پێ دەبێت کە گۆڤارێکی نهێنی تایبەت بە کادرەکانی برایان دەبێت. لە خاڵی پشکنینی کەرکوک دەیانگرن و دەیانبەن بۆ کەرکوک پاش سێ ڕۆژ مامۆستا مەلا محمد و مامۆستا سید

عومەر ئازاد دەکرێن بەڵام مامۆستا عومەر ڕێشاوی زیاتر لە دوو هەفتە زیندانی دەکرێت دواتر بە هەوڵ و کۆششی کاک ئەنوەری برای ئازاد دەکرێت. بەڵام پاش لە بەربوونی بە فەرمانی کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی و لەسەر داوای بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەی ئەمنی سلێمانی مامۆستا عومەر دووردەخرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ گوندی (قەمچوغە) دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە و لە قوتابخانەی (فتح الجدید) دەست دەکاتەوە بە کاری مامۆستایەتی.

- مامۆستا عومەر دەڵێت: لە پەنجاکان و شەستەکاندا دەرسی ئوسرەکان لە ماڵەکان و مزگەوتەکاندابوو، لە ماڵەکانیشدا مەولودنامە دەخوێنرایەوە و بۆ یەکەم جار مەولودنامە لە ماڵانەوە گوازرایەوە بۆ مزگەوتەکان و لە شێوەی ئاهەنگدا و عەریف حەفلەی بۆ دانرا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٧ دا لە هەڵەبجە دوو مەولود نامە ئەنجامدراوە لە مزگەوتی (پاشا و دارالسلام) لە مزگەوتی (دارالسلام) مامۆستا نەوزەر عەلی و لە مزگەوتی (پاشا) مامۆستا حسن شەمێرانی عەریف حەفلە بوون، کە هەردووکیان ئەو کاتە قوتابی ناوەندی بوون.

- بابەتێکی تر کە بەلای منەوە زۆر گرنگە لە ژیانی مامۆستا عومەر ڕێشاویدا هەڵسوکەوت و مامەڵەی مامۆستا عومەربوو لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خێزان و کەسوکاریدا، هەروەها مامەڵەی لەگەڵ برا و خوشکانی هاوڕێباز و هاوکاروانیدا لەسەردەمی برایان یان یەکگرتووی ئیسلامیدا.

یەکەم: مامۆستا لەماڵەوە و لە سەردانیدا بۆ ماڵی خزمەکانی وەک پەروەرشیارێکی دانا و زانا هێمن و نەرم و نیان بە کردار و گوفتار وانەی جۆراوجۆری دەوتەوە و هیچ کاتێکی بەفیڕۆ نەدەدا، بە کاکە و دادە هەموو کەسی بانگ دەکرد، تەنانەت ئەو کەسانەی زۆر خزمی نزیکی خۆی یان لە خۆی بەتەمەن منداڵتر بوونایە، بۆ نمونە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠ دا مانگێک پێش وەفاتی کە لە هەولێرەوە بە سەردان گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە لەگەڵ منداڵ و خێزانی ڕەحمەتیاندا، ئەو چەند ڕۆژەی کە لە هەڵەبجەبوون شەوان لە ماڵی برا و خوشکەکانی هەموو خزمانی کۆدەکردەوە و بە ئامۆژگاری و وتەی بەنرخ کاتەکەی پیرۆز دەکرد، ئەوەی جێی دڵخۆشییە کە ئەو چەند وتارەی ئەو ڕۆژانەی بە ڤیدیۆ تۆمارکراووە.

دووەم: مامۆستا عومەر کەسایەتییەکی زۆر هێمن و ڕوو خۆش و بە ویقاربوو لە ناو برایاندا، گەورەترین هەڵوێستی بە لای منەوە ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی سێیەمی یەکگرتوودا لە ساڵی ١٩٩٩ کە مامۆستا بەتەمەنترین ئەندامی کۆنگرە و بەتەمەنترین ئەندامی ناو کاری ئیسلامیش بوو کە ئینتیمای بەڕێزیان دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی پەنجاکان، بۆ یەکەم جار مامۆستا لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا دەرنەچوویەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی بەڵام وەک کۆتا وانەی پەروەرشیاری بۆ ئەوە کەسانەی کە ئەگەر وەک ئەو ماندووی کاروان و کاربن لە وێستگەیەکیشدا دەنگی پێویستیان نەهێنا و دەرنەچوون بزانن کە کاری خودا بێ حیکمەت نییە و ئەو وانەیەش زۆر گرنگە، چونکە ئەو کاتە تەنها خودا دەیزانی کە مامۆستا

عومەر ساڵی ٢٠٠١ وەفات دەکات فریای کۆنگرەیەکی تر ناکەوێت. هەر بۆیە لە کۆتا وێستگەی ژیانی پیرۆزی پڕ لە وانە و ئەزموونەی پێویست بوو ئەو وانە گرنگەش بە شاگردەکانی بڵێتەوە هەتا ئەگەر کاتێک ئەوانیش دەرنەچوون بۆ پۆستێکی دنیای چۆن مەردانە و بێباکانە و بەرپرسانە و گەورە مامەڵە بکەن.

- بەڵێ مامۆستا دوا وانەی پەروەردەیی بە هەموو ئەندامانی کۆنگرە وتەوە، کاتێک لیژنەی کۆنگرە دوا وتەی دانابوو بۆ مامۆستا عومەر، مامۆستا سەرەتا بەو بیر و هزرە فراوانەی وتی: (پیرۆزبایی لە خۆم و ئەو بەڕێزانە دەکەم کە دەرنەچووین، سەرەخۆشیش لەو بەڕێزانە دەکەم کە دەنگیان هێناوە و دەرچوون) چونکە دەرنەچوون ڕوخسەت پێدانە و ئەرک لەسەرشان لابردنە و دەرچوون و دەنگهێنان ئەرکی سەر شانە و بەرپرسیاریەتی دنیا و قیامەتە.!!! ئەم وتەیە دڵی هەمووانی داچڵەکاند و ڕاستگۆیی و گەورەیی مامۆستای نیشاندا.

پاشان بە چەند دووعایەکی بەکوڵ بۆ کار و کاروان و ئیسلام و موسوڵمانان کۆتایی بە کۆنگرەی سێیەم هێنا کە هەموو ئامادەبوانی کۆنگرەی هێنایە گریان. هیچ گومانم نەبوو کە هەر لەوێدا ئەو کەسانەی دەنگیان پێنەدابوو پەشیمانبوون. بەڵام دیارە خوای گەورە ویستی برا و قوتابییەکانی مامۆستا عومەر کۆتا وانە و ئەزموون لە مامۆستای گەورەیان فێربن هەتا لە ژیاندا سوودی لێ وەربگرن...

# خۆرێکی درەوشاوەی دونیای پەروەردە و بانگەواز

حمە رؤوف محمد غباش

نازانم چۆن و بەچی و لە کوێوە دەربارەی مامۆستا و زانا ر بیرمەند و خواناس و خاکی وبێفیز و هەمیشە وشیار و فیقهزان ر هێمن و خۆگر و ماندونەناس و عاریف و بۆ خواسوڵحاو ر کۆڵنەدەر و خەمخۆری گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام بە هەمور توێژ و چین و کەسێک بدوێم و بنووسم. چونکە مامۆستای خوالێخۆشبوو چیایەکی بڵندتر لە هیمالایا بوو لەوێوە دەڕوانی بەسەر مرۆڤەکاندا و ئاوازی ﴿يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ی بەشێوازێکی نەرم و نیانی لەسەرخۆی ئەسپایی دەچرپاند بەگوێیاندا و بە هیوا بوو پەڕەی دڵەکانیانی بۆ بکەنەوە ر سەرفرازبن، ڕێشاوی بەهارێکی ڕازاوەی پڕ لە گوڵی ڕەنگا ر ڕەنگی بۆنداری هەمەچەشن بوو، بولبول و باڵندە و مەلەکانی ب لای خۆیدا کەمەندکێش دەکرد نەغمە و ئاواز و سەمفۆنیا و وەحی ئاسمانیان پێکەوە دەچڕی و شەوەزەنگی ئەنگوستەچاوی دەریای تاریکی و شەپۆلی ناهەمواری نەفامی و نەزانی و دوودڵی و دوور لە هەقیقەت و ڕاستییان ناردە ناو بەرەو چاڵی قووڵی لە ناوچوونیان دەبرد.

ڕێشاوی خۆرێکی درەوشاوەی هەمیشە پرشنگداری تیشکی زێڕینی ڕووناکی و ئاسوودەیی و کامەرانی و زیندوکەرەوەی

جەستە و ناخ و دڵ و دەروون بوو. کە پەڕەکانی دڵی ڕووناک دەکردەوە و ڕێنوێنی دەکردن بەرەو ئاسمانی سەرفرازی.

ڕێشاوی تاقگەیەکی سازگاری پەیوەست بە وەحی ئاسمانیانەوە بوو، دەنکە مرواری و وشە زێڕینەکانی سەرچاوەی ڕزگاری و خۆشبەختی و سەرفرازی و شکۆمەندی و بڵندبوونەوە بوو، بۆ هەر کەس خوا تەوفیقی بدایە، قەومێک لەو ئاوە زوڵاڵ و سازگارەی نۆشکردایە. یا پریشکی ئەوی بەرکەوتایە. تینوویەتی ئەشکا و لە مەرگی هەست و هۆش و بیروباوەڕ ڕزگاری دەبوو و ئارام و هێور دەبووەوە شاڕێی ژیانی بەرەو کەماڵ و جەماڵ بەڕێدەکرد و نەرم نەرم بەرەو مەبەست هەنگاوی دەنا و خۆی و گەلی بەرەو گۆڕەپانی خێر و چاکە و بەختەوەری دەبرد.

ڕێشاوی مەوسوعەیەکی زانستی بانگەواز و فیقە و زانستەکانی زمانی عەرەبی و نحو و سەرف و ئوصول فیقە و زانستەکانی تر بوو. و هەموویانی پەیوەست دەکرد بە قورئانەوە و خۆی قورئانێکی زیندوی گەڕۆک بوو لە ناو ماڵ و گەڕەک و قوتابخانە و شەقام و دەوروبەردا. هەر کە بە خزمەتی بگەشتیتایە قورئانت بیردەکەوتەوە.

**ڕێشاوی، مامۆستایەکی زانای هەڵکەوتوو کەم وێنە بوو.**

ڕۆشنبیر و هەڵکەوتوو خاوەن بەڵگەی سەلمێنەر بوو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بە نموونە لابوو. بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

مامۆستا ڕێشاوی هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێڕەوی برایانی موسوڵمانی

گرتۆتەبەر و لە خۆیدا تاکی موسوڵمانی دروستکردوە و پاشان ئەندامانی خێزانەکەی بە خوشک و براکانیەوە پەروەردە کردوە.

بەتایبەتی بایەخێکی زۆری بە مامۆستا ئیبراهیمی برای داوە و توانی کەسایەتیەکی ناوازەی لێ پێکبهێنێت، کە بووە دینەمۆی لە سەرتاسەری ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان و شار و دێهاتەکانی تری کوردستان پاشان بانگەوازی گواستەوە بۆ فەقێیانی هاوڕێی و توانی ژمارەیەکی زۆریان کەمەندکێش بکات و ببنە بنەمای کاری بانگخوازی.

پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی و دواتر بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەدا، زیاتر بواری بانگخوازی بۆ فراوان بوو توانی چەند مامۆستایەکی هاوڕێی بەرەو ڕێگەی هیدایەت ڕێنوێنی بکات .

مامۆستا ڕێشاوی یەکەم کەس بوو کە بە سەری ڕووتەوە وتاری هەینی لە دێی سەرگەتی هەورامان پێشکەش بە نوێژخوێنانی نوێژی هەینی بکات، لە سەرەتایی ساڵەکانی شەستی ڕابردوودا.

کاتێ هاوسەرگیری ئەنجامدا، ماڵەکەی کردە بنکە و مەڵبەندی بانگەواز و هاوسەری بەڕێزی سۆبیە خان یاریدەدەرێکی زۆرباش و هاوکار و یاریدەدەر و بە ئارام بوو. هەمیشە لە خزمەتی میوانەکانیدا بوو. و لە هەموو لایەکی کوردستان و عێراقەوە سەردان دەکرا و لە ماڵەکەیدا تاوتوێی کاروباری بانگەواز دەکرا.
مامۆستا ڕێشاوی بە کردار و وتار و وانەوتنەوە و موحازەرات و نوسین و تەرجەمە و وانەی مزگەوت و گەشتوگوزار و بە کردن

لە بۆنەکان، بە ڕۆژ و بە شەو بێ ماندووبوون و بێ کۆڵدان لە خزمەتی گەیاندنی پەیامەکەیدا بوو. کات و ماڵ و سامان و هەرچی هەبوو هەمووی بەخشیبوو بە پەیامەکەی، بۆیە لەم ڕێیەدا توشی جۆرەها مەترسی و هەڕەشە و هەتا بەندیخانە بوو. کاتێک دەسەڵاتدارانی میر فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ سید قوتب دەرکرد، ئەو هەستا بە کۆکردنەوەی واژو بۆ ئەوەی ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکرێت لەسەر ئەوە گیرا و ماوەیەک لە بەندیخانەدا مایەوە. ئەو ماوەیەش بووە خێر بۆی چونکە توانی کەسێک لە بەندکراوەکان ڕێنمایی بکات.

هەر لەسەر درێژەدان بە چالاکییەکانی هەڕەشەی کوشتنی لێکرا نارنجۆک خرایە ماڵەکەی، بەڵام بە پشتیوانی خوای گەورە هیچ زیانێکی نەبوو.

مامۆستا ڕێشاوی دەستی باڵای هەبوو لە لابردنی هەندێ خونەریت و باوی نامۆی نەشیاو و خورافیات و دوور لە سونەتەوە، لە ساڵی حەفتاکاندا (کاک حەیدەر)ی برای لە ڕۆژەکانی نزیک جەژندا کۆچی دوایی کرد. هەر لە مزگەوت لە کاتی هەڵگرتنی پرسەکەدا وتارێکی کاریگەری خوێندەوە و تیایدا فەرمووی: ئەوە سبەی دوو سبەی جەژنە و هەر کەس هات بۆ ماڵی ئێمە بۆ پیرۆزبای جەژن بێت. پرسە لێرەدا تەواو بوو، ئێمە نە سێ ڕۆژە و نە نۆجەژنمان هەیە و بڕوامان بەو جۆرە شتانە نییە ئەم قەدەرەی تیایدا بووین بەسە بۆ پرسە و تەعزیە.

ڕۆژی جەژن چووم بۆ ماڵیان لەگەڵ مامۆستا محەمەد صادق لەو کاتەدا هەندێ میوانیان هات، بە منی وت هەستە چکلێتیان بۆ

بگێڕە، هەندێ لە میوانان زۆر سەرسام بوون چونکە شتی وایا
نەدیبوو. پاش تۆزێک بە مامۆستا محەمەدی وت: ئەو ڕادیۆیە بێن
بزانین دنیا چی باسە، بە مەرجێ لەوەوپێش هەر کەس مردووی
بمردایە، تا نزیکی چل ڕۆژ دەبوو نە ڕادیۆ و نە تەلەڤزیۆن
بکەنەوە، چونکە لە تەعزیەدا دەژین. هەروەها داوای لە خوشک
براژنەکانی کرد کە جلی ڕەش نەپۆشن. چونکە خیلافی سوننەت
یەکێک لە خوشکەکانی کە هاوسەرەکەی لە دەرەوەی هەڵبج
مامۆستا بوو، وتی: کاکە گیان من چۆن هەر بەم پۆشاکەوە
بڕۆمەوە بۆ دەرەوە، خۆ لەوێ پێم دەڵێن ئەوە براکەی لەلایان
خۆشەویست نەبووە، بۆیە پۆشاکی ڕەشیان نەپۆشیوە. بەلام
مامۆستا فەرمووی: ئێمە دەمانەوێ خوامان لێ ڕازی بێت، خەڵکی
هەرچی دەڵێن با بیڵێن.

مامۆستای شکۆمەند و پایەبەرز، داهێنەرێکی بەتوانا بوو لە
بواری چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بۆنە ئاینیەکاندا بە تایبەتی یادی
لەدایکبوونی پێشەوامان (محەمەد) صلی الله علیه وسلم.

جاران لە ماڵەکاندا مەولودنامە دەخوێنرایەوە، نامیلکەیەک هەبوو
کە پڕ بوو لە داستان و خورافیات لەلایەن چەند کەسێکەوە
دەخوێنرایەوە. بەڵام مامۆستا ئەم یادەی هێنایە مزگەوت و کردیە
ئاهەنگێکی شکۆداری بەرنامە بۆ دارێژراو. وەکو ئەم شێوەی
ئێستا خۆی بە وتاری پڕپێز و هەست بزوێن و پڕ ئومێد
وحەماسەت، یا هۆنراوەی پڕ سۆز و خرۆش بەشداری تێدا دەکرد.

مامۆستای ئازیز زۆر حەزی لەوە بوو کە چیرۆکەکانی ناو
قورئان بکرێنە دراما و شانۆ، بۆیە هەستا بە تەرجەمەی هاوڕێیانی

ئەشکەوت و بە شێوازێکی جوان داپڕشت و دایە دەست ئێمە کە هەوڵ بدەین بە شێوەی دراما تۆماری بکەین. بەڵام ئێمە سەرکەوتوو نەبوین، هەرچەندە ئەو هەوڵی زۆری لەگەڵدان. بەڵام ئێمە لەو بوارەدا شارەزاییمان نەبوو. و نەمان دەزانی بە چ شێوەیەک کاری دەرهێنانی بۆ بکەین .

هەروەها ژیانی بیلالی حەبەشی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بە دەنگی خۆی تۆماری کرد.

لە دوا ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا بەهۆی تۆپبارانکردنی شاری سلێمانیەوە لەلایەن ئێرانەوە، کوڕێکی هەڵەبجەیی بە ناوی (ڕۆوف ملا عثمان) شەهیدکراو پرسەکەی لە شاری هەڵەبجە لە مزگەوتی گەورە بەڕێوە چوو، خەڵکێکی زۆر ئامادەی پرسەکەی بوون، بەتایبەت لاوانی شاری هەڵەبجە و دەروبەری.

مامۆستا وتارێکی زۆر گرنگی تێدا پێشکەش کرد. لەکاتەدا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو لە ناو لاواندا ئیتر نابێ لەوە زیاتر قەبوڵی بارودۆخ بکرێت و پێویستە چەک هەڵبگیرێ و ڕووبەڕوی ڕژێم ببنەوە چونکە لەو کاتەشدا ڕژێم دێیەکانی کوردی دەڕووخاند خەڵکەکەی دەبردە ئۆردوگا زۆرەملێکان.

زۆربەی لاوەکان چاوەڕێی ئەوەبوون مامۆستا بڕیار لەسەر هەڵگرتنی چەک بدات. بەڵام مامۆستا فەرمووی ئەم وڵاتەی ئێمە بوەتە لاشەیەکی سەربڕاو و هەموو کەس دەستی سوورە بە خوێنی ئەو لاشەیە. بەڵام ئێمە دەستمان بەو خوێنە سوور نەبووە و تێوە نەگلاوین و دەستمان سپییە.بۆیە ئێمە ئامادەین سنگمان

سوور بێت بەڵام دەستمان سوور نەبێت لە ڕشتنی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا.

ئێمە دایکە ڕاستەقینەکەی ئەم گەلەین، نامانەوێت ڕۆڵەکانمان هیچیان بەسەربێت سەرەنجامی خراپ و نالەبار و چارەنووسی نالەبار و نەشیاو چاوەڕێیان بێت ئەمانەوێ هەموو یەک بن بەیەک دەست هەوڵبدەن و ڕێگای سەرفرازی هەڵبژێرن.

ئەم وتارە دڵی هەمووانی دامرکاندەوە و ئارامیی بەخشیە دڵ و دەرونەکان.

مامۆستا زۆر گرنگی بە مافی ژنان دەدا. کاتێ دڵپاکی کچی چاوی بە دنیا هەڵهێنا، ئاهەنگێکی قەشەنگی جوانی بۆ ڕێکخست و چەند زانا و کەسایەتیەکی بۆ ناونانی بانگ کرد. کە شتی لە جۆرە لەوسەردەمەدا بوونی نەبوو.

وەک خۆم هەندێ لە شەوان لەماڵیان دەمامەوە کاتێک منداڵێکی ساوای بگریایە خۆی هەڵدەستاو بێشکەکەی دەجواند.

هەروەها دەیفەرموو دایک ئەگەر شیری دا بە منداڵەکەی پێویستە هاوسەرەکەی کرێی شیر پێدانەکەی بدات. چونکە لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکی ئەو نییە و جوامێریی خۆیەتی بەو کارە هەڵدەستێ.

ئوسوڵی فیقە - و زانستە شەرعیەکانی تر بۆ ئێمە و لەوێ شارەزایمان دەربارەی ئیسلام وەرگرت.

هەروەها لە مزگەوتی دارالاحسان وانەی شەوانەی دامەزراند و ئیسماعیلی برام زیاتر لە پەنجا وانەی تۆمار کرد. بەڵام کیمیابارانی هەڵەبجە بوو بە هۆی تیاچوونی ئەو وانانە.

مامۆستا کاتێ ئاوارەی ئێران بوو، لە کەنگاوەر دەستیکردەوە بە وتاردان و وانەوتنەوە و پەروەردەکردن و ژیانی ئاوارەیی خاوی نەکردەوە و هەربەردەوام بوو، وازی نەهێنا لە دەرس و دەور هەتا گەڕایەوە بۆ کوردستان.

ئەمە مشتێکە لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی مامۆستای ڕابەر و ئازیز.

ڕێگای چوارسەد وشەم پێدرابوو بینوسم. کە تەنها ڕۆژێک ژیان لە خزمەتی ئەودا هەزار وشە دەخوازێ چجای ئەوەی من چل ساڵ زیاتر لە خزمەتی ئەودا ژیانم بردۆتە سەر و هەر چاکەیەک لە مندا هەبێت، تەنها چاکەیەکی ئەوە.

# لە خزمەت ڕەفتار و گوفتارەکانی مامۆستا ڕێشاویدا

نەوزەر علی محمد سعید

لەو ڕۆژەوەی کە خـوای بەدیهێـنەری عالـەمین سـەرزەوی ڕووناک کردۆتەوە بە نوری نیگای خۆی بۆ سەر دڵی گەورە و زیندووی پێغەمبەرە نازدارەکەی (محمد) درودی خوای گەورەی لەسەر بێت تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوام سەرزەوی چۆڵ نەبووە لە پیـاوانی صـالح و عـارف و... کە پێشـەنگ بـن بـۆ کەسانی دەوروبەریان لە چەرخی خۆیاندا، یەکێک لەو پیاوە چاکانەی کە لە دەوروبەرماندا هەڵکەوتبوو و خوای گەورە خەڵاتـی کردبوو بە ناوچەی هەڵەبجە و کوردستان بە گشتی خوالێخۆشبوو زانای پایەبەرز (مامۆستا عومەر ڕێشاوی)یە کە واقعی ڕۆژ شەهادەتی بۆ دەدا، ئەوا منیش لەسەر داخوازی بنەماڵە بەڕێزەکەی لە ڕێگای کوڕی گەورەی دکتۆر یەحیای کوڕیەوە بە گوێرەی ئەو میقدارەی کە پەیوەندیم بووە لە خزمەتیدا شەهادەتی بۆ دەدەم، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم بۆ بنەماڵەکەی کە ئەم وەفایان نواند بۆ باوکی بەڕێزیان لە منیش سوپاس و تەقدیرم هەیە بۆیان کە بەندەیان بەشدارکرد لە کۆڕی یادەوەریەیاندا.

جەنابی مامۆستای بەڕێزم مامۆستا عومەر خوای گەورە پلەی بەرز بکات لە بەهەشتەکانی فیردەوسدا بۆ یەکەم جار لە ساڵەکانی ١٩٦٦-١٩٦٧ز بـوو لە مزگەوتـی دارالسـلام بەخزمەتی گەیشتم

ئێوارە عەسرێک بوو لە مزگەوتی دارالسلام لە هەڵەبجەی شەهید لە خزمەتی مەرحوم مامۆستا شێخ نورالدین موفتی کە حوجرەیەکی بچوکیان هەبوو دانیشتبووین جەنابی مامۆستا عومەر هاتە ژورەوە سەلامی لێکردین مەرحومی مامۆستا شێخ نورالدین زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردوو و دوای بەخێرهاتن و هەندێک قسە و باس، هەندێک تێبینی مامۆستام کرد کە جۆرێک لە ویقار و ئارامی پێوە دیاربوو ئەو کاتە من تەمەنم لە نێوان ١٦-١٧ ساڵێک دەبوو، و مامۆستاش لە تەمەنی جۆشی گەنجێتیدا بوو لە نێوان ٣٥-٣٧ ساڵیدا بوو، دوای ماوەیەک کە چووە دەرەوە پرسیارم کرد لە جەنابی مامۆستا شێخ نورالدین لەبارەی ئەم مامۆستاوە کە بۆ یەکەم جارە ئەیبینم. لە وەڵامدا فەرمووی کە ئەمە ناوی مامۆستا عومەرە بە ئەصڵ خەڵکی گوندی ڕێشاوە و مامۆستایەکی زۆر زیرەک و خواناسە و هەندێک وەصفی بۆ کردین. پێش ئەو کاتە کە من تازە پەیوەندیم کردبوو بە جەماعەتەوە و لە خزمەتی مامۆستا جەعفەردا بووم، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەنییەوە. جەنابی مامۆستا پێی ڕاگەیاندم کە جەنابی مامۆستا عومەر ماڵی هاتووەتەوە هەڵەبجە و ئێستا ئەو وەک و چاودێر و ڕابەرێکی سەرپەرشت کاری جەماعەتی برایان دەکات، یەعنی بە گەڕانەوەی کاری تنظیم دەستی پێ کردەوە. لە ڕاستیدا مەرحومی مامۆستا کاروباری دەعوەی زۆر بە گەرمی برد بەڕێوە و ئوسرەکانی دابەشکرد و هەفتانە کۆبونەوەی گەورەیان ئەنجام دەدا و زیاتر ئیعتیماد ئەخرایە سەر مەرحومی مامۆستا، چەند مانگ جارێک کەتائیبی شەوانی ڕێکدەخست کە لە ماڵی خۆیەوە

دەستی پێ دەکرد و هەر جارێ لە ماڵی برایەکدا تاکو بەیانی دادەنیشتین و لەسەر بەرنامەیەک بەڕێوە دەچوو، مەرحومی ماموستا ئیدارەی دانیشتنەکەی بەڕێوە دەبرد و دەیڕازاندەوە بە وتە و وتاری شیرین و پڕ ئیمان، بە شێوەیەک دۆخێکی ئیمانی و سکونەت مەجلیسەکەی دادەپۆشی وامان دەزانی ڕاستەوخۆ لە خزمەت خوای گەورە دانیشتووین هەر ئەوەبوو کە بە چاوی دڵ خوای گەورە ببینین. حاڵەتێک دروست دەبوو لە گیان و دڵماندا بە هیچ شێوەیەک بە زمان تەعبیر ناکرێت، ماموستای بەڕێز زۆر زانابوو لە فیقهی ئیسلامدا و هەروەها لە فیقهی واقعدا، لە هەمان کاتدا لە پەروەردەی ڕۆحیدا و سەرکەوتووبوو لە عیبادەی قەلبی دا ئەتوانم بڵێم لە پلەی ئیحساندا بوو. کە کاتێک لە بارەی قیامەت و یادی خوای گەورەوە قسەی دەکرد ئەتوت ئەمە شێخێکی مورشدە، و هەروەها لە کاتێکدا کە ئەدوا لەسەر مەسەلەی شەرعی وەک زانایەکی موعتەبەر قسەی دەکرد و بە قوڵی لە سیاسەتی ڕۆژ شارەزا بوو یەعنی شەخسیاتی کۆبوبویەوە لە نێوان سیاسەت و فقهی و تصوف دا. من هەمیشە وەکو خۆم ڕاستەوخۆ سودی ئیمانم لێ وەردەگرت لە کاتی وتە و ئامۆژگاریەکانیدا دڵم بۆ ئەکردەوە بە سیقەیەکی تەواوەوە وەک موریدێک بۆ شێخەکەی ئەویش وتەکانی کاریگەرتر بوو لە قوڵایی دڵییەوە دەردەچوو و قوڵایی دڵی دەگرت. لەو وتانەی کە بیرمە دەیفەرموو دڵ وەکو شەو و ڕۆژ وەهایە چۆن شەو تەواو دەبێت و ڕۆژ دێتە جێگاکەی و بە پێچەوانەوە. هەر کاتێک دڵ غافڵ دەبێت لە یادی خوای گەورە شەیتان جێگەی دەگرێتەوە و هەرکاتێک یادی خوای تیابوو ئەوا

شەیتان ڕادەکات. و ئەیفەرموو بانگخوازان ناتوانن خەڵکی بۆ لای خوا بانگ بکەن ئەگەر خۆیان فکر و هۆشیان لە چوارچێوەی ئەم دنیا تەسکە نەچێتە دەرەوە. و هەروەها زۆر گرنگی بە خوێندنەوەی مأثورات دەدا کە ئەیفەرموو ئێمە برایان دروشم و هێزمان لە خوێندنەوەی مأثوراتی بەیانیان و ئێوارانداییە. شەوێک لە هەولێر میوانیان بووم فەرمووی نەوزەر ئەگەر بەیانیان دوای نوێژی بەیانی کەسێکت دەستکەوت یان چەند کەسێک ئەم ویردی مأثوراتە هەرگیز تەرک مەک، و ئەگەر کەسیشت دەست نەکەوت ئەوا خۆت بە تەنها بیخوێنە. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ کاتێک کە ئیسرائیل شاری قودس و بەشی ڕۆژئاوای فلسطین، قتاعی غەزە و جولان و قناتی سویسی گرت لە ماوەی ٦ ڕۆژدا کە بە جەنگی ٦ ڕۆژەکە ناوبانگی دەرکردبوو (حرب الأيام الستە)، دەستەوە، و مانگی ربيع الاول کە موناسەبەتی لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم)ی تێدا بوو ئەوەبوو ئەو بۆنەیان قۆستەوە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەڵەبجە و کوردستاندا بەو شێوەیە بەرنامەی مەولود بەڕێوە بچێت ئەوەبوو لە مزگەوتی دارالسلام لە دوای نوێژی عەسر لە ڕۆژی ١٢ ی ربيع الاول دا برایان ئاهەنگێکی قەشەنگیان سازکرد کە بەڕێوەبەرەکەی جەنابی مەرحوم مامۆستا شێخ نورالدین موفتی بوو کە ئیمامی مزگەوتەکە بوو وە یەکێک بوو لە ئەندامی برایان و قوتابیانی علوم شەرعی پەیمانگەی ئیسلامی ئەو کاتە و ئامادەبوونی زۆرینەی مامۆستایانی بەڕێزی ئەو کاتە و مامۆستا مەلا عومەری گەورە مامۆستا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی و.... شێخ عەزیز هەموو ئەندامانی برایان و

خەڵکی دانیشتوانی هەڵەبجە بەشداریان تێدا کرد و بە درێژیی و تێروتەسەلی پەیام، مەعالمی ئیسلام و حیکمەتی هاتنی پێغەمبەر و پێغەمبەرانیان بە جوانی ڕوون کردەووە. غەم و پەژارەی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو نشوستە گەورەی کە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هات بە بۆنەی داگیرکرانی شاری قودسی موقەدەسەوە و ئەسبابی ئەو شکستەیان بەیان کرد و جەنابی مامۆستا ڕێشاوی بە وتار و شعرێکی پێزداری بەشداری کرد لەو ئاهەنگەدا، یەکێک لەو کەلیمانەی کە لە یادمە ئەیفەرموو نیوەی بەلای ڕاست دا نیوەی بەلای چەپدا هەر ئیسلام ماوە لە ناوەڕاستدا. مامۆستا ڕۆژێک یادەوەرییەکی خۆی بۆ گێڕامەوە کە لە نێوان ساڵانی (٦٤-٦٥) بەهۆی ئەوەی لە بازگەیەکدا کتێبێکی ئیسلامی پێوە گیراوە لە زەمانی عبدالسلام عارف دابوو فەرمووی لە سجنی گەورە سلێمانیدابووم ئەو شوێنەی ئێستا بۆتە باخچەیەک. وتی لە ناو بەندینخانەکەدا کەسێکی لێبوو بووبووە سەرگەورەی سجنەکان و ناوەکەشی وت، کەسێکی ناسراوو بوو لە سلێمانیدا یەکێک بوو لە کەسە جەربزە و شەڕانییەکانی ئەو کاتە کە لە سلێمانیەکانی ئەو کاتە پێیان دەوت (شەقاوە). ئەم پیاوە هەفتانە پارەی لەسەر هەموو سجنەکان دانابوو کە لێی دەسەندن بۆ خزمەت و پاککردنەوەی هۆدەکان. بەلام ڕێزێکی تەواوی دانابوو بۆ مامۆستا عومەر کە ئەوی عەفوو کردبوو لەو پارەیە کە وتبووی ئەم مامۆستایە خاوەنی ڕێزە دەبێت تەعامولی تایبەتی لەگەڵ بکەین. و فەرمووی وا ڕێکەوت هەواڵی مردنی دایکی بوو یان باوکی هاتە سجنەکە. مامۆستا خەڵکەکە کۆ ئەکاتەوە و مەجلیسی تەعزێ ڕێک

دەخات بۆ باوکی ئەم کەسە، و ئەم بۆنەیە دەقۆزێتەوە بۆ ئامۆژگاری و مەوعضە بۆ خەڵکی بەندینخانەکە. جا وتبووی بە خەڵکەکە من مامۆستای ئاوا ڕێک و پێکم ئەوێت مامۆستا بە زەردەخەنەوە ئەم ڕوداوەی بۆ گێڕامەوە. مەرحومی مامۆستا لە کاتی ئیمامێتی نوێژەکاندا تام و چێژێکی تەواوی ئەخستە نوێژەکانەوە دەنگێکی زۆر کاریگەری هەبوو کاری ئەکردە سەر ناخی نوێژکەرەکان بە شێوەیەک کە حەزیان ئەکرد کە زیاتر بەردەوام بێت لە خوێندنەوەدا.

لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا کە بۆماوەیەک هاتبوومەوە هەڵەبجە لە خانووە قەدیمەکانی ماڵی باوکمدا بووم لە گەڕەکی جولەکان بە نهێنی و دوای ئەوەی کە دوو ساڵم پێچووبوو لە ئێرانەوە گەڕابومەوە بە هۆی بەشداری نەکردنم لەو جەنگەدا. ئێوارە عەسرێکی درەنگ هات بەسەرمدا کە دیدەنی ماڵی مامۆستا عومەر بکەم کە بۆ یەکەم جاربوو خانووی تازەی کردبوو بەرامبەر گۆڕستانی شەهیدان ساڵی ١٩٨٥ بوو و وەرزی زستانبوو منیش کۆڵانە و کۆڵان بۆ ئەوەی کەس پێم نەزانێت بە ناونیشان تا ماڵەکەیانم دۆزیەوە ئەو کاتەی ماڵی خۆم لە گەڕەکی جولەکان بوو. چونکە گەڕەکەکە تازەبوو کە گەشتمە بەر دەرگاکەیان دام لە دەرگا خۆی هاتە بە دەممەوە و سەلامم لێکرد زۆر بە گەرمی وەڵامی دامەوە و وتم مامۆستا ئەگەر ئامادەی میوانداری نیت ئەتوانیت بڵێیت إرجعوا، فەرمووی نەخێر ئەڵێین ادخلوا چونکە ئەو کاتە پەیوەندی تەلەفوونی و مۆبایل نەبوو تاوەکو یەکتر ئاگادار بکەین. ئێوارە هەر لەوێ نوێژی مەغریبی بۆ

کردین بە ئیمامێتی خۆی و ماڵی مامۆستا هیوای حاجی علی لەوێ میوان بوون کە تازە زاوایان بوو کچی کاک صبوری مەرحوم کە برا گەورەیان بوو خێزانی بوو و دوای نان خواردنی ئێوارە، ئادائی نوێژی کە بە خێزانی هەموو ئەندامانی خێزانی بەشداربوون ئەو کاتە هەموو منداڵەکانی کۆبوونەوە قوتابی بوون هیچ کامێکیان هاوسەرگیریان نەکردبوو، مامۆستا هەروەک عادەتی خۆی دەوڵەمەندبوو لە وتە و ئامۆژگاری جواندا و تاقە کەسێک بووە تاکو ئێستا من ناسیبێتم لەوەی کە بەتوانا بێت لە ئیداراتی خێزاندا لەسەر ڕاهێنانیان لەسەر نوێژی جەماعەت لە ماڵەوەدا و گوێڕایەڵیان بۆ فەرمانی باوکیان لە شێوەیەکی ئیختیاریدا و بە بێ إکراه. مامۆستا کۆڕێکی مەوعضەی زۆر بە تام و چێژی دامەزراند هەم زانست و هەم زیکربوو لە بیرم چووە کە باسەکە چیبوو تاوەکو کاتی خەوتن بەردەوام بوو بەس کەرامەتێکم دی لە بەرەکەتی ئەو دانیشتنەدا نەسیمێکی ئیمان و ئارام و سکونەتێک داباری بەسەر دڵمدا هیچ تامێک ئەو لەزەتەی نەبووە لە ژیانمدا وام دەزانی لە ناو باخچەیەکی بەهەشتدام ئەو حاڵەتە ئەوەندە بەردەوام بوو کە شەویش لە خەودا هەتاکو نوێژی بەیانی کە هەستاین بۆ نوێژ وام ئەزانی ئەو دانیشتنە هەر بەردەوامە بە هەمان دیمەن مامۆستا هەر لە مەوعضەدا بوو، بەڕاستی ئەوەش جۆرێک بوو لە بەرەکاتی مەجلیسی زیکرەکە و کەراماتی مەرحومی مامۆستا بوە لە بەیانیدا خەوەکەم گێڕایەوە بۆ مامۆستا عومەر. دوای نان و چای بەیانی مەرحومی مامۆستا ڕەوانەی کردم تاوەکو خواری گۆڕستانی شەهیدان ئەو گۆڕستانەی کە

ئێستا بۆتە ئارامگای خۆی و براژنە سۆیبەی خێزانی و مامۆستا ئیبراهیمی برای و دایکی بەڕێزیان کە بە باخچەیەکی بەهەشت بێت بۆیان إنشاء الله.مامۆستای بەڕێز زۆر باسی ژیانی دوای مردنی کرد بۆ ئیمانداران بە شێوەیەک کە ئاواتت ئەخواست یەکێکبیت لەو مردوانە. ئەم گۆڕستانە ئێستا زۆر ئاوەدانە زیاتر لە دونیا چونکە ئەرواحەکان لە قالّبی جەسەد چونەتە دەرەوە و ئازادبوون لە مەینەت و فیتنەی شەیتان و دیلی نەفس. بە ژیانی بەرزەخی فراوانی ئاخیرەت شادبوون و لە دەرگاکانی بەهەشتدا چاوەڕێی چونە ژوورەوەن. لە نوێکردنەوەی کاری بانگەوازی ئیسلامیدا مەرحومی مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ بووە و بە تایبەت لە دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیدا ئەو بوو کە جەنابی بەڕێز مامۆستا صلاح الدین لەگەڵ کۆمەڵێک لە برایانی دێرین دا لە ساڵی ١٩٨٢ زاینی لە شاری پاوەی ئیسلام پەروەر ڕێکخستنی کاری ئیسلامییان تازەکردەوە و بەندەش ماوەیەک لە خزمەتیان دابووم و هەندێک لاوانی موسوڵمانی هەورامان و کوردستانی ئێرانیش هاوکارمان بوون بەڵام هەر سنووردا‌ربوون لەبەر بەردەوامی جەنگی گەرمی نێوان عێراق و ئێران، برایان بریتی بوون لەو کۆمەڵە ئاوارەی کە لە نێواناندا بوون و هەروەها چەند کەسێکیش بوبوونە بەربەست بۆ ئەو کارە پیرۆزە نەیان ئەهێشت کە فراوان بێت بە بەڵگەی ئەوەی کە تنظیم هەڵوەشاوەتەوە لە ژێر فشاری حکومەتی بەعسدا هەر لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەڵام قەناعەتی مەرحومی مامۆستا بەو کارەی و تەکبیر کردن بۆ ئەو پرۆژەی مامۆستا صلاح الدین بویە هۆی بەهێزکردن و نوێکردنەوەی ئەو کارە کە

فەرزی عەین بوو، و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پارێزگای هەڵەبجە و ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بەیـعەت بـدەن و هەروەهـا لە کاتی ئیعلانکردنـی یەکگرتـووی ئیسـلامی دا لە بەرواری ١٩٩٤/٢/٦از مامۆستای مەرحوم وەک ئەندامێکی قیادی پلە بەرز ماندووبوو لە دامەزراندنیدا و ئەقڵێکی ڕاوێژکاری بوو لە چارەسەری گرفتەکاندا و ئەندامی سەرکردایەتی بوو لە کاری دەعوا و بەڕێوەبردنی کار و بـاری زانایـانی ئیسـلامی و سـەرکەوتوو لە ئیـدارەی کۆنگرەکانی یەکگرتـوودا. لە یەکێـک لە کۆنگرەکانـدا دەنگـی تەواوی بەدەست نەهێنـا بـۆ سـەرکردایەتی ئەوە تـاقیکردنەوەیەکی خـوایی بوو بۆ جەنـابی مامۆسـتا لە لاوازی و لـێ نەهـاتووی نەبـوو. و بە سـەرکەوتوویی لەو تـاقیکردنەوەیەدا دەرچـوو، و ئەمە لە لاوازی مامۆستا نەبوو بەڵکو یەکەم نە ناسینی مەرحومی مامۆستا بوو لە لایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی بەشداربووی یەکێک لەو کۆنگرانە کە وا ئەزانـم کـۆنگرەی چـوارەم بـوو و هەروەهـا زاڵبـوونی عەقلی سیاسی بەسەر بیرۆکەی هەندێکدا کە وا تێگەشتبوون کە کەسانی پارێزگار ناتوانن قیادی بن لە کاری ئیسلامی دا چونکە چەرخەکە چەرخـی سیاسـەتە!. بەنـدە لە مداخەلەیەکـدا وتـم ئەم سیستەمە حیزبییە کە لە تنظیم دا پەیڕەوئەکرێت لە هەڵبژاردنەکاندا بە ڕوونی دوور لە ضـوابطی شـرعی زیـانی زۆر ئەگەیەنێـت بە پـرۆژەی ئیسـلامی و بەرەو ئەوە دەڕوات کە جـڵەوی لە دەسـتی ئەهلی شەرعی خۆی دەربچێت و بکەوێتە دەست کەسانی لاواز کە دۆخی ئیسـلامییان لاواز بێـت و بەرەو دواوە بیـبەن، جەنـابی مامۆستا دوای چەند مانگێک کە لە جێگایەکدا بە خزمەتی گەشتم فەرمووی

نەوزەر ئەو ڕۆژە لە کـۆنگرەکەدا قســەیەکی جوانــت کـرد، هەر ئەوەندە بوو قسـەکە ئیتر لەسـەری نەڕۆشـت و بەبی موقەدیمە..
ئەوەی لەبـارەی مەرحـومی مامۆسـتاوە نوسـیومە زۆر زیـاتر ئەهێنێت بەڵام وەک شەهادەتێک بۆ مێژوو ئەوەندە ئەتوانم بنوسم و ڕەنگە زۆریشـم لەبیـر چووبێـت هیـوادارم ژیاننـامەی مامۆسـتا قوتابخـانەیەک بێـت بـۆ کـۆمەڵی بـانگخوازان لە کوردسـتان و بەتایبەتی بۆ کوڕان و کچانی ڕێزداری بتوانن هەر یەکێک چمکێک لە سیرەتی ئەو زاتە زیندوو بکەنەوە لە ژیانیاندا ببنە پێشـەنگێ کە خەڵکانی تر چاویان لێ بکەن .

# لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

لە ( لیل القدر ) دا بۆ ڕۆحەکەی دەگەڕێین نەك شەوەکەی، لە هەر شەوێکدا زۆرترین چێژی ئیمانیت وەرگرت ئەوا شەوی قەدری تۆیە و پیرۆزت بێ .

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئاساییە بۆ ژیانی ڕۆژانەت خۆت پەیوەستبکەی بە مەزهەبیکەوە، بەلام بۆ تیرامان لە قورئان خۆت مەبەسەرەوە بە هیچ مەزهەب و تەفسیریکی تایبەتەوە چونکە قورئان خۆی ڕۆشنکەرەوە و ئیلهام بەخشی ڕۆحتە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

دەلین زیکری الله بە تەنها دروست نیە، ئەی نازانن کە زیکری مەحبوب ڕستەی ناوێ، چونکە خۆی هەموو ڕستەکانە . ببینە مەجنون کەمجار دەڵێ لەیلام خۆشدەوێ ، هەر هاوار دەکات... لەیلا... لەیلا

# پەیڤێك بۆ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

د. عمر محمد محمد کریم

سەرەتا داواکارم لە خودای میهرەبان لە گوناهەکانی مامۆستای پایەبەرز و بەڕێز و خۆشەویست خۆش ببێت و هاوەڵ و هاونشینی پێغەمبەران (د.خ) و شەهیدان و پیاو چاکان بێت لە بەهەشتە بەرینەکەیدا بحەوێنەوە.

بەندە بە حوکمی ئەوەی فرسەتی ئەوەم نەبوە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەو مامۆستا گەورەیە دابم و کاری ڕۆژانەی لەگەڵ بکەم.

بەڵام ئەوەی بۆ من جیاواز بووە و سەرنجی ڕاکێشاوم لە مامۆستا عومەر ڕێشاویدا لەم چەند خاڵەدا کورتی دەکەمەوە:

١ - هێمنی و لەسەرخۆیی و تێکنەچوون و لەدەستنەدانی باری ئاسایی خۆی لە تەنانەت لە کاتی ڕووداوێک یان هەواڵێک یان شتێک ئەگەر بۆ ئەویش ناخۆش بوایە کە ئەمەش نیشانەی دامەزراوی و قووڵی بوو بۆیە پەرچەکردار و هەڵچونی پێوە نەدەبینرا. لە یەکێک لە کۆنگرەکانی یەکگرتوودا مامۆستا دەنگی تەواوی نەهێنا بۆ سەرکردایەتی ئەم پیاوە هیچ تێکنەچوو بەڵکو کە چووە سەر مەنەسە و قسەی کرد وتی: سەرەتا من پیرۆزبایی لە خۆم دەکەم کە دەرنەچووم و ئەو ئەرکە گەورەیەم لە ئەستۆ نەماوە.

هەستت دەکرد کە قسەکانی لە نێو ناخیدا دەهاتە دەرەوە ئەو ئەوەی لەسەر لێو ڕوخساریدا بوو هەر ئەوەش لە ناو ناخ و دەرونیدا هەبوو.

٢ -خاکیبوون و تەواضع و هەست و سۆزی مرۆڤانە، ئەو پیاوە لە ڕۆشتن و دانیشتن و لە قسەکردن، لە مامەڵەوە و هەڵسوکەوت، بە هیچ جۆرێ نەیدەهێشت وا بزانرێ کە ئەو جیاوازە و شتێکی لەوانی تر زیاترە، خۆی دادەبەزاند بۆ ئاستی هاونشین و هاوڕێکانی و کەش و هەوا و ژینگەکەی ئەمە بۆ کەسێک لەو ئاست و تەمەنە، دەگمەن و ناوازەیە.

چونکە تەمەن و عیلم و ناوبانگ هەمیشە کەش و هەوای خۆبەشت زانین دروست دەکات و خاوەنەکەی چاوەڕێی ڕێز و قەدر بۆ دانان دەکات.

ئەو ئەچوە دڵی خەڵکەوە لە ناو دڵی خەڵک دەوەستا نەک لەسەر شان و ملی خەڵک. وەکو مەسەلەکە دەڵی ((يملك قلوب الناس و ليس رقبتهم)).

٣ - ئوسلوبێکی تری جوانی مامۆستا ئەوە بوو کە ئازادی و ژینگەیەکی سەربەستی لە ناو خانەوادەکەیدا دروست کردبوو، چەند جارێک چومە ماڵیان هەستم بەم ئاکارە جوانە دەکرد کە خۆیان تێک نەئەدا و چۆن بوون هەروا خۆیان نمایش دەکرد و دوور لە تەصنوع و تەکلوف و خۆتێکدان بوون، کە ئەمە کوت و مت ئوسلوب و نەریتی جوانی مامۆستا خۆی بوو کە ڕەنگی دابوەوە لە ماڵەکەیاندا.

٤ -مامۆستا زۆر ڕێزی لە منداڵەکانی دەگرت و لەبەرچاوی ئەوانی تر قەدری پێدەدان و بە ڕێزەوە بانگی دەکردن، ئەمەش متمانە و سەنگی زیاتری بۆ منداڵەکان دروست دەکرد. خودای میهرەبان پلەوپایەی بڵند بکات و لە هەمووان خۆشبێت.

# زانا و پەروەرشیار مامۆستا عومەر ڕێشاوی

محمد امين فرج بيارەيى

جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی مامۆستای سەردەم بوو نمونەی پێگەیەنەری گەنج و لاو و پیر و ژنان و پیاوان و مندالان بوو.

ڕاستی فێری گوێگری ئەکرد کە چۆن ئیسلام وەرگری، ئەم پیاوە بە مەعنای کەلیمە زانابوو چونکە ئیسلامی ئاسان ئەکرد بۆ هەر کەسێک کە وانەی پێ دەوت و ئیسلامی فێر دەکرد، هەموو حەزی ئەکرد کە گوێی لێگرێ تا چێژ لە جوانی و ئاسانی ئیسلام وەربگرێت.

ئەم زانا بلیمەتە بەڕاستی هەم مامۆستا و هەم وەستابوو لە ئیسلامدا نمونەی نەرم و نیانی بوو.

بەندە لە ساڵەکانی حەفتاکاندا بە پێ ئەهاتمە خزمەتی ئەو کاتەی کە ماڵیان لە سەروی ئێستای مزگەوتی ( عمر کوڕی خطاب) بوو، بیست سانتیمەتر بەفر باریبوو جارێک لە جارەکان، ئەو کاتانە بە ئاسانی ئوتومبێل دەست نەئەکەوت، کە من هاتوو چۆم ئەکرد و بەیەکەوە دانیشتین و باس و خواسمان ئەکرد ئەو کاتانەم لەلا شیرینترین کات بوو، ئیمانەکەم بەهێزتر و دڵم ئارامتر ئەبوو ئەو کاتانەم لەسەر تەمەن حساب ئەکرد.

لە مزگەوتی (حەمزە) لە هەڵەبجەی شەهید ساڵەکانی هەشتاکان وانەیەکی هەفتانەمان هەبوو چەند برایەکی ئاست جیاوازبووین، بە ئەمەن کە وانەی (نحـو صـرف)مان ئەخوێنـد لای مامۆسـتا بەڵام وانەکە یەکێ بوو لەو مەجلیسانەی کە (نجلس بنا نؤمن ساعة) کە جۆرەها وانەی تیابوو.

جەنابی مامۆستا خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆم هەبوو لە بۆنە و وانەکان و دانیشتن و مەجلیسەکاندا خێرا ناوی منی لەسەر زمان بوو، هەرچەنـدە هەر بـرایەک بـدوێنی هەمـان قسـەی مـن ئەکـات ئەوەندە برایەکی ڕاستەقینە و هەست ناسک و برایەتیەکەی لەگەڵ ناخی ئاوێتە بوو بوو.

هەر لە هەمـان ساڵدا و لە بەهـاردا بـوو سـەیرانێکی سازکرد بۆ ئەو برایانەی مزگەوتی (حەمزە) بۆ (چاوگ و باوە کۆچەک)، هەر لەو سـەیرانەدا مانـای سروشـت و فەلسـەفەی دروسـت بـوونی مەخلوقاتی فێرکردین و دەرسـی برایەتـی و هاوکـاری و لێبوردنی پێوتینەوە و فێری کردین چۆن جوانی و خۆشیەکان ئامێتەی ڕۆح بکەین.

ڕۆژێـک لەگەڵ جەنـابی مامۆسـتا (جعفـر مصـطفی) و مامۆسـتا (ابراهیم)ی بـرای خـوالێی خۆشـبێت و لەگەڵ چەنـد برایەکـی تـردا بڕیاریان دا کە سـەردانێکی سـلێمانی بکەیـن، ئەو سـەرلەبەیانیە بە سەیارەکەی خوالێخۆش بوو مامۆستا ابراهیم هاتنە بەردەم ماڵ و هەموومـان پـێکەوە جەم بـوین و بە ڕێکەوتـین و بـۆ سـلێمانی تەدەری خـوای گەورە هەر لە نـاحیەی سـیروان سـەیارەکەمان

وەرگەڕا و سوپاس بۆ خوا کەسمان ئەزیەتی زۆر نەبوو بوو بە یادگاریەکی لەبیر نەکراو.

لەو کاتەکدا کە یەکێک هاتە سەرمان و هەمووانی بەیەکەوە بینی کەوتبـوینە کۆبونـــەوە ، ئـــاخۆ ئەمـــانە چـــۆن بەیەکەوە ئـــاوا کۆبونەتەوە !!

مامۆستا برایەکی ڕاستەقینەی لەخۆبوردە بوو کە دایکم وەفاتی کرد قەدەرەن لە سلێمانیەوە سەفەری کردبوو بۆ هەڵەبجە هەر کە هەواڵەکەی بیستبوو خێرا تەشریفی هێنا بۆ مزگەوتی غەزالی ، ئیتر بەجێی نەهێشتم هەتا کفن و دفن و سـەرقەبران، درەنگمان پێچوو قەدەرەن ئەو ڕۆژە جومعە بوو کاتی جومعە و نوێژی جومعە بوو خێرا مامۆستا فەرمووی هیچ پەلە مەکەن دوای خۆمان پێکەوە لە مزگەوتی عثمان جومعە و جەماعەت ئەکەین.

ئیتر بە دەنگە نەرم و شیرینەکەی تەڵقینی دایکمی خوێند، وانەی مردن و قەبر و قیامەتی بۆ باس کردین... زۆر چاک لەبیرمە بە ئاماژە و وتەی جوان و ئیشارەتی پەنجە نەرمەکانی باسی ئایەتی (وکنتم علی شفا حفرة من النار.....) بۆ کـردین و قیامەتی لەبەر چاومان بەجەستە کرد.

دواتـر هەمـوو خزمـان و دۆسـتان لە مزگەوتـی عثمـان دوایی جومعەیەکی زۆر بەچێژ و دڵگیری بۆ کردین...

بە عەمەلـی ئەو وانەیەی فێرکـردین کە موسـوڵمانان لە کاتی تەنگانە و پێویستدا چۆن بەدەم براکەیەوە بێت و جێی نەهێڵێت دڵنەوایی بکات.

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی،
# پەروەرشیار و فەقیهـ و بانگخواز

حامد محمد علی

مامۆستا (عومەر ڕێشاوی) خوا لێی ڕازی بێ ، لە یەک کاتدا امۆستای پەروەرشیارو فە قیهـ و مودەڕیس و بانگخوازیش بوو لە هەمووشیاندا سەرکەوتوو بوو. مامۆستا هەندێ سیفاتی جوانی ناوازەی هەبوو، ئەو کەسێکی کراوە بوو ، بەراورد بە زۆرێک لە مامۆستایانی هاوتەمەن و هاوسەردەمی خۆی، جەنابی لە پرسە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا بە تێگەیشتنی سەردەمیانەی خۆی لە دەقە شەرعیەکان و لە سوننەت و سیرەی پێغەمبەرمان ( د.خ) و ژیانی هاوەڵانی ، زۆر هەڵوێستی پێشکەوتنخوازو جوانی هەبوو ، سەبارەت بە ئافرەت ، ئەو زۆر بە ڕێزەوە تەماشای نیوەی کۆمەڵگەی دەکرد . ئەو تەبیعەتی وابوو لەگەڵ گەورە، گەورە بوو، لەگەڵ گەنج، گەنج بوو .. مامۆستا خۆی کەسێکی دونیا نەویست و بێ تەماع بوو.. مامۆستا بەبزە نەرم و سیما نورانیەکەی و بە قسە کورت و پڕ ماناکانی، دڵی بەرامبەرەکانی خۆش دەکرد و شوێن پەنجەی خۆی بە جێ دەهێشت. مامۆستا کاتێک بەماڵەوە تەشریفیان هێنا بۆ هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕۆژێک لە خزمەتیان بووین ، ئەو کات ماڵمان لە گەڕەکی ٩٩ ی زانکۆ لە هەولێر کرێنشین بوین.. کە تەشریفیان

هێنا، فەرموی خانویەکی وەکو ئەمەی خۆتان بۆ ئێمەش پە یدا کە (مە بە ستی ئە وە بوو بەکرێ بۆیان بگرم) . مامۆستا .. بیستبوی کە من خەڵک ئە مناسن و خانوم بۆ پەیدا ئەکرێ، ئەگەرچی ئەو کاتە خانوو کەمبوو ، بۆیە ئەو تەکلیفەی کرد. منیش بە شانازیەوە، وتم بەسەرچاو . ئەوە بوو لە نزیکی خۆمانەوە خانویەکم شک ئەبرد، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە لە خزمەتیا چوین خاوەنەکەیمان بینی و تەماشای خانوەکەمان کرد و بە دڵیان بوو، لەسەر کرێ و شت ڕێککەوتین، ئیتر هەرخۆم گرێبەستێکم بە سێ نوسخە نوسی و خۆشم بووم بە یەکێک لە شاهیدەکان و سەرو نوسخەم دا بە هەردوولا - مامۆستاو خاوەن خانوو- نوسخەیەکیشم لای خۆم هەڵگرت. بەم کارە چەندە ئێمە دڵخۆشبوین، مامۆستاش بەهەمان شێوە، بۆیە زۆر دوعای خێری بۆ کردین. یەکێکی دیکە لە یاداوەرییەکانم لەگەڵ جەنابی مامۆستادا کە سودم لێ بینیوە و زۆرجار گێڕاومەتەوە و لە بیرم ناچێ، قسەیەکی مامۆستا بوو بۆ من، لە ژوورەکەی خۆی و مامۆستا سوهەیب زێباری - هە ڵە نە بم - لە بارەگای ئەمینداریەتی گشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ، کە جە نابیان وەکو ڕاوێژکار لەگەڵ مامۆستا سوهەیب لەوێ ڕۆژانە دەوامیان دە کرد. قسەکە پەیوەندی بە سەفەری حەجەوە هەبوو، کە ئە و کاتە یەکگرتوو ساڵانە ئاسانکاری و هاوکاری ژمارەیەک لە ئەندامانی دەکرد بۆ سەفەری حەج لە ڕێگەی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیاوە .. مامۆستا فەرموی چ پێویست دەکات کەسێک بەخەی ئەمینداری گشتی بگرێ و داوای لێ بکا بە ڵکو بینێرێت بۆ حەج؟!

ئاخر خۆ حەج فەریزەیەکە و مەرجی خۆی هەیە ، تۆ ئەگەر واجب بوو لە سەرت و توانیت بڕۆی فەرموو بڕۆ حەج بکە و تەکلیفیش لە کەس مەکە، خۆ ئەگەر (واجب الحج) یش نەبووی، چ پێویست ئەکا تەکلیف بکەی و داوای سە فەری حەج بکەی ؟ هیوادارم ناواخنی وتە جوانەکەی مامۆستام وەکو خۆی گەیاندبێت . زۆر بەداخەوە کە ئەجەل دەرفەتی نەدا مامۆستا زۆر لە هەولێر بمێنی و لە خزمەتیا بین. ئەوە بوو ڕۆژێک پێش وەفاتی مامۆستا، بەندە بۆ کاری ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن لە دهۆک بووم، ڕۆژی ١٨ /١٠/ ٢٠٠١ لە ڕێگەی برای بەڕێزمان مامۆستا (علی سالح میران)ە وە زانیم و - کە ئەویش تازە بۆ ئە نجامدانی ئەرکێک لە هەولێرەوە هاتبوو بۆ دهۆک - پێی ڕاگەیاندین . هەرچەندە مردن بە ئەجەلێکی مەحتومە و جەنابی مامۆستاش یەکێک لەوانە بوو، کە وەکو کورد ئەڵێت : (ڕووی هە بوو ئەو سەفەرە بکات) ، بەڵام دیارە مردنی زانایەکی وەکو مامۆستا ،مردنی جیهانێکە ( موت العالِم موت العالَم) . لە لایە کی ترەوە، زۆر حەزمان ئەکرد لەگەڵ جەنابی مامۆستادا ماوەیەکی زیاتر هاوگەڕەک و هاوشاری بین ، بە ڕاستی تاسەمان لە یەک نەشکا. هەروەها بوونم لە دهۆک و ئامادەنەبون و بە شداری نەکردنیشم لە مەراسیمی بە ڕێکردنی تەرمی جەنابیاندا ، نیگەرانییەکی دیکە بوو.. بۆیە بە ڕاستی هەواڵی کۆچی دوایی جەنابی مامۆستا ڕیشاوی لە چەندین لاوە زۆر خەمبارو نارەحەتی کردم . خوای گە ورە پلەی بە رزی پێ ببەخشێت و لە ژێر سێبەری ڕەحمی خۆیدا حەشری بکاو فیردەوسی بە نسیب بکات.

# یادەوەریم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویدا

سەید غەفور/ خەطیبی خانەقای بیارە

یادی بەخێر بێ جێگای بەهەشت بێ حەشری لەگەڵ عولەما و عاریفانا بێ، مامۆستا عومەر بەر لەوەی مامۆستام بێ بۆ دەرسی حەدیس و شەرع مامۆستای ئەدەب و ڕەوشت و شەرم و حەیا و تەمکین بوو، من تازە بوو بووم بە فەقێ لە عەبابەیلێ لە خزمەت مامۆستا مەلا سالح دا. مامۆستا عومەرم بینی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوەڵی خۆیدا دانیشتبوون یەکەم قسەی کە گوێم لێ بوو ئەوەبوو تەفسیری ئایەتی ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾ الأعراف: ٣٢ ئەم هەموو خۆش و ناز و نیعمەتە خوا بۆ موسوڵمانی دروستکردوە لە دنیا کافریشی شەریکە بەڵام لە قیامەتا هەمووی بۆ موسوڵمانە، ئاواتم بوو ڕۆژێک بە خزمەتی بگەم لە خزمەتیا دەرس بخوێنم. تا خوای گەورە ڕێکی خست لە مەعهەدی ئیسلامی لە هەڵەبجە دەرسی پێ وتین بێجگە لەوەش داوام لێ کرد دەرسی تر بخوێنم فەرمووی خۆت کتێبێک ئیختیار بکە منیش کتێبی (أیها الولد)ی ئیمامی غەزالیم لە خزمەتیا خوێندەوە هەموو ئامۆژگاری و فەرمایشەکانی ئەتوت دانەی مرواریە زۆر بەجێ و پڕ حیکمەت. دانیشتن لە خزمەتیا خۆی بۆ خۆی وانەیەکی بەنرخ بوو، مامۆستایەکی لەسەرخۆ و ئارامگر لە کاتی کارەساتی مردنا سێ

برای چاکی مردن (ئەنوەر، حەیدەر و مامۆستا ئیبراهیم) مەجلیس تەعزیەکەی وەکو کۆڕی ئامۆژگاری وابوو. وا مەشهورە لە ناو مەلاکاندا ئەگەر یەکێک زیرەک و شارەزا بوایە ئەیان وت مەلایە. بەڕاست ئەویش بە تەواوی مەعنای کەلیمە مەلا بوو مامۆستا بوو من بەش بە حاڵی خۆم هەر کاتێ ناوی ببرێ لە ئاوێنەی خەیاڵی مندا وەکو زیندوو یادی ئەکەم و دوعای خێری بۆ ئەکەم.

لە بابی (اذكروا محاسن موتاكم) . یادکردن و باسکردنی پیاوی بە کەڵک و بە خزمەت و گەورە هەقە باس بکرێ تا دەرسی لێ وەربگیرێ، ئەگینا هیچ لای خوا ون نابێ هەموویش خەڵاتی خوێەتی کە عیلم و ئەخلاق و زیرەکی پێ بەخشیبوو وەک ئەفەرمووێ ﴿هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ﴾ **النجم: ٣٢**. خوای گەورە پلە و پایەی بەرز کات و لێی خۆشبێت.

# بانگخواز و زانا... مامۆستا عومەر ڕێشاوی

عبدالرحمن طه فتح المين

لەسەر داخوازی نەوە پاکەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی و پەیوەندی بەندە لەگەڵ مامۆستای بەڕێزمدا لە ساڵی ١٩٦٩ هەتا کۆتای ژیانی پڕ بەرەکەتی ئەم چەند وشەیەم خستە سەر لەپەڕەی یادەوەریەکانی مامۆستای ئازیزمان، هەرچەندە پێنوسی ئێمە کەم و کورتە لەو بارەیەوە بەو نیازەوە شەرەفمەند بین نوکی پێنوسمان لە پێنوساندا دیاربێ و گوڵێک بخەینە سەر کۆگای خەرمانی گوڵزاری یاداوەری مامۆستا.

مامۆستای بەڕێز دەرچووی زانکۆی حوجرە و مزگەوت بوو، خاوەنی زانیارییەکی چڕوپڕ بوو، خاوەنی بیروباوەڕێکی بەتین بوو، سەبر و ئارامی لە ڕەوشتیا ڕەنگی دابوەوە چرای ڕووناکی ناو بنەماڵە و خاو و خێزانی بوو، هەڵگیرسێنەری شۆڕشێکی دەروونی بوو لە ناو گەلەکەیا غەزالی سەردەمی خۆی بوو، کاتێک دەسەلاتی پاشایەتی لە عێراقدا لابرا بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) عێراق بوە وڵاتێکی کۆماری بە ناو ئشتیراکیەت و دادپەروەری یەکسانیەوە کەوتنە وێزەی ئاین و مزگەوت و حوجرە و مامۆستایانی میحراب، بۆ شاردنەوەی زەهری دەروونیان بەرامبەر بە ئاین کۆمەڵێک لە مامۆستا خوێنەوارەکانی کوردستانیان لە مزگەوت و میحراب دووخستەوە کردنیان بە

امۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکان، مامۆستا ڕێشاویش یەکێ بوو
وانە بەڵام مامۆستا خاوەنی مەنهەج و بیروباوەڕێکی ڕێژەدار
وو، بۆیە ئەوەی قەبوڵ کرد هەتا بەباشی دەستی بگاتە نەوەی
ەلەکەی تا لە ڕوی بیروباوەڕەوە ڕایان بهێنێ بانگەوازەکەی
ەرێتە ناو پیاوانی ئایندە بە ڕاستی کاری کرد، مامۆستا هەمیشە
ەوڵی ئەدا مزگەوت بەجێنەهێڵێ خۆبەخشانە مزگەوتی ئاوەدان
ەکردەوە بە ڕاگەیاندنی ئاین وانە وتنەوە.

بەندە لە پەیمانگای ئیسلامی بووم لە هەڵەبجە مامۆستا عومەر
هەمیشە بەدەممانەوە بوو وانە شەرعییەکانی پێ دەوتین لە
مزگەوتی (دار الاحسان) دوای ئاوارە بوونمان و گەڕانەوەمان
قەدەری خوا وابوو ماڵی مامۆستا لە مزگەوتی سەیوانی دووەمەوە
نزیک بوو بەندەش پێشنوێژی مزگەوتەکە بووم وەک جاران
خۆمان بە قوتابی و مامۆستا ئەزانی خەریکی زانیارییە
شەرعیەکان بوین لە خزمەتی مامۆستای ئەزیزماندا بەو جۆرە
مامۆستا هەتا وەفاتی کرد دەستی لەکاری مزگەوت هەڵنەگرت.
خوای گەورە بە ڕەحمەتی خۆی شادی بکات .

# چەند یاداوەریەك لە خزمەت مامۆستا ریشاویدا

برهان محمد امین

پەیڤ و یاداوەری بەندە دەربارەی مامۆستای ڕێزدارمان جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە هاوینی ١٩٧٢ دا لە هەڵەبجە مامۆستا صلاح الدین مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی پێ ناساندم، بەهۆی ئەویشەوە مامۆستا عبدالعزیز پارەزانی و مامۆستا عومەر ڕێشاوی و مامۆستا جەعفەر مصطەفام ناسی.

مامۆستا عومەرم بینی کەسایەتیەکی چالاک و زاهید و خەمخۆری ئیسلامە،ماڵیان بەردەوام میوانی لێ نەدەبڕا، ئەویش بە ڕەفتاری جوان و گفتوگۆی شیرینی کاریگەریی لەسەر دادەنان و دینداری لەلا شیرین دەکردن .

گەر بیزانیایە میوانەکە خوێندەوارە چەمکێک لە تەفسیری (في ضلال القران) یان چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی (احیاء علوم الدین)ی دەخوێندەوە و ڕاڤەی دەکرد.

مامۆستا لە وانەبێژیدا سەکەوتوو بوو، قوتابیان هۆگری دەبوون، ئەویش ئاڕاستەی دەکردن بۆ دینداری و وانەکانی مزگەوت، بە تایبەت لە هەندێ لە مزگەوتەکاندا وانەی تەفسیر و فیقهی پێشکەش بە ئامادەبوان دەکرد.

ه ساڵی ١٩٧٤ دا بۆردومانی هەڵەبجە کرا، برایان پرس و ڕایان
ـرد، ئایا بچن بۆ ئێران؟ یان بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی
ومەتی عێراق!!
ڕای بەڕێزیان دوای مەشورەتکردن ئەمە بوو:
ئەم بارودۆخە بە سەرماندا سەپێنراوە، لەبەرئەوە کە هەرکەس
ر وڵاتێکیانی بۆ گونجاوە ئازادە، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە
ـسانی پەیمامدارین، لەهەر کوێ بین، پەیامی خۆمان ڕابگەیەنین
ەندە بۆمان کرا پەروەردەی لاوان بکەین، بە تایبەت ئەوانەمان کە
امۆستاین لە قوتابخانەکاندا دەبێ ڕۆڵی کاریگەرمان هەبێ لە
ەروەردەی نەوەی نوێدا.
لە پایزی ١٩٧٩ دا هەتا هاوینی ١٩٨٤ کە لە ئێران گەڕامەوە لە
یداری بەڕێزیان دابڕام، کاتێک کە بە نهێنی بە دیداری شادبووم
بینیم هەر چالاک و ورە بەرزە.
لە ١٩٨٧ دا کاتێک ڕێکخستنەکانمان پێیان زانرا ماوەی مانگێک
لە هەڵەبجە لە ماڵی خزمان و برایان خۆم حەشاردا، بە نهێنی
سەردانی ژمارەیەک مامۆستام کرد، لەوانە مامۆستا عومەر کە لە
تویی باسێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە هەرچی بەسەرماندا دێت
هەمووی خێرە بۆی مادامێک سابر و شاکر بێت.
لەساڵی ٨٨دا کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا مامۆستا لەگەڵ
جەماوەردا ئاوارەی ئێران بوون، لەوێش لە ئۆردوگاکاندا چالاکانە
سەرگەرمی وانەبێژی و وتاربێژی و ئامۆژگاریکردن بوو.
ئامادەبوانی هاندەدا بۆ خۆگری و دڵنیای دەکردن کە خواوەندی
باڵا دەست تۆڵەی ئەم ستەمە لە بەعس دەکاتەوە.

ئەوە بوو سێ ساڵی نەخایاند هەرێم بووە ناوچەیەکی ئارام و
زۆری خەڵک گەڕانەوە، ئەوانیش لە ڕانیە نیشتەجێ بوون. لە ڕێ
ماڵەکەیان بویە بنکەیەکی دینداری و ڕۆشنبیری.

لە ٩٣دا بە خزمەتـــی گەشـــتمەوە، زنجیـــرەیەک کۆبـــونەوە ل
سلێمانی ڕێکخراو مامۆستا بەشداری چالاکانەی دەکرد کاتێ ک
بڕیاری ئیعلانکردنی یەکگرتوودا.

هەڵبژاردنێک ئەنجام درا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی مەکتەبی
سیاسی، مامۆستا عومەر و بەندەش دەنگی پێویستمان نەهێنا
مامۆستا عومەر هەستا وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا وتی: برای
خۆشکینە مەسئولیەت لە ئیسلامدا تەکلیفە و ئەرکە تەشریف
ڕێزداری نییە، بۆیە پیرۆزبای لە خۆم و هەموو ئەوانە دەکەم ک
دەرنەچووین، هەروەها نزای خێر و موفقیت بۆ ئەو کەسانە دەک
دەرچوون هیوادارم بە (مغنم) و دەستکەوێ نەزانن، بەڵکو
(مفرم) و ئەرک و بەرپرسیاریەتی بزانن.

هیوادارم هەمووان پێکهاتە وە لە ڕیزەکانی یەکگرتودا لە ه
ئاست و پلەیەکدا بن بە (اخلاص) و دڵسۆزیەوە لە خەم
دەستەبەرکردنی پلە بەرزەکانی بەهەشت و ڕەزامەندین خودابین

لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ تا ١٩٩٩ لە خزمەت بەڕێزیان و مامۆس
محی الدین دا خوا لێیان خۆشبێ هەروەها بە یاوەری مامۆس
سدیق کەلالی دەستمانکرد بە چالاکی کۆمەڵایەتی و بانگخوازی.
بە تایبەتی لە ڕەمەزاندا مزگەوت و ماڵان و بنکەی زۆرم
بەسەر کردەوە لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکاندا.

لەیەکێ لە سەفەرەکاندا باسی ئەوەکرا کە ئەم بارودۆخەی بۆمان ڕەخساوە بە خەونیش نەماندیبوو؟!
ئەوانیش وتیان: خوای گەورە ئاوا نەخشەی ناحەزان پوچەڵ دەکاتەوە.
هەڵەبجەیان وێران کرد، هەڵەبجە بوو بە دووان، هەڵەبجە پرژا بە سلێمانی و هەولێر و ڕانیە و شوێنانی تردا.
لەڕاستیدا ئەم بارودۆخە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی سازاندویەتی بۆ ئەوە نیە کە کاروانی ئیمان گەشەی تێدا بکات. من وەک نەخشەکەی فیرعەون دێتە بەرچاوم، ئەو بڕیاری دا نەوەی ئیسرائیل بنەبڕ بکات بە نەهێشتنی ساوا نێرینەکانیان، بەڵام خاوەندی کاربەجێ موسای بەدیهێناو ناچاری کرد لە خزمەتی موسادا بێت ئاسیەی خێزانی کردە قەڵغان بۆی.
لە یەکێ لە دانیشتنەکاندا مامۆستا ئایەتی (١٠٨)ی سورەتی تەوبەی خوێندەوە و بەراوردی کرد لەگەڵ قوتابخانەی برایاندا کە دەفەرموێت:
(لمسجد اسس علی التقوی من اول یوم احق تقوم فیه.....)وتیان: ئەم قوتابخانەیەش هەر لەسەر ئەو بنەما پیرۆزە بەرپاکراوە هەق وایە هەموو موسوڵمانێکی دڵسۆز خۆی تێدا ببینێتەوە.
کاتێ کە (تەفسیری ئاسان) گەڵاڵە بوو کۆبونەوەیەکمان کرد بۆ ناونانی بەڕێزیان پێشنیاری ناوی (ئاسان)یان کرد، کە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.
شایەنی باسە بەڕێزیان پێداچونەوەی چەند جۆر ئایەتێکیان کرد بە تایبەت جزئی ٢٦ کە لە خزمەتیدا دەمخوێندەوە و ڕاو

بۆچونەکانیم بە هەند وەردەگرت، کاتێ کە بە چاپ گەیەنرا ناوی بەڕێزیانم لە پێش ناوی خۆمەوە دانا.

مامۆستا هەوڵی دەدا هەمیشە دەست بە دەستنوێژ بێت هانی ئێمەشی دەدا بۆ ئەوەی هەر کات مەرگ یەخەی پێگرتین بە دەستنوێژەوە بمرین.

هەرواش بوو، دەستنوێژی گرت و چەند ڕکات (تهجد) بکات کەوتە سەر بەرماڵەکەی و سەلامی یەکجاری لە دنیا دایەوە.

خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و هەموومان لە سایەی سۆز و میهری خۆیدا بە یەکتر شاد بکاتەوە.

# یاداواریم لەگەڵ هاوڕێ و زانا مامۆستا عومەر ڕێشاوی

نوري فارس

سوپاس بۆ خودا، درووود لە حەزرەت ، ڕەزا لە یاران، ڕەحمەت لە ئومەت!

مەولەوەی دەفەرمووێ:((ذیکری صالحین ڕەحمەتی واپێ!)) بە بێگومان کە جەنابی مامۆستای گەورە و هێژا، مامۆستا عومەر ڕێشاوی، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم فەرمایشتەی مەولەوی تیایدا ڕەنگی دەدایەوە بەبێ موبالەغە لە ژیانما لە پیاوچاکانا نمونەی مامۆستا عومەرم کەم دیوە.

١- هەتا بڵێی پیاوێکی ساڵحی خواناسی هۆشمەندی بێوەی بوو، خاوەن مەبدە و بوو، ویژدانێکی زیندووی هەبوو، خۆی دەیفەرموو: ((ڕقم لە مار و دوپشکیش نییە دڵ بەقەد گوێزێکە پڕی بکە لە خۆشەویستی خودا و لە خۆشەویستی مەخلوقاتی، بە کین و ڕق و بوغز مەیکە بە تەندوری نانەوا)).

٢- مرۆڤێکی مرۆڤدۆست بوو، مرۆڤێکی زان و دانا و هۆشمەند و مینمن و لەسەرخۆ بوو، هەر حەزت دەکرد لە مەجلیسیدا دابنیشیت و گوێت لە فەرمایشت و قسە نەستەق و خۆشەکانی بێ.

٣ – لەگەڵ خێـزان و مـاڵ و منـداڵی خۆیـدا زۆر تەبـا و بە حەوسـەڵە و میهرەبـان بـوو، نمـونەیەکی جـوان بـوون بۆ خێزانی کامەران.

٤ – لە زانسـتە ئیسـلامیەکاندا تەواو شـارەزا بـوو، وەک بابەتی تەفسیری قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و شەریعەتی ئیسلام بە گشتی، هەروەها لە علوم (علومی ئالەی ئیسـلامی)دا، وەک صەرف و نەحو و بەلاغە و ئصولی فیقە شارەزاییەکی جوانی هەبوو.

٥ – کوردییەک و عەرەبیەکی جوانی دەزانی، ماوەیەکی دوور و درێـژ ئەنـدامی لیـژنەی وەرگێـڕان بـۆ وەرگێڕانـی قۆناغەکـانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە بۆ سـەر زمـانی شـیرینی کوردی کە لیژنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١ – مدیری تەربیە/ نەشئەت غەفوور/ سەرۆک.

٢ – مشریف اول تەربیە/ نوری عەبدوڵلا ئاغجەلەری/ ئەندام.

٣ – م. عەزیـز عەبـدوڵلا قەشـانی/ پسـپۆڕی زمـانی کـوردی/ ئەندام.

٤ – م.عومەر ڕێشاوی/ ئەندام.

٥ – م. عەبدولغەفور حاجی ئەحمەد کانی سپیکەیی/ ئەندام.

٦ – نوری فارس حەمە خان/ ئەندام.

مامۆسـتا بە دڵ متصـوف بـوو، جـارێ گێـڕایەوە بۆمـان فەرمووی:((لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆمانەدا لەسەفەرێکی بەغدا دا، جارێ لە پـاش جەمـاعەتی نـوێژی عەسـر، لە مزگەوتـی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەرچووین بۆ پیاسە کردن. وتی تەماشامان کرد وا دێوانەیێ جلی کوردی لەبەردایە ، دەرپێیەکی خامی سپی و

کلاشێکی هەورامی خۆمان و کڵاو و جامانە و مشکی بەستبوو، کڵاوەکەی درێژ بوو، یەک دوو ئاوێنەی پێوە بەستبوو، شمشێر و حەمایەڵی لە ملدا بوو دەتگوت لە کەوکەبێکی ترەوە هاتووە بۆ سەر گۆی زەوی. گووتی دیوانە لە ڕێی خۆیەوە دەڕۆشت ئاگای لە هیچ نەبوو. فەمووی لەولاوە کۆمەڵێ خوێندکار هاتن جانتایان بە بندەستەوە بوو دیاربوو قوتابی قۆناغی کۆلێژ بوون، فەرمووی کە گەیشتن بە دێوانەکە یەکێ لە قوتابییەکان یەک شەقی مزری لە دێوانەکە دا و دەستی کرد بە قاقای پێکەنین.

فەرمووی دێوانەکە بە شەقەکە لەبەر بێ هێزی لەسەر گازەرەی پشت کەوت کڵاوەکە لەسەری پەڕی دێوانە هەسایەوە نقەی نەکرد، کڵاوەکەی هەڵگرتەوە و بەرەو ئاسمان تۆزێ بەرزی کردەوە و کردیەوە سەری. فەرمووی هەمووی بیست هەنگاو نەڕۆشتن لۆریەک هات ئیستۆپی بۆ نەگیرا سەر کورە شەق وەشێنەکەی کرد بە شووتی شەق و پەق، فەرمووی دیسان دێوانەکە کڵاوەکەی بەرە و ئاسمان هەڵبڕیەوە و وتی:

((خوایە کەی من وام وت؟!))

لە کۆتایی ئەم وشەیەدا ڕەحمەت دەنێرم بۆ گیانی پاک و پیرۆزی عومەر و عەرزی دەکەم خۆزگەمان بە خۆت کە ئەم ڕۆژە ڕەشەی کوردانت نەبینی کە هەتا خائینتر بێ لە پێشتر ئەبێ.

# چەند پەیڤێك بۆ مامۆستا ڕێشاوی

محمد صادق

قسەکردن لە بارەی زانا و مامۆستا و پێشەوا و بانگخواز جەنابی مامۆستا عومەر ڕێشاوی زۆر لەوە گەورەترە ئێمە بتوانین لەو بوارەدا هەقی خۆی پێ بدەین بەڵام هەر چۆنێک بێت ئێمەش وەک قوتابییەکانی ئەو بەڕێزە بەپێی توانا و ئەوەی لەبیرەوەریماندا ماوەتەوە کورتەیەک باس بکەین، لە ساڵەکانی شەستەکان بە دیاریکراوی مانگی نۆی ساڵی ١٩٦٧ کاتێک وا خەریک بووین معامەلاتی پێشکەشکردنی وەرگرتنمان لە خانەی مامۆستایان لە سلێمانی کە ئەو کاتە لە سلێمانیدا زانکۆ نەبوو تەنها شوێنێک بۆ قوتابیانی هەژاری وەک ئێمە هەر ئەوێ هەبوو کە دوای تەواوکردنی بتوانیت بژێوی خۆتی تیا دەستەبەر کەیت، لەو کاتەدا ڕیزمان گرتبوو بۆ پێشکەشکردنی معامەلاتەکان قوتابییەک لە پشت منەوە بوو بە ناوی مامۆستا ڕەئوف محمد غیاث کاتێک کە ناوەکەمی خوێندەوە و پاش پرسیارکردنی لێم کە خەڵکی کوێی بۆی دەرکەوت کە منیش خەڵکی ناوچەی هەڵەبجەم، بەم شێوەیە هەر لەو کاتەوە بووین بە هاوەڵی گیانی بە گیانی و شەو و ڕۆژ بەیەکەوە بوین، لە سەفەرەکانیشماندا بۆ ناوچەی خورماڵ و هەڵەبجە هەر بەیەکەوە بووین، بۆم دەرکەوت ئەو پرسیار و هاوەڵایەتییە بە مەبەست بووە و ئەو ئەیزانی کە لە

کاری خۆی بۆ بانگەوازەکەی چۆن و لە کوێوە دەستپێبکات، یەکێکی تر لەو کەسانەی کە بەهۆی مامۆستا ڕەئوفەوە مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی بوو برای بەڕێز مامۆستا عومەر ڕێشاوی و خوای پەروەردگار بە فردەوسی بەرینیان شاد کردبێت انشاء الله ئێستا لە ڕیزی ئەنبیا و شوهەدا و صالحیندان، لە کاتی چونمان بۆ هەڵەبجە بە چەند مامۆستایەکی پایەبەرز شاد بووین وەک مامۆستا عومەر، مامۆستا عەزیز پارەزانی مامۆستا جەعفەر مصطفی مامۆستا مەلا محمد بۆم دەرکەوت کە مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی برای گەورەی ئەو کۆمەڵە موسوڵمانانەی هەڵەبجە و دەوروبەریەتی زۆر جار لەگەڵ بەڕێز مامۆستا صلاح الدین ئەچووینە خزمەتیان، لە خانەی مامۆستایان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە برایانەدا وەک مامۆستا حبیب محمد سعید مامۆستا جەمال بێدار، مامۆستا صلاح جەباری، مامۆستا حسین عبد المحمد، مامۆستا حمە ئەمین فەرەج بیارەیی زۆر خۆشمان ئەگوزەراند، من هەر دڵم بە لای ئەمانەوە بوو بە تایبەتیش مامۆستا ڕەئوف محمد و مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی. جار جار لە کاتی سەردانمان بۆ هەڵەبجە بە خزمەت مامۆستا عومەر دەگەشتین مامۆستا زۆر لەسەرخۆ و هێمن و دوربین بوو، پەلەی نەئەکرد لە کارەکانیدا، هەر قسەیەکی بکردایە لە ناخی دڵیەوە بوو بۆیە زۆر کاریگەری لەسەر دڵەکان هەبوو، مامۆستا زۆر بە تەقوا و پارێزگاربوو، سادە و ساکار خۆی لە قوتابیەکانی جیا نەئەکردەوە هەر پرسیارێکت لێبکردایە ئەیفەرموو من وای بە باش ئەزانم ئێتر ئەوەش بۆ خۆت بە جێدێڵم، بۆچوونی خۆی دەرئەخست و زۆری نەئەکرد لە

بەرامبەر. لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکانیدا زۆر بە لەسەرخۆیی و نەرمونیانی وتارەکانی پێشکەش دەکرد، هەر جارێک بیزانیایە کە یەکێک لە گوێگرەکان خەیاڵی ڕۆشتووە و یان خەوی دێت ئەیوت سەلام عەلەیکم بۆ ئەوەی بێداری بکاتەوە، زۆر نەرمونیان بوو لەگەڵ منداڵاندا خۆی ئەبردە ڕیزی ئەوان و ئەم زکرەی لەگەڵ دەوتنەوە (اللەمان هەر تۆی تۆ خالقی کل شیء) لە هەڵەبجە لە دووکانی بەڕێز کاک عنایەت کە برای بەڕێز مامۆستا عومەربوو زۆر جار کۆبونەوە و دانیشتنەکانمان لەوێ بوو. لە ساڵەکانی حەفتاکاندا بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندیم کرد بە بەڕیزی برایانەوە لە ڕێگەی بەڕێز مامۆستا صلاح الدين محمد بهاء الدين هەر لە ساڵەکانی کۆتایی شەستەکاندا. مامۆستا زۆر بڕوای بەهێزبوو بەخوا زۆر جار ئەیفەرموو پەلە مەکەن با زوو بگەین.

(بیرەوەری) (١) ئەگێڕنەوە جارێکیان کۆمەڵێک لە براکانی خۆی و خزمان و برایانی تر لە خزمەتیا دەبن لە کرماشان پەلەیان دەبێت زوو بگەنە شوێنی خۆیان لە ئۆردوگاکانی ئێران ئەوان پەلەیان دەبێت بەڵام کاتی نوێژ دەبێت بۆیە بەڕێزیان بە باوەڕێکی بەهێزەوە ئەفەرمووێ ئێستا کاتی نوێژە با نوێژەکەمان لە کاتی خۆیدا بکەین خوا کەریمە، ئەوانیش بە نابەدڵییەکەوە نەیان دەتوانی لە قسەی دەرچن دەست دەکەن بە نوێژ نوێژەکەیان دەکەن بە ویستی خوای گەورە پاسێکی بەتاڵ دێت و هەموویان سوار دەبن و دەگەنە شوێنی مەبەست.

(٢) یەکێکی تر لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستای بەڕێزدا لە ناوەڕاستی حەفتاکان لە خورماڵ ئێمە لەگەڵ بەڕێز مامۆستا مەلا

حمە ئەمین ئیمامی و کاک حاجی سەعدی و حاجی عبدالرحمن زەڵمی نزیکی ١٢٠ قوتابی دەرسی قورئان و سوننەت و تەفسیرمان پێدەوتن کە بەهۆی مامۆستا حمەئەمین ئیمامی کە مامۆستای مزگەوتی بوخاری بوو لە خورماڵ زۆر بە گەرم و گوڕی وانەمان دەوتەوە لەو دەورەیەدا کە ئەوقاف کردبویەوە بۆ ئەو قوتابیانەی حەز لە قورئان خوێندن دەکەن،مامۆستا صلاح الدین محمد بەهادین لە مزگەوتی خورماڵ کۆمەڵێک قوتابی هەبوو هەردوولا سەرگەرمی ئەوەبووین خۆشمان بەیانیان زوو تەفسیری فی ضلال القرأن مان دەخوێند لە خزمەتی مامۆستا مەلا حمە ئەمین ئیمامی، سەردانێکی هەڵەبجەم کرد هەر وەکو جاران چووم بۆ دوکانەکەی بەڕێز کاک عینایەت جەنابی مامۆستا مەلا محمد هات، بەخێرهاتنی کردم و هەواڵی خورماڵی پرسی منیش زۆر بە دڵێکی خۆشەوە بەوردی باسم بۆ کرد مامۆستا کە زانی من زۆر دڵم بە کارەکەمان خۆشە ئەویش هەر وەکو پیشەی جارانی کە وتەکانی دەرس بوون بۆ بەرامبەر کە نەوەک توشی ڕیا بێت فەرمووی دوعا بکە کە خوا لێی وەرگرتبن، من وامزانی ئێستا دەست دەکات بە پیاهەڵدانمان، ئەو کاتە ڕێکخستنی برایان و ەدستێنرابوو لەلایەن بەڕێز جەنابی عبدالکریم زیدان کە پێشەوای برایان بوو مامۆستاش هەربۆچوونی وابوو، هەستی دەکرد کە ئێمە جۆرە ڕێکخستنێکمان هەیە ئەو پێی باش نەبوو حەزی دەکرد کە پەیڕەوی بڕیاری برایان بین.

(٢) مامۆستا حەزی دەکرد کارەکان دابەش بکات لە نێوان برایاندا، هەر کارێک برایەک بیکردایە حەزی نەدەکرد برایەکی تر

هەمان کار دووبارە بکاتەوە، مامۆستا صلاح الدین محمد نامیلکەیەک دەربارەی جوان خوێندنەوەی قورئان نووسی بوو، جەنابی مامۆستا عبدالکەریم بەڵخەییش نامیلکەیەکی لە هەمان بواردا ئامادەکردبوو ناردبووی بۆ مامۆستا صلاح الدین بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەسەر دەرببڕێت، بەڵام مامۆستا لەسەر ئامادەکراوەکە نوسیبووی ئەم هەوڵە دراوە دووبارە کردنەوەی سوود نادات، جەنابت لە بوارێکی تردا هەوڵ بدە، لەو کاتەدا لە دوکانی جەنابی مامۆستا ئیبراهیم بووم لە هەڵەبجە جەنابی مامۆستا عومەر هات و مامۆستا ئیبراهیم ئامادەکراوەکەی پیشانی مامۆستا مەلا عومەر دا ئەویش دوای سەیرکردنی سەرنجەکەی مامۆستا صلاح الدینی بینی پشتگیری مامۆستا صلاح الدینی کرد.

(٤) مامۆستای بەڕێز هەردەم هەوڵی دەدا کە بۆنە ئاینییەکان بقۆزێتەوە بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام ئەو بۆنانەی بەکار دەهێنا بۆ کاری بانگەواز بۆیە هەوڵی دەدا بۆنەکان وەک مەولوودنامە و ئیسرا و میعراج، جەنگی بەدر .... هتد زۆر بە گرنگییەوە ئامادەکاری بۆ بکات و هەموو برایانی تەیار دەکرد کارەکانی بەسەردا دابەشدەکردن بۆیە لە ناوچەی هەڵەبجە و خورماڵ و هەورامان و سیدصادق و پێنجوێن و جار جاریش بۆ ناو شاری سلێمانی ئەم کارانەی دەکرد.

(٥) مامۆستای بەڕێز زۆر بە وردی سەرنجی دەدا هەرکات شتێکی بەدڵ نەبوایە و بیزانیایە کارەکە دروست نییە بە سەرگوزەشتەیەکی کورت کارەکەی چارەسەر دەکرد، لە ئوردوگای وەرمەهەنگ ئیمام و خەطیب بووم بەیانییەکیان کە

مامۆستا میوانمان بوو لە کاتی نوێژی بەیانیدا، دوای نوێژ تەسبیحاتمان کرد من پشتم لە نوێژ خوێنەکان بوو، مامۆستا ئەم شێوەیەی بەدڵ نەبوو لە دوایدا لە دوایدا فەرمووی لە کاتی تەسبیحاتەکەدا هات بە خەیاڵمدا کە بەردێکی بچووک بکێشم بە شانی مامۆستادا بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەمەوە کە ڕوو بکاتە نوێژ خوێنەکان، ئیتر لەو کاتەوە تاکو ئێستاش لە کاتی تەسبیحاتدا ڕووم ئەکەمە نوێژ خوێنەکان.

(٦) لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئوردوگای وەرمەهەنگ بووین جەنابی مامۆستای بەڕێز لە ئوردوگای شەهرەکەیەی کامیران بوون، قەرارمان دا کە دەست بکەین بە خوێندنی زمانی عەرەبی، مامۆستا فەرمووی لەسەرەتادا بۆ چوونە ناو بەحری زمانی عەرەبی پێویستیمان بە چوپێکی زمانی عەرەبییە تا نەخنکێین، بەڵام زۆری نەخایەند جەنابی مامۆستا گەڕایەوە بۆ عێراق.

(٧) جەنابی مامۆستا برای گەورەمان بوو تا کۆنگرەی دووەم لە شاری هەولێر لە کاتی هەڵبژاردن دا بۆ ئەمیندار و ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجام دا، جەنابی مامۆستا صلاح الدين بە ئەمیندار دەرچوو، مامۆستا عومەر وتەیەکی زۆر بەهێزی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی لە ئەمیندار کرد و فەرمووی پیرۆزبایش لە خۆم دەکەم کە دەرنەچووم و خوای گەورە ئەو ئەرکە گەورەیەی لەسەر شان هەڵگرتووم لەبەرئەوە بەو پەڕی توانامەوە پشتگیری جەنابیان دەکەم و لە خوای گەورە داواکارم سەکەوتووی بکات لە کاری بانگخوازیدا و السلام علیکم. هەر وەک هەمیشە بە وشەیەک کۆتایی بە وتارەکانی دەهێنا.

(٨) لە ماڵێک لە عەربەت ماڵی کاک عەلی غەوارە میوان بووین بە بۆنەی مەولودەوە نۆبەنێکیان سەر بڕیبوو دوای نان خواردن ژمارەیەکی زۆر ئامادەبوون، باسەکە هاتە سەر باسی چۆن چوون بۆ سوجدە لە دوای ڕکوعەوە، هەر یەکە ڕای خۆی بە پێی ئەوەی کە دەیزانی دەربڕی، جەنابی مامۆستا فەرمووی لە شەرعدا هیچ شتێک نەماوە باسی نەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش شەرع لایەنگری پیرەکان دەکات، ئەوان چۆن دەچن بۆ سوجدە، لەبەر ئەوەی ناتوانن لە پێشدا هەردوو دەستەکانیان دادەنێن جا ئەژنۆکانیان ئینجا ناوچەوانیان دەخەنە سەر زەوی، لەبەر ئەوە ئێمەش وەک ئەوان دەچین بۆ سوجدە بۆ ئەوەی ئەوان هەست بە کەمی نەکەن.

(٩) مامۆستا زۆر سادە و بێ ئەرک بوو زۆر بە بەشی خۆی ڕازی بوو هەر لەبەر ئەوە برایان قەراریان دابوو کە سەیارەیەکی بچووکی لە خزمەتدا بێت کە بەڕاستی ئەگەر ئەو نەبوایە کەس بە وەها سەیارەیەک ڕازی نەدەبوو. من خۆم زۆر سەرنجم لەسەر ئەو هەڵوێستەی برایان هەبوو چونکە مامۆستا زۆر لەوە زیاتری شایستە بوو بەڵام ئەو خۆی زۆر دڵخۆش بوو پێی ڕازی بوو ئەرکی نە دەخستە سەر برایان، خوای گەورە لێی وەرگرێت انشاء الله.

(١٠) مامۆستای بەڕێز زۆر بە دڵێکی پڕ باوەڕەوە تەماشای لە دنیا دەرچوونی کەسە نزیکەکانی دەکرد، مامۆستا مەرگی سێ برای بە چاوی خۆی بینی، لە مەرگی بەڕێز کاک حەیدەر کە برا گەورەی بوو ئەو ڕۆژە کە ئەو لە دونیا دەرچوو ڕۆژی عەرەفە بوو ئەو ڕۆژە هەر وەکو نەریت تەعزیە دانرا بۆ بەیانی مامۆستا

ـرمووی دوێنـێ تەعزیەمـان بـوو بەڵام ئەمـڕۆ جەژنمـانە بـۆیە
ـەموو ئاسەواری تەعزیەکەی لابرد و لە ڕۆژی جەژندا پێشـوازی
ـ میوانەکان دەکرد و جەژنە موبـارەکەی لـێ دەکـردن و شـیرینی
ـەژنی بۆ دەگێڕان، بەو شێوەیە وانەیەکی کرداری بە قوتابییەکانی
ـ خەڵکی بە گشتی دەوتەوە، خۆی قسەکانی بە کردار دەکرد بۆیە
ـە دڵی قوتابییەکـانی و خەڵکـی دا زۆر بە جـوانی جێگیـر دەبـوو،
ـەیفەرموو ئەو ئەمری خـوای بە جێهێنـاوە ئێمەش دەبێت ئەمـری
ـخوا جێ بەجێ بکەین و صەبر بگرین، ئیتر گریـانی ناوێت ئێمەش
ـەچین بۆ لای ئەوان.

# کەنزێکی پڕ لە گەوهەر و زانست

عوسمان جوتیار

من وەک بەندەیەکی شەرمەندە و هەژار بەرامبەر خوای بەزەیی و لێبوردە و مەزن و باڵا دەست (عثمان حمه امین احمد، ناسراو بە مامۆستا جوتیار)، وەک قوتابییەکی کەم ئەرزش لەبەردەم مامۆستای مەزن و دڵسۆزم مامۆستای ڕەوشت بەرز و باوەڕ بەهێز وبە دڵ نزیک و سەروەرم مامۆستای شیرین و متواضعم.............
بە دەستی بڵندی بۆ نزا و چاوی قەتیس بە فرمێسک و خامەی ورووژاو بە زارم هەزاران سڵاوی گەرم و گوڕم بۆ گیانی پاکی بەرزە فڕی دووەم مامۆستای بیری ئیسلام خوازی و کاروانی ڕابوونی ئیسلامیم و یەکەم مامۆستاشم مامۆستا (مەلا محمودی عەنەب) دەنێرم و لە خوای باڵادەست و دلۆڤان دەخوازم هەردوو بەڕێزیان بە بەهەشتی بەرین و نەبڕاوە شادبن وەک سەربەرزی دنیای فانی بوون کامەرانی دوا ڕۆژی پەسڵانی هەتا هەتایی بن.
مامۆستای دڵسۆزم (عومەر فەتاح یەعقوب) - ڕێشاوی - کانزایەکی دەوڵەمەند بوو لە گەوهەری زانست لە زۆرینەی بەشەکانیدا، هەر سەرنجدانی شێواز و ڕەفتار و کردارە جوانەکانی، ماندوونە ناسی و تەلاشی بەردەوامی لە هەموو چەمکەکانی دینداری و خۆش ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی عیباداتی، شێوازی نزا و

و بەخشندە خودای بەرفراوانی بەڕەحمەتی بە زۆری ئیمانەی
قورئان پەیڕەوی لە دەقی و دەقا پابەندی و شارەزایی بەرەبانی،
چەمکێکی و وانە خۆی بۆ سوننەتەکانی و فەرموودە
بێت خزمەتیا لە دەیتوانی کێ. تواضع لە و پابەندی لە گەورەبوون
چونکە نەبێت و نەکات ئەو وەک و گوێڕایەڵ شاگردێکی نەبێتە
ڕووکەش. و سەرزاری نەک ... بوون دڵان بۆ دڵەوە لە پەیامەکانی
سادە زانستدا کەم و سەرەتا و سادە ئیمەمانانی لەگەڵ مامۆستا
لەو هیچی خۆیدا سەردەمی زاناکانی کەڵە لەگەڵ هاوکات بوو
خۆیدا بە تایبەت بواری هەندێ لە بەڵکو نەبوو کەمتر بەرێزانە
قەناعەتی و ڕووخۆشی و دڵپاکی و کەمنەفسی وەک بوو. زیاتر
خۆش سوننەتیەکانی، عیبادەتە زۆری هەیبوو، کە بەوەی تەواوی
و نزیک کاری و کەس و خانەوادە و خێزان لەگەڵ هاوشەرەبی
بەرزی هیمەت دەکران، بەرامبەری هەڵانەی لەو لێبوردەیی دوور،
و نان بە ئەگەر پەروەریدا، میوان لە منداڵانی و هاوسەر و خۆی
کۆمەڵایەتیدا بواری لە مامۆستا بوایە. ساکاریش و سادە ئاریکی
پێوە ماندووبوونی هەرگیز مامۆستا شکاندبوو، ڕیژەی پێوەری
کەس هەموو بۆ کامەرانی و دڵخۆشی هیوای نەبوو، دیار
لە دەکرد. نەیارانیشی بۆ خێری تەمەننای تەنانەت دەخواست
لە مامۆستا بوێت. خۆش کەسم هەموو فێربووم مامۆستاوە
هەموو نرخی مامۆستا بوو، دلێر و بوێر ڕاستییەکاندا دەربڕینی
بەرامبەر لە وەردەگرت، کەمترینیان لە سوودی و دەگرت شتەکانی
ئاستیانا لە ژیرانە بوو، پێزان و سەنگین زور باڵاکاندا بەها
توانای پێی بە ئەدەبدا و هونەر بواری لە دەینرخاندن، و دەدەستا

خۆی سەرقاڵ بوو... هاندەرێکی کاریگەربوو بۆ ئەدیب و هونەرمەندانی لێزان پێزانبوو. مامۆستا سەرمەشقی پێکهێنانەوەی نێوان بوو. لە پیشەی مامۆستایەتیدا لە هەموو قۆناغەکانیدا پێشەنگ بوو لە کاری ڕامیاریدا گوێڕایەڵی چالاکی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو نەک سەرکردەیی لە بانگخوازە هەرە دێرینەکان بوو هەمیشە بەردی بناغەی داهێنان و بەرخودانبوو، لە ئامادەبوونا یەکەم و لە خوا حافیزیدا دوا چۆڕی ئەڵقەی مەجلیسەکان بوو، ڕاوێژکارێکی وریا و نهێنی پارێزبوو. لەسەرجەم علومە شەرعیەکاندا قاڵ و کارا بوو فتوای نە دەدا و مفتی بوو زانایەکی بلیمەتی (نحو صرف) بوو، زۆربەی ژیانی بە سادەیی بردە سەر زیاتر بە پێ دەڕۆشت و زۆربەی ژیانی لە خانوی گڵ و داردا بردە سەر و زۆریش ئاسوودەبوو. مامۆستا پێشنیازی هەر کارێکی بکردایە خۆی دەستپێشخەری دەکرد بۆ ئەنجام دانی بە کردار. حەزی لەوەبوو زیاتر گوێگر بێت لە بەرامبەر تا هەر قسەکەر بێت تەمەنی پیری چالاکیەکانی کەم نەکردەوە ،کە باسی قیامەتی دەکرد وات دەزانی خۆی لەوێ دەژی و بابەتەکانی لە خۆیدا بەرجەستەن. هەمیشە لە ئامادە باشیدا بوو بۆ کاروانی خواحافیزی لەو ژیانەی کە کێڵگەی قیامەت بوو. مامۆستا تا کۆتا هەناسەکانی ژیانی خزمەتی ئەو کێڵگەیەی دەکرد و سات لە دوای سات ڕازاوەتری دەکرد بە ئاوی تەقوا ئاودێری دەکرد و بە پێزی عیبادەت پڕ پیتی دەکرد و خەرمانی پڕ بەری لێ هەڵدەچنی و لە دەستکەوتی بەرهەمەکانی زەکاتی باشی لێ دەدا و سەرناسی تەواوی هەژارانی بوو هەموانی بێبەش نەدەکرد.مامۆستا دروشمی ڕوونـاکی

کوژاوەی بەردەوام بوو. تێکەڵ بە هەموو ئەشکەنجە و ئازارەکانی گەل و خاک و ئاوی بوو، خەونی بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانەوە دەدی، خەباتی گەلی کوردی ڕزگاری بە جیهادێکی پیرۆز و ڕەوا دەزانی هەمیشە چاوی لە ئاسۆی بڵندی کورد بوو، بە چەمکی دینداری و ڕەوشت بەرزی لە سەنگەری پێشەوەی خەباتابوو. بەڕاستی نازانم بڵێم جوغزی کاری مامۆستا چەندە بەرین بوو؟ بۆیە جێگای خۆیەتی بڵێم و پرسم ئەی چی نەبوو؟. بەڕێزان ئەمانە کە ئاماژەم پێکردوون هەر هەمووی بەڵگەی زیندووی مەیدانیم پێیە کەمی بواری نوسینەکەم ڕاوەم نادا هەموو بەڵگە زیندووەکان بخەمە بەردەمی بەڕێزتان بەلام وەک مشتێ لە خەروارێکی مەزن ئەم نموونەیەتان عەرز دەکەم:

لە یەکێ لەو گەشتانەی لە خزمەت مامۆستای هەرگیز لەیاد نەچووم دا بووم لە ساڵەکانی ١٩٨٠ ی زاینییدا فەرمووی سەردانێکی هاوڕێی خۆشەویت بەڕێزمان مامۆستا عابدین ڕەشید لە کەرکوکی قەڵای دینداری و پابەندی ئیسلام خوازی ڕۆشن فیکری، کەرکوکی سەنگەری پێشەوەی کوردایەتی و نەفەس درێژی. دوای شادبوونمان بە دیداری مامۆستا، پێشنیازی کرد بۆ مامۆستا عومەر کە لە شاری نەینەوا-موصل- کۆڕێکی ڕۆشنبیری ئیسلامخوازی هەیە و چەند برایەکی ناوداریی ئیسلامی و هەلبژاردە سازی دەدەن -کە بە نهێنییە- و مامۆستا عابدینیش یەکێکە لەوان و کێشی پێ باش بێت و گونجاو بە ئاستی ئەو کۆڕە لەگەڵ خۆی بیبات لە دەڤەری کەرکوک و سلێمانیەوە. بڕیاریاندا

ماموستا عـومەر و بەنـدەش بەشـداری بکەیـن وەک میـوان. بۆ بەیانیەکەی ڕێکەوتین و ڕێگاکەمـان بە بیر و بۆچونەکانی هەردوو ماموستای بەڕێز و چەند پارچە هۆنراوەیەکی منیش بردە سەر و گەشتینە شوێنی مەبەست. دانیشتوان پرسیاری ناساندنی ماموستا عومەر و منیشیان کرد لە بەڕێزمان ماموستا (عابدین ڕەشید) کرد بە تایبەتی من کە گەنجیم پێوە دیار بوو، ماموستا دڵنیایی کردنەوە لەوەی دوو گەوهەری بە نرخم بۆ هێناون لە هەڵەبجەی خواناس و خـۆ ڕاگـرەوە ئەوانـیش دووبـارە بەخێرهـاتنی گەرم و گوڕیـان کـردینەوە و خۆشـحاڵی تەواویـان دەربـڕی بەو بەشـداریەمان. کۆڕەکە دەستی پێکرد و هەر بەڕێزە و بە دەوری خۆی بابەتی ئامـادەکراوی پێشـکەش دەکـرد و لێکـۆڵینەوە و وتـووێژی لەسەر دەکـرا لە لایەن بەشـداربوانی کـۆڕەکەوە. دوای تەواو بـوونی بەبەتەکـان ڕوویـان کـردە بەڕێزمـان ماموسـتا عـومەر ڕیشـاوی و داوای بەشداری کۆڕەکەیان لێکرد ، ماموستای شارەزامان لەسەر چۆک دانیشـت و وتـارێکی ڕۆحـی زۆر بە پێـز و پڕ وردەکاری پێشـکەش کـردن کە مـاوەی سـێ سـەعاتی خایەنـد. بە جۆرێک سـەرنجی بەشداربووانی کۆڕەکەی ڕاکێشـا. بۆیە دەڵێم هەزاران ڕەحمەت لە گیانە پاک و بەرزەکە فڕەکەت بۆ بەهەشتی بەرین ئەی شـاگردە مانـدوو نە ناسـەکەی شـێخ أمجد زهـاوی و مەلای نودشی و باجەللانی و ماموستا عبدالکریمی بیارە و شێخ محمدی خـاڵ، بەڕاسـتی ماموسـتا ڕێشـاویمان ئەسـتێرە گەشـەکەی کوردستانی گەورە و چرای ڕۆشنی ڕابوونی ئیسلامی بوو.

ـەر زاری هۆنراوەم دا:-

**بە کۆچی دوایی ڕێشاوی بە جۆرێ دڵم ڕێشاوە**

**بە دیداری دێرینەی ئەسرینی چاوم لێشاوە**

**ئەوەندە تامەزرۆی ئەو کاتەم قوتابییەکەی ماموستابووم**

**هاکا بڵێم هێندە شەیدام دڵم لەم دنیا ئێشاوە.........**

# مامۆستا عومەر ڕێشاوی بیریارێکی گەورەی بواری پەروەردە

محمد عبدالرحیم

یەکەم ناسینم بۆی:

لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدابووم، لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندندا سێ مامۆستا بۆ ڕاهێنان (تطبیق) هاتنە قوتابخانەکەمان... قوتابخانەی ئەبو عوبەیدەی سەرەتایی... مامۆستا عومەر فەتاح ڕێشاوی و مامۆستا باقی عەبدول کەریم عەبابەیلێی و مامۆستا ڕەسوڵ عوسمان سازانی بوون. ئێستا هەر سێکیان گەڕاونەتەوە بۆ لای پەروەردگاریان خوای گەورە بە بەهەشتیان شاد بکات. ماوەی مانەوەیان زۆر نەبوو، لەو سێ مامۆستایە تەنیا مامۆستا عومەر وانەی عەرەبی لە پۆلەکەی ئێمە وەرگرت و بۆ یەکەم جار لە پۆلدا مامۆستایەکم بینی بە جل و بەرگی فەقێیەتییەوە بێتە پۆل و وانە بڵێتەوە. مامۆستایەکی لاوی ڕووگەشی قسەخۆش، بە بەرگی فەقێیەتی ئەوسا و بە ڕووی گەشی و بە قسە خۆشەکانی وانەکەی خۆشتر دەکرد. دوای تەواوبوونی ماوەی ڕاهێنان مامۆستا دیارنەما و ئیتر نەمدییەوە، تا ئەو سەردەمەی لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی وەرگیرام و دەمخوێند بۆ ئەوەی ببمە مامۆستا. ئێوارانی هاوین لە حوجرەکەی مزگەوتی پاشا لە هەڵەبجە لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر لە خزمەتی مامۆستایان

...سمان عەبدولعەزیز و عەلی عەبدولعەزیز دادەنیشتن هەندێ
...ر منیش ئامادەی ئەو کۆڕە دەبووم. وەکو کۆڕێکی ڕۆشنبیری
بوو، هەرکەس دەبوو بابەتێکی کورتی پێشکەش بکردایە. بیری
...ژی ئەو مامۆستایانە بە تایبەتی مامۆستا عومەر لەم جۆرە
...الاکیانەیان دادەهێنا، با دانیشین ساتێک لەگەڵ باوەڕدا بژین
(...جلس بنا نؤمن ساعة).

لە جاری سێیەمدا دوای ئەوەی بووە مامۆستا، هێزی کێشی کەسایەتی ئەو بۆ لای خۆی ڕایدەکێشام. ئەو مامۆستایەکی شارەزا و خاوەن ئەزموون منیش مامۆستایەکی تازە و کەم ئەزموون و زۆر پرسیار. مامۆستا عومەر ئەو کەسەبوو کە هەرگیز لە وەڵامدانەوەی پرسیار بێتاقەت نەدەبوو وەکو کانیاوێکی زوڵاڵ لە وەڵامدانەوەدا خێرا و چالاک بوو هانیدەدایت زیاتر پرسیاری لێبکەیت جگە لە پسپۆڕی خۆی وانەی تریشی دەوتەوە:

مامۆستا عومەر لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا، واتە لە وتنەوەی وانەکانی زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، زانستی چاکی پێبوو، زۆر شارەزا و تێگەیشتوو بوو، لە گەیاندنی زانستدا وردەکاری زۆری بەکاردەهێنا، بەدوای پرسیاری ناوازەدا دەگەڕا تا مێشکی قوتابیانی پێ بخاتە جوڵە. لە دانانی ئەو پرسیارانەدا زۆر ورد و بە سەلیقەبوو. بەو وردەکاریی و بە سەلیقەییەی هەر وانەیەکی بۆ دابنرایە سڵی لێنەدەکردەوە. ئاگاداربووم کە لە دواناوەندی ئیسلامی ئەوقاف سەرکەوتووانە وانەی جوگرافیای دەوتەوە. نهێنی ئەو سەرکەوتنەی ئەوەبوو کە زۆر بە جوانی وانەکەی ئامادە دەکرد و بڕگەکانی ڕیزدەکرد بە

وردی بڕگە لە دوای بڕگە وانەکەی پێشکەش دەکرد و مەشق و ڕاهێنانەکانی بە جوانی لە قوتابیان دەگەیاند و هۆکارەکانی فێرکردنی بەکاردەهێنا و بە بیری تیژی هۆکاری فێرکردنی نوێی ڕێ پێدەبرد و بەرجەستەی دەکرد سەرئەنجام و ئاستی تێگەشتنی قوتابیانی چاکتربوو لە ئاستی قوتابیانی تر.

## لەگەڵ بیرتیژیدا هۆنراوە هۆنینەوە:

مامۆستا عومەر کەسایەتییەکی هەست زیندووی بە ویژدان بوو، کە زۆر جار ئەو هەستەی بە چەند دێڕە هۆنراوەیەک دەردەبڕی، هۆنراوەکانی پەروەردەیی و ئیمانی بوون، لە ناخەوە بە کتێبی (عەقیدەی مەرزیە، زۆر جار هۆنراوەکانی ئەوی دەهێنایە ناو وتە بەپێزەکانی خۆی و جوانی دەکردە کاڵای باڵای باسەکەی، وەکو نموونە دەیڵێم کە وەسفی پێغەمبەری خوای-صلى الله عليه وسلم- بکردایە باسی ئەدەب و ڕەوشتی دەکرد، چونکە ئەدەب و ڕەوشتی ئەو پێشەنگە چرایە و (سراجا منیرا)ی خوایە... کانگای ئەدەبی مرۆڤدۆستی و ڕەوشتی بەرز و بەهای باڵایە، لەم باسەدا ئەم هۆنراوەی مەولەوی دەهێنا و ڕاڤەی دەکرد:

**لەوە زیاتر موعجیزە مەزنەو ... ئوممی و عەللامە و یەتیم و ئەدەو**

واتە: بۆ ناسینی کەسایەتی پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم- لەوە زیاتر پێویستت نییە بگەڕێیت بۆ موعجیزە تا بیناسی کە ئەو ئوممی واتە نەخوێندەوار و بێ سەواد بووە کەچی زۆر زانا و پسپۆڕ و (علامة) بووە، لە کاتێکدا کە یەتیم و بێ باوک بووە، بە ئەدەب و مامەڵەی جوانی و شێوازی ڕەفتاری کردوویەتییە

کەسایەتییەک نـاحەزانی لە پـێش خۆشەویـستانییەوە شـاهیدی بەرزی بۆ بدەن و (الصادق الأمین) بکەنە نازناوی.

مامۆستا عومەر بۆ گەرم و گوڕی وانەکانی هۆنراوە دەنووسی. بەوە بیر و باوەڕە و ئەخلاقەی بۆ قوتابیانی ڕوندەکردەوە یەکێک لە هۆنراوەکانی لە ژێر سـەردێڕی (من ڕۆڵەی موسڵمانم) دا بوو بوویە وتەی سەردەمی زۆر لە قوتابیانی سەرەتایی ئەو ناوچەیە.

**مـن ڕۆڵەی موسـڵمانم**     **خـاوەن دیـن و ئیمـانم**

**بـاوەڕم زۆر بەتیـنە**     **بەم خوای سەما و زەمینە**

**موحەممەد پێغەمبەرمە**     **فەرموودەی تـاجی سەرمە**

**قورئـانە پێشـەوامە**     **تـا دنیـا بەردەوامە**

**خواپەرسـتی چـرامە**     **موسـڵمان گشـت بـرامە**

**ئێمە هەرچەند منالین**     **لە تەمەندا حەوت سالین**

**ئەگەر بیـری بـدەینێ**     **ئـێمەین پیـاو سبەینێ**

**ئێمەین یـار و کـۆمەکی**     **هەڵگـری ئـاڵا و چەکـی**

**سەربەرزی ڕێگەی دیـنم**     **هەتـا دوا کـاتی ژیـنم**

**ئامۆژگارێکی سەرکەوتوو:**

مامۆستا عومەر –ڕەحمەتی خوای لێبێت- ئامۆژگارێکی لێزان و شارەزا و بەهیمەت بوو، خوای گەورە بەهرەی ئامۆژگاری کردنی پێبەخشـیبوو، زۆر خێـرا و بە ئاسـانی لە کـۆڕ و مەجلیسـەکاندا دەچوویە سـەر خەت و دەرکـی ئەوەی دەکـرد هەر مەجلیسـێک پێویستی بە چ ئامۆژگـارییەکە. لە ئـایەت و فەرمـوودە و وتەی جوانی زانایـان و هـۆنراوەی شـاعیران باسـێکی دەهێنـایە نـاو،

کێشـــەیەکی دیـــاری دەکـــرد و نەخۆشـــییەکی دەروونـــی مرۆڤـی تەشـــخیص دەکـــرد و ژیـــرانە و دانایـــانە لێـــی دەچـــوویە پێش و سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشـا و دەرچە لەو کێشەیە و چارەی ئەو نەخۆشـییەی بـۆ گوێبیسـتانی ڕوونـدەکردەوە، هەر کات هەستی بە کەم ئاگایی کەسێک یان سـەرقاڵبوونی بە بابەتێکی ترەوە بکردایە ڕووی دەکردە ئامادەبووان بە زمانێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی بە وتەی (السلام علیکم) هۆشیاری دەکردنەوە و بە ئاگای دەهێنـانەوە تـاکو سـوود لەو ئامۆژگارییەکە وەربگرن و سـەرکەوتووانە سـوودی بە هەمـوویـان دەگەیانـد نەرم و نیانی بەڵـــگەی ڕوون و دڵســـۆزی و خۆشەویســـتی و دەرخســـتنی باڵادەستی خوا و جوانی پەیامی ئیسلام و هاندان بۆ پەرستشی دروست پێکهاتەی ئامۆژگارییەکانی بوون.

**وتاربێژێکی لێهاتوو:**

مامۆســـتا لە قوتابخـــانە وانەی دەوتەوە، بەڵام زۆر جـار لە بۆنەکانـدا وەکـو وتـاربێژ ڕۆڵـی دەبینـی، بەتـایبەتی لە سـاڵەکانی شەسـتەکان و حەفتاکانـدا. ئەو دەمە سـەرەتای ئاگـایی خەڵک و ڕابوونی ئیسـلامی ئەم سـەردەمە بـوو، ئەویـش وەکـو پێشـەنگ و سمبولێکی ئەو کارە چاکی لێکردبوو بە لادا، گیان و ماڵی خۆی بۆ ئەو کـارە تەرخـان کردبوو، کـاڵای ئەو قۆنـاغەی پێبوو. کاڵای ئەو قۆنـاغە تێگەیشـتنی دروسـت بـوو لە ئیسـلام بە ئـارامی و بەبێ هەڵچـوون. بە بەڵـگەی زانسـتی پـڕ لە متمـانەوە، وتارەکـانی بێ زیندووکرنەوەی.

هەندێ جار وتارەکانی خوێندنەوەی هۆنراوەکانی خۆی بوو کە بۆ خزمەتکردنی ئەو قۆناغەی بانگەوازی ئیسلامی تەوزیفی دەکردن. کۆپلە شیعرێکم لە بیر ماوە کە دەیوت:

**بەراوی زۆرم تاقی کردەوە لاپەڕەکانم یەک یەک خوێندەوە**

**هەمدی وەک قورئان ڕاست و ڕەوانبێ بۆ چاکە و سوودی هەموو ئینسان بێ**

**ڕاستی و یەکسانی و حوکمی عەدالەت یەکیەتی و چاکە و ڕزگاری میللەت**

**قورئان سەرتاپا هەمووی تێدایە چونکە ڕێباز و بەرنامەی خوایە**

## دوای کیمیابارانی هەڵەبجە:

ماموستا لەناو کۆمەڵێک ئاوارەی شاری هەڵەبجە و دەوروبەریدا لە ئۆردوگای (گەلیاران) لە نزیک شاری (کەنگاوەر) خۆی بینییەوە. لەوێ بە ئامۆژگارییە جوانەکانی بە ئارامگرتن و هێمنی و خەمخۆری، دڵنەوایی خەڵکی دەکرد و زۆر زۆر لە خەمی بونیادنانی مزگەوتێکدا بوو تا موسڵمانان بۆ نوێژ و پەرستشەکان کۆبکاتەوە و بڵندگۆکەی بۆ فێرکردنی ئایین و پێشکەشکردنی وتاری پڕ لە سوود بۆ خەڵک بکەوێتە کار، لاوەکان بۆ فێربوونی زانست لە خۆ بگرێت و کێشەی موسڵمانانی تێدا چارەسەر بکرێت و بۆنەکانی تێدا بەڕێوەبچێت.یەکەم جار لە مزگەوت لە دار خێمە دروستکراو دواییش بوویە مزگەوتێکی تێر و تەسەل و دەستەیەک فەقێ تێیدا دەستیانکرد بە خوێندنی زانستە شەرعییەکان و دواتر هەندێکیان ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرت. ماموستا یەکەمین وتاربێژی ئەو مزگەوتەبوو، بە شێوەیەکی مەنهەجی و جوان وتارەکانی بە گوێرەی ڕیزبەندی کتێبی (ریاض الصالحين)

بابەتەکانی پێشکەش دەکرد و دەیوت ئەمانە بابەتەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤی باوەڕدارن.

## سیاسەتمەدارێکی ڕاستگۆ:

سەردەمێک بوو مامۆستا دەستی دابوویە کاری سیاسی و ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (الاخوان المسلمون) بوو. سیاسەتکردنی ئەو کۆمەڵەیە پەروەردە و پێگەیاندن بوو. پێگەیاندنی کەسی هۆشیار و بە ئاگا چونکە کەسی هۆشیار و ئاگا کەرەستەی سیاسەتکردنی دروست و پڕ لە ئەخلاقە. کەسی بە ئاگا لە کاروباری دەوروبەری پاشتر لە کاروباری موسڵمانان پاشتر لە کاروباری جیهان، برایانی موسولمان لە سەردەمێکدا هاتن کە ئیسلام دەوڵەتی نەمابوو، خەڵکی زۆر بێ ئومێدبوون و دوژمنانیش بە تەمابون ئیسلام لە گۆڕ بنرێت و جارێکی تر سەردەرنەهێنێ، ئەم کۆمەڵە توانییان هیوا بۆ خەڵک بگەڕێننەوە و لاوانێکی زۆر لە نەوەی موسڵمانان بە ئیسلام ئاشنا بکەنەوە و تێیان بگەیەنن کە ئیسلام بەرنامەی ژیانە و چارەسەری هەموو کێشەکانی مرۆڤ دەکات. مامۆستا لەو کاروانە پڕ خێرەدا بوویە هاوبەش و لە ئاستی کوردستاندا کەسێکی دیار و پێشەنگ بوو، ئەوەی مامۆستای دیبێت لێی سوودمەند بووە و بەشی خۆی لە حیکمەت و دانایەتی لێ وەرگرتووە و لە ڕەوشت و ئەخلاقی جوانی ئاینداری ئەو بەشی خۆی بردووە، لەو شوێنانەی مامۆستا ژیاوە، ئەوانەی خزمایەتی و دراوسێیەتی و هاوڕێیەتیان کردبێت یان هاوڕێباز و هاوکاری بووبن وا نازانم کەسێکیان لەوەوە بەهرەمەند نەبووبێت. دەیفەرموو ئەمەی ئێمە دەیکەین ئەوە

سیاسەتی دروستە، چونکە سیاسەت واتە بەدیهێنانی بەرژەوەندی خەڵک، دەی گەورەترین بەرژەوەندی ئەوەیە مرۆڤ خۆی بدۆزێتەوە و وەکو مرۆڤ خۆی بدۆزێتەوە و وەکو مرۆڤ پەروەردە ببێت و وەکو مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکات و وەکو مرۆڤ بۆ خۆی بژی و خوای گەورەش لە خۆی ڕازی بکات بەوەی ستەم لە کەس نەکات و مافی کەس نەخوات و سوود بە خەڵک و وڵات بگەیەنێت و لەگەڵیاندا ڕاستگۆ بێت و هەوڵەکانی بۆ ڕازیکردن خوا بێت. سیاسەتکردنی مامۆستا لە ڕۆحی ئیسلامی پڕ لە لێبوردەییەوە هەڵقوڵابوو، سنگی فراوان بوو جێی هەمووانی تێدا دەبوویەوە، دەیفەرموو موسڵمان دڵی گەورەیە، دڵیش جێگای خۆشەویستییە، ئێمەش دەبێت هەموو مرۆڤەکانمان خۆشبوێت و چاکەمان بۆیان بوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵبدەین بەهرەداریان بکەین، چاکان بۆ چاکەی زیاتر کۆمەک بکەین و خراپانیش بەرەو تەوبەکردن دەستبگرین، لانیکەم نزای هیدایەتییان بۆ بکەین. مامۆستا ئاواتەکانی مەزن بوون و خۆشی مەزنانە ژیا و مەزنانە و خۆگرانە کاری دەکرد.

# یاد و ئەمەکداری بۆ پەروەرشیارەکەم

لطیف جلال حسین

مامۆستا ناوی سیانی (عومەر فەتاح یەعقوب)ە ناسراو بە مامۆستا عومەر ڕێشاوی سەرەتای ناسینم بۆ ئەم پیاوە جوامێرە و مامۆستا سەرمەشقە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣ کە بەهۆی نالەباری دۆخی کوردستان و شەڕوشۆڕی بێ بەزەیی حکومەتی ڕژێمی بەعسەوە و تۆپبارانی بەردەوامی حکومەتەوە بۆ گوندەکانمان گوندی عەبابەیلێ لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدەوە، ڕۆژانە چەندین برا و خوشکی بێتاوان شەهید دەکران و ژیانی خەڵکی ئەو گوندە جوانەیان تێکدراو سەریان لە دانیشتوانی شێواند و پەرتەوازەیان کردین ئێمەش بە ناچاری گوندەکەمان بەجێهێشت بەرەو هەڵەبجەی شەهید کەوتینەڕێ ئەوەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێ ئەو پێشنیارەی دایکم بوو کە هێندە خۆشەویستی ئەو گوندەی لە دڵا بوو دەیگووت هەر خانویەکمان بە کرێ گرت با ڕووی لە عەبابەیلێ بێت و عەبابەیلێ لەبەرچاو ون نەبێت!!

بەهەرحاڵ هاتینە ناو شار و چۆن ژیانمان بەسەربرد هەر خو[...] خۆی دەیزانی، پاش دووساڵ خانویەکمان دروستکرد زۆر نزیک ل[...] ماڵی مامۆستا عومەرەوە لە گەڕەکی کانی قوڵکە، ئەو کات[...] خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندی بووم لە دوورەوە مامۆستا[...] دەناسی و زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، لە ڕاستیدا نەرمونیان[...]

مامۆستا لە وتار و کرداریدا بە تایبەت لە مزگەوتی ( دارا لاحسان) دا پێگەی خۆی لە دڵمدا کردەوە و خۆشەویست بوو لام، هەندێ جار مامۆستا جەعفەر مستەفا تەمەن درێژ بێت باسی مامۆستا عومەری بۆ دەکردم ئەو شارەزای بوو چونکە هاوبیر و هاوتەمەن و هاوپیشە بوون و پێکەوەش لە گوندی سەرگەتی هەورامان مامۆستا بوون ئەو باسانەی مامۆستا جەعفەر هێندەی تر مامۆستا عومەر ڕێشاوی لا خۆشەویست دەکردم و حەزم دەکرد زیاتر لێوەی نزیک ببم و سوودمەندتر بم لەو بەڕێزە، بەڕێزیشیان هەندێ جار لە مزگەوت پاش نوێژی بە کۆمەڵ و وانە گشتیەکانی بە هۆی دراوسێیەتیمانەوە دەستی دەگرتم و بەرەو ماڵ پێکەوە دەهاتینەوە، زۆر جار جەختی لەوە دەکردەوە کە بچم بۆ ماڵی ئەوان و لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیمی خوالێخۆشبووی برایدا قسەی خۆش و بابەتی جوانی بۆ باس دەکردین، پاش ماوەیەک پێشنیاری بۆ کردم کە لە خزمەتیدا وانەیەکی قورئان خوێندن و لەبەرکردنی فەرموودەمان هەبێت، لە ڕاستی هێندە جوان پێشنیارەکەی بۆ کردم یەکسەر ئامادەی خۆمم و ڕەزامەندیم نواند بۆ ئەو کارە پیرۆزە، سوپاس بۆ خوا لەبەر نزیکی ماڵمان لە ماڵی مامۆستاوە بەردەوام ئامادەی وانەکە دەبووم و چێژم لێوەردەگرت. مامۆستای بەڕێز زۆر خۆی ماندو دەکرد لەگەڵم و دڵسۆز بوو تا ئەو ڕادەیەی بۆ گۆڕینی کات و شوێنی وانەکەمان بۆ ئەوەی زەرەر لە خوێندنی قوتابخانەم نەدات پرس و ڕای پێدەکردم، چەندین جار مامۆستا دیاری پێشکەش دەکردم کاتێ کە دەبینی سەرکەوتوم لە قورئان خوێندندا، بەو شێوەیە لەسەر دەستی ئەم مامۆستا دڵسۆزە کە

کاتێ زۆری خۆی بە من بەخشیبوو تا شارەزای قورئان خوێندنی کردم گەلێ جار وەک ڕاهێنان ڕەچەشکان و ڕاهێنان و لابردنی شەرم دەیکردمە ئیمام و بەڕێزیان دەبووە مەئموم بۆ ئەوەی ئەو کارەی دەکرد تا بە تەواوی شارەزا بێت لێم چەندە شارەزای خوێندنی قورئانم و زۆر دڵی پێم خۆشبوو، مامۆستای بەڕێز بەدواداچوونی لەگەڵ دەکردم کە شایەنی باسە وەک وەفایەک ڕ لەبیر نەکردنی دڵسۆزی مامۆستای گەورە و خۆشەویستم جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز کە ئەویش بەردەوام لە مزگەوتی شافیعی و لە مزگەوتی پاشا وانەی قورئان خوێندن و ر فێرکردنی جوان خوێندنی هەبوو زۆر بە گەرمی بەشداری وانەکانی ئەو خواڵێخۆشبووەشم دەکرد لەگەڵ گەلێ لە برا و قوتابیانی خۆشەویست و هاوتەمەنم کە هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە خوا لێیان خۆشبێت و گەلێکیشیان لە تەمەندان و لە کارواتی پەیامدارەکان خوا بیان پارێزێ و تەمەنیان درێژ بێت انشاء الله .

بەو جۆرە لە گەلێک لە کاتی و سەرچاوە ڕوونەکانی شاری هەڵەبجەی شارێز سوودمەند دەبووم مەبەستم وانە خوێندن بۆ شارەزای لە ئیسلام لە لای چەند مامۆستایەکی خۆشەویست وەک جەنابی مامۆستا جەعفەر مصطفی محمد و مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی ، مامۆستا عومەر ڕێشاوی کاتێ کە ب خزمەتی دەگەیشتی باسی ئەم وانە خوێندنانەم بۆ دەکرد زۆر خۆشحاڵی خۆی بۆم دەردەبڕی و زیاتر هانی دەدام، تا لەسەر

ستی بەڕێزیاندا لەسەر پێی خۆمان بوەستین و ببینە خشتێک لە
شکی مەزن و جوانی ئیسلامدا.

پاش ئەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندیم بڕی و پلەیەکی باشم هێنا
تاقیکردنەوە بەکالۆریدا مامۆستا زۆر خۆشحاڵ بوو ئەم لاو لای
چ کردم و قورئانێک و کراسێکی بە دیاری پێشکەش کردم ، ئای
ەندە چێژم لە زەردەخەنەکانی مامۆستا وەردەگرت لە کاتی وانە
هەڵسوکەوتدا، ئای کە چەندە ئەو مامۆستا دڵی بە ئێمە خۆشبوو
، لە بازنەکانی قورئان خوێندن سەرپەرشتی دەکردین، ئای کە
ەندە مامۆستایەکی دڵسۆز و نمونەیی بوو، هەر ئەوەش بوو بە
زی بەرەکەت لە کاریدا و زۆربەی قوتابیەکانی پێشەنگ بوون لە
وتابخانە و هەڵسوکەوتی ناو کۆمەڵگادا و جێگەی ڕێز و سوپاس
وون لە ناو شار و گەڕەکەکانی هەڵەبجە و شارەکانی تری
کوردستان و عێراقدا.

شایەنی باسە مامۆستای گەورە و خۆشەویستم مامۆستا
ئیبراهیمی برای کردە مامۆستا و سەرپەرشتیارم کە چوومە پۆلی
چوارەمی ئامادەیی، مامۆستا ئیبراهیم ئاوێنەیەک بوو مامۆستا
عومەر ڕیشاوی برای تیادا دەبینرا لە ڕوخۆشی و دەم بە پێکەنینی
و سەنگینیدا، بەردەوام وانەی هەفتانەم لە خزمەتی هەردوو
مامۆستادا هەبوو خوایان لێڕازی بێت.

شایانی باسە مامۆستا عومەر جگە لەوەی کە باسم لێوە کرد
پێشەنگ و سەرمەشقی ناو مامۆستاکانی هاوپیشەی لە زیرەکی و
برچونەکانیدا، پەروەردەکارێکی دڵسۆزی ماڵ و منداڵ و دراوسێ

و دڵسۆزی نیشتمان و خەڵک بوو و قوتابخانەیەکی کۆمەڵایەتیش بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

لە ڕاستیدا مامۆستا عومەر مۆمێک بوو خۆی دەسوتاند لە پێناو ڕۆشنکردنەوەی چواردەوری ، بەڕێزیان گەلێ جار هانی دەدام بۆ ئەو کارە پیرۆزە بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگاداری دەکردم کە لە چارەسەرەکردنی کێشەکاندا ئاگامان لە مافی هەمووان بێت نەبینە هۆی زیان گەیاندن بە لایەک لە پێناو لایەکی تردا چونکە خوای گەورە بەم جۆرە کارانە نیگەران دەبێ.

مامۆستای بەڕێز لە پەروەردەی ماڵ و منالیدا و بنەماڵەکەشی بەڕاستی پێشەنگ بوو ماڵ و منداڵی ڕۆڵی مامۆستایان لە نێو خەڵکدا بەردەوام مامۆستایان تیادا دەخوێنرایەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم مامۆستا نمونەی پەروەرشیارێکی وریا و چالاکی سەردەمی خۆی و دوای خۆشیەتی، لە یادمە ڕۆژێک لە حەوشەکەی ماڵی مامۆستا خوالێخۆشبودا دەرسمان دەخوێند دایکی مامۆستای بەڕێز خاتوو (کافیە) زۆر خۆی ماندوو دەکرد لە بەخێوکردنی مانگایەکیان هەبوو سودیان لێوەردەگرت، مامۆستا ڕوی کردە دایکی و فەرمووی: دایە ئەم مانگایە زۆر زەحمەتت دەدات ئەگەر ڕازی بیت پێم باشە بیفرۆشین و ڕۆژانە چەند ماستمان پێویست بێت دەیخەینە خزمەتت و لە بازاڕ دەیکڕین، دایەی بەڕێز فەرموی مەلا عومەر ئەگەر تۆ دەتەوێ دڵم خۆش بکەیت باسی لەناوبردنی ئەم مانگایە لە لای من مەکە، بۆیە مامۆستاش فەرموی کەواتە دایە گیان بۆ ئەوەی زۆر دڵت خۆشبێت ئەگەر ڕازی بیت یا مانگاکە بکەینە دوو مانگا چونکە دڵخۆشکردنی تۆ لەلای من زۆر مەبەستە.

لە ڕاستیدا گەلێ سودی زانستی و کۆمەڵایەتی و دینداری... هتد، لە مامۆستام وەرگرتوە و کە هەرگیز لەبیر ناکرێن و لە ڕۆژانی ژیانمدا بەردەوام سودی لێوردەگرم.

پۆلی سێی ناوەندیم بە پلەیەکی زۆر باش تەواو کردبوو و پشووی هاوین بوو لە خزمەت مامۆستا بووم باسی گرنگی کاری بانگخوازی و گەیاندنی پەیامی خوای زۆر بە وردی بۆ دەکردم کە چەندە خوا پێی خۆشە. پێویستە موسوڵمانان فەرامۆشی نەکەن و ئەنجامی بدەن بەو شێوەی کە خوا پێی خۆشە بەردەوام باسی ئـایەتی ﴿ وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٤ ﴾ آل عمران: ١٠٤، زۆر جوان و بە وردی بۆی ڕاڤە دەکـردم لەگەڵ هێنـانەوەی نمـونەی جـوانی مێژوویـی واقیعی.باسی مامۆستای بەڕێز و خەمخۆری و دڵسۆزیەکانی زۆر زەحمەتە بە منی خوێندکاری ئەو بەڕێزە مافی خۆی پێبدرێ. پێم وابوو مامۆسـتا بەهرەمەنـد بـوو بە بەخشـینی دانـایەتی لەلایەن خواوە وەک خەڵات بەو بەڕێـزە، بۆیە لە قسـەکردن و هەڵـس و کەوت و لە وانە وتنەوەدا دانایی تیا دەخوێنرایەوە، ئەگەر بە وردی تێرامـان لەسـەر بکـردایە، ئەو سـێ سـیفەتەی کە لە هەمـوو بانگخوازێکی دڵسۆز و سەرکەوتودا ئەبێ هەبێ کە ئەم سیفەتانە بورن: ( هادي هاديء هـادف). سێ سیفەتە مەزنە هەریەکەیان بۆ خۆی لەبەر گرنگیان مەگەر بە نوسینی پەرتوکێک لەسەری لەلایەن بانگخوازێکی بەهرەمەند و قەڵەم ڕەنگینەوە مافی تەواوی پێ بدرێ. مامۆستا ڕەمزی ئارامی و لەسەرخۆی و خۆگری بوو بۆیە بە ئێمەی قوتابی دەفەرموو پێویستە ئێوەش خۆتـان ڕابهێنن لەسـەر

ئـارامی و نە پسـاوی و کـۆنترۆڵی دەرونتـان بـکەن بە سەبر و خۆگرتن، دەیفەرمـوو[نەفس وەک گوێز وایە تـا نەیشکێنی چێژی لێوەرناگری !!] بەڕاستی مامۆستا چاک نەفسی ناسیوە هەر لەبەر ئەمەشە کە لە قورئانی پیرۆزدا باسی نەفس و ڕاهێنانی پانتاییەکی زۆری لە خۆگرتوە، لە یادمە لە ساڵەکانی هەشتاکاندا و لە گەڕەکی مامۆستایانی هەڵەبجەی شـەهید شـەو نارنجۆکێکیـان هاویشتبوە ماڵی مامۆستا سوپاس بۆ خودا جگە لە زیانی ماددی زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە، کە سەردانی ماڵی مامۆستامان کرد هەر ئەو شەوە هەستمان بە هیچ گۆڕان و شپرزەییەک نەدەکرد لە مامۆستای ئـازیزدا بەڵکـو شـتێکی زۆر سـەیری دەفەرمـوو دەیـوت (بە هەڵە هەڵیان داوەتە ماڵی ئێمە خوا لە ئەنجامدەرەکەی ببورێ و گەردنی ئازا بێت)!!

هەر بەو شـێوەیە هەمـوو ژیـانی پەنـد و ئامۆژگـاری و مامۆستایەتی بوو بۆ قوتابیەکانی لە ساڵی ١٩٧٩ کوڕێکم بە ناوی میقداد یەکەم منداڵیشمان بوو شـەو لە بێشکەکە کەوتبوو بە هۆی دەستپێچەنەکەوە خنکابوو لە ڕاستی کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن بـوو، هەر ئەو شـەوە مامۆستای بەڕێـز و هاوسـەری قەدرگرانی براژن(سۆیبە) بە پەلە خۆیان گەیاندە و ئامۆژگاری جوانی کردین و دڵنەواییەکـی وەهـای داینەوە هەمـوو خەفەتێکی لەبیر بردینەوە هەر ئەوەش وای کـرد هەر ئەو ڕۆژە چـووم بـۆ قوتابخـانە و وانەکانی ئەو ڕۆژەم پێشکەش بە قوتابیان کرد لە گوندی عەنەب، ئەمەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و دانایی مامۆستا عومەر کە ڕێنومـایي خەیـری کـردین لەو سـاتە وەخـتە هەسـتیارەدا تا

خەرمانی پاداشتمان نەسوتێنین . گەلێ یادگاری لەبیر نەکراوی مامۆستام لایە کەهۆکاری خۆشویستنی خوا و پێغەمبەر و عیلمە لام و پەیامی ئسلامی تێکەڵ بە خوێنم کردوە و هەرگیز لێم جودا نابنەوە، مامۆستا هەوێنی دینەمۆی کار و هەڵسوکەوتی قوتابخانە و هاوبیرەکانی بوو، لەبیرمە ساڵی ١٩٨٤ لەسەر بابەتێک کەمێک نیگەرانی لە نێوان چەند برایەکدا دروست بوو لەسەر ڕاو ڕای جیاواز و شەیتان دەستی هەبوو لەو نێوان تێکچونەدا باس و خواسێکی زۆر گرنگ و پەیوەندیدار بە باسەکەوە کرد لە ڕاستی ناخی هەمووانی هەژاند هەندێک لەو خۆشەویستانە چاویان پڕ بوو لە ئاو، دەستیان کردە ملی یەک و داوای لێبوردنیان لە خوا و خۆیان کرد و زەردەخەنەیەکی تۆراوی برایەتی و یەکبوونی گەڕاندەوە بۆ سەر لێوی هەمووان.

هەڵوێستێکی دیکەی جوانی لەبیر نەکراوی دیکەی مامۆستام کە پەند و ئامۆژگاری و دامەزراوی تێدا دەخوێنرێتەوە بۆ قوتابیان پاش خۆی، لە کۆتایی کۆنگرەی سێهەمی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لە هەولێر وەکو سروشتی دەنگدانی ئەندامانی کۆنگرە بۆ سەرکردایەتی و سەرتریش هەندێک لە برایان دەنگیان نەهێنا و هەندێکیشیان دەنگی باشیان هێنا، مامۆستا هەستایە و وتارێکی بە پێزی برایەتی لە ئامێزگری پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و دۆخ و کەشی کۆنگرەی پڕ کرد لە خۆشی برایەتی لە کۆتایی وتارەکەیدا فەرمووی: سەرخۆشی لەو برایانە دەکەم کە دەنگی زۆریان هێناوە و دەرچون بۆ سەرکردایەتی حیزب، چونکە ئەرکی سەرشانیان قورستر بووە و بۆ لەمەو دوا بەرپرسیاری زیاتر دەکەوێتە

ئەستۆیان پێویستیان بە دوعای خێر و هاوکاری هەمووان هەیە، شایەنی باسە مامۆستای خوالێخۆشبوو خودی خۆی یەکێک بوو لەوانەی کە دەنگی کەمیان هێنابوو، فەرمووی چونکە بەرپرسییان بۆ ئێرە و بۆ قیامەتیش وەک گروپی یەکەم نیە و کەمترە، هەرچەندە دەبێ هەمووان تەواوکاری یەکتربین و لە خزمەتی هەموو لە خزمەتی ئەم کارانەدا بین و نابێ کەس پاڵی لێ بداتەوە خۆی بە بەرپرس نەزانێ لە ڕاستی ئەوەیە هەڵوێستی خوا ویستن و مامۆستای پێشەنگ.

ڕاستە کە مامۆستای بەڕێز گەڕاوەتەوە بۆ لای خوای گەورە و بە جەستە لە نێوماندا دیارنییە بەڵام وتە شیرینەکانی و هەڵسوکەوتە کاریگەرەکانی لە نێو قوتابی و براکانیدا بە بەرجەستە کراوی دەبینین و دەیخوێنینەوە، دەتوانم بڵێم مامۆستا بە دەستی بەتاڵ خواحافیزی لێ نەکردوین بەڵکو گەنجینەیەک لە ڕێنومایی و شێوازی هەڵسوکەوتی بانگخوازی سەرکەوتوو خۆشەویستی بۆ نیشتمان و گەلی کورد وەک دیاری بۆ جێ هێشتووین تا هاوکار و ئاسانکاری کارمان بن لە ڕۆژانی ژیانماندا.

بۆیە پێشنیارم بۆ نەوە و قوتابی و براکانی ئەم مامۆستا خۆشەویستە ئەوەیە با هەمووان ڕۆحی ئاسودە بکەین بە ئەنجامدانی وەسیەت و پێشنیارەکانی و وەک ئەو خەمخۆری ئەم پەیامەی خوا بین بە گوێرەی تواناما چونکە ئەو بەڕێزە و هەموو کاروانیانی هاوڕێی وا چاوەڕوانیمان لێ دەکەن چونکە وا دەتوانین ڕەزامەندی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (علیە الصلاة و السلام) بەدەست بهێنین و لە بەهەشتەکەی خوا هەمان کۆببینەوە ان شاء الله.

# لە پەیڤ و جیهانبینییەکانی مامۆستا عومەر ڕێشاوی:

هەندیك لە بزوتنەوە چەکداریەکان چەکیان هەڵنەگرتوە
بەلکو چەك ئەوانی هەلگرتوە.

❊❊❊❊❊❊

جیهاد تیکۆشانە دژ بە دوژمنەکەی ناخت،
نەك قیتال بە چەکی دوژمنەکەت .

❊❊❊❊❊❊

مردن ژانێکە وەك ژانی حامل ، ژیان لە دوای دێ خۆت بکە کامل.

# الداعية عمر فتاح الريشاوي

شيخ فائق نامق

الداعية عمر فتاح الريشاوي حرصه الشديد على تبليغ الدعوة الى الناس تسمع به و في قلبك حب له و تتمنى أن تراه يوما ما، لأنه هناك ربط روحي بين الصالحين الدعاة وهذا يأتي من الغاية الأسمى هو الحب الإيماني الذي يبني على رضوان الله جل جلاله في التواصل و التقارب بين أهل الله و أتباعه. من مشيئة الله جل جلاله أن يلتقي أولئك الأخيار و تفرح قلوبهم برؤية و جوه أخوتهم و النظر الى عيونهم، الذين ملئوها بايات القرأن طول حياتهم وما ذلك على الله بعزيز. ويأتي قدر الله أن يكون فضيلة هذا المجاهد جارنا و أن يسكن في حينا في حي زانكو بمدينة أربيل هو و أسرته. فعندما علمت ذلك أسرعت لزيارته لأرحب به هو وأسرته تفرح قلوبنا بهذا اللقاء الأخوي الإيماني، شكرت الله كثيرا أن رزقني هذه النعمة وأرى أخي المجاهد المربي و الأستاذ عمر. فكانت هذه فرصه العمر أن تلتقي عوائلنا ونتبادل الزيارات معا. ونذهب سوية عوائلنا و أسراتنا لزيارة الأخوة و العوائل الأخرى في أربيل لأنها فرصه ثمينة أن لا يفوتنا هذا الأجر و الثواب.

الدعاة في كل مكان هم عمالقة تبليغ الدعوة و نشرها بالأسلوب الريادي و حسن الأداء. و أتذكر في هذا فضيلة الدكتور مصطفى السباعي المراقب العام للإخوان المسلمين في سورية و وصفه للداعية أنه كالشمعة يحترق لكنه يضيء الدرب الى الناس و حينما حل فضيله الأستاذ عمر ريشاوي في مدينه أربيل أخذ يفكر بعمل نشاط و جمع الأخوة. مبادرته الطيبة أن اجتمعنا في دار أحد الأخوة و هو السيد أمجد لنتداول الأساليب العملية

لتبليغ هذه الأمانة ليعم هذا الخير و تجديد الدعوة المستمرة و عدم الفتور و التوقف لأنها أمانة في أعناقنا جميعا و شاء الله سبحانه و تعالى أن ينتقل الى رحمة الله في مدينه أربيل . بعدها بفترة أجريت لقاء مع السيدة دلپاک ابنة الأستاذ عمر ريشاوي و زوجة الإعلامي القدير الأستاذ سالم الحاج. في اذاعة الإتحاد الاسلامي ضمن برنامجي الأسبوعي تأريخ حياة العلماء و باللغة الكوردية. ومن ضمن هذه الذكريات التي لا تنسى- قالت أن والدي منذ صباه تمسك بهذا المنهج و المدرسة الإخوانية و لوالدتي دور كبير في دعم والدي و معاونته، و كانت ظهيره و سنده دوما، و ذكرت هذه العبارة القوية (وراء كل رجل عظيم امرأة). وفي أيامه التي كان في أربيل استمر لكي يشارك في قافلة الدعوة وأصبح مستشارا للسيد الأمين العام صلاح الدين و يحضر- يوميا الى المكتب السياسي في واجهة الاستقبال و العمل في مقر القيادة مع اخوانه في الاتحاد الاسلامي الكوردستاني. رحم الله القدوة المباركة عمر ريشاوي يوم ولد و يوم انتقل الى الرفيق الأعلى.

# چەند سەرەقەلەمێك
# لە کەسایەتی مامۆستا عومەر ڕێشاوی

ناسك توفیق

پێش گێڕانەوەی هەندێ لەیادەوەریەکانم لە گەڵ مامۆستای گەورەو خاڵی زۆر خۆشەویستم ئەو سیفەتانەی کەلای من خۆشەویست و گەورەی کردبوو لە چەند خاڵێکی کورت و پوخت دەخەمە ڕوو:

١-بیرو بۆچونەکانی بەرامبەر ئازادیەکان بەگشتی و بەرامبەر مەسەلەکانی ژنان کراوە و واقیعی بوو. کاریگەری ئەو مامەڵەیە لەسەر هاوسەرو کچەکانی بەئاشکرا دیار بوو.

٢-هەمیشە لەتەنیشتیدا هەستت بەگەورەیی خۆت دەکرد، قسەکانی زۆر هاندەر و کاریگەری مەعنەوی زۆر بوو لەسەر بەرامبەر .

٣- خەمی نوێژ و دواتر قورئان خوێندنی ڕۆژانە ئەگەر چەند ئایەتێکی کەمیش بێ، لە ڕیزبەندی یەکەم بوو لە ئامۆژگاریەکانی.

٤-لەهەموو کۆبونەوەیەکی خێزانی بە وتە شیرینەکان وچیرۆکە جوانەکانی منداڵ و مێرد منداڵ لەدەوری خۆی کۆدەکردنەوە..(ئەوەش لەبیرکردنەوی لە داهاتوو سەرچاوەی گرتبوو)

ە-لەکاتی کێشە وگرفتدا بەتایبەتی لە کاتی پرسەی کەس وکار دا دوای دوو ڕۆژ دەهاتە ناو پرسەکە بۆ لای ژنان و بەکۆمەڵێ قسەی خۆش دڵخۆشی هەموانی دەکرد ئەوە نزیکەی بیست ساڵە ئامەزرۆی وتە شیرینەکانین...

**چەند یادەوەریەکی شەخصی زۆر کورت کەکاریگەری بەردەوامی هەیە لەژیانمدا :-**

١- دوو تا سێ جار کە دەچوم بۆ ماڵیان لەگەڵ چونە ژورەوەم کارەبا دەکوژایەوە ، بۆ جاری سێهەم زۆر ئیحراج بووم و وتم ئەوە چیە خاڵۆ گیان هەر من دێم کارەبا دەکوژێتەوە؟! ئەویش خۆی ئاسا زۆر بە ئارامی وتی : ئاخر ناسک دوو ڕۆشنایی پێکەوە نایان کرێ کە تۆ دێی ئەوی تر دەڕوات ... ئێستەش هەرچەند بچمە شوێنێک و کارەبا بکوژێتەوە لەجیاتی ئیحراج بم یان بێتاقەت بم یەکسەر ئەو قسەیە بەدەنگە نەرمەکەی دەنگدەداتەوە لە گوێمدا.

٢- لەساڵی ١٩٩٥ لەماوەی یەک مانگدا من و ئەو دوو عەزیزمان لەدەستا ... ئەو خەندەی جگەرگۆشەی ولەتەمەنی مێرد منداڵی و بەبێ نەخۆشی چوبوو بۆ خوێندنگا لەدوای تەواو بونی دەوام وەفاتی کرد (خۆی و هاوسەری لەماڵەوە شۆردیان و کفنیان بۆ پۆشی)، ومنیش هاوسەر ومامۆستاو پورزاو پیاوی ڕاستەقینەی ژیانم، زۆر کتوپڕ ولەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا وەفاتی کرد، دواتر جەژن هاتە پێش (یەکەم جەژن بوو دوای وەفاتیان ) ڕۆژێ پێش جەژن لەماڵیان بووم، ڕوی کردە من و وتی من و تۆ و سۆییە بەیانی جەژن میوانمان دێ بۆیە نەشیوەن دەگێڕین و

نەدەچینە سەرقەبران، دڵخۆشی دەردەبڕین بەهاتنی ڕۆحی پاکیان بۆ ناومان ... ئەم جۆرە قسانە هەر بەراستی کاریگەری ئەرێنی بۆ ئەوساتە زۆر زۆر بوو و تا ئێستا کاریگەری لەسەر دەرونی من بەجێهێشتوە .

٣-جارێکیان پرسیارم لێکرد و وتم خاڵۆ گیان جاری وا هەیە لە ماڵەوەش ناتوانین سەرپۆش لابەرین چونکە بۆی هەیە لە سەربانی ماڵەکانی بەرامبەرەوە خەڵکی نا مەحرەم سەیری حەوشەی ئێمە بکات وئێمەش گوناح باربین ..جەنابیان فەرموی تۆ بەرپرس نیت لەچاوی ئەو ئەبێ ئەو سەیری ماڵی خەڵک نەکات، نەک تۆ لەماڵەکەی خۆشت ئازاد نەبیت ..ئینجا وتی من هەمیشە بۆ دەرەوە بۆینباخ توند و تۆڵ دەبەستم بۆ دەوام ئەگەر هاتمە ماڵەوە نەمکردەوە و هەر بەبەستراوی بمێنێتەوە ئەوکات ماندوو دەبم لەوانە بۆ دەرەوە( کە زەرورە) شل ببێتەوە ئێوەش هەروایە لەماڵەکانتان ئازادی خۆتان وەرگرن.

٤- لەساڵی ٢٠٠٠ من لەژیانێکی زۆر پڕکێشەو گرفت بووم، تەواو شپرز بوو بوم و ئەو زۆر بەئارامی ئاڕاستەی دەکردم و هەستی کرد خەریکە کاریگەری لەسەر شێوازی جل وبەرگ و خوێندنەوەو دەرکەوتنم لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ کاری ڕێکخراوەیی و دەعەوی کردوە، ڕۆژێک پێی وتم ئیتر ئاوا نەتبینم وەک جاران جل و بەرگت ئوتوو بکەو وبچۆرە سەر تەلەفزیۆن قسە جوانەکانت بکە و منیش و خەڵکیش گوێت لێدەگرین، ئینجا منیش نیوەڕۆ دێمە میوانت، تەنها بۆ لای خۆت ومنداڵەکانت . ئای

چەند کاریگەری هەبوو بۆ نەپسان لەژێر فشاری قورسی کێشەکان...

من دڵنیام مامۆستا عمر ڕێشاوی ئێستە حەساوەی لای خودایە و لەگەڵ کۆچکروان ، هاوسەری و ئازیزان وخۆشەویستانی لەڕێبازەکەی ، و بەشداره هەرخێر و چاکەیەکە من وتەواوی قوتابیانی ئەنجامی دەدەین.

# پەیڤێك بۆ مامۆستایەك و سەرکردەیەك

بارزان أحمد رشید

مامۆستا عومەر ڕێشاوی ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی کوردستان. سونبولێکی هیوا بۆ ژیان و ژیاریی گەل و نەتەوەیەک. سەرەتای ئەم پەیڤە بە وتەی بەڕێز ئەمینداری گشتی (مامۆستا صلاح الدین محمد بهاء الدین )دەست پێدەکەم کە لە وتاری ڕ ێورەسمی بەخاکسپاردنی مامۆستادا ئاماژەی پێکرد:

(گەورەیی مامۆستا عمر لەوەدایە ئەم زانست و حیکمەت و بلیمەتیەی لەناو بنەماڵەکەیدا لە خۆیەوە دەستپێدەکات).

مامۆستا عمر ڕێشاوی : ناونیشانێک بۆ.. قوتابخانەیەک.. فکرێک..ڕەوتێک، سەرکردەیەک..بەڵام تا ئاستی لوتکە خۆ نەویست و خاکی . زانایەک..بەڵام خاوەن حیکمەت و دانایی، جیهانێک لە زانست ..لە عیرفان... لە مەعریفەت . مامۆستایەک ..پێشەنگ و پێشەوا.. سەرمەشق و دامەزرێنەری قوتابخانەی فکری میانڕەوی، پیاوێکی گەورە، بەڵام بێ بانگەشە و ئیدیعا، بێ چاوەڕوانی و پاداشت. پیاوێک لێوان لێو لە سادەیی، بەڵام بە عیزەت، بەویقار و شکۆ. فێرگەیەک لە ئاکاری جوان، لە بلیمەتی، لە حیکمەت و گەورەیی. سەرکردەیەک گەورەتر لە پۆست و مەقام ، چونکە لای ئەم زانایە پلە و پۆست خواستی مرۆڤە گەورەکان نی یە ،لای ئەم مرۆڤی گەورە گەورەیی لە خودی خۆی و فکرو بەهاو

پەیامی ژیانیدایە. ئەو نەک تەنها ناونیشانە بۆ دێیەک، بۆ ناوچەیەک، بۆ شارێک،، بەڵکو ناونیشانە...ناسنامەیە، بۆ قوتابخانەیەک ، فیکرێک ، ڕەوتێک، ڕێبازێک .

بۆیە هەروەک لە ژیانیدا بەخشش و ئاکارەکانی سەرمەشق بوون ،بۆ ئێستا و ئایندەش کانیاوێکی ڕون و زوڵاڵی بەردەوامە و نەوە دوای نەوە لێی دەنۆشن و لەسەر ڕێبازەکەی تێدەگەن و پێدەگەن و پەروەردە دەبن.

بێگومان بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێتی هەر کەسایەتیەک دەبێت ژینگەو دۆخی سەردەمەکەی بەووردی بخوێنرێتەوە ،دیارە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەو پیاوە گەورەیە تێیدا هەڵکەوت و دەرکەوت :

ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری نەتەوەکەمان لەژێر هەڕەشەی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئیسلامیدابوو. خاک و نیشتیمانەکەی لە ژێر چەپۆکی ڕەشی داگیرکاران و لە ژێر ستەمی کاولکاری وخامۆشکردندا بوو، نەوەکانی لە ژێر هەڕەشەی مان و نەمان و ڕاوەدوونان و کوشت و بڕیدا بوون . دین و ژین دوانەیەکی لێکدابڕاوو دژ بەیەک و تۆراو بوون.

لەکاتێکدا ململانێی سیاسی و فکری نێوان ئایدۆلۆجیا جیاوازەکانی ئەم نەتەوە و گەلە ستەمدیدە بەشمەینەتە کە دە بوو یەک هەڵوێست و تەباو کۆکبن ،بەڵام بە داخەوە سەرقاڵی لێکخوێندن سڕینەوەی یەکتربوون .

هەموو ئەمانەو زیاتریش ژینگەیەکی نامۆی بە فکرێکی ئیسلامی ڕەسەن کە فریاد ڕەس بێت و لە گەڵ خەم و خەونەکانی کۆمەڵگەکەی بێت ،بەرهەم هێنابوو .

لەناو ئەم ئاڵۆزی و تەنگژەیەدا، ئەم پیاوە دێت و ڕەوتێکی ئیسلامی میانڕەوی چاکساز ی نوێ دادەمەزرێنێت و بەردی بناغەی دادەڕێژێت.

ئەو دێت قۆڵی مەردانەی لێ هەڵدەماڵێ و دەیەوێت نەتەوە و ئیسلام سەرلەنوێ دەست لەملان بکات، هەروەک دکتۆرێکی پسپۆڕ و شارەزا مژدەی بوژانەوە و ژیانەوە و پێکەوەیی بداتەوە بە دڵ و بەگوێی خەڵکەکەیدا .

لەلایەک مژدەی قوتابخانەیەکی فکری نوێ و ڕەوتێکی میانڕەوی ئیسلامی پڕ لە دڵسۆزی و خزمەت ڕادەگەیەنێت ، لەلایەکی تریش چەمکەکانی ماف و وئازادی و ڕەوایەتی بۆ دۆسیەی ڕەوای نەتەوەکەی بە مافێکی خواپێداو لە قەڵەم دەدات .

لەم دونیا جەنجاڵ و لەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و پەرتەوازە بونەدا، ئەم کەڵە پیاوە هەڵدەکەوێت بەبێ گەڕان بەدوای ناو و ناونیشاندا، نەوەیەک بە فکرێکی ڕەسەن و ئیسلام خوازانە ی هەڵقوڵاوی کرۆکی ئیسلام پەروەردە دەکات و بانگی فریادڕەسی دەدا بە گوێی نەتەوەکەیدا، ئومێد دەکاتەوە بەبەر دڵە تۆرا و ناخە شێواو چاوە پڕ فرمێسکەکاندا و ڕای دەگەیەنێت کە بەڵێ ئیسلام و نەتەوە، ئیسلام و مافەکان، ئیسلام و زانست ، هاوتەریب و تەبان و دوانەیەکی لێک جودا نەکراون و ئامێزانن.

بەدەنگێکیکی ئارام ، عەقلێکی پڕ لە حیکمەت، دڵێکی پڕ لە سۆز ، ناخێکی میهرەبان، چاوێکی پڕ لە هیوا، زمانێکی لێوان لێو لە حیشمەت و ئەدەب دڵسۆزانە گوتارێکی پڕ لە خۆشەویستی ئاڕاستەدەکات.

ئەو ڕاستە لە بواری نوسیندا بەرهەمی کەمبوو بەڵام لەبواری پەروەردە و پێگەیاندنــدا بەوتــار و بە ئاکــار و ڕەوشــتە بەرزو باڵاکانی چەندین نەوەی پێگەیاندو هەر قوتابیەک لە قوتابیەکانی کردە دیاری کتێبخانە گەوزەکەی ژیان، کەسەرەنجام هەموو ئەم پەڕاوانە خوێنەریان زۆر دەبێت و بڵاو دەبنەوە و دونیا تەی دەکەن، شەوی دەیجور و تاریک ڕۆشن دەکەنەوە و درێژە بە فکر و ڕەوت و ڕێبازەکەی دەدەن .

دانایی مامۆستا عمر لە ساتەکانی تەمەنی پڕبەرەکەتی زۆرن ئەم پیاوە زانایەکی بە سەلیقەو دکتۆرێکی پسپۆڕو شارەزابوو دەرمانی دەردی بیمارەکانی بە چاکی دەکرد.

دانایی ئەو هاوشێوەی ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوە جوانەیە کە (مامۆستا محمد فرج أحمد )ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو بۆ جیاوازی ڕۆڵی (فقیە) وڕۆڵی (عارف) ئاماژەی پێدەکات:

(جیاوازی نێوان (عاریف )و (فەقیە) لەوەدایە هەمیشە( فەقیە) بەدوای ئەحکامەکان و حوکمی شەرعیەوەیە بۆ ئەوانەی لایان داوە و ڕێیان هەڵە کردوە، بەڵام (عاریف )بەدوای ئەوەوەیە کە هۆکاری ئەو لادانە دەستنیشــان بکــات کە ئەوانــی گەیانــدووەتە ئەو دەرەنجامە،و بڕوای وایە ئەو کەسە بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێت و ڕێگەی هەڵە کردووەو دەبێت دڵسۆزانە و دکتۆرانە بهێنرێتەوە سەر ڕاستەهێڵی بەختەوەری و، نمونەی بە کەسێک دەهێنایەوە ئالودەی مەی خواردنەوە بووە (فەقیە )حوکمی شەرعی بۆ دیاری دەکات بەڵام( عاریف) دەستی دەگرێت و دەیگەیەنێت بە ڕێگای ئاسوودەیی).

قوتابییەکی دەگێڕێتەوە ڕۆژێک چەند گەنجێک لە قوتابیەکانی لەخزمەتی مامۆستا دابووین بە حوکمی عاتیفە و حەماسی گەنجانە پێمان وت خەڵکانێک لە دەرەوەی شار کۆ دەبنەوە و کۆڕی خواردنەوەی (مەی) ساز دەکەن، لە سەر فەرمانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموویێت (من رأی منکم منکرا فلیغیره بیده....)ئێمە دەتوانین ڕێگریان لێبکەین ، لەوەڵامدا مامۆستا بەدانیایی و زانستە وردەکەی دەفەرمووێ کەی ئەوە ئیشی ئێوەیە ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە و فەرموودەکەش ئاراستەی کاربەدەستی وڵاتە نەک خەڵک ئەگەرنا پاشاکەردانی و پشێوی و ئاشووبی زیاتری سەراپای ژیان دەگرێتەوە .

دیارە ئەم تێگەیشتنە وردە بۆ حوکمە شەرعیەکان لە و زەمان و زەمینەیەدا بۆ نیشتمان و نەتەوەیەکی بێ قەوارە، نیشانەی گەورەیی و باڵایی فکرو تێگەیشتنی ئەو پیاوەیە، ئەمەش هەمان ئەو بیرکردنەوە و تێگەیشتن و دانایی یە کە پیاوە گەورەکانی دونیای ئیسلام پێی گەیشتوون و پەیڕەویان کردووە.

من بۆخۆم لە کۆتایی حەفتاکاندا لە هەڵەبجە شەوێک لە دوای عیشا لە مزگەوتی (پاشا) لەگەڵ چەند برادەرێکدا کە بە سەردان چووبووین بۆ هەڵەبجە بەشداری وانەیەکی گشتی (مامۆستا عمر)مان کرد کە بابەتی (یارانی ئەشکەوت) ی ڕاڤە دەکرد ئەوە بۆ یەکەم جار بوو بە دیداری شاد بم کە بەڕاستی سەرسام بووم بە شکۆی ویقاروسیمای نوورینی و بە وتاری بە گوفتاری.

سەرەتای ساڵی هەشتاکان بۆ جارێکی تر لە سلێمانی بە خزمەتی گەیشتمەوە دواتر و لە دوای ساڵی نەوەدەکانەوە چەند

دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە بەخزمەتی بگەم کە هەموو ساتانە بۆ من وانە و یادگار وهێزوو زیندوێتی دەبەخشێت هەتا ئێستاش.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# مامۆستا (ڕێشاوی)م چۆن ناسی؟

علی صالح میران

کاتێ یەکێک دەیەوێ باسی یەکێک بکات یان دەربارەی بنووسێ، یەکێک.. ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی کاریگەر بووەو ئەو کاریگەریەش لە دەروون و مێشکی بەردەوام بووەو ماوەتەوە، ئەستەمە بتوانێ هەر وەکو خۆی دەیەوێ لەسەری بدوێ، هەر بۆیە زۆرێک لەوانە تا دەمرن ناتوانن لەسەر ئەو جۆرە کەسایەتیانە بنووسن، نەبادا کورتبڕی تێدا بکەن و مافی خۆی نەدەنێ ، یان نەبادا لایەنێک لە لایەنە شاراوەکانی ژیانی فەرامۆش بکەن، بۆیە هەردەم گوتوومە.. کەسایەتیە کاریگەرەکان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆریان گەرەکە..

هەر لەو سۆنگەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر و لە (ڕۆژی وەفا)دا، شیعرێکم بەیادی ئەو ئازیزانەم کە خۆشم ویستوون و پێیان کاریگەر بوومە خوێندەوە، لەوێدا ئاماژەم بەوەکرد کە هەندێک لەو ئازیزانە پێویستە لە جیاتی چەند دێرە شیعرێک، توێژینەوەیان لەسەر هزرو بیروبۆچونیان بکرێ، لێرەدا مەبەستم (مامۆستا عومەر ڕێشاوی)بوو ، ڕەنگە من پێش زۆر کەسان ، ئەو داوایەم کردبێ و هەر لە زەینمدابووە، بەڵام لەترسی ئەوەی نەتوانم مافی خۆی پێبدەم ، دەستم نەوداوەتێ، کاتێکیش هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە بنەماڵە بەڕێزەکەی ، بە نیازن چەند یاداوەریەک بۆ زاناو بانگخواز و کەسایەتی مامۆستا(عومەر ڕێشاوی) کۆ بکەنەوەو لە

دوو تویی کتێبێکدا چاپی بکەن، گوشاد بووم و بۆمن جێگەی شانازیە لەسەر زاتێکی ئاوها چەند پەیڤێک بنووسم..

بیست ساڵێک لەمەوبەر کاتێ بۆ یەکەمجار لە مزگەوتەکەی خۆی لە هەولێر، (دکتۆر سەید ئەحمەد پێنجوینی)م بینی، کە یەکەمین جارم بوو ببینم و بمبینێ، بۆی چووم و وەکو ئەوەی سەد ساڵ بێت یەکترمان بینبێ ، یەکترمان ماچ کرد، ئەو فەرمووی: (بەخوا..لەو شەوانە تۆم لەخەوندا بینی...)، بەهەمان شێوەش، پێش ئەوەی من(مامۆستا عومەر ڕێشاوی)ببینم و هێشتا نەمبینی بوو، لای خۆم وام دادەنا کە عەیامێکە دەیناسم و دەمناسێ و لە کەلەبەری زیندەخەونەکانما هاتوچۆی کردووە..

لەملاو لەولا گوێبیستی قسەو گوفتارەکانی(مامۆستا عومەر ڕێشاوی) دەبووم، لە زەینی خۆم دامنابوو ، گەر ئەمجارە سەفەرێکی شاری سلێمانیم بکەوێتە پێشێ ، هەردەبێ سەردانی بکەم..

ئەوەبوو جارێکیان دانیشتنی (دەستەی باڵای کۆمەڵەی نووسەران)مان لە سلێمانی ئەنجامدا، دوای دانیشتنێکی چڕوپڕ، لە بەیانیەوە تاکو درەنگی شەو بەردەوام بووین، دوای ئەوەی بۆ شەو مانەوەو خەوتن، دابەش بووین، دەبوا وەکو هەموو جارێ، لە لای یەکێک لە (براکانم) بمێنمەوە ، بەلام نازانم چۆن بوو بیستم کە (مامۆستا سالم ئەلحاج) شەو لەماڵی (مامۆستا ڕێشاوی) دەمێنیتەوە، ئەوکات قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە جەنابیان زاوای مامۆستابن، (مامۆستا سالم) لە بادینان و مامۆستا ڕێشاوی لە سلێمانی، چۆن بزانم ! (چی بزانم هێزو توانای موگناتیس ئاسای

ئەو جەمعە پیرۆزە زۆری ئاوهـای پەلکێشی یەکتر کردوون)، یەکسەر ڕوومکردە (مامۆستا سالم) و گوتم منیش بۆ مالی مامۆستا ڕێشاوی لەگەڵتم، دیاربوو ئەویش ڕەتی نەکردەوە،بەڕاستی لەو کاتە بیرم نایێ؛ بەڵام ئێستا بیر دەکەمەوەو دەڵێم، ڕەنگە ئەوکات بۆ ئەو، ئەمە جێگەی سەرسوڕمان بووبێ، هەر چۆنێ بێ درەنگی شەو گەیشتینە مالی مامۆستا ڕێشاوی.

مـن یەک دوو سالان و یەکەم دەستپێکی مامۆستایم ( سالی ١٩٧٨) لە سلێمانی بوو، لەبەر ئەوەی دوای دەوام زۆر نەدەگەڕام و هەر لەدەوری ئەو هوتێلەی لێیی بووم لە شەقامی سالم دەخولامەوە، شوێنێکی دیکەم نەدەزانی، بەڵام لە ئوتێلەکە هەندێ میوانم دەهاتن ، زۆربەیان قوتابی زانکۆی ئەوێ بوون و لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتبوون، و ببوە مایەی بێزاری خاوەن ئوتێلەکە، چەند جارێک ئاگاداری کردمەوە کە دەبێ لە پێشوازیەکە دابنیشن و نابێ میوانەکانت ببەیتە ژوورەوە !

شەو گەیشتینە مالی مامۆستا، پێشوازیەکی گەرمیان لێکردین، دیاربوو لەگەڵ (مامۆستا سالم)یەک مالی بوون ، ئەوسا زانیم ، جەنابیان زاوای مامۆستان، دوای بەینێک دانیشتن، چەند باس و خواسێکمان کرد، دیار بوو مامۆستا بە سەلیقەو دووربینی خۆی زانی ماندووین و لە بەیانیەوە تا درەنگی شەو لە کۆبوونەوەی دەستەی بالای نووسەران بووین، بۆیە زیاتر نەیدواندین و بەیانیەکە کاتێک من و مامۆستا سالم بۆ نوێژی بەیانی هەلساین و بەیەکەوە نوێژمان دابەست، ئەوسا وام بەزەینداهات کە مامۆستا پێش بانگ لەخەو هەلساوەو چۆتە مزگەوت، لەو کاتەوە بینیم

لەسەر کورسیەک لە ژێر پەنجەرەکە دانیشتووە و کتێبێکی گەورەی بەدەستەوە بوو و چاویلکەکەی کردبووە چاوی و بە وردی سەیری دەکرد ، لە شێوەو قەبارەی کتێبەکە زانیم قورئان نییەوە کتێبێکی دیکەیە، ئەو خۆی تێک نەداو هەر خەریکی خوێندنەوەی بوو، کاتێ دەوری کاتژمێر حەوت یان نەختێ زیاتر بوو، لەخەو هەستاین، بینیم مامۆستا هەر لەسەر کورسیەکە دانیشتووەو لە خوێندنەوەی کتێبەکە بەردەوامە، دوای نانخواردنەکەمان ، چووم لەلای دانیشتم، مەراقم بوو بزانم ناوی ئەو کتێبە چیە، بەڵام هەر دانیشتم ، مامۆستا ڕێشاوی کتێبەکەی داخست و لە بان سەری خۆی شوێنێکی بەرز هەبووە خستیە ئەوێ، ئیتر دەستی بەقسان کرد، بەباسێکی ئیمانی دەستی پێکردو دنیاو قیامەتی بەیەکتر پەیوەستکرد، کە لەگەڵ ئەو بەیانیە خۆشەو کەش و هەوایە هاوکوف بوو، بەڕاستی تا بڵێی چێژم لە قسەکانی وەرگرت، بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی لێبکەم ، هەر بڕگەیەک لە قسەکانی وەڵامێک بوون بۆ پرسیارەکانم، مامۆستام زیاتر خۆشویست، زۆرم حەزدەکرد،ماڵیان لە هەولێر بوایەو زیاتر بە خزمەتی گەیشتبام..

ئەوەبوو، زۆری نەبرد بۆ کاروباری دەعوە، مامۆستا ماڵی هاتە هەولێر، سەرەتا بەهۆی مامۆستا سالمەوە، لە بارەگای کۆمەڵەی نووسەران ، سەردانی دەکردین، بەڵام دواتر هەستمکرد کاتێکیش کە دەهاتە لامان، بەزۆری لە ژوورەکەی من دادەنیشت ، بە وردی و بە هێمنی و بە ئەوپەڕی جەختکردنەوە، باسی بانگەوازی ئیسلامی و ڕۆڵی نوسەرانی بۆم دەکرد، تا بەرەبەری ئێوارە

دەمـایەوە، زۆرم حەز بە دانیشـتنی دەکـرد، هەنـدێ کەس کـاتێ قسانت بۆ دەکات، گەر باشیش گوێی بۆ بگری، دوای بەینێک لە بیرت دەچنەوە، بەڵام مامۆسـتا ڕێشـاوی ، بەردەوام قسـەکانی لە زەینمدا دەخولانەوە، لەخۆمەوە چەند لێکدانەوەیەکم بۆ دەکردن، باشەکەیم هەڵدەبژارد.

تـا ئەو ڕۆژەی لەسـەر بەرمـاڵی نوێژێـک لە نـوێژە زۆرەکانی ، ماڵئـاوایی لێکـردین، هەر زوو هەواڵـی کـۆچی دوایـی ئەوم بەگوێچکەدا کرا، لەگەڵ ڕازیبوونیش بە قەدەری خودا، ئەو هەواڵە یەکێک بوو لە هەواڵە ناخۆشەکان، دوای کۆچی دوایی مامۆستاش ، لە هەر کوێیەک ناوی ئەو هاتبێ، بەینێک بۆی وەستاوم، ئێستاکە هەر لەبەر ئەو ڕێـز لە هەمـوو نەوەکـانی دەگـرم، خۆشـم دەوێن، بـۆیەش لە چامەی(تـابلۆی وەفا)شـوێنێکی دڵگیـری بۆخـۆی داگیر کردووە:

هەمــوو بەیــانیەک، لەدوورەوە پیرێــک دەبیــنم، نوورێــک بەردەستی دەکا
تا نەکەومە چاڵە وێلەکانی بەردەمم تاڵە نوورەکانی بۆم هەڵدەدا
کە دەڕوانم هەرتاڵە نوورێکی سپی کەخۆی دەدا لەم ناوە..
ناوی مامۆستا (ڕێشاوی) لەسەر نووسراوە
جار جاریش لەسەحەردا دەیبینم لەئەیوانەکەی دانیشتووەو
تا گزنگی خۆرێکی نوێ..
ناخی کتێبێک دەچنێ....

# زانا و دانا و پەروەرشیار عومەر ڕێشاوی

کوردستان سێوکانی

یەکێک لەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە دوای ڕاپەڕین بە خزمەتیان گەیشتم جەنابی مامۆستا عمر ڕێشاوی بوو(خوای گەورە لێی خۆش بێت) کە لە ماوەیەکی کەمدا پەیوەندی و خۆشەویستییەکی زۆر دروست بوو لە نێوانماندا و جەنابیان هەمیشە گەورەیی خۆی ئەنواند و بەندەش ڕێزێکی زۆرم لێ دەگرت و بەڕاستی لەبەر ئەو سیفات و کردارو گوفتارە جوانانەی زۆرم خۆش دەویست.

کۆتایی ساڵی (١٩٩٣) کە بووم بە بەرپرسی ڕابیتەی ئیسلامی پارێزگای سلێمانی زیاتر مامۆستام ناسی و گەورەیی و عیزەتی نەفس و لێهاتوویی و خەم خۆری جەنابیانم بۆ دەرکەوت لە ڕابیتە لیژنەیەکمان پێک هێناو مامۆستا ڕێشاوی سەرۆکی لیژنەکە بوو، هەروەها وابزانم بیرۆکەکەش هەر هی خۆی بوو، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر ئەویش بۆ هەموو ئاستەکانی پۆلی (١ تا٦) ی سەرەتایی پەروەردەی ئیسلامی وەریانگێڕا بۆ کوردی و دایان ئەڕشتەوە لە ڕابیتەی ئیسلامی، خوالێخۆش بوو کاک (صلاح الدین محمد یوسف ) هاوکار بوو کاک ( عمر محمد غفور ) تایپی ئەکرد بە ستێنسڵ ڕای ئەکێشا و هەموو قوتابخانەیەک (٣ تا ٤ ) کۆپیمان دەدانێ.

*مامۆستا خاوەنی نەفسێکی زۆر بەرز و زۆرچاو تێرو عیزەتی نەفسی هەبوو:

لەو سالآنەی نەوەدەکان بەڕاستی ژیان زۆر سەخت بوو و بەندەش وەکو لێپرسراوی ڕابیتە زیاتر ئاگاداری ئەو لایەنەی خەڵک بووم و خەڵکانێکی زۆر ئەهاتن و یارمەتییان لە ڕابیتە وەردەگرت و منیش لەبەرئەوەی مامۆستا عمر زۆر هەوڵی ئەداو هیلاک ئەبوو بە ئەو پەروەردە ئیسلامییەوە و لە لیژنەیەکی تریشدا هەبوو کە لیژنەی ئاینی بوو لەگەڵ خوالێخۆش بوو مامۆستا نەشئەت غەفور و نوری فارس و مامۆستا غەفور کانی سپیکەیی و مامۆستا نوری عبداللە.

بیرمە ڕۆژێک مامۆستا هەڵوێستێکی نواند بەرامبەرم کە زۆر تەریق بوومەوە و پێم ناخۆش بوو لەو کاتەدا، بەڵام کە بیرم لێ کردەوە مامۆستا ئەوەندەی تر لە لام گەورە بوو دەرسێکی عەمەلی و زۆر گەورەی فێرکردم، ئەویش بەوەی کە زەرفێک بڕێک یارمەتی تیادا بوو خستمە خزمەتی بەڵام جەنابیان یارمەتیەکەی گەڕاندەوە و وەری نەگرت و وتی من وەزعم زۆر باشە و بەهیچ شێوەیەک بۆ پارە نەمکردووە بەڕاستی زیاتر گەورەیی مامۆستام بۆ دەرکەوت.

سیفەتێکی تری مامۆستا کە من زۆر سودم لێ وەرگرت ئەوەبوو جەنابیان زۆر ڕووخۆش و هەمیشە دەم بەخەندە و قسە خۆش و بە نەرمی قسەی ئەکرد و قەت قسەی ڕەقم لێ نەبیستووە .بیرمە ڕۆژێک سەر لەبەیانی بوو هات بۆ ڕابیتەو لە خزمەتیا بووم چەند کەسێکی تریشی لێ بوو منیش ڕاستیەکەی درەنگ ژنم

هێناوە و تازە زاوا بووم هەرچەندە سوپاس بۆ خوا من بە ئێستاشەوە نوێژی بەیانی هەر لە مزگەوت دەکەم، بەڵام ئەو ڕۆژە نوێژی بەیانیم نەکردبوو جەنابی مامۆستا بە فیراسەی خۆی ڕووی تێکردم و فەرمووی ئەوە چیـیە کوردستان تا ئێستا ئاسەواری خەو بە دەم و چاوتەوە دیارە !! ئیتر زۆر وردی نەکردەوە بەڵام ئامادەبووان نەیانزانی کە مەبەستی مامۆستا چی بە، بەڵام من باش لە وتەکەی جەنابیان تێگەشتم.

بەڵێ مامۆستا بە ئسلوبێکی زۆر زۆر ڕاقی و بەرز قسەکەی کرد بەڕاستی من خۆم زۆر سەرسام بووم بە مامۆستا لە ڕووی زانیاری یەوە لە ڕووی کردارەوە لە ڕووی قسەی خۆشیەوە لە ڕووی ئسلوبی جوانەوە و هەمیشە حەزم کردووە لە مەجلیسی مامۆستا حازر بم..

من وا دەزانم جەنابی مامۆستا و چەند مامۆستایەکی تر کە ئێستاش لە ژیاندا ماون و ئەوەندە دڵسۆز و پاک و بەڕێز و خواناس و خەم خۆر بوون ئەوانە ببونە یەکێک لە هۆکارو تونێلی دابەزینی ڕەحم و سۆز و بەرەکەتی خوایی بۆ سەر ئەم کاروانە و دام و دەزگاکانی .

ئەتوانم بڵێم مامۆستا و چەند مامۆستایەکی تری هاوڕێی پایەیەکی گرنگ بوون لە بزافی ئیسلامی بەتایبەت لە شەستەکانەوە تا ئێستا لەو دەمەی کەئەفکارو ڕێبازی تر پەیدا ببون، بۆیە ئەو قۆناغە بە قۆناغی هەستانەوە و بێداری ڕاستەقینەی بزافی ئیسلامی لەسەر دەستی مامۆستا و برایانی تر تەکانێکی مێژووی بوو بە ئاڕاستەی پەروەردە و ململانێ و تێکۆشان و هەوڵ و

کۆشش بە ماڵ و گیان و هەموو ئامڕازەکانی تری خەباتی ئیسلامی.

خوای گەورە لە مامۆستا خۆش بێت و لە بەهەشتا لە خزمەت پێغەمبەران و شەهیدان و پیاو چاکان حەشر بکرێت.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# مامۆستای عیلم و عیرفان عومەر ڕێشاوی

غەفور حسەین

سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستای خواناس و و بۆ خوا صوڵحاو ، گۆرت پڕ نور بێ ڕۆحیانەتت لە فیردەوسی ئەعلا بێت لە خزمەتی سەردار و پێشەوایی مرۆڤایەتی محمد المصطفی .

مامۆستای پایە بەرز ئەو ئەمانەتی لە ئەستۆدا بوو بە چاکی و بە پاکی گەیاندت و مێژوویەکی پڕ سەروەریت بۆ بنەماڵەکەت و شارە شەهیدەکەت بە جێهێلا یەکێک بوویت لەوانەی چرای روناکی بویت بۆ خەڵک.

مامۆستا عمر ڕێشاوی جگە لەوەی وەک مامۆستای خەڵکی ئەم شارە ناسراو بوو کەمێکیش پەیوەندی خزمایەتیمان بوو و بە یەک ئاشنا بووین.

سالانی ١٩٨٣-١٩٨٥-١٩٨٦-١٩٨٧ هەموو رۆژانێکی هەینی وانەیەکی (فیقە)مان ئەخوێند لە خزمەتیا لە مزگەوتی دار الاحسان و حەمزە و مزگەوتی عوسمانی کوری عفان . ماوەی ئەو چوار ساڵە بەندە وانەیەک غائب نەبوم لە خزمەتیا.

هەموو جارێک پێش ئەوەی دەست پێبکات بە تایبەتی فیقهی کۆمەڵێک وتەی جوان و شیرینی هەبوو ، رۆژێکیان عەرزم کرد مامۆستا گیان ئەم وتە بەنرخانە وەک ئەوە وایە پیاوێکی لادێی بارێک دار یان بارێک میوە ئەهێنێ بۆ شار بیفرۆشێ پری

بەرچینەیەک هێلکە یان هەر میوەیکی تر ئەخاتە ناو تاقی بارکە بۆ دیاری ئەم دیاریە زۆر لە بارەکە خۆشتر و بەتامترە چونکە ئەمە بۆ دیاری ئەبێت و بارەکە بۆ فرشتن لە بەرئەوە داوا لە بەرێزتان دەکەم تا بەندە ئامادە نەبێت سەری دیاریەکان هەڵمەتەکێنە و باسی مەکە.

١- ڕۆژێکیان مامۆستا فەرمووی براینە ئێمە لە شار زۆر بووین وا چاکە بڵاوەی لێ بکەین منیش عەرزم کرد مامۆستا گیان گوندەکان نەماون و چواردەوری شاریش وەکو تەلبەند کرابێت وایە .

٢- ڕۆژێکیان لە مزگەوتی شەهیدان باسی ئادابی مردوو واتە چۆنیەتی شۆردن و کفنی و نوێژخوێندنی دەکرد لە پڕ جەنازەی ئافرەتێکیان هێنا یە مزگەوت فەرموی زۆر باشە چەند بەرماڵێکی بە یاکدا لوولکرد فەمووی وا دابنێن ئەمە جەنازەیە سێ بەرماڵی تری هێنا فەرمووی ئەمە شاکفن و کفنی دووەم و سێیەمی بەم جۆرە کفن ئەکرێت و پاشان هەستا نوێژی مردوومان لەسەر کرد و بەرمان لە گوڵانی خواروو بە خاکمان سپارد و مامۆستا تەڵقینی کرد.

٣- لە ١٩٨٧/٥/١٣ ئێمە خەڵکی گەڕەکی کانی عاشقان ئاوارەی ئێران بووین ڕۆژی ١٥-٥-١٩٨٧ لە سەریاس گیرساینەوە.

٤- لە ١٩٨٧/١٢/٢٥ برایەک بەسەردان هاتەوە بۆ عێراق و بەندەش نامەیەکم نوسی بۆ خزمەتی مامۆستا و عەرزمکرد مامۆستا گیان جەنابت فەرموت وا باشە بڵاوی لێ بکەین ئێستا قەدەری خوای گەورە ئێمە ئاوارەی ئێران بوونی و نازانین ویستی

خوای گەورە چیە پێمان وەک جنۆکەکان وتیان ﴿وَأَنَّا لَا نَدْرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾﴾ الجن: ١٠.وا دەرکەوت مامۆستا و خاتووی سۆیبەی هاوسەری لە ناوەڕۆکی نامەکە زۆر دڵتەنگ بون چونکە ساڵی ١٩٩٧ کە ئێمە گەراینەوە بۆ عێراق رۆژێکیان گەیشتمەوە خزمەتی دادە سۆیبە فەرمووی ئەو نامەی ئەو ساڵە ناردت زۆر دڵتەنگی کردین و زۆر گریاین.

رۆژی ٢٣ی رەمەزان ی ساڵی ١٤٠٩ کۆچی ببوو لە ئۆردوگای گەلیاران لەگەڵ منداڵەکانی خۆم و دایکیان لە بەندەروە رۆشیتن بۆ ئەوێ لە خزمەتی مامۆستای خوا لێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ریشاوی لە شاری کەنگاوەرەوە هاتین بۆ ماڵی مامۆستا عومەر لە کرماشان پاش چەند ساعاتێک مامۆستا فەرمووی با سەرێکی بازار بدەین رۆیشتینە بازاری کرماشان خیابانی مدرسی لە وێنەگری تیشک بە ناوی (عکاسی تیشکە)ەوە بوو کاک هادی و کاک محمد خاوەنی بوون وتیان مامۆستا دانیشت با پێکەوە رەسمێکی هەرسێکتان بگرین.

٥/ لە مانگی ١٩٩٢/٨ کاتێک زانای پەیەبەرز خوالێی خۆش بێ (کاک ئەحمەدی موفتی زادە) ئازادکرا نامەیکم نوسی بۆ جەنابی مامۆستا تاهیری بامۆکی وەک دۆعا و سەلام و هەواڵ پرسین مژدەی ئازادبوونی کاک ئەحمەدم دا، لە کۆتای نامەکەدا نوسیبوم خوا گیان لە کاتێکدا ئەم نامە بگاتە دەستی مامۆستا تاهیر دڵخۆش و دەم بەخەندە بێت بەویستی خوا گەورە کاتێک نامەکە گەیشتوە دەستی ئەو لە خزمەتی مامۆستا مەلا عمردا بووە و ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ ئەو خوێندوەتەوە ئەم دێرە شیعرەم تێدا نوسیبوو.

**یـاران وێـنەی سـاف وەی وە کـامەوە  وەیەردەن جەدوو هەر دێم ماوەوە**
**وات من سەنگێ بیم کەفتەی هەواران.  بێ قەدر و قیمەت نارەوای شاران**

هەر لەوێدا مامۆستا تاهیر نامەکەی بۆ من نوسییوە و جەنابی مامۆستا عومەریش بە خەتە جوانەکەی نوسیبووی: ﴿وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمۡكُثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ **الرعد: ١٧** .

# یاداوەریم لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاوی

حسن شیخ عبدالله

یەکەم جار مامۆستا عمرم ناسی لە پۆلی سێی ناوەندی بووم لە ساڵی پورم لە مزگەوتی دار الاحسان و لەو سەربەندە شیریتێکی تەسجیلی بابەتی مامۆستام دەستکەوت و گوێم لێگرت زۆر کاریگەری بۆ بۆم باسی جیاوازی نێوان وتی خوا و ئادەمیزادی دەکرد فەرمووی: مرۆڤ لە قوڕ باشترین دەستکردی کۆپەلە و گۆزەڵەیە بەلام خوا لەو قورە مرۆڤی دروستکرد جیاوازی کورپەلەیەک و مرۆڤ چەندە قسەی خوا و ئادەمیزادیش ئەوەندە جیاوازە لە هەمان پیتەکان وەک لە قورەکە.

ساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ لە مزگەوتی عوسمانی کوری عەفان پێشنوێژی بۆ دەکردین دەرسی (فیقە)و اصول الفقە) ی دەوتەوە زۆر کاریگەری بوو بەڵام بەداخەوە بەندە لەبەر کارکردنم نەمتوانی لێ بەرهرەمەند بم.

لە رۆژی ١٩٨٨/٦/١٦ کە کیمایی لێی داین و هەموو لە ماڵ دەرچووین لەسەر ڕێگا لە ناو هەڵەبجە دەرچووین بە خزمەتی گەیشتین ئێمە هەناسەمان توندبوو بوو زۆر هیلاک بوین بە حاڵ ڕێمان دەکرد، کە بیبینینی فەرمووی ئەم دوعایە زۆر بخوێنن ( بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم) ئێمە دەستمانکرد بە خوێندی دوعاکە و زۆر گوری

پێداین و ڕۆیشتین تا نزیکی عەبابەیلێ نەوەستاین .ڕۆژی دواتر لە ڕێگای گوندی دەرەتوێ و گاکوژە و تا نزیک دوو ئاو بە خزمەتی گەیشتینەوە فەرمووی الحمدالله کە ماون و دەرچوون.

خزمێکی دووری جەنابی مامۆستا لە ئۆردۆگاکانی ئێران بوو وتی ئێمە پێشمەرگە بوین دەمانتوانی شتی زۆر بهێنین لە هەڵەبجە بەڵام پرسیم لە مامۆستا عمر ڕێشاوی وتی: ماڵی خەڵک حەرامە و دەستی بۆ مەبە و وتی خەتای مامۆستا بوو ئەگینا زۆر شتمان دەست ئەکەوت و نەدەفەوتان وئێستا کەس سودی لێ وەرنەگرتن .. منیش لە ئۆردوگای گەلیاران لە شاری کامیاران بە مامۆستام عەرز کرد فەرمووی: مامۆستا حسن من ئەو پیاوەم نەدیوە و هیچم پێ نەوتوە! بەڵام ڕاست دەکات ئەوە مەلا عومەرەکەی ناخی خۆی پێی وتوە حەرامە و دەست لە ماڵی خەڵکی مەدە ناوێرێ بلێ خۆم قەناعەتم وایە دەڵێ مەلا عومەر وتی.

# یاداوەریەك لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویدا

هەڵاڵە محمد ئەڵماس

لەساڵی ١٩٨٧ لەهەڵەبجەی شەهید ئەوکات دوای خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە دژی رژێمی بەعسی فاشی خەلکێکی زۆر بەرەو ئێران کەوتنەرێ، بەرابەرایەتی زۆرێک لەمامۆستا ناسراو وناودارەکانی هەڵەبجەو سەدان گەنجی خوێن گەرم لەگەڵیاندا رۆشتن، ئێمەش هەندێ لەکەس وکارمان بەخۆیان وخێزانەوە چوونە وڵاتی ئیران . برا گەورەکەم (مامۆستا جعفر محمد الماس) ئەوکات گەنجێکی خوێنگەرم وگورج وگۆڵ بوو شەو رۆژ خەریکی وتنەوەی قورئان ورێنوماییەکان بوو بەگەنجانی گەرەکی بەنزینخانە، پاش ماوەیەک لەرۆشتنی ئەم پۆلە لەمامۆستا و دروستکردنی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، کاکم ئەم بابەتە جولاندی و وەک سەدان گەنجی تر کەوتە رێ بەرەو ئێران بەبێ ئاگاداری ماڵەوە، کاتی زانیمان بە باتەکە زور نارەحەت بوو بۆمان، باوکم زۆر پرسیاری لەهاورێکانی کرد ئێمە هیچمان نەوت کە رۆشتووە بۆ ئیران دوای دوو شەو کاکەم گەرایەوە کە باوکم لێی پرسی لەکوێ بووی وتی لەماڵی مامۆستا عومەر ریشاوی بووم ، ئیتر باوکم دەنگی نەکرد وهەمووومان بە گەرانەوەی براکەمان زۆر دلخۆش بووین، قەدەری خوا عەسری رۆژی دوایی کاکم هاتەوە (مامۆستا عومەر وسۆییەخانی بەرێزی هاوسەری

خوا پلەی بەرزی بەهەشتیان پێبدات) هاتن بۆ ماڵمان بۆ بەجێگەیاندنی سیلەی ڕەحم دوای بەخێرهێنانی گەرم ، ئەنکم کە لەوێ بوو وتی مامۆستا گیان یاخوا ماڵتان ئاوابێت ئێمە دووشەو بوو ئارامیمان لێبڕابوو بۆ کاکە جعفر کەچی دەڵێ لەماڵی ماموستا بووم خوا لێتان ڕازی بێت ! مامۆستا زۆر ئاسایی فەرمووی جا جەعفەر کوری خۆمەو ماڵی خۆیەتی بەبێ ئەوەی بڵێ من ئاگام لێی نیە ! یا بڵێ جعفر ئەم دوو شەوە لەکوێ بووی و کێشەکە گەورە بێت ! ئەو کات من تەمەنم ١٤ ساڵ بوو زۆرم پێ سەیر بوو مامۆستا ئەوەندە بە حەکیمی و بەجوانی مامەڵەی کرد ودوای ماوەیەک کاکمی بانگ کردە لای خۆی و بەهیواشی بەبێ ئاگاداربوونی ماڵەوە بابەتەکەی لێ پرسی بوو، کاکم وتبووی بۆیە وام وتووە بۆ ئەوەی باوکم توڕە نەبێت ، چونکە ماڵی ئێوە لای باوکم تایبەتمەندی خۆی هەیە، جا ئەوکات بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە کە کەسمانە چ پیاوێکی خاوەن ژیری وسەلیقە و پەروەرشیاریکی گەورەیە.

# ورجل قلبه معلق بالمساجد

جهاد عمر ڕێشاوی

ەتوانم بڵێم لە تەمەنی ٧-٨ ساڵیەوە، واتە لە ساڵی ١٩٨٠وە
ەوەری هاوڕێیەتی کردنی مامۆستا عومەر ڕێشاوی بۆ
زراوەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی گرنگی وەک مزگەوت
ەهنمدایە. ئەوەی لە یادەوەری مندایە مامۆستا عومەر ڕێشاوی
هەر شوێنێک نیشتەجێ بووبێت و لە هەر کات و ساتێکدا
بێت هەمیشە هزری و هۆشی لەلای مزگەوت بووە. دیارە
ەی زانیوە کە مزگەوت چ کاریگەرییەکی ئەرێنی پەروەردەیی و
روونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لەسەر خۆی بەتایبەت و لەسەر
دبەری بە گشتی دروست دەکات. هەربۆیە لێرەدا زۆر بە
رتی ناوی ئەو مزگەوتانە دەخەمە ڕوو کە لە یادەوەری مندا
ن کە مامۆستا (قلبه معلق به) بووە.

## ١- مزگەوتی دار الإحسان ١٩٨٠ - ١٩٨٦

مزگەوتی دار الإحسان لە هەڵەبجەی شەهید مێژوویەکی کۆنی
یە. بیرمە وەک منداڵێک لەکاتێکدا کە مامۆستا پێشنوێژی بۆ
ێژخوێنان دەکرد من بەبەردەم ڕیزی پێشی پێشەوەدا رامدەکرد.
ستەش بۆن و بەرامی شەوانی ڕەمەزانی ئەو مزگەوتە لە هزرمدا
اوە و شاشەی ڕوودا و هاتوچۆکانی ئەو مزگەوتە لەبیرناچێتەوە.

**٢- مزگەوتی حەمزە ١٩٨٠ – ١٩٨٦**

مزگەوتی حەمزە لە هەڵەبجەی شەهید یادەوەرییەکی ترە. لەو مزگەوتەدا ماموستا موحازەراتی شەوانەی هەبوو وە ئەگەر بە هەڵەنەچووبم عەسرانیشی هەبوو. زۆر جوان ئیستەش لەبەرچاومە کە چۆن لەناو مزگەوت بە بازنەیی خەڵکی دادەنیشتن و گوێیان لە وتارەکانی دەگرت.

**٣- مزگەوتی عثمانی کوری عەففان ١٩٨٦ – ١٩٨٨**

مزگەوتی عثمانی کوری عەففان لە هەڵەبجەی شەهید ئەگەر بە هەڵەنەچووبم لەدوای ساڵی ١٩٨٦ وە دامەزرا. کاتێکماڵمان لە ساڵی ١٩٨٦ لە گەڕەکی کانی قولکەوە چووە گەڕەکی ماموستایان، ماموستا هاتوچۆی ئەو مزگەوتەی دەکرد و لەوێ وەک پێش نوێژ و وتاردان سەرقاڵ بوو. لەبیرمە لە ژوورێک کە لەناو مزگەوتەکەدا بوو کە ئیستەش ماوە ڕۆژانی هەینی بازنەیەکی چەند کەسی لە گەنجی هەڵەبجە بەدەوریدا کۆدەبوونەوە و ماموستا کتێبی (فی ظلال القران)ی بۆ ڕاڤە دەکردن.

**٤- مزگەوتی قوتابخانەی شهید مطهری ١٩٨٨**

لەدوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاوارەبوونمان بۆ ئێران و گیرسانەوەمان لە شارێک بەناوی شاری (کنگاور) لە قوتابخانەی شهید مطهری، ماموستا عمر ڕێشاوی یەکێک لە ڕارەوەکانی ئەو قوتابخانەیەی کردە مزگەوت و بەرپرسانی ئەو شوێنەی ڕازیکرد کە ڕاخەری بۆ دابین بکەن. ڕارەوی قوتابخانە بوو بەڵام بە بۆن و بەرامی مزگەوت.

### ٥- مزگەوتی ئۆردوگای گەلیاران ١٩٨٨ - ١٩٩٠

لەدوای گواستنەوەمان لەو قوتابخانەیە بۆ ئۆردوگای گەلیاران، لەگەڵ ئەوەی ئۆردوگا خێوەتگە بوو، مامۆستا داوای لە بەرپرسانی ئۆردوگا کرد کە کەلوپەل دابین بکەن بۆ دروستکردنی مزگەوت، لە بیرمە کە دار و تەختە و خێمەیان دابین کرد. مامۆستا لەگەڵ چەند کەسێکی کارامەدا دەستیان کرد بە دروستکردنی مزگەوتێک لە دار و تەختە و خێمە. ئەو مزگەوتە بووە دامەزراوەیەکی گرنگی ئۆردوگا کە هەم مزگەوت بوو هەم قوتابخانە هەم جێی بەڕێوەبردنی ئۆردوگا و کۆبوونەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

### ٦- مزگەوتی سیدقادر ١٩٩٠ - ١٩٩١

لەدوای گەڕانەوەمان لە ئاوارەیی وەک خێزان ڕوومانکردە شاری ڕانیە و لەوێ نیشتەجێبووین. لەبیرمە مامۆستا هاتوچۆی مزگەوتی دەست پێکرد و لەگەڵ مامۆستای مزگەوت ئاشنایەتی دروست کرد و وەک نوێژخوێن هاتوچۆی دەکرد.

### ٧- مزگەوتی هەنجیرە ١٩٩١

لەدوای ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەوە گەڕاینەوە سلێمانی، لە گەڕەکی هەنجیرە و ناسراو بە گەڕەکی خانووە قوڕەکان نیشتەجێبووین و مامۆستا هاتوچۆی مزگەوتی هەنجیرەکەی دەکرد.

### ٨- مزگەوتی چاڵەکە ١٩٩١

لە نزیک مزگەوتی هەنجیرەکە لە شەهیدانی ئازادی مزگەوتی چاڵەکە مزگەوتێکی تر بوو کە مامۆستا سەردانی دەکرد و لەبیرمە

لەو مزگەوتە هەوڵیدا چەند فەقێیەک سەرپەرشتی بکات و بۆ ئەوەش سەرپەرشتیارانی مزگەوت ژورێکی مزگەوتیان بۆ تەرخان کرد بەلام لەبەر هەندێ بارودۆخ هەوڵەکەی سەری نەگرت.

**٩- مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید ١٩٩١**

مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید پڕکاری و چڕی تەرکیزی مامۆستای تیادا کۆبووبووەوە بەو پێیەی ئەو مزگەوتە قوتابخانەی فەقێی تێدا بوو وە مامۆستا وانە فیقهیەکان و وانەی نحو و صرفی بێ دەوتنەوە زۆرچاک لە بیرمە کە منیش بۆ ماوەیەک لە خزمەت ئەو فەقێیانەدا بووم بە خوێندنی وانەی وەک (فقە المیسر) و (جرجانی) لە علمی نحو صرفدا.

**١٠- مزگەوتی سەیوانی دووەم ١٩٩٢ – ١٩٩٩**

لە ساڵی ١٩٩٢ شوێنی نیشتەجێبوونمان گواستەوە بۆ فولکەی گۆزەکان، مزگەوتی سەیوانی دووەم بووە مەنزڵگای ئیمانی و ئاینداری مامۆستا. لەو مزگەوتەدا زۆر جار پێشنوێژی و وتاری دەدا بەتایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا، لەو مزگەوتەدا بوو کە مامۆستا وتاردانی شەوانی ڕەمەزانی بە بڵندگۆی مزگەوت ڕاگرت و زۆرچاک لە بیرمە وتی ئەگەر کەسێک دەیەوێت گوێ لە ئێمە بگرێت ئەوا دێتە ئێرە و گوێمان لێ دەگرێت، ئەوەی کە نەهاتووە دیارە نایەوێت گوێی لێمان بێت و ئێمەش بەزۆر کاڵای خۆمان بەسەر کەسدا ناسەپێنین.

**١١- مزگەوتی سەلیم بەگ ١٩٩٢ - ١٩٩٩**

مزگەوتی سەلیم مەرکەزێکی تری کاری مامۆستا بوو. بەهۆی مامۆستای مزگەوتەکەوە تدریسی بۆ چەند مامۆستایەکی ئاینی دانا

لەژوورێکی ئەو مزگەوتەدا پێی دەوتنەوە. مامۆستای مزگەوت
ر بەشەوق و تەوازوعەوە مامەڵەی لەگەڵ مامۆستا عومەر
کرد.

## ١٢- مزگەوتی بن تەبەق ١٩٩٢ - ١٩٩٩

لەم مزگەوتەدا مامۆستا وانەی فیقهی و شەرعی هەبوو بۆ
ۆمەڵێک مامۆستای ئاینی شاری سلێمانی.

## ١٣- مزگەوتی عوسمانی کوری عەللاف ١٩٩٤ – ١٩٩٧

لەساڵی ١٩٩٤ شوێنی نیشتەجێبوونمان گواستەوە بۆ گەرەکی
زەرگەتە. شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستا لە نزیک مزگەوتی
عوسمانی کوری عەللاف بوو. ئەو مزگەوتە بووە جێی نوێژ و
وتنەوەی وانەی فیقهی و شەرعی بۆ هەندێ لە گەنجان و
مامۆستایانی ئاینی.

## ١٤- مزگەوتی گوندی زانکۆ ١٩٩٩ - ٢٠٠١

لەساڵی ١٩٩٩ مامۆستا شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانی
گواستەوە بۆ شاری هەولێر. لەو شارەدا لە گەرەکی ٩٢ نیشتەجێ
بوو. شوێنی نیشتەجێبوونی نزیک بوو لە گەرەکی زانکۆ کە شوێنی
نیشتەجێبوونی مامۆستایانی زانکۆ بوو. هەر بۆیە مامۆستا دەستی
کرد بە هاتوچۆکردنی مزگەوتی گوندی زانکۆ کە ناسراو بوو بە
(قریەی زانکۆ).

# پاشکۆی


# وێنەکان





مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە نیگای شاگرد و دۆستانیەوە














مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە نیگای شاگرد و دۆستانییەوە





























مامۆستا عومەر ڕێشاوی لە نیگای شاگرد و دۆستانیەوە













مامۆستا [illegible] شاگرد و دۆستانیەوە












م.صديق
م.صلاح
م.عمر
م.محيّدين
م.بورهان


نوی بە ژیان )


کوردستان







بسم الله الرحمن الرحيم
الرابطة الإسلامية الكردية/ فرع السليمانية
مراسيم افتتاح مسجد سه رچاوه
في المشروع/ ٧٧ س
تمويل الأخت المتبرعة/ سامي احمد ابراهيم
١٩/٦/١٩٩٧م الموافق ١٣/ صفر ١٤١٨هـ













لە هەستە عیرفانیەکانی مامۆستا

# عومەر ڕێشاوی

خودا مرۆڤی خوڵقاند چونکە خۆشی ویست، ئێمەش لەبەر خۆشویستنەکەی ئەو بۆ مرۆڤ، مرۆڤەکانمان خۆشدەوێت با هەر فکرێك و ئاینێکیشی هەبێت.

خودایە تۆ لەبەرخاتری ئێمە بە زمانێك قسەمان لەگەڵ دەکەیت، کە ئێمە لێت تێبگەین. ئەگەر بە زمانی ڕەهای خۆت قسە بکەیت گومان دەکەم ئیمە بتوانین لێت تێ بگەین.